# ئاوێتە بوون و لێکدانەوە
# شیعری (نالی) بە نموونە

## ئەرخەوان محەمەد عوبێد

## کەرکوک – ٢٠١٣



ناوی کتێب: ئاوێتە بوون و لێکدانەوە (شیعری نالی بە نموونە)

بابەت: لێکۆڵینەوە

ئامادەکردنی: ئەرخەوان محەمەد عوبێد

پیتچنین: سەربەست خدر – ئاشنا جەلال

زنجیرە (١٥١) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی

دەرهێنانی هونەریی: ئەنجام سەعید بابان

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: (٥٠٠)دانە

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – کەرکوک

# پێشەکی

**ناوونیشانی نامەکە:**

((ئاوێتە بوون و لێکدانەوە- شیعری (نالی) بە نموونە)) ناوونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە هەوڵدەدات لە روانگەی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەرەوە باسی چۆنیەتی ئاوێتە بوونی دەق و خوێنەر[*] بکات و دەسەڵاتی خوێنەر لە پرۆسەی ئەدەبیدا روون بکاتەوە.

لەو روانگەیەوە لە باسەکەدا تیشك دەخرێتە سەر بنەما و هێڵە گشتییەکانی خوێنەر لە بەرامبەر دەقدا، وێڕای رەوتی مێژوویی و گەشە کردنی ئەم چەمکە لە نێو تیۆریی رەخنەی ئەدەبیدا و بۆ زیاتر بەر چاو روونی کۆمەڵێك شیعری دیوانی (نالی) بە نموونە وەرگیراوە و لە سەر بنەمای خوێندنەوەکانی دیوانی ناوبراو و شیکردنەوەی شیعرەکانی، ئەم چەمکە بەشێوەیەکی پراکتیکی خراوەتە روو.

[*] لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی وەرگری دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی و خوێنەر بەتایبەتی دەکرێت.



**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

ماوەیەکی زۆر بوو بیرکردنەوە لە وەرگری ئەدەب و چۆنییەتی کارکردنی و رۆڵ و دەسەڵاتی ئەم توخمە لەنێو پرۆسەی ئەدەبییدا سەرقاڵی کردبووین، تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر ئەم بیرۆکانەی بۆ لە چوارچێوە گرتین، جا هۆی هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە لەم نامەیەدا لە چەند هۆکارێکی سەرەکیدا کۆ دەبێتەوە:

- ئەم بابەتە لە نێو رەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردییدا بابەتێکی نوێیە و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەگەر چی لەرێی هەندێك وتارەوە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان هەوڵدراوە ئەم بابەتە بپێکرێ، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی زانستی (زانکۆیی) لەم رووەوە نەکەوتەبەرچاومان، ئەمە جگە لەوەی تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر وەك قوتابخانەیەکی سەربەخۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەوروپا سەری هەڵداوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بایەخی خۆی هەرماوە[**].

- هەڵبژاردنی دیوانی (نالی) وەك کەرستەی لێکۆڵینەوەکە لە دوو لایەنەوە بە هەند وەرگیراوە.

یەکەمیان هەڵبژاردنی ژانری شیعر لە چاو ژانرەکانی تر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شیعر لە رووی مێژووەوە

[**] عەرەبەکانیش لە مێژ ساڵە بایەخیان بەم بابەتە داوە بەڵام نەبووەتە قوتابخانە.

پانتاییەکی کۆنتری لە ئەدەبی کوردییدا گرتووە و بە تایبەتیش لە سەدەی نۆزدەی شیعری کلاسیکی کوردی سەرقافڵەی گۆڕەپانە ئەدەبییەکە بوو، لەنێو ئەم مەیدانەشدا شیعری (نالی) دیارترین دەقی ئەو سەردەمە بوو.

دووەمیان سەبارەت بە تیۆری وەرگرتنەوە دیارترین هۆی هەڵبژاردنی شیعری (نالی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شیعری ئەم شاعیرە یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە زۆرترین خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە تایبەتیش لە بابەت ساغکردنەوەی دەقەکان و چۆنییەتی تێگەیشتن لەلایەن وەرگرەکانەوە گەنگەشەیەکی* دیاری تێدا دەبینری، بۆیە شیعرەکانی (نالی) لە بارترین دەقی شیعری کلاسیکی کوردی بوو کە ببێتە کەرەسەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**<u>ڕێبازی لێکۆڵینەوە:</u>**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە بەر رۆشنایی چەمکەکانی میتۆدو تیۆری( وەرگرتن ، وەڵامدانەوەی خوێنەر) کارەکە ئەنجامدراوە.

**<u>گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە:</u>**

* ئەم گەنگەشەیە دوای لە چاپدانی دیوانی (نالی) لەلایەن مامۆستایانی (مدرس)، کۆمەڵێک بەرهەم و تێگەیشتنی بە دوای خۆوە هێناوە و وای کرد خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و نهێنییەکانی نێو دەقەکان بە پێی جۆری خوێنەرەکان ئاشکرا بن.



گیروگرفتی هەرە گەورەی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە نەبوونی سەرچاوەی سەرەکییە بە زمانی کوردی، هەروەها کێشەی زاراوە وەك کێشەیەکی گشتی لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا، لێکۆڵینەوەکەی ئێمەشی گرتەوە. هەژاری زاراوەسازیی کوردی لە نێو ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گرفتی ناوەتەوە و روونتر دەردەکەوێ.

**<u>پرۆگرامی نامەکە:</u>**

بابەتی ئەم نامەیە کە لە چوارچێوەی رۆڵی خوێنەر و چۆنییەتی ئاوێتە بوونی لەگەڵ دەقدا دەخولێتەوە، وای خواستووە کە لێکۆڵینەوەکە بەسەر پێشەکییەك و دەروازەیەك و دوو بەشدا دابەشبێت:

دەروازە: تایبەت کراوە بە باسکردنی پێناسەی توخمەکانی پرۆسەی ئەدەبی و کورتەی بایەخدان بە وەرگر لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، سەرەتا بە رۆڵی وەرگر لەلای (سۆفستائییەکان)ەوە دەستی پێکراوە تاکو دەگاتە تیۆرە رەخنەییە نوێیەکان، پاشان بازنەی رووناکییەکە گوازراوەتەوە بۆ سەر رۆڵی وەرگر لەلای عەرەبەکان، ئینجا لە نێو ئەدەبی کوردیدا باسی کراوە، لە کۆتایی دەروازەشدا زۆر بەکورتی ژیانی (نالی) شاعیر خراوەتە روو.

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا هەوڵدراوە لە رێگای سێ تەوەرەوە کە بیروبۆچوونەکانی (یاوس، ئایزەر، ستانلی فیش)ە

لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێنج سەرە بابەتی سەرەکیی بەکارهاتووە، سەرە بابەتی یەکەم باسێکی کورتی تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەرە، سەرە بابەتی دووەم تایبەتە بە چەمکەکانی (یاوس) کە تیایدا لە دوو خاڵدا باسی چۆنییەتی نووسینی مێژووی (نالی) و ئاسۆی پێشبینی شیعرەکانی کراوە. لە سەرە بابەتی سێیەم باسی چەمکەکانی (ئایزەر) و ئاوێتە بوونی خوێنەر دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش جەخت کراوەتە سەر چەند چەمکێك وەك (کۆگای دەق، ستراتیژییەتی دەق، کەلێنەکانی نێو دەق، روانینی گەڕۆك، نەگەتیڤی دەق). سەرە بابەتی چوارەمیش تەرخان کراوە بۆ باسکردنیی (ستانلی فیش) و چەمکی کۆمەڵی راڤەکار. لە سەرە بابەتی کۆتاییشدا ئەزموونی خوێنەر و رۆڵی لە ئاوێتە کردنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا باس کراوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشە تایبەت کراوە بە پرۆسەی ئەدەبی، لە چەند سەرە بابەتێکدا هەوڵدراوە مەبەستەکە بپێکرێت. لەسەرە بابەتی یەکەمدا باسی پێوەندی نێوان نووسەر و دەق و خوێنەر کراوە، پاشان تیشك خراوەتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە و جۆرەکانی خوێنەر، لە جۆرەکانی خوێنەردا باسی خوێنەری (پەنهان، شارەزا، ئامانجدار، باڵا، ئایدیالی و راستەقینە) کراوە. لە سەرە بابەتێکی دیکەشدا باسی رۆڵی



پێشبینیی خوێنەر لە پرۆسەی ئەدەبیدا کراوە و دواتر لێکۆڵینەوەکە چووەتە سەر باس کردنی چێژی دەق لەنێو پرۆسەی ئەدەبیدا و لە دواهەمین سەرە بابەتیشدا بەرجەستە بوونی وەڵامدانەوەی خوێنەر لە رێگای پیشاندانی دوو وێنەوە باسی لێوە کراوە.

ئەنجام: لێرەشدا کورتەی ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتووە لە چەند خاڵێکی سەرەکییدا خراوەتە روو.

# دەروازە

## - چەمکی دەق:

لەنێو جیهانی ئەدەبدا سێ جەمسەری سەرەکی گەمە بەهێڵەکانی پێوەندی نێو ئەم جیهانە دەکەن، ئەو سێ جەمسەرەش(نووسەر ودەق و وەرگر)ن کە پێکهێنەری ئەم جیهانەن و بوونی هەر یەکیان بەوی دیکەوە بەندە، (نووسەر یاخود داهێنەر) ئەو توخمەیە کە ئەفراندنی بەرهەمەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و کاتێ کە دەڵێین نووسەر یا داهێنەر مەبەستمان تەنیا تاکە کەسێکی مجرد نییە، بەڵکو خودێکە لە نێو دەوروبەرێکی دەرەکیی تایبەتی بە خودیی خۆیەوە و لە نێو دەوروبەر (سیاق)ی دەقەکەشدا بەرجەستە دەبێ و وێنا دەکرێ. توخمی دووەمی پێوەندییەکەش (دەق)ەکەیە، چەمکی دەق روبەرێکی واتایی فراوان دەگرێتەوە و لەلایەن زاناکانی زمان و ئەدەبناسانەوە پێناسەیەکی یەکجار زۆری بۆ کراوە و چەندین جۆری بۆ دەستنیشان کراوە[*]. ((چەمکی

[*] (جولیا کرستیڤا (J. Krisieva) دەق دەچوێنێ بە ئامێرێک کە لە رێگای زمانەوە سستەمی زمان (Langue) دووبارە دابەش دەکات و رێکی دەخات بەهۆی بەستنەوەی بە ئاخاوتنەوە (Parole)، رۆلان بارتیش (R.Barthes) دەق دەچوێنێ بە چنینێکی ئامادە کراو کە ئێمە لە بەری دەکەین وتیایدا ون دەبین و دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیمان. بڕوانە: النص الادبي وتعدد القراءات، بشير ابرير، لە سایتی:



دەق مانا و مەبەستێکی بەرفراوانی هەیە، رەنگە تەنیا وشەیەک یا چەند رستەیەک بێت یا کتێبێکی سەربەخۆبێت، یا ناونیشانێک بێت یا هێما و ئاماژەیەک بێت))[1]، لێرەدا کە باسی دەق دەکەین مەبەستمان تەنیا لە دەقی ئەدەبییە و لە پێوەندی نێوان (نووسەر و دەق و وەرگر) دەکۆڵینەوە، واتە لێرەدا (دەق ئاڵوگۆڕکردنی نیشانەکانە لەنێوان دەق نووس و وەرگرەکەیدا)[2].

وەرگرتنی دەق ژیانەوەی ئەو دەقەیە لەلایەن وەرگرەوە و پرۆسەی ژیانەوەکەش لەو جۆرە پێوەندییەی کە لە نێوان دەق و وەرگرەکەیدایە بەرجەستە دەبێت. نووسەری ئیتاڵی (ئیمبرتۆ ئیکۆ) باسی ئازادی بەکارهێنانی دەقەکان دەکات و پێی وایە (دەق) ئەو ئیستراتیجیەتەیە کە جیهانی راڤەکردنی تێدا رێپێدراو دەبێ و هەر بڕیارێ بۆ بەکارهێنانی ئازادانەی

www.angelfire.com/txu/lisan/texts/literary.doc-similar

لە روانگەی زمانناسی دەق (text linguisties) ەوەش چەندین پێناسە بۆ دەق کراوە (برینکەر- H.Brinker) لە یەکێ لە پێناسەکانیدا بۆ چەمکی دەق پێی وایە دەق نیشانگەلێکی زمانەوانی بە دوای یەک هاتووی پێکەوە گرێدراون یان چەند پێکهاتەیەکی لێکدراوی نیشانە زمانەوانییەکانن، کە ناچنە ژێر هیچ یەکەیەکی زمانەوانی دیکەوە، لەلای (هارتمان – P.Hartman) دەق نیشانەیەکی رەسەنی زمانەوانییە کە روویەکە ولایەنێکی پێوەندی سیمۆلۆژی بەرجەستە دەکات. لەلای (تۆن. ئەی. ڤاندایک)یش دەق چەند فۆرمێکی جیاواز و تایبەتییە بۆ بەکارهێنانی زمان. بڕوانە: دەقی ئەدەبی (ئەدگار. چێژ. بەها)، د. فوئاد رشید، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٥-٥٦.

[1] دەقی ئەدەبی (ئەدگار چێژ بەها)، فوئاد رەشید، ل٨٥، لە وتاری (السنیة النص) محمد فوزي، مجلة افاق عربية، ع١١، ١٩٩١، ص١٣٠ وەرگیراوە.

[2] نظرية النص، حسين خمري، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٧، ص٥٧.

دەق تەبا دەبێت لەگەڵ بڕیاری فراوانکردنی جیهانی گوتار (خطاب)[1].

لەمەڕ جۆرەکانی (دەق)یشەوە بەگشتی رەخنەگران دوو جۆریان دەستنیشان کردووە ئەویش دەقی کراوە و دەقی داخراوە، مەبەست لە دەقی کراوە (النص المفتوح)، (ئەو دەقەیە کە سەرچاوەکەی دیاری کراوە و وەرگرەکەی دەستنیشان کراوە و واتایەکی دیاری کراویشی هەیە، بەلاّم دیاری کردنی واتا نابێتە هۆی راوەستانی ئەو راڤەکردنانەی (تفسیرات) کە بۆی دەکرێ)[2]، هەروەها دەقی کراوە (لە توانایدایە بەردەوام نوێ بێتەوە و زیندووبێتەوە و خوێنەرەکەی تووشی سەرسوڕمان دەکات، چونکە دەقێکی ناڕەحەتە و ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە دەیوروژێنێ زیاترە لەو وەلاّمانەی کە پێشکەشی دەکات)[3]. دەقی داخراو (النص المغلق)یش، (ئەو دەقەیە کە دەلالەتێکی گشتی هەیە، بەلاّم تەنیا یەك راڤەکردن هەڵدەگرێ، ئەمەش زیاتر لە دەقە یاسایی و زانستیەکان ولەسەر ئاستی ئەدەب لەنێو دەقی

[1] الهيرمينوطيقا و الفلسفة، عبدالغني بارة، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٨، ص٣٢١.

[2] النص المفتوح و النص المغلق، د.محمد عبدالمطلب، مجلة الموقف الادبي، ع٣٨٩، دمشق، ٢٠٠٤، لەسایتی اتحاد كتاب العرب.

[3] جمالية النص المفتوح في قصيدة المتنبي، خليل موسى، مجلة التراث العربي، ع١٠٥، دمشق، ٢٠٠٧، لە سایتی اتحاد كتاب العرب.



پۆلیسی و رۆمانی جاسوسیدا تێبینی دەکرێ)[1]، دەقی داخراو (یەکجار دەژی و لە سەردەمێکی دیاری کراودا کە سەردەمی دروستبوونی دەقەکەیە و بە بەسەرچوونی سەردەمی دروستبوونەکەی کۆتایی پێدێت)[2]، ئەو چەمکە تازەیەی کە دراوەتە پاڵ دەقی کراوە و دەقی داخراو لەگەڵ تێگەیشتنی پێشووتر بۆ ئەم دوو چەمکە جیاوازە، بە تایبەتی کە باسی دەقی ئەدەبی دەکرێ، چونکە دەقی کراوە بۆ ئەو رۆمان و دەقە دایەلۆگیانە بەکاردەهات کە کۆتاییەکەی دیاری کراونەبوو و بۆ وەرگر جێهێڵرابوو، بەلاّم دەقی داخراو بۆ ئەو دەقانە بەکاردەهات کە کۆتاییەکەی دیاری کراو بوو، ئەگەرچی زۆر لە رەخنەگرانیش پێیان وابوو ئەو شێوە دەقانەی کە کۆتاییەکی دیاری کراویان هەیە شتێکی دەگمەنن[3]. بەلاّم ئێستا ئەو دوو چەمکە بەو دوو شێوەیە بەکارنایەن، دەقی کراوە بە پێچەوانەی دەقی داخراو دەقێکە هەڵگری راڤەکردنێکی زۆرە. نووسەری فەرەنسایی رۆلان بارت[*] (١٩١٥-١٩٨٠) (دەقی خوێندنەوە

[1] النص المفتوح و النص المغلق، د.محمد عبدالمطلب، سەرچاوەی پێشوو.

[2] جمالية النص المفتوح في قصيدة المتنبي، خليل موسى، سەرچاوەی پێشوو.

[3] النص المفتوح و النص المغلق، د.محمد عبدالمطلب، سەرچاوەی پێشوو.

[*] رۆلان بارت یەکێکە لە رابەرەکانی رەخنە و پایەیەکی بەرزی لە فەرەنسا و دەرەوەی فەرەنسا هەیە، ناوبراو زانیارییەکی باشی لەمەڕ زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئینثرۆپۆلۆژیا و زمانەوانی.....هەبووە. ماوەیەکی ژیانی بە مامۆستایەتی لە تورکیا و رۆمانیا و مصر بردووەتەسەر و شارەزای کلتوور و رۆشنبیری ئەو میللەتانە بووە، بارت لە

بۆ دەقی داخراو و دەقی نووسین بۆ دەقی کراوە بەکاردەهێنێ، ئەگەر دەقی خوێندنەوە ئامادەکرابێ بۆئەوەی بیخوێنینەوە وبەکاری بهێنین ئەوە دەقی نووسین ئامادە دەکرێ بۆ ئەوەی دووبارە بینووسینەوە و بەرهەمی بهێنینەوە، چونکە دەقی کراوە جیهانێکە لە ئاماژە و تەنیا شتی ئاماژە بۆکراو نییە)[1].

(ئیمبرتۆ ئیکۆ)ش لە ڕێگای دیراسەکردنی دەقی کراوە و دقی داخراودا چەند جۆرێك لە خوێندنەوە و خوێنەر دەستنیشان دەکات (دەقی کراوە و خوێندنەوەیەکی کراوە، دەقی کراوە و خوێندنەوەیەکی داخراو، دەقی داخراو و خوێندنەوەیەکی داخراو، دەقی داخراو و خوێندنەوەیەکی کراوە)[2]، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لە بەکارهێنانی چەمکی دەقدا، ئاماژە کردنە بۆ ئەو دەقە ئەدەبییەی کە وەرگر ئاوێتەی دەبێت و لەگەڵیدا دەژی و خۆی لەنێویدا دەبینێتەوە و بەرجەستەی دەکات بەتایبەتی دەقی شیعری، کە تەوەری سەرەکیی کارەکەمان دەبێت. مەبەستمان لە دەقی ئەدەبیش ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە کە زادەی بیری

سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی فەرەنسی کاری کردووە و خاوەنی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەیە. بڕوانە: لذة النص، رۆلان بارت، ت: د.منذر عياشي،ط١، دار لوسوي، ١٩٩٢، المقدمة.

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] منهج التلقي او نظرية التقبل، د.جميل حمداوي، مجلة افق الثقافية، ١١يوليو، ٢٠٠٦، لە سایتی .http:www.ofouq.com



نووسەرێکە و لە چوارچێوەیەکی مێژوویی وکلتوری و سایکۆلۆژیدا هاتۆتە کایەوە و لە ڕێگای وەرگرەکانییەوە لەنێو چوارچێوە و دەوروبەری جیاواز و نوێدا پێوەندی لەگەڵدا دەکرێ. جەمسەری سێیەمی پێوەندیکەشمان(وەرگر)[*]ە، کە چەقی بایەخدانی ئێمە دەبێ لەم باسەدا و وەکو جەمسەرێکی چالاکیش پێناسەی دەکەین، کە ئەو دوو جەمسەرەی دیکە (نووسەر و دەق) بەرجەستە دەکات، لێرەدا بەپێویستی دەزانین کورتەیەکی مێژووی بایەخدان بەوەرگر لەچەند سەردەمێکی جیاوازدا باس بکەین.

## -وەرگر لە ڕەخنە و ئەدەبی جیهانیدا:

لەناو مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا وەرگری دەق کەم یا زۆر حسێبی بۆ کراوە، ئەگەرچی لەناو ئەو مێژووەدا سەردەمانێك هەبووە بەپێی بارودۆخی فیکری تایبەتی ئەو سەردەمانە چەقی بایەخدان بە دوو جەمسەرەکەی دیکە (نووسەر – دەق) بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگر وەك تارماییەك لە پشتەوەی پرۆسەکاندا هەمیشە بوونی هەبووە. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ ڕوناکی تەواو بخەینە سەر ئەو

[*] کە وشەی (وەرگر) (المتلقيRecipient، المستقبل- Receiver ) بەکاردێنین مەبەستمان لە هەموو جۆرە وەرگرێکی دەقی ئەدەبییە (خوێنەر، بیسەر، بینەر،...).

تیۆرانەی بایەخێکی سەرەکیی بە وەرگر دەدەن و دەکرێ بەرلەوەی باسی ئەو تیۆرانە بکەین بە دەروازەی مێژوودا تێپەڕین و باسێکی کورتی مێژووی بایەخدان بە وەرگری دەقی ئەدەبی بکەین، و بێگومان بۆ سەرەداوەکان دەبێت بچینەوە لای مامۆستایانی گریك (ئیفلاتۆن و ئەرستۆ)، بەڵام بەرلەوانیش دەکرێ ئاماژەیەك بە رۆڵی وەرگر بکەین لە بیری سۆفستائیەکان[**]، سۆفستائیەکان لەناو پرۆسەی وتاردان و کردەی باوەڕپێهێنان– پێ سەلماندن (اقناع) باسیان لە وەرگر کردووە و جەختیان لەسەر ئەوە کردوە کە وەرگر رۆڵی سەرەکیی هەیە لە دروست کردنی واتا، لەلای ئەوان خود تەوەری سەرەکییە بۆ هەر کردەیەکی زمانی، چونکە خود واتا دروست دەکات و خود لێی دەگات. جا بۆیە گرنگ بوو وەرگر لەگەڵ وتارەکەدا تێکەڵ بێت و بۆ زمانەکەی وەڵامدانەوەی (استجابة) هەبێ تاکوو بگاتە رادەی قایلبوون. بەو شێوەیەش وتاربێژەکە لە رێگای وتارەکەیەوە ئەوەی

[**] سۆفستائی (السوفسطائي– Sophist-Sophiste's ) سەرەتا وشەکە بە واتای کەسی زانا بوو لە هەر هونەرێك یان پیشەیەك، پاشان سۆفستائی بە پیاوی زانا و تێگەیشتوو دەگوترا، لەناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمی زایینی ئەو وشەیە بەکار دەهات بۆ هەر کەسێك رەوانبێژی یا رامیاری یا ماتماتیکی فێری خەڵکی بکردایە، بەڵام پاشان سۆفستائیەکان زیاتر لە گرنگی دان بە گەوهەری زانست و زانیاری بایەخیان بە رەوانبێژی و شێوازی دەربڕیندا، جا لەبەر ئەوە کەوتنە بەر شاڵاوی پلاری سوقرات و ئیفلاتۆن و وشەکە بە واتایەکی ناشیاو بەکارهات و درایە پاڵ پیاوی زۆربڵێ و مشتومڕکەر. بڕوانە (النقد الادبي الحديث، د.محمد غنيمي هلال، دار نهظة مصر، القاهرة،؟،ص ٢٦.



دەیەوێ بە وەرگرەکەی دەسەلمێنێ و لەبەر ئەو مەبەستە بایەخی زۆریان بە هەموو لایەنەکانی زمان و هونەرەکانی رەوانبێژی لە وتارداندا دەدا تاکوو کاربخەنە سەر مێشکی وەرگرەکە و ئەو مێشکە بکەوێتە لێکدانەوە[1] .

لەلای (ئیفلاتۆن)یش وەرگر ئاوەڕی لێدراوەتەوە، ئیفلاتۆن باوەڕی بەوە هەبووە کە شیعر لە توانایدایە کاریگەری لەسەر هەڵوێستی وەرگرەکان هەبێت، جا یەکەم جار شاعیرەکانی لە کۆمارەکەی دەرکرد لەبەر ئەو کاریگەرییە نەرێنییە بوو، کە شاعیران لەسەر خەڵك هەیانبوو و بەتایبەتی شاعیرانی تراجیدیا، چونکە وەرگرەکانی بەرهەمی تراجیدیی تووشی ترس دەبوون و لە ئازایەتیان کەم دەبۆوە، بەڵام پاشان ئیفلاتۆن پاشگەز دەبێتەوە و پێشوازی لە شاعیرانی لیریك (الغنائي) وداستان دەکات، لەبەرئەوەی یەکەمیان باس لە شکۆداری پاڵەوانەکان دەکات و داستانیش ئەگەرچی کەم و کوڕی پاڵەوانەکان دەردەخا، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی گۆڕانی چارەنووسی پاڵەوان و لە نرخی کەم ناکاتەوە، بۆیە کاری خراپ ناکاتە سەر وەرگرەکانی، کەچی تراجیدیا و کۆمیدیا بەخراپترین

[1] فلسفة الجمال فی فضاء الشعرية العربية المعاصرة، د.عبدالقادر عبو، اتحاد كتاب العرب؛ دمشق، ٢٠٠٧، ص ٦٨–٦٩.

جۆرەکانی شیعر دەژمێردرێ، چونکە راستەوخۆ کاردەکەنە سەر خەڵك[1] .

لە کتێبی (پۆیەتیکا – هونەری شیعر)ی ئەرستۆش باسی وەرگر دەکرێ، بەتایبەتی کاتێ باسی بیرۆکەی پاکبوونەوە دەکات. و دەکرێ ئەم بیرەی ئەرستۆش بە کۆنترین تیۆر دابنرێ کە وەڵامدانەوەی (استجابة) وەرگرەکان رۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەبینێت. لەڕاستیشدا هەر لەکۆنەوە لایەنی رەوانبێژی لە شیعردا کاریگەریی زۆری لەسەر وەرگر (بیسەر و خوێنەر)ەکانی شیعر هەبووە، لەبەر ئەوە دەکرێ ئەو پێوەندییەی نێوان شیعر و رەوانبێژی بەسەرەتاکانی بایەخدان و پەیدابوونی تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر دابنرێت[2].

ئەرستۆ کە باسی پاکبوونەوە –Katharsisi دەکات مەبەستی لەو پاکبوونەوەیە، ((پاکبوونەوەی دەروونە (دەروونی بینەر) لە دووسۆزی (ترس) و (بەزەیی) بەهۆی پیشاندانی کاری تراجیدییەوە))[3] واتە؛ ئەرستۆ هەموو کردەیی تراجیدیا، کە تەرخان دەکات بۆ گەیشتن بە پاکبوونەوە و بەرهەمەکە لە پێناوی خزمەت کردنی

[1] النقد الادبي الحديث، د. محمد غنيمى هلال، ص ٣١-٣٣.

[2] نظرية التلقي (مقدمة نقدية)، روبيرت هولب، ت: د.عزالدين اسماعيل، ط١، النادى الادبى الثقافى، جدة، ١٩٩٤، ص٦٥.

[3] هونەری شیعر، ئەرستۆ، و:عزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٤٩.



وەرگرەکەیدا دەبێت، چونکە پاکبوونەوە بۆ دەروونی ئەو بینەرانەیە کە بەرهەمەکە دەبینن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بایەخدانێك بوو بە رۆڵی وەرگر لە پرۆسەی ئەدەبیدا لە رێگای دەستنیشان کردنی ئەرکی ئەدەب. لەسەردەمی بوژانەوەشدا (عصر النهضة)، سەرەڕای ئەو رۆڵە ئاکارییەی خرابووە پاڵ ئەدەب، کاریگەریی ئەدەبی تەوەرەی سەرەکیی تیۆرەکانی رەخنە بوو، لەو سەردەمەدا پایەی بەرزی شیعر (چامە) بەپێی رادەی ئەو کاریگەرییە بوو کە دەیخستە سەر وەرگرەکانی و لەسەردەمی ((ئۆگستی))یش کە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم دەگرێتەوە، بایەخی زۆر درا بە ئامادە بوونی وەرگرەکان بۆ شیعری هەجو و کاریگەریی ئەو شیعرە بۆ سەر هەڵسوکەوتی تاکەکان و رای گشتی...[1] بەم جۆرە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بایەخ بە وەرگری دەق دراوە جا لەهەر روویەکەوە بێت، بەڵام وەرگر لەم قۆناغەدا تەنیا وەك تاکێکی کارتێکراو تەماشا کراوە و تەوەری سەرەکی نەبووە، کەچی لە تیۆرەکانی وەرگرتن و ئامادەبوونی خوێنەردا، خوێنەر یەکەیەکی چالاکە و کاریگەری هەیە لەسەر دەق و بەخشینی ناسنامەی نوێ بە

[1] النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د.ابراهيم محمود خليل، دار المسيرة الاردن، ؟، ص١١٨، نقلا عن مجلة علامات فى النقد، المجلد٩، جزء ٣٦،ص٢٠١.

پرۆسە ئەدەبییەکە، جا بەرلەوەی باسی ئەو تیۆرانە بکەین جێگای خۆیەتی رووناکی بخەینە سەر رۆڵی وەرگر لەنێو رێبازە ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییەکانی پێشووتردا.

ئەگەر باسێکی رەخنەی مارکسی بکەین دەبینین (مارکس) لەنێو دوو دڵییەکدا بوو، لەلایەکەوە ئایدیالیزم و کلاسیکییەتی رەت دەکردەوە، و لەلایەکی دیکەوە کارەکانی هۆمیرۆس و شکسپیر و بلزاک......تد، سەرنجیان رادەکێشا و بە دڵی بوون، جا ئەم گومڕایی‌و دوو دڵییە کێشەیەکی گەورە بوو لەناو رێبازە رەخنەییەکەدا بەتایبەتی بۆ تێڕوانینەکانیان لەمەڕ وەرگرتنی هونەرەوە. ئێمە لێرەدا خۆمان ناخزێنینە ناو ئەو پارادۆکسانەوە و بەگشتی باسی رۆڵی وەرگر دەکەین. وەرگر لە رەخنەی مارکسیدا، لە چوارچێوەی چین دایە، چونکە ئەم میتۆدە دژی ئارەزووەکان و حەزەکانی تاکە کەسە، و دەبێ هەرچییەکی تاک هەیە لە ژێر دروشمی تایبەتمەندییەکانی چین یاخود پارت دا بێت. جا لەبەر ئەوە تاکی خوێنەر دوور خرایەوە لە پێوەندی کردن بە دەقەوە و ئامانجەکانی هونەر بوو بە چوارچێوەیەک کە کۆمەڵی/کۆی وەرگرەکان (الجمهور) تێیدا دروست دەبێ، و لە پێناوی ئەو ئامانجانە چێژ لە دەقی هونەری وەردەگیرێ. لەسەردەمی ((لینین))یشدا و لە میانی وتارێکی ساڵی (١٩٠٥) دا بە توندی جەختی لەسەر رۆڵی ئەدەب لە



پێناوی خزمەت کردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەکرد و داوای دەکرد هەموو ئەدیبەکان حزبی بن و ئەوەی بیری ئایدیالیستی هەبووایە دووری دەخستەوە، مارکسیەکان پێیان وایە هونەر لە خودی خۆیدا هۆیەک نییە و چێژ وەرگرتنێکی نەرجسییانە نییە، بەڵکو داهێنانێکی بە کۆمەڵە و هەماهەنگی بیرکردنەوەیە و رێگایەکە بۆ دژایەتی کردنی چینی سەرمایەدار[1]. واتە؛ لەم میتۆدە رەخنەییەدا خودی وەرگر و هەڵویستی تاک بەرامبەر بە هونەر رۆڵێکی بەرچاوی نییە و وەرگر لە چوارچێوەی چیندا و لەنێو کۆمەڵی(الجمهور) وەرگرەکاندا بوونی هەیە، و لەنێو ئەم چوارچێوەیەشدا ئامانجەکانی هونەر و ئێستێتیکای هونەری دیاری دەکات و وەرگرەکانی ئاراستە دەکات، ئەگەرچی هونەر خۆی لە خۆیدا کە دروست دەبێ پرۆسەیەکی تاکە کەسییە و لەناو ئەو پرۆسەیەشدا لاشعوری کۆمەڵ هاو شان لەگەڵ لاشعوری تاکەکەسدا کار دەکات، هەر بۆیە پێویستی بە تاکی وەرگر هەیە بەر لە کۆمەڵی وەرگر.

[1] قراءة النص و جماليات التلقي- بين المذاهب الغربية الحديثة و تراثنا النقدي، محمود عباس عبدالواحد، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٦،ص٤٩-٥٦.

لە فەلسەفەی (بوونخوازی-الوجودیة)* شدا، چونکە باوەڕیان بە ئازادی تاك هەبوو و پێیان وابوو بەهای مرۆڤ لە (خود) دا هەیە و تاکەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروست کردنی هەڵوێستی مرۆڤایەتی، بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە بایەخیان بە تاکی وەرگریش داوە. لای بوونخوازەکان (وجودی) بەرهەمی ئەدەبی کارێکی ئازادە و بەخشندەیە، نووسەر ئاڕاستەی خوێنەری ئازاد و بەخشندەی دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر (وەرگر) بەشداربێ لە ئەفراندنی ئەو شتەی کە نووسەر دەیەوێ و ئەو ئەفراندنە لە ئەنجامی ئازادی مرۆڤایەتییەوە دروستبووبێ[1] واتە؛ لەناو بیرو باوەڕی بوونخوازەکانیشدا لە ڕوانگەی بایەخدان بە تاکەوە، ڕۆڵی وەرگریش وەك تاك حسێبی بۆ کراوە. وەك بەڵگەیەکیش بۆ بایەخدانی بوونخوازەکان بە خوێنەر، دەتوانین کتێبەکەی (ئەدەب چییە؟)ی (جان پۆل سارتەر)* بە نموونە بهێنینەوە،

* بوونخوازی میتۆدێکی فەلسەفی ئەدەبییە لەسەدەی بیستەمدا لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا جێگیربوو، میتۆدەکە جەخت لەسەر بوونی مرۆڤ دەکاتەوە و سەرەتاکانی پەیدابوونی ئەم میتۆدە بۆ نووسەری دانیمارکی (کیرکاگۆرد ١٨١٣-١٨٥٥) دەگەڕێتەوە، بوونخوازی دوو باڵی لێدەبێتەوە: بوونخوازی- بێدین (ملحد) و بوونخوازی مەسیحی. لە ڕابەرەکانی بوونخوازی (جان پۆل سارتەر)ە کە لەژێر کاریگەریی شانۆگەری و چیرۆکەکانیدا ئەم میتۆدە لە فەڕەنسا بڵاوبۆوە. بڕوانە: الوجودیة، شبكة الفلق الثقافية، www.ALflaq.com

[1] النقد الادبي الحديث، محمد غنيمي هلال،ص٣٢٣-٣٢٦.

* (J.P.Sarter) (١٩٠٥-١٩٨٠) فەیلەسوف و ئەدیبێکی فەڕەنسایی یە لە پێشەنگەکانی بوونخوازی (وجودي) هاوچەرخە، لە کتێبە فەلسەفییەکانی (بوون و نەبوون)ە.



بەتایبەتی بەشی سێیەم لەو کتێبە کە بەناونیشانی (بۆ کێ دەنووسین)ەوەیە و تێیدا نووسەر بە وردی باسی کۆمەڵی وەرگری (جمهور) بەرهەمی ئەدەبی دەکات، ئەم هەوڵەی (سارتەر)یش ئاوڕدانەوە و بایەخدانێکی تەواوە بە وەرگری دەقی ئەدەبی.

ئەگەر بمانەوێ باسی وەرگریش لەناو ڕێبازی سمبۆلیزمی** فەڕەنسیدا بکەین، کەلەسەردەمی حوکمڕانی بورجوازیەکان سەری هەڵدا، ئەوا دەبێ پێشتر بزانین کە لە ناو ڕێبازی سمبۆلیزمیدا پێوەندی نێوان نووسەر و کۆمەڵی وەرگرەکان پێوەندییەکی پچڕاوە و هەموو وەرگرێك نەیتوانیوە لە بەرهەمی سمبۆلیزمی بگات، چونکە نووسەری سمبۆلیزمی خۆی خزاندۆتە نێو خەڵوەتگای خود و گەڕابۆوە ناو دنیای ئەفسانە و باوەڕی پڕوپوچ (خرافات)، و بەرهەمەکانی بۆ وەرگر پڕبوو لە نامۆیی و هەورێکی تەم و مژاوی دەوری دابوو، جا لەبەر ئەوە دەبینین ژمارەی ئەو

** چەمکی سمبۆلیزم (الرمزیة) سەرەتا وەکو ناوێك بۆ کۆمەڵێ شاعیر لە نووسینەکانی نووسەری فەڕەنسی بە ڕەچەڵەك گریکی (جان موریس)دا سەری هەڵدا، (مۆریس) لە ساڵی ١٨٨٦ دا گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (سمبۆلیست-الرمزي- Le Symboliste)، و دەکرێ قۆناغەکانی سمبۆلیزم لە فەڕەنسا دابەش بکرێ و قۆناغی یەکەم بەند بکرێ بە بۆدلێر (؟- ١٨٦٧)، و قۆناغی دووەم بەندبێ بە (فیرلین) و (مالارمیە) ئەو کاتەی کە لە لوتکەی داهێناندا بوون پێش ئەوەی کۆمەڵی ١٨٨٦ دەرکەون و قۆناغی سێیەم بە قۆناغی جێگیر بوونی ڕەگی وشەکە دادەنرێ و قۆناغی کۆتاییش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، (میشۆ) ئەم قۆناغەی ناونا (سمبۆلیزمی تازە).. . بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە سەر کتێبی مفاهیم نقدیة، رینیة ویلیك، ت: د.محمد عصفور، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والادب، الكويت، ١٩٨٧، ص٢٦٨-٢٧٢.

وەرگرانەی کە لە بەرهەمەکانی سمبۆلیستەکان دەگەن زۆر کەمن، و وەرگر لە دیدی سمبۆلیستەکاندا کەسێکی رەخنەگر نییە و نابێ رەخنە بگرێ، بەڵکو خوێنەرێکە دەبێ لەگەڵ ئەزموونە ناهۆشەکییەکاندا (اللاواعیة)دا بەبێ دەنگی بژێت[١]. واتە؛ لەلای هەندێك لە سمبۆلیزمەکان وەرگر توانای بڕیاردانی نییە و دەسەڵاتی لێدەسەنرێت و تەنیا رۆڵی لەوە دایە کە لەگەڵ ئەزموونەکەدا بژێت و بێ ئەوەی پرسیار بکات جا هەر لەبەر ئەوەیە ژمارەیەکی کەمن ئەوانەی لە بەرهەمی سمبۆلیستەکان دەگەن، و زیاتر ئەو وەرگرانەش لەو جۆرە بەرهەمانە دەگەن کە سروشتی ناخ و دەروونیان لە نووسەری سمبۆلیستەوە نزیکە.

ئەمجارەیان بازنەی رووناکیەکەمان دەخەینە سەر فۆرمالیستەکان تاکو شوێن و ئەرکی وەرگر لەنێو میتۆدەکەی ئەوانیشدا دەستنیشان بکەین، (فۆرمالیستەکان گرنگیان بە فۆرم (شکل) دەدا و ناوەرۆك (مضمون)یان پشتگوێ خست، چونکە فۆرمیان پێ گرنگتر بوو لە ناوەرۆك، و سیماکانی دەق وەك خوازە و لێکچواندن و سەروا و کێش و ریتم و شێوازی پێکهاتەیی و دەلالی، دەبێت جێی گرنگی پێدانی رەخنەگر بێ، جا لەبەر ئەوە جەختیان لە تایبەتمەندی زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی کردووە و پێیان وابوو زمانی ئەدەبی دەبێ لادان بێ لە زمانی ئاسایی و ئەدەب تەنیا شێوازێکی پوختی بەکارهێنانی زمانە)[٢].

[١] قراءة النص وجماليات التلقي، محمود عباس، ص٦٥–٦٧.

[٢] هل يوجد نص في هذا الفصل، سلطة الجماعات المفسرة، ستانلي (فيش)، ت:احمد الشيمي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٤، ص١٧.



لێرەدا فۆرمالیستەکان کە پێناسەی ئەدەب دەکەن بە (شێوازێکی پوختی بەکارهێنانی زمان) رەخنەگر دەبەستنەوە بە دیراسەکردنی یاساکانی زمانی ئەدەبی، و رۆڵی سەرەکیی خوێنەر لە لێکدانەوەدا کەم دەکەنەوە و دەیبەستنەوە بە یاساکانی زمان و لەم نێوەندەدا کاری خوێنەر سروشتێکی میکانیکی دەبێ لە مامەڵە کردنی لەگەڵ یاساکانی زماندا.بۆیە لەو قوتابخانەیە (خوێنەر پێویست نییە تەنیا وەك خودێك نەبێ بۆ فام کردن، ئەرکی ئەم خودە بەپێی هەندێك هاندان لەلایەن دەقەکەوە دەبێتە دەستنیشانکردنی شێوازی نووسین یان دۆزینەوەی ئەو تەکنیکە هونەرییانەی کە لە نووسینەکەدا بەکارهاتوون)[١].

لە روانگەیەکی دیکەوە (رۆبرت هولب) لە کتێبی (تیۆری وەرگرتن)دا هەوڵی داوە کاریگەریی فۆرمالیستە روسەکان لەسەر چەکەرەکردنی تیۆری وەرگرتن دەستنیشان بکات لە رێگای لێکدانەوە و نزیك کردنەوەی چەند چەمکێکی شکلۆفسکی (Viktor Shklovskii) وەك (ئامراز–اداة، دوورخستنەوە–تغریب، فامکردن_ ادراك)[*] لە بیرو راکانی تیۆردانەرەکانی تیۆری وەرگرتنەوە. بەکورتی لەلای فۆرمالیستەکان تایبەتمەندییە هونەرییەکانی بەرهەمی

[١] جمالية التلقي من اجل تاويل جديد للنص الادبي، هانس روبرت (ياوس)، ت:رشيد بنحدو، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٣٩.

[*] مەبەست لە (ئامراز_ اداة) ئەو (توخمەیە کە کەلێنی نێوان دەق و خوێنەر پڕ دەکاتەوە، وا لە بەرهەمی ئەدەبی دەکات بەهای هەبێ و بابەتێکی ئێستتیکی رەسەن بێ)، (تغریب–دوورخستنەوە–Ostranenie )ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندیەتی نێوان خوێنەر و دەق، کە شت لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئاسایی وەدەربێنێ و بەم واتایە دەبێتە توخمێکی بناغەیی بۆ هونەر بەگشتی، بڕوانە: نظرية التلقي(مقدمة نقدية)، روبرت هولب، ص٧٥.

ئەدەبی تێگەیشتنی تاک دیاری دەکات و ڕۆڵی وەرگریش لەو فام کردن و تێگەیشتنەدا بەرجەستە دەبێ.

دەتوانین باسی وەرگرتن لای (ڕۆمان ئینگاردن)[**] یش بکەین وەک نموونەیەکی دیاردەگەرایی[***]، چونکە (ئینگاردن) قوتابی بووە و پێوەندی بە فەلسەفەی چونکە (ئینگاردن) قوتابی (هۆسرل)[****] بووە و پێوەندی بە فەلسەفەی دیاردەگەراییەوە هەبووە، لەلای (ئینگاردن) بەرهەمی هونەری ئەدەبی دەکەوێتە دەرەوەی واقیع و ئایدیا، چونکە نە دیاری کراوە

[**] ڕۆمان ئینگاردن (١٨٩٥-١٩٧٠) لە (کراکۆ)ی وڵاتی پۆڵەندا لە دایک بووە، لە زانکۆی (لڤۆڤ) لە بن دەستی (تواردوسکی) خوێندوویەتی، پاشان چووەتە زانکۆی (گۆنتتکتن) بۆ خوێندنی فینۆمینۆلۆژیا هاوڕێ لەگەڵ (هۆسرل). لە ساڵی ١٩١٨ لە (فریبریگ) دکتۆرای لەسەر فەلسەفەی هنری برجسۆن وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٣٣ بۆتە پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی (لڤۆڤ). لە بەرهەمەکانی: (کاری هونەریی ئەدەبی- لێکۆڵینەوە لە سنوورەکانی ئەنتۆلۆژیا و لۆژیک و ئەدەب) و (گەنگەشە دەربارەی بوونی جیهان). بڕوانە: الحلقة النقدية- الادب و التاريخ و الهرمينوطيقا الفلسفية، ديڤيد كوزنز هوى، ت: خالدة حامد، ط١، منشورات الجمل، المانيا- بغداد، ٢٠٠٧، ص٢٥٣-٢٥٤.

[***] (دیاردەگەرایی- فینۆمینۆلۆژیا -الظاهراتية) میتۆدێکی فەلسەفیە، فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیدمۆند هۆسرل). لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باسی کردووە، بڕوانە: نظرية الادب؛ تيرى ايغلتون، ت:ثائر ديب، دار المدى، سورية، ٢٠٠٦، ص٩٣-١٤٩.

[****] ئیدمۆند هۆسرل (١٨٥٩-١٩٣٨): لە (بروسنتز)ی وڵاتی (چیکۆسلاڤیا لە کاتی حکومەتی ئیمپراتۆری هەنگاری لە دایک بووە.. دوای دەرچوونی لە ئامادەیی. لە زانکۆی (لایبزک و بەرلین و ڤیەنا) بیرکاری و فیزیا و فەلەک و فیلۆلۆژیای خوێندووە. لە ساڵی ١٨٨٢دا دکتۆرای لە ڤیەنا بە دەست هێناوە. لە ساڵی ١٨٨٦ چوو بۆ (هیل) دکتۆرایەکی تری بە دەست هێنا بە ناوی (چەمکی ژمارە- شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیانە) لە کتێبی ( لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان)ی (١٩٠٠-١٩٠١) وەک فەیلەسوفێک و دامەزرێنەرێکی فینۆمینۆلۆژیا دەرکەوت. لە کتێبە ناودارەکانی (قەیرانی زانستە ئەورووپییەکان و گرنگی فینۆمینۆلۆژیا) بڕوانە: الحلقة النقدية، ديڤيد كوزنز هوى، ص٢٥٢-٢٥٣.



بەشێوەیەکی گشتی و نە سەربەخۆیە، بەلام بەرهەمی هونەری پشت بە هۆشیاری دەبەستێ و لەناو چوارچێوەیەک یان پێکهاتەیەکی سنووردارادا دروست دەبێ، هەندێک بەشی ئەم پێکهاتەیە نەزانراوە یاخود شاراوەیە و ئەو بەشانەش بریتین لەو کەلێن و بۆشاییانە کە لە سەر خوێنەرە پڕی بکاتەوە، جا لەبەر ئەوە بەرهەمی هونەریی ئەدەبی هەمیشە پێویستی بە چالاکی مرۆڤایەتییە کە تێیدا خەیاڵی خوێنەر کارا بێت و بەرهەمەکە تەواو بکات و بەرجەستەی بکات[1].لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە دا گرنگ و پێویستە، چونکە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی ئەدەبی پێویستە ئەو بۆشاییانەی کە دەکەوێتە ناو پێکهاتەی واتایی دەقەکە پڕ بکرێتەوە و پێکهاتەکە پێکەوە ببەسترێتەوە، و کاری ئەم پڕکردنەوە و بەستنەوەی واتایە دەکەوێتە سەر ڕۆڵی خوێنەر،جا لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین (ئینگاردن)یش بایەخی زۆری بە ڕۆڵی وەرگر داوە. لەنێو قوتابخانەی بونیادگەریی (پراگ)یشدا بۆ مەبەستی ئاوڕدانەوە لە وەرگر دەتوانین لە ڕوانگەی (جان مۆکارۆڤسکی) کە گرنگترین تیۆردانەری قوتابخانەکەیە باسی بکەین، (مۆکارۆڤسکی) پێناسەی بەرهەمی ئەدەبی دەکات بەوەی (کۆمەڵە سیمایەکی ئاوێتەیە، واتە؛ ((ڕاستیەکی سیماتیکیە Semiotic Fact )) دەکەوێتە نێوان هونەرمەند و ئاڕاستە کراو (کۆمەڵی وەرگر، بیسەر،

[1] نظرية التلقي، روبرت هولب، ص ١٢و٨٤.

خوێنەر...هتد) )[1] واتە؛ بەرهەمی ئەدەبی وەك سیستەمێكی سیماتیكی ئەگەرچی یەكەیەكی سەربەخۆیە، بەڵام دەكەوێتە نێوان نووسەر و وەرگرەكەی و بەوشێوەیە وەرگر لە بەرجەستە كردنی ئەو یەكەیە (دەق) ڕۆڵ دەبینێ. بونیادگەری سیستەمێكی شیكارییە بۆ لێكدانەوەی دەق، پشت بە ئاماژەكان (دلالات) و سمبۆل و نیشانەكان دەبەستێ، ئەم سیستەمە بناغەیەكی زانستی هەیە خوێنەر پشتی پێ دەبەستێ بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ دەقەكەدا، بەبێ ڕەچاو كردنی ئەو زمانەی كە دەقەكەی پێ نووسراوە یاخود ئەو ڕێبازەی كە دەقەكەی گرتۆتە خۆ، چونكە بونیادگەری پەیوەست بوو بە وەرگرتنی دەق نەك بە بەرهەم هێنانی دەقەكە. یەكێك لە هەرە بەناوبانگترین نەخشەكانی وەرگرتنی بونیادگەری لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەخشەكەی (جاكۆپسن)ە كە لە پێشەنگەكانی زانستی زمانەوانی شیكارییە و دامەزراندنی بیری بونیادگەری بۆ ئەو دەگەڕێتەوە[2].

وەرگر لەنێو سیستەمی بونیادگەریدا ئەركی وەرگرتنی دەقە و شیكردنەوەی ئەو پێكهاتە زمانەوانییەیە بەپێی بناغەیەكی زانستی واتە؛ (ئەو یاسایانەی كە بونیادگەری دایناوە بۆ دیراسەكردنی دەق)، لێرەدا ڕۆڵی وەرگر دەبێتە جێبەجێ كردنی چەند سیستەمێكی دیاری كراو لەسەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢-١٠٣.

[2] قراءة النص و جماليات التلقي، محمود عباس عبدالواحد، ص٦٨-٧٣.



بەرهەمی ئەدەبی و دەسەڵاتی وەرگرەكەش لە چۆنییەتی بەكارهێنانی ئەو سیستەمەدا دەبێ. لەمیتۆدی شێوازگەریشدا چەند پێناسەیەك بۆ شێواز دەكرێ، ئێمە لێرەدا پێویستمان بەو پێناسەیەیە كە تێیدا ئاوڕ لە وەرگر دەدرێتەوە، جا لە یەكێك لە پێناسەكاندا هەوڵدراوە باسی شێواز بكرێ لە ڕێی لایەنی سێیەمی پێوەندی ئەدەبی (وەرگر)ەوە و ئەم پێناسەیەش پێوەندی بە دوو لایەنی دیكەوە هەیە (نووسەر و دەق)، بەڵام زیاتر جەخت دەكاتە سەر وەرگر، چونكە (وەرگر دەتوانێ تایبەتمەندی شێواز دیار بكات و لێی تێبگات و لادانەكان و دەركەوتنەكەی دەستنیشان بكات لە ڕێگای ئەو كارتێكردنەی كە بە جێی دێڵێ و ئەو ئەركەی كە جێبەجێی دەكات، ئا لەو كاتەدا چەمكی (خوێنەری نموونەیی) كە (ریفاتێر) باسی كردووە ئامادە دەبێ، بۆ ئەوەی ببێتە تەوەری ناسینەوەی تایبەتمەندییەكانی شێواز، و ئەو هەڵبژاردانەی كە پەیوەستە بە خوێنەری نموونەییەوە و ئەو لێكدانەوانەی كە بەندە بە هەڵوێستەكانی دەبێتە جێی شیكردنەوە و لێكدانەوەی و دەستنیشان كردنی سیماكانی شێواز[1]. (ریفاتێر) دان بە ڕۆڵی خوێنەر دادەنێ، چونكە خوێنەر بەرهەمهێنی یەكەمی دەقەكەیە و بەهای دەقەكە لە ڕێگای

---

[1] مناهج النقد المعاصر، د.صلاح فضل، ط٥، اطلس للنشر، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٧٦.

خوێنەرەوە دەستنیشان دەکرێ. (دیاردەی ئەدەبی تەنیا بریتی نییە لە دەق، بەڵکو خوێنەریشە و هەموو هەڵوێستەکانێتی بەرامبەر دەقەکە [1]. (ریفاتێر) بایەخ بە رۆڵی وەرگر دەدا لەنێو پرۆسەی وەرگرتنی ئەدەبی و ئەرکێکی سەرەکیی دەخاتە سەر شانی بۆ دەستنیشان کردنی شێواز لە رێگای خوێنەری نموونەییەوە، چونکە هەموو خوێنەرێك ناتوانێ دەستنیشانی شێواز بکات، تەنها خوێنەری نموونەیی نەبێت.

ئەوەی کە باسمان کرد دەستنیشانکرنی رۆڵ و ئەرکی وەرگر بوو لەنێو چەند میتۆد و قوتابخانەیەکی جیاجیادا، بەلاّم بایەخدان بە وەرگر تەوەری سەرەکیی هیچ تیۆرێك نەبووە، هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کە تیۆرەکانی وەرگرتن–التلقي– (Reception theory) و وەلاّمدانەوەی خوێنەر–استجابة القارىء–(Reader-response theory) دروست بوون، (دەبێ جیاوازی نێوان تیۆری وەرگرتن کە لەنێو رەخنەی ئەڵمانیدا بلاّوبۆوە و تیۆری وەلاّمدانەوەی خوێنەر کە لە ئەمەریکا بلاّوبۆوە بکرێ، چونکە تیۆری وەرگرتن زادەی رەنجدانێکی بە کۆمەڵ بووە و دەنگدانەوەی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی و هزری و ئەدەبی

[1] الاسلوبية عند ميشيل ريفاتير، د.طارق البكري، لە سایتی
http://www.city-love.com/ab٧ath/show.php?lessid=٢٧٩



بووە لە کۆتایی شەستەکان لە رۆژئاوای ئەڵمانیا، لە کاتێکدا رەخنەگرەکانی تیۆری وەلاّمدانەوەی خوێنەر کۆمەڵێ تاکی پەرش و بلاّو بوون و هیچ پێوەندییەك لەنێوانیاندا نەبوو، بەڵکو جیاوازی لە نێوان تیۆر و میتۆدەکانیشیاندا هەبوو بەپێی جیاوازی پێشینەکانیان، ئەمە جگە لەوەی کە خاوەنەکانی هەر دوو تیۆریەکەش هیچ جۆرە پێوەندییەك، یان پێگەشتنێکی زانستی چالاك لە نێوانیاندا نەبووە)[1]. هەردوو تیۆری وەرگرتن و وەلاّمدانەوەی خوێنەر ئاراستەی تیۆرەکانیان بەرەو وەرگری دەقە و تاڕادەیەکی باش کارە رەخنەییەکانیان لە بازنەی نووسەر و دەق دوور دەخستەوە، جا لەبەر ئەوەی چەقی بایەخدانیان بە خوێنەر بوو، بۆیە ئەم دوو تیۆرە دەبنە سەرچاوەی کارەکەمان، چونکە مەبەستی ئێمەش تیشك خستنە سەر وەرگری دەقی شیعریە، تاکو بزانین رۆڵی وەرگر لە دروست کردنی بەرهەمی ئەدەبی چییە وچۆنە؟ و دەقی ئەدەبی بە چ شێوەیەك خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ و خزمەتی ویستەکانی دەکات؟ و ئایا ئەوەی نەمری بە دەقێك دەبەخشێ خودی دەقەکە خۆیەتی، یان خوێنەرە، بەرهەمی ئەدەبی دەژێنێتەوە؟ و ئایا تا چەند خوێنەر ئازادە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقەکەدا؟ ئەگەر ئەو ئازادییە هەبێ چی بە دەق و پرۆسەی ئەدەبی دەبەخشێ؟

[1] نظرية التلقي، روبرت هولب، ص٧–٨.

بەلاّم بەر لەوەی بێینە ناو باسی هەندێ وردەکاری نێو ئەو میتۆدانە بە باشی دەزانین باسێکی کورتی بابەتی وەرگرتن بکەین لەلای عەرەب وکوردیش، ئاخۆ چۆنیان روانیوەتە ئەم بابەتە.

**-وەرگرتن لە رەخنەی کۆنی عەرەبیدا:**

بابەتی **(وەرگرتن لەلای عەرەبەکانیش)** لق و پۆپێکی یەکجار زۆری لێدەبێتەوە و لە زۆر روانگەوە بۆ بابەتی وەرگرتن چوونە و بایەخیان پێ داوە، (لە رەخنەی کۆنی عەرەبی دا، سەرەتاکانی بایەخدان بە وەرگر بۆ دروست بوونی رەخنەی سەر زارەکی دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعر لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا سەری هەڵدا، و بەتایبەتی لە بازاڕە ئەدەبییەکاندا کە جێگای سەرنجی خەڵکانێکی زۆر بوون لە سەردەمی جاهیلیدا)[1] لەو بازاڕانە شاعیرەکان کالاّکانی خۆیان کە بەرهەمەکانیان بوو دەهێنایە بازاڕ و کڕیاریش (وەرگر) بڕیاری خۆی دەدا، جا بونیادی بڕیارەکەی لە هەر چ روویەکەوە بایە. عەرەبە جاهیلییەکان، چەند بازاڕێکیان هەبوو خەڵکی چەندین خێڵ رووی تێدەکرد، لەبەر ئەوە کۆڕە ئەدەبیەکان زۆر بوون کە تێیدا شاعیرەکان بەرامبەریەك شیعریان دەخوێندەوە و

[1] جماليات التلقي فى السرد القرانى، يادگار لطيف جمشيد، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٨، ص٩.



پێشبڕکێیان دەکرد و لە ئەنجامی ئەو پێشبڕکێیە بە وردی دەڕوانرایە شیعرەکە و بایەخ بە تەکنیك و پوختییەکەی دەدرا، و یەکێکیش لە بازاڕە بەناوبانگەکانیان بازاڕی (عکاظ) بوو[*1]. واتە؛ دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی شیعر ئاراستەی بیسەر کرابوو (بیسەری نێو بازاڕەکان)، جا لەو شوێنانەدا شاعیر پشتی بە شێوازی دەربڕین و خوێندنەوە دەبەست لە شیعر خوێندنەوەدا، وەرگریش دێڕەکانی شاعیری بە چاوتروکانێ وەردەگرت، لەبەر ئەوە وەرگری ئاسایی و رەخنەگری ئەو دەمە دەبوایە زۆر بە توانا بوایە بۆ ئەوەی ئەو شیعرە وەربگرێ و شیبکاتەوە و رەخنەگرتنیش لەوسەردەمەدا زارەکی بوو[2]. لەو سەردەمەدا وەرگرتنی شیعر لە رێگای بیستنەوە بووە و رۆڵی وەرگری دەقی شیعری لە لێهاتویی بیستن و تێگەیشتنی خێرادا بووە و بڕیاریش لەسەر بەهای شیعرەکە هەر لە رێگای ئەو

[*] عكاظ: یەکێکە بووە لە بازاڕە هەرە بەناوبانگەکانی جەزیرەی عەرەبی یازدە ساڵ پاش ساڵی فیل کرایە بازاڕ و تا سەردەمی ئیسلامیش هەر مابوو، دواجار لە ساڵی ١٢٩ی کۆچی لەلایەن خەواریجە حەواریەکانەوە تالاّن کرا، ئەم بازاڕە بازاڕێکی بازرگانی و ئەدەبی بوو شیعر و وتاری تێدا دەخوێنرایەوە، بڕوانە: المعجم المفصل في الادب،د.محمد التونجي، ج٢، دارالكتب العالمية، بيروت، ١٩٩٩، ص٥٣٢.

[1] النظرية النقدية عند العرب حتى نهاية القرن الرابع الهجرى، د.هند حسين طه، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، العراق، ١٩٨١، ص٣٦.

[2] استقبال النص عند العرب، محمد مبارك، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٩، ص١١٠.

کـارتێکردن و وەرگرتنـە بـووە کـە لـە سـاتی شـیعر خوێندنەوەکەدا دروست بووە، بەڵام کاتێ کە ئاینی ئیسلام پەیدابوو زۆر لە یاساکان گۆڕان، چونکە قورئانی پیرۆز سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشابوو و وەرگرێکی زۆر سەرقاڵی تێگەیشتن و لێوردبوونەوە بوون لە نهێنییەکانی قورئان.

قورئانی پیرۆز ڕێگا پیشاندەربوو بۆ دروست بوونی میتۆدێک بۆ چۆنییەتی وەرگرتنی دەق، و بایەخدان بە ڕەوانبێژیش هەر لە پێناوی تێگەیشتن بوو لە گەوهەری زمانی قورئان. قورئان هەر لە سەرەتاوە ئاڕاستەی وەرگر کرابوو و لە چەند ئاستێکدا ئەم ئاڕاستەکردنە ئاشکرا بوو و یەکێك لەو ئاستانە ئاستی جوانکارییە و ئەم ئاستە هەموو جۆرە توخم و ئامـاژە هونەرییـەکانی وەکار دەخست بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرەکان و هاندانی هۆشیان و قـوڵ کردنـەوەی پێوەنـدی نێـوان وەرگرەکـە و دەقـەکانی قورئان [1]. بەو شێوەیەش کاری وەرگر چالاکتر دەبوو و زیاتر تێکەڵ دەبوو لەگەڵ دەقەکەدا و وەڵامدانەوەی بۆ دەبوو. قورئان بە تەواوەتی کاریگەریی هەبوو لەسەر گۆڕانی پرۆسەی وەرگرتن، چونکە لەلایەك قورئان موعجیزە بوو، بەرامبەر بە توانستی بیری ڕۆشنبیری وەستا و لەلایەکی دیکەش فەلسەفەی قورئان هەمیشە خوێندنەوەی

---

[1] جمالیات التلقي في السرد القرآني، یادگار لطیف، ص١٠-١٣.



جیاواز هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی و بە ڕوون وسانایی واتا بەدەستەوە نادات وزیاتریش بۆ ئەوەیە خەڵکی بیربکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە قورئان ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێ.

ئەگەر بێت و سەرنجێکی مێژوویی ڕەخنەی عەرەبی بدەین دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی عەرەب گرنگیان بە وەرگر و وەرگرتنی دەقی ئەدەبی داوە جا لە هەر چ ڕوویەکەوە بێت، ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند نووسەرێك دەکەین و تیشك دەخەینە سەر چەند بۆچوونێك.(ڕەخنەگری عەرەبی (جاحظ)* یەکێك بووە لە ڕابەرەکانی ڕەخنەی عەرەبی کە باسیان لە کێشەی دەربڕین (لفظ) و واتا (معنی) کردووە)[1]، (جاحظ) لە کتێبی (البیان و التبیین)** دا باسی وەرگرتن دەکات و ڕۆڵی وەرگر

---

* جاحظ (باوکی عوسمان) (٧٧٥-٨٦٨)ز لەپێشەواکانی ئەدەبی عەباسیی عەرەبییە، لە بەسرە لە دایك بووە و لەوێش مردووە، لە بەسرە و لە بەغدا خوێندویەتی و بە یەکێك لە زانا و بیرمەندەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێ، لە بەرهەمەکانی کتێبی (الحیوان) لە حەوت بەرگدا، (البیان و التبیین)، (البخلاء)، (التاج). بڕوانە: المنجد في الاعلام، مجموعة من الکتاب، ط١٢، ؟، ص٢٠٦.

[1] المعنی الشعري و جمالیات التلقي فی التراث النقدي و البلاغي، د.ربی عبدالقادر الرباعي، ط١، دار جریر للنشر و التوزیع، عمان- الاردن، ٢٠٠٦، ص١٣٣.

** کتێبی (البیان و التبین) پێوەندیەکی پتەوی بە مەسەلەی دەق و خوێنەر یان نووسەر و خوێنەر هەیە. هەندێك پێیان وایە ناونیشانی کتێبەکە (البیان والتبیُّن)ە واتە؛ (واتا لە جاحظە وە و دیاری کردن لە خوێنەرەوە- بیانٌ من الجاحظ و تبیُّن من القاریء) بڕوانە:

دەستنیشان دەکات لە بڕیاردان لەسەر بەهای بەرهەمی ئەدەبی و دەڵێ: (ئەگەر ویستت پیشەت ببێ بە کاری ئەدەبی (ببیتە ئەدیب)، جا شیعرێکت دانا یاخود وتارێکت نووسی یا نامەیەکت دروست کرد، نابێ باوەڕ بوونت بە خۆت، یا دڵخۆشیت بە بەرهەمی مێشکت وات لێبکات خۆت دەربخەی بەو بەرهەمانەوە و خۆتت لاپەسەند بێ، بەڵکو دەبێ ئەو شیعرە یا وتارە یا نامەیە پیشانی زاناکانی بدەیت، جا ئەگەر بۆت دەرکەوت کەوا گوێگر هەیە گوێی لێدەگرێ و چاو هەیە دەیخوێنێتەوە و خەڵك هەیە پێی خۆشە و داواکاری لەسەرە، ئەوە خۆت بکە خاوەنی، و ئەگەر لە سەرەتای ئەزموونەکەتدا بووی، بەڵام کەس نەبوو بەرهەمەکانتی پێ باش بێ و داوای بکات، ئەوە دیارە هێشتا کرچ و کاڵە و تازە دەستپێکردووی و هێشتا لێهاتوونیت و ئەگەر دووبارە وسێبارە شتت نووسیەوە، بەڵام هەر گوێگرت نەبوو و سەرنجی دڵی خەڵکیت رانەکێشابوو، ئەوە بۆ خۆت پیشەیەکی دیکە هەڵبژێرە، و بزانە ئەو رێپیشاندەرەی کە درۆت لەگەڵ ناکا بۆ ناسینی بەهای بەرهەمەکانت، گرنگی و بایەخدان یاخود هەموار

المعجم المفصل في الادب، د.محمد التونجي، ج١، دار الكتب العالمية، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٠٠.



کردنی بەرهەمەکانتە لەلایەن وەرگرەکانەوە)[1]. واتە؛ (جاحظ) بایەخی بە وەرگری دەق داوە و کردوویەتی بە سەنگی مەحەك لە بڕیاردان لەسەر نرخی بەرهەمی ئەدەبی.

نووسەرێکی دیکە ((ابن طباطبا))[*] یە (؟-٣٢٢)ك، یەکێك بووە لە رابەرانی رەخنەی ئەدەبی سەدەی چوارەمی کۆچی[2]. ئەو لە کتێبی (عیار الشعر)دا باسی تایبەتمەندییەکانی شیعر دەکات، زۆرجاریش باسی بیسەری کردووە و ئاماژەی بە رۆڵ و ئەرکی لەنێو پرۆسەی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی شیعردا کردووە.

ئەو (شیعر و شاعیرەکانی لە تایەکی تەرازوو و کاریگەرییەکەی لە دەروون لەتایەکی دیکە دادەنا) [3]واتە؛ بایەخی بە وەرگر داوە لە رێی گرنگی دان بەو کارەی کە شیعری شاعیرەکان دەیخەنە سەر دەروونی وەرگرەکانیان. لێرەدا دیسان دەروونی وەرگر دەبێتە ئەو بارستاییەی کە سەنگی تەرازووی پێوەندی ئەدەبیی پێ دەگۆڕێ. لەو

[1] البيان و التبين، الجاحظ، شرح د.على بوملحم، ط١، دار مكتبة اطلال للطباعة و النشر، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٧٧.

[*] ابن طباطبا (؟-٣٢٢ك): ئەبولحەسەن محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی طباطبا، لە ئەسفەهان لە دایك بوو و لەوێش مردووە. بڕوانە: النقد الادبي في آثار اعلامه، د. حسين الحاج حسين، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٦، ص٢١٠.

[2] المعنى الشعري و جماليات التلقي، د.ربى عبدالقادر، ص١٤٣.

[3] فلسفة الجمال، د.عبدالقادر عبو، ص٤٩.

بارەوە دەڵێ:(ئەوەی شیعر بەرهەم دەهێنێ پێویستە بە پوختی دروستی بکات و ناسك و پەسەندکراو بێ و خۆشەویستی بیسەرەکە، کە لە ڕێگای مێشکییەوە دەڕوانێتە بەرهەمەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ، و بانگێشتی ئەو کەسە بکات کە لە جوانکارییەکانی ورد دەبێتەوە و دەڕوانێتە ڕەوانییەکەی)[1] لێرەدا (ابن طباطبا) پێی وایە شاعیر ئەرکی ئەوەیە سەرنجی وەرگرەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئەو کارانەی کە وەرگر ئەنجامی دەدا لەسەر دەقەکە لەلایەن دەقەکەوە کە شاعیر نووسیویەتی ئاڕاستە بکرێ، واتە؛ دەبێ شاعیر ئەوەندە بەرهەمی جوان و پوخت بنووسێ کە جوانکاریەکانی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت و ڕەوانییەکەی مایەی بایەخ و سەرنجی خەڵکی بێت و لێی وردبنەوە، ئینجا (عەبدولقاهری جورجانی کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی دا پەیدا دەبێت و یەکێك لە هەرە کارە بەرچاوەکانی ئەوەیە بازنەی مشت و مڕ کردن لەسەر فۆڕم و ناوەڕۆك ناهێڵێ و جەخت دەکاتە سەر چەمکێکی تازە کە هۆنینەوەیە (نظم))[2]. لەمەڕ بابەتی وەرگرتنەوە دەتوانین لە چەند لایەکەوە بڕوانینە بیر و بۆچوونەکانی

[1]کتاب عیار الشعر، ابی الحسن محمد بن احمد طباطبا العلوي، تحقيق د.عبدالعزيز بن ناصر المانع، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص٢٠٣.

[2] المعنى الشعري جماليات التلقي، د.ربى عبدالقادر، ص١٧٨.



(جورجانی)، ئەو دەڵێ: (واتا نادۆزیتەوە ئەگەر خۆت بە دوایدا نەچیت و هەوڵ نەدەی بە دەستی بهێنی)[1]. ئەرکی وەرگریش تەنیا بریتی نییە لە پەسەند کردن یا ڕەتکردنەوەی کاری ئەدەبی بەڵکو ئەرکی گەڕان و پشکنین و بەکارخستنی مێشکە[2]. بۆ بە دەستهێنان و یاخود دۆزینەوەی واتای ئەدەبی، لێرەدا (جورجانی) قورسایی دەخاتە سەر وەرگرەکە و ئەرکی واتا بەخشین دەخاتە ئەستۆی وەرگر نەك دەق و نووسەر، چونکە نووسەر واتاکە دروست دەکات و دەق هەڵگری واتایە، بەڵام وەرگر ئەو واتایە بەرجەستە دەکات و دەیدۆزێتەوە. (جورجاني) پێی وایە بۆ بە دەست هێنانی واتا پێویستە وەرگر ماندوو بێ و دەڵێ: (شتێکی جێگیرە لە سروشتی مرۆڤ ئەگەر هاتوو شتێکی ویست و پێویستی پێ بوو و لە پێناوی بە دەست هێنانی نەهامەتی زۆر بینی و پاش ئەو ماندوو بوونە بە دەستی هێنا، ئەوە چێژی بە دەست هێنانی ئەو شتە خۆشترە و مرۆڤ زیاتر تامەزرۆی دەبێ و جێگا و بەهای لە دەروونیدا بە نرختر و جوانتر دەبێ)[3].

[1] اسرار البلاغة فى علم البيان، عبدالقاهر الجرجانى، علق حواشيه السيد محمد رشيد رضا، ط١، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٢٦.

[2] قراءة النص و جماليات التلقي، محمود عباس، ص١٠٠.

[3] اسرار البلاغة، عبدالقاهر الجرجانى، ص١٢١.

واته؛ ئەو پێی باشە، واتا ئاشکرا و بەردەست نەبێ، بەڵکو دەبێ وەرگر بۆ بە دەست هێنانی واتا ماندوو بێ، چونکە ئەگەر واتا بە ئاسانی هاتە بەردەستی چێژی لێ وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر ماندوو بوو لە پێناوی دۆزینەوەی و بە دەست هێنانی، ئەوە لەو کاتەدا ئەو واتایە جێگیر دەبێ لە دەروونداو چێژی زیاتر دەبەخشێ بە وەرگرەکەی. لێرەدا (جرجاني) بایەخ بە دەروونی وەرگر دەدات و داوای بەرهەمێك دەکات کە کاریگەریی لەسەر وەرگرەکە جێبهێڵێ.

لەلایەکی دیکەوە رەخنەی عەرەبی داوای وەرگرێك دەکات کە خەسڵەتی تایبەتی هەبێ و لە

توانای دابێ واتای شاراوە لە رێگای واتا ئاشکراکە بدۆزێتەوە و ئەو شتانەی کە باس نەکراوە لە رێگای شتە باسکراوەکانەوە درکی پێبکات و بە یەکەوە بیانبەستێتەوە، چونکە وەرگر توخمێکی چالاکە لە دروست کردنی واتا و (جورجانی) یەکێك بوو لە وانەی کە بایەخیان بەم لایەنەی رەخنە داوە کاتێ کە ئەرکی دۆزینەوە وخەیاڵ کردنەوە و بیرکردنەوەی خستە ئەستۆی وەرگر بۆ دۆزینەوەی مەبەستی بەرهەمی ئەدەبی[1]، تاکو (لە گوێچکە ماسیەکدا چەندین مرواری دەرکەوێت و لە یەك لقی درەختدا چەندەها

[1] استقبال النص عند العرب، محمد مبارك، ص٢١.



جۆری میوەمان دەست کەوێ)[1]، مەبەستی ئەوە بوو بڵێت تاکو لەیەك بەرهەمدا چەندەها واتامان لە رێگای وەرگرەکانییەوە دەست بکەوێ.

دیارە نووسەرێکی یەکجار زۆر باسی بابەتی وەرگرتنیان کردووە، ئێمە لێرەدا ناتوانین باسی هەموویان بکەین، بەڵام بەگشتی وەرگرتنی دەق لە میراتی رەخنە و رەوانبێژی عەرەبیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەربووە، دەکرێ بەپێی جۆری وەرگرەکان لێی بڕوانین، یەکەم قۆناغ قۆناغی وەرگرتنی سەر زارەکی (التلقي الشفاهي الجماعي) تێیدا کۆمەڵێ گوێگر وەڵامدانەوەی دەبێ بۆ بیستنی دەقەکە و نموونەی ئەم قۆناغە لەلای(ئیبن و سەلامی جومەحی)[*] لە (طبقات فحول الشعراء) دەست دەکەوێ، و قۆناغی دووەم وەرگرتنی روونبێژییە (التلقي البياني) لێرەشدا وەرگرەکان میتۆدێکیان هەیە لە وەرگرتن و لێکدانەوەی شیعردا پشت بە ئارەزوو و رۆشنبیریی عەرەب دەبەستێ و نموونەی ئەم قۆناغە کتێبی (الوساطة)ی (قاضي الجرجاني) و (بديع)ی

[1] اسرار البلاغة، عبد القاهر الجرجاني، ص٤٢.

[*] (ابن سلام الجمحي) ناوی (محمد)ە (؟-٨٤٦)ز، ئەدیب و رەخنەگرێکی ناسراوە، لە بەسرە لەدایك بووە و لە بەغداش مردووە. بە کتێبی (طبقات الشعراء) ناوبانگی دەرکردووە و بەهای ئەم کتێبە لەوەدایە کە یەکەمین کتێبە رەخنەی شیعری عەرەبی لە هەردوو لایەنی مێژوویی و هونەری لەخۆ گرتووە.وێڕای ئەمانەش هەردوو کتێبی (بیوتات العرب) و (الفاضل في ملح الاخبار و الاشعار)ی نووسیووە. بڕوانە: (المنجد، ص١١) و (المعجم المفصل، ص٢١).

(ابن المعتز)...هتد. و قۆناغی سێیەم قۆناغی وەرگرتنی فەلسەفییە و وەرگرەکانی ئەم قۆناغەش لە ژێر کاریگەریی بیر و بۆچوونی فەیلەسوفەکانی ئیسلام و ئەرستۆ بوون و رۆشنبیریی ئیسلامی و گریکیان تێکەڵ کرد بوو و دەقی ئەدەبییان بە قوڵی و ئاڵۆزی دەخوێندەوە و نموونەی ئەم قۆناغەش کتێبەکانی (اسرار البلاغة) و (دلائل الاعجاز)ی (عبدالقاهر الجرجاني) و کتێبی (منهج البلغاء)ی (حازم القرطاجاني) و کتێبی (منزع البديع) ی (سجلماسی)یە، و قۆناغی چوارەم (وەرگرتنی زانستی)یە، وەرگرتن لەم قۆناغەدا پشتی بە زانست و لۆجیك بەستی و لێکدانەوەی دەقی لە سێ زانستدا سنووردار کرد (روونبێژی-علم البيان، واتا ناسی-علم المعاني، جوانکاری-علم البديع) و نموونەی ئەم وەرگرتنەش لە کتێبەکانی رەوانبێژی بەرچاومان دەکەوێ وەك (نقد الشعر)ی (قدامة بن جعفر) و (الصناعتين) ی (ابی هلال العسكري)* ...هتد[1] ئەوەی باس کرا پوخت کراوەی بابەتی وەرگرتن بوو لەلای رەخنەی کۆنی عەرەبیدا.

* ئەبو هیلال ئەلحەسەن ئەلعەسکەری (؟-١٠٠٠)ز ئەدیب و شاعیرێکی ناسراوبوو. لەلای (ئەبو ئەحمەدی عەسکەری) خاڵی خوێندویەتی، وێرای دیوانێکی شیعر خاوەنی کتێبی (الصناعتين: النظم و النثر)ە. بڕوانە: (المنجد في الاعلام، ص٤٧٠).

[1] المعنی الشعري و جماليات التلقي، د.ربی عبدالقادر، ص٢١٤.



-بابەتی وەرگرتن لە رەخنەی کوردیدا:

بابەتی وەرگرتن لەنێو ئەدەبیاتی کوردیشدا ئاوەڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا، ئەگەر سەرنجی لاپەڕەی گۆڤارەکان بدەین چەندین وتارمان دەکەوێتە بەرچاو، کە باسی خوێنەر دەکات و رۆڵی لە پرۆسەی وەرگرتندا چییە و چ ئەرکێکی هەیە یاخود لە نێو کتێبەکاندا چەند وتارێك دەکەوێتە بەرچاو، کە باس لە وەرگرتنی ئەدەبی دەکات، جا ئەم وتارانە وەرگێڕان بێت یاخود لێکۆڵینەوە، گرنگ ئەوەیە جۆرە بایەخدانێك هەیە بە وەرگر و وەرگرتنی دەقی ئەدەبی و تیۆرە نوێیەکان جا لە هەر چ روویەکەوە بێت. کتێبی(شیعریەتی دەق وهەنکوینی خویندنەوە)ی(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) یەکێکە لەو بەرهەمە نوێیانەی،کە لە بارەی ئەم بابەتەی ئێمەوە دەدوێ و لەم لێکۆڵینەوەیەدا (نووسەر )بایەخ بە خوێنەری رەخنەگر وخوێنەری بەرهەمی رەخنەیی دەدات و لەڕێگای دیراسە کردنی چەند دەقێکی (شیعرو چیرۆك)ەوە هەوڵیداوە بایەخ بە خوێنەر بدات چ لەرووی چۆنیەتی خوێندنەوەی دەق یاخود چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی دەلالاتەکانی نێو دەقەوەبێت ، هەروەها چۆنیەتی هەڵکەوتنی پەیوەندی نێوان (خوێنەر-نووسەر-دەق) دهێنێتە بەر باس، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و لەنێو ئەو

بەرهەمانەی ئەو سەردەمانەدا باسی وەرگری ئەدەب بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە باسی وەرگر هەبووە، ئەگەرچی بایەخێکی ئەوتۆشی پێنەدراوە. لێرەدا بە کورتی هەندێك لەو ئاماژانەی بە (وەرگر و وەرگرتنی ئەدەبی) دراوە دەخەینە بەر تیشکی خوێندنەوەکەمان:

(پیرەمێرد) لەیەکێك لە وتارەکانیدا کە لە رۆژنامەی ژیاندا (بە موناسەبەتی طبعی دیوانی نالی)ی (کوردی و مەریوانی)یەوە بلأوی کردۆتەوە دەڵێ:((اکر شعر به غایه_به وسیله نا_ عد بکریت، و اکر شعر عبارەت بی له صنعتیکی برزی بدیعی و اکر له شعردا ابداع شرطیکي اعظم بیت بێگمان (نالی) گەورەترین شاعری کوردە. بەلی محتمله نظر به ذهنیت حاضره اشعار (نالی) تینویەتی حسیات نەشکینی، وکذا محتمله نظر به تلقی عصر حاضر له شعرەکانیدا حسیات ورد و بەرزی کەمتر تیابیت و کەمتر هیجانیکی بدیعی ببخشیت...))[1].

واتە؛ لەو سەردەمەدا (پیرەمێرد) ئاگاداری چەشەی ئەدەبی و رۆڵی وەرگر لە وەرگرتنی دەقی شیعریدا بووە، بۆیە باسی وەرگرەکانی ئەو سەردەمی شیعرەکانی (نالی) دەکات و تێڕوانینەکانیان بۆ شیعر بە هەند وەردەگرێ،

[1] بە مناسبتی طبع دیوان نالی یەوە، پیرەمێرد،رۆژنامەی ژیان، ساڵی شەشەم، ژ٢٩٣، ١٩٣١.



ئەوسا هەوڵی دیکەش هەبووە بۆ ئاماژەدان بەم تیۆرە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەگەرچی بە (وەرگێڕان)یش بووبێت، لە ساڵی ١٩٤٠دا گۆڤاری (گەلاوێژ) بابەتێکی وەرگێڕاوە بەناوی (نیاز لە شیعر چییە؟) لەوێدا دەڵێ: ((نیاز لە فەن (نەك هەر تەنیا شیعر) ئەوەیە بەخۆشی و لەزەتێکی ئەقلی بدا بەپیاو، لەگەڵ ئەمەشا ئەبێ ئەم لەزەتە بەرز و بڵندبێ و لەسەرچاوەیەکی نەوی هەڵنەقوڵێ...هتد))[1]، لێرەدا بایەخدان بە ئامادەبوونی وەرگر لەسۆنگەی کاریگەریی و چێژبەخشینی دەقەکەدا بەرجەستە کراوە.

مامۆستا (علاء الدین سجادی) یش لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا کاتێ باسی (کوردو خەتابە) دەکات، لە رووی کاریگەریی وتار لەسەر وەرگرەکان بە رۆخی رۆڵی خوێنەر لە پرۆسەی وەرگرتندا تێپەڕ دەبێ و هەروەها کاتێ باسی شیعر دەکات دەڵێ ((بەڵێ هۆنراوە دەزگایەکە بۆ ئەوە پیاو مانعای (مەعنا) لە خەیاڵێکی نازك پێ بداتەوە و عاتفەی خوێنەر وەکو کارەبا راکێشێ...))[2] واتە؛ لێرەدا (عاتیفەی خوێنەر) رۆڵی خۆی هەبووە بۆ دەستنیشان

[1] نیاز لە شعر چییە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٠ن ساڵی یەکەم، تەیلول ١٩٤٠، ل١.
[2] مێژوی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ١، ؟، ١٩٥٢، ل٣٢.

کردنی بەهای شیعر، ئەمەش ئاماژە کردنە بە گرنگی بوونی خوێنەر لە نێو پرۆسەی ئەدەبیدا.

(کاکەی فەلاح)یش لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا سەرنجێکی کورتی هەیە لە بارەی رۆڵی کۆمەڵی وەرگر لە وەرگرتنی بەرهەمی ئەدەبی، کاتێ کە باسی پەیدابوونی شیعری نوێی کوردی دەکات، دەڵێ: (مەدهۆش و کاکەی فەلاح و دیلان و کامەرانیش یان هیچیان دیار نی یە یان شتێکی ئەوەندە زۆریان نییە کە بۆشایی پڕبکاتەوە و تاسە و توێنێتی ئەم خەڵک و خوایە دابمرکێنێت...)[1]. لێرەدا مەبەستی بووە بڵێت یەکێك لە هۆی گۆڕانی شێوازی شیعر پێداویستی وەرگر بووە، واتە؛ بەپێی سەردەم وەرگرەکان جیاوازییان دەبێ لە وەڵامدانەوەیان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی بەرهەمی ئەدەبی و ئەم سەرنجەش دووپاتکردنەوەی رۆڵی وەرگرە لە پرۆسەی ئەدەبی دا.

(مەسعود محمد)یش لە هەردوو کتێبەکەیدا (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) و (دەستەودامانی نالی)، بایەخێکی ئەوتۆی بە خوێنەر داوە و زۆرجار بواری لێکدانەوە و راڤەکردنی دەقەکانی بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە. دیارە ئەگەر بەوردی بەنێو مێژووی بەرهەم و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بگەڕێین

[1] کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح؛ چ۲، چاپخانەی حسام،بەغدا، ۱۹۸۰، ل۱۰.



سەرنجی دیکەی لەو بابەتەمان چنگ دەکەوێ کە هەوڵدراوە بەهایەك بە وەرگر ببەخشرێ ئەگەرچی هەوڵێکی سەرەتاییش بێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئێستا لەنێو رەخنەی ئەدەبیی کوردیدا لەسەر لاپەڕەکانی کتێب و گۆڤارەکان زۆرتر بایەخ بە رۆڵی وەرگر و تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر دەدرێ. ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە رێگای چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر باسی رۆڵ و چۆنییەتی ئاوێتە بوونی وەرگر بکەین لەگەڵ دەقی شیعریدا و دەقەکانی (نالی) شاعیر وەك نموونەی پراکتیکی بەکار بهێنین.

**کورتەیەك لە مەڕ ژیانی (نالی)یەوە:**

(نالی) رابەری شیعری کلاسیکی کوردی شێوەزاری سۆرانی، ناوی مەلا خدر (خضر)ە کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگیی مەکایەڵییە، لە گوندی (خاك و خۆڵ) لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دونیاوە[1] لەمەڕ مێژووی لەدایك بوون و کۆچکردنییەوە بیروڕایەکی زۆر هەیە هەندێك لەو نووسەرانەی باسی (نالی)یان کردووە ساڵی (۱۷۹۷)ز یان داناوە بۆ لەدایك بوونی لەوانە کوردی و مەریوانی، عەلی موقبیل، عەلائەدین سەجادی، کەچی د.مارف خەزنەدار و

[1] دیوانی (نالی)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محمدی مەلا کریم، چ۳، انتشارات کردستان، ۱۳۸۲، ل۲۲.

محمد ئەمین زەکی بەگ ساڵی (١٨٠٠)ز یان داناوە بۆ لە دایك بوونی (نالی)، بەلاّم هیچ کام لەو نووسەرانە بەڵگەی تەواویان لانییە کە ئەم مێژووەی پێبسەلمێنن. (نالی) بەپێی ڕێبازی خوێندنی ئەو سەردەمە لە سەرەتا قورئانی پیرۆز و وردە کتێبی فارسی خوێندووە و وەك فەقێیەك لەپێناوی وەرگرتنی زانستە ئاینییەکاندا شار و دێهاتە قوتابخانە دارەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە[1].

(نالی) شاعیری ئیمارەتی بابان لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی سیاسیی ئیمارەتەکە کوردستان بەجێدەهێڵێ و بەرەو تاراوگە دەکەوێتە ڕێ، لەبارەی چوونی (نالی) بۆ شام و گیرسانەوەی لە ئیستەمبول چەند رایەکی جیاواز هەیە و لێکۆڵەرەوەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگای هەندێ زانیاری کە لە کتێبی (عوسمانلی موئەلیفلەری) دانانی (بۆرسلی محمد تاهیر) و (نزهة الفکر)[*]ی (احمد بن محمد الحضراوي المکی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٤.

[*] چامەیەکی دوور ودرێژی شاعیری کوردی، مەلا خدری شارەزووری ناسراو بە (نالی) (١٨٠٠؟-١٨٧٣) کە بە زمانی عەرەبییە دۆزراوەتەوە لە کتێبێکی کلتووری بەناونیشانی (نزهە الفکر) کە لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٩٦ بڵاو کراوەتەوە،ئەم چامەیە لە (١١٦) دێر دایە و بە درێژترین چامەی شاعیرەکە لەقەڵەم دەدرێت کە پێشتر زانیاری لەبارەیەوە نەبوو، لەبەر ئەوەی لە هیچ چاپێکی دیوانەکەیدا بلاْونەکراوبویەوە. بڕوانە: قصیدة الشاعر الکردی (نالی) فی امیر مکه الشریف عبدالله پاشا ابن عون، عبدالله حداد، گۆڤارا زانکویا دهوك، ژ٢، ٢٠٠٧، ل١٥٦.



الشافعی) هەندێ وردە کاری لەسەر ژیانی (نالی) ساغبکەنەوە، هەروەها لەڕێگای شیعرەکانییەوە هەوڵیانداوە زانیاری زیاتر لەمەڕ ژیانییەوە بەدەست بێنن، لەبارەی مردنی (نالی)یەوەش لە ئیستەمبول چەندین رای جیاواز هەیە، دەستەیەك (١٨٥٦)یان داناوە بۆ مردنی وەك (د.مارف خەزنەدار و کمال فوئاد و....)، دەستەیەکی دیکەش (١٨٧٣)یان بۆ داناوە وەك (مەسعود محەمەد و عبدالله حەداد و....)، بەهەر حاڵ ئەوە باسێکی زۆری دەوێ کە لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە و هەر کەسێك بیەوێ زانیاری زیاتری دەست کەوێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوانەی کە ڕاستەوخۆ باسی ژیانی (نالی) دەکەن. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە دەقەکانی (نالی)یە ئەو هەست و سۆزەیە کە لەنێو دەقەکاندا بەرجەستە دەبێ و تێکەلاّوی بونیادی وەرگرەکەی دەبێ، بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین چۆنییەتی ئاوێتە بوونی وەرگر لەگەڵ دەقەکانی (نالی)دا لە ڕێی تیۆرەکانی وەرگرتن و وەلاّمدانەوەی خوێنەردا باس بکەین.

## تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر

تیۆری وەرگرتن* و تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر ئەو دوو تیۆرەن کە چەقی بایەخدانی تیۆرەکانیان ئاڕاستەی وەرگر (خوێنەر)ی دەق کردبوو، تیۆری وەرگرتن لە ناوەڕاستی شەستەکان (١٩٦٦) لە ئەڵمانیا لەچوارچێوەی قوتابخانەی (کۆنستانس) و بەرلینی رۆژهەڵات لەسەر دەستی (فولفگانگ ایزر _ Wolfgang Iser) و (روبرت یاوس_ Robert Jauss)چەکەرەی کرد[١]. ئەو هۆکارانەی لەوسەردەمەدا کە کاریگەریی هەبوو لە دروستبوونی ئەم تیۆرە و بڵاوبوونەوەی لە ئەڵمانیا ئەو کێشە میتۆدییە بوو کە لە شەستەکاندا بواری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی گرتەوە،

* مەبەستمان لە وەرگرتن وەرگرتنی ئەدەبە، واتە؛ ئەو کردەیەی کە بەرامبەر بە کردەی داهێنان یا نووسینی ئەدەبی دەوەستێت، زۆرجار چەمکی وەرگرتن تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی کە بەرهەمی ئەدەبی دەیکاتە سەر وەرگرەکان، ئەگەرچی جیاوازی نێوانیان زۆرە چونکە وەرگرتن بەندە بە خوێنەرەوە و کارتێکردن بەندە بە خودی دەقەکەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەش کۆمەڵێك باوەڕیان بەوەیە کە جیاوازی نێوان وەرگرتن(Rezeption) و کارتێکردن (Wikung) یەکێکە لە کێشە گەورەکان، چونکە هەردوو چەمکەکە پێوەندییان بەو کاریگەرییەوە هەیە کە بەرهەم دەیکاتە سەر کەسەکان و ناکرێ بە تەواوەتی سنووری جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە دیاری بکرێ، ئەگەرچی بۆچوونی زاڵیش ئەوەیە کە وەرگرتن پێوەندی بە خوێنەرەوە هەیە و کارتێکردن پێوەندی بە سیماکانی دەقەوە هەیە. بڕوانە (نظریة التلقي، هولب، ص٧و٣٢٦).

[١] منهج التلقي او نظرية القراءة و التقبل، د.جميل حمداوي، مجلة افق الثقافية، ١١-يوليو،٢٠٠٦، لة سايتى (www.ofouq.com).



لەلایەکی دیکەوە جموجۆڵی رێکخراوەکانی قوتابیان و پێگەیشتنی نەوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕانی باری ئابووری و رامیاری هۆیەکی دیکە بوو بۆ سەرهەڵدانی تیۆرەکە[١].

لەو سەرچاوە فیکریانەی کە کاریگەرییان لەسەر دروست بوونی تیۆری وەرگرتن هەبوو بریتی بوون لە (فۆرمالیستی روسی و بونیادگەری پراگ و دیاردەگەرایی (رۆمان ئنگاردن) و هیرمۆنتیکای (هانز جورج گادامیر)** و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بوو، ئەم سەرچاوە فکریانە کاریگەریی باشیان لەسەر تیۆر دانەرەکانی قوتابخانەی (کۆنستانس) هەبوو[٢].

تیۆری وەرگرتن لە دیاردەگەرایی یاخود لە فەلسەفەی دیاردەگەرایی نوێوە سەرچاوە دەگرێ و لەهەرە چەمکە دیارەکانی دیاردەگەرایی کە کاریگەریی هەبووە لەسەر تیۆری وەرگرتن چەمکی بالابوون (التعالي)بووە، چەمکی (تعالي) بە واتای ئەوە دێت کە تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەك وەستاوەتە سەر تێگەیشتن و حاڵی بوونی خودی مرۆڤ.

[١] نظرية التلقي، هولب، ص٩.

** هانس جۆرج گادامیر (Hans Georg Gadamer) (١٩٠٠-٢٠٠٢) لە فەلسەفەدا میراتگری (هایدگەر)ە و رابەری فەلسەفەی هیرمۆنتیکایە. بڕوانە: الهمینوطیقا و الفلسفة، عبدالغني بارة، ص٢٥٧.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

لێرەدا (واتا) بریتی دەبێت لە پوختەی تێگەیشتنی تەواوی تاك[1].

بەگشتی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر تیۆری وەرگرتن دەکەن دوو ئاڕاستەیان لەنێو تیۆرەکە دەستنیشان کردووە، یەکیان کۆمەڵی سەر بە قوتابخانەی (بەرلین)ە و ئەوی دیکەی (کۆنستانس)ە و ژمارەیەکی زۆر لە زانا و رەخنەگران کاریان لەنێو تیۆری وەرگرتندا کردووە جگە لەوانەی قوتابخانەی (کۆنستانس) لەوانەش (روبرت هولب و ولیم رای و جوناثان کولر و ئیلزابیث فرۆند)[2].

لە تیۆری وەرگرتندا خوێنەر ئامانجی سەرەکییە لە هەر کارێکی ئەدەبی و بەهای بەرهەمی ئەدەبی تەنیا لە خوێندنەوەکەی دا بەرجەستە دەبێت لە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان خوێنەرو دەق، لەلای ئەوان دەق خۆی ڕێگا دەدات چەندین جۆری خوێندنەوەی بۆ بکرێ،و مەرج نییە خوێنەر لە چوارچێوەی مێژوویی دەقەکەدا، دەقەکە بخوێنێتەوە، چونکە خوێنەر سەرچاوەی خۆی هەیە و یارمەتی دەدا لە دروست کردنی واتای ئەدەبی بۆ دەق. لە تیۆری وەرگرتندا خوێنەرەکان لە تێڕوانینیان بۆ دەقی ئەدەبی یەکسان نین، چونکە چەندین جۆری خوێنەر هەیە

[1] نظرية التلقي– اصول و تطبيقات، د.بشرى موسى صالح، ط۱، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ۱۹۹۹، ص۲٤.

[2] مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية اسلامية)، د.وليد قصاب، دار الفكر، دمشق، ۲۰۰۷، ص۲۱٥.



خوێنەری شارەزا و خوێنەری ناشارەزا و خوێنەری رەخنەگر...هتد[1].

تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەریش ئەو ناوە بوو کە لە ئەمریکا لە بری تیۆری وەرگرتن بەکارهات، رابەرەکانی ئەم تیۆرەش (هیرش و ستانلی فیش و هۆلاند)ن[2]. لە نێو قوتابخانە ئەمریکییەکەدا ناوی زۆر تیۆر بەکار هاتووە کە هەمووشی لە ژێر سێبەری تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەردان، بەڵام ناوی جیاجیان هەیە و لە هەندێك وردەکاریدا جیاوازن گرنگ ئەوەیە تەوەری سەرەکیی تیۆرەکانیان لە چوارچێوەی خوێنەردا بووە. لەوانەش تیۆری (توانستی ئەدەبی) ی (جوناثان کیلر) و تیۆری (ناسنامەی دەق)ی (نورمان هولاند) و تیۆری (کاریگەریی دەروونی لە کردەی وەرگرتندا)ی (دیفید بلیش) و تیۆری (رۆڵی نیشانە لە وەرگرتندا)ی (ریفاتێر). ئەو سەرچاوانەی کە کارگەریشیان لەسەر دامەزراندنی ئەم تیۆریانە هەبوو بریتی بوون لە (وەسیلەخوازی[*] و بونخوازی و تیۆری چۆمسکی). ئەم تیۆرانە گرنگیان بە رۆڵی خوێنەر دا لە پرۆسەی رەخنەگرتندا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی رەخنەگرانی

[1] النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د.ابراهيم محمد خليل، ص۱۲۰–۱۲۱.

[2] مناهج النقد الادبي الحديث، د.وليد قصاب، ص۲۱٥.

[*] وسیلەخوازی (الذرائعية): میتۆدی (جون دیوی)یە کە پێی وایە بیرۆکە و تیۆرەکان و زانیاری و ئەنجام و ئامانجەکان ڕێگا چارە و هۆکارێکی بەردەوامن بۆ گەیشتن بە ئامانجی نوێ . هەروەهاپێوەری راستی و دروستی بۆچوون و بیرۆکەکان لە بەهای دەستکەوتە پراکتیکییەکەیەتی . بەپێی لۆژیکی وەسیلەخوازیش(الذرائعي) بڕیارەکان لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە بونیاد دەنرێ. بڕوانە: (المعجم المفصل، ط۲، ص٤٦١)

قوتابخانەی (ییل ئەمریکی) کە لە ڕێگایەوە تیۆریەکان باس کران[1] . بە گشتی تیۆری وەرگرتن ( Reader- response theory) بریتییە لە پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق و دەق و خوێنەر، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی شێوازی خوێندنەوەی دەق لەلایەن خوێنەرەکانییەوە، ئەم تیۆرە پێوەندی بە بەشداری کردنی خوێنەر و جۆری خوێندنەوەکەی لە وەرگرتنی دەقدا هەیە، هەروەها لە ململانێ دایە لەگەڵ ئاستی خوێنەرەکان و ئارەزووەکانیان، خوێنەر توخمێکی گرنگە بۆ دروست بوونی واتای دەق. نووسەریش لە نووسینی دەقدا کۆمەڵێ کۆد و ستراتیژیەت بەکار دەهێنێ کە دەبێ خوێنەر شیانبکاتەوە و لێیان تێبگات[2] .

ئەوەی لە سەرەوە باسکرا کورتەیەکی ئەو تیۆرانە بوو کە بایەخیان بە خوێنەر داوە وەك تەوەرێکی سەرەکیی لە میتۆدەکانیاندا، ئێستاش چەند بۆچوونێك لە نێو ئەم تیۆرانە باس دەکەین کە پێمان باشە بخرێنە ڕوو.

[1] مناهج مابعد النصية: معرفة نحو الاخر، محمد سالم عبدالله، لە سایتی ( (رابطة ابناء الشام) -htm- رابطة ادباء الشام/:H)

[2] Dictionary of literary terms and literary theory, J. A. cuddon, penguin books, London, ? , p ٧٢٦.



## چەمکەکانی یاوس و ئێستێتیکای وەرگرتن

(هانس ڕوبەرت یاوس)* یەکێك بوو لە ڕابەرەکانی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی کە تیۆری ئێستێتیکای وەرگرتن (جمالیة التلقي)ی باس کرد. (یاوس) لە ساڵی ١٩٦٧ لە کۆلێژی کۆنستانس وتارێکی بە ناونیشانی مێژووی ئەدەب لە بەرامبەرەکانێی تیۆری ئەدەبدا خوێندەوە، ( Literary history as a challenge to the literary theory) و لەو وتارەدا پرۆسەی نوێی بۆ دیراسە کردنی مێژووی ئەدەب دانا و ئەم پرۆسیسە نوێیە لە ئەنجامی تاوتوێکردنی ئەو لێکۆڵینەوە و میتۆدە مێژوویانەی پێشووتر هاتە کایەوە[1]. دیارە (یاوس) بە کۆمەڵێ وردەکاری نوێوە و لە ڕێگای چەند چەمکێکی تازەوە باسی مێژووی ئەدەب دەکات و پێی وایە (کاری هونەری بە گشتی و کاری ئەدەبی بەتایبەتی خۆی ناسەپێنێ و لە ژیان بەردەوام نابێ تەنیا لە ڕێگای کۆمەڵی وەرگرەوە نەبێ، جا لەبەر ئەوە

* (هانس ڕۆبرت یاوس) (١٩٢١–١٩٩٧) لە ڕابەرەکانی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانییە، لە زانکۆی (هایدلبیرگ) لەسەر دەستی مامۆستاکەی (هانس جۆرج گادامیر) خوێندوویەتی، (یاوس) لە زانکۆکانی (کۆلۆمبیا وییلی ئەمریکی و سۆربۆن) وانەی (فقه اللغات الرومانسية) و ئەدەبی بەراوردکاری وتووەتەوە. بڕوانە: من توقعات القارىء الى معنى التجربة الجمالية، فخري صالح، لە سایتی: http://www.nizwa.com/volume١٩/p٢٣٩٢٤١.html

[1] تاريخ الادب من منظور الشكلانية و جمالية التلقي، الهاشم اسمهر، مجلة علامات، ع١٢، ٢٠٠٤، لە سایتی (سعيد بنكراد_Google)

مێژووی ئەدەبی بریتی دەبێ لە مێژووی وەرگرتنی کۆمەڵی خوێنەرە یەك لە دوای یەکەکانی دەقەکە، زیاتر لەوەی مێژووی خودی کارەکە بێت، و لەبەر ئەوەی ئەدەب چالاکییەکی بەردەوامە دەبێ ئەدەب شیبکرێتەوە لە ڕێگای ئەو شوێنەوارەی کە لەسەر پێوەرەکانی کۆمەڵگای جێدەهێڵێت)[1].

(یاوس) لەگەڵ (ئایزەر)ی هاوڕێی گرنگیان بە دووبارە دروست دارشتنەوەی تیۆری ئەدەبی دا و جەختیان لەسەر پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر کرد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوان میتۆدەکانیان هەیە. (یاوس) زیاتر خۆی بە مێژووی ئەدەبییەوە خەریك کرد بوو و پشتی بە زانستی راڤەکردن (تفسیر)[**] بەست و لە کاتی دیراسە کردنی مێژووی ئەزموونی ئێستێتیکی (تجربة الجمالیة)دا باسی ئەو بابەتانەی دەکرد کە پێوەندی بە سروشتی کۆمەلایەتی و مێژووییەوە هەبوو لە کاتێکدا (ئایزەر) گرنگی بە بواری رەخنەی نوێ و تیۆری گێرانەوە (نظریة القص) دەدا و فەلسەفەی دیاردەگەرایی کاریگەریی یەکجار زۆری

---

[1] نظریات القراءة و التاویل الادبي و قضایاها، د.حسن مصطفی سحلول، منشورات اتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص١٣.

[**] لەم لێکۆڵینەوەیەماندا ئێمە (راڤە)مان بۆ (تفسیر) و (لێکدانەوە)مان بۆ (تأویل) بەکار هێناوە.



بەسەرەوە هەبوو و (ئایزەر) زیاتر بایەخی بە دەق و چۆنییەتی پێوەندییەکەی لەگەڵ خوێنەر دەدا[1].

دەستپێکی کارەکانی (یاوس) رەخنەگرتن بوو، رەخنەی لە شێوازەکانی لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئەدەب دەگرت و هەوڵیدەدا لە بری ئەو شێوازە شتێکی نوێ بدۆزێتەوە، هەروەها رەخنەی لە میتۆدی (وضعي)[***] گرت، چونکە کاری ئەدەبی بە ئەنجامی هۆکارەکان دانابوو، و رەخنەی لە چەمکی رەنگدانەوە (انعکاس)ی مارکسییەکان بەتایبەتی(جورج لوکاتش- لوسیان گولدمان) وچەمکی هونەر بۆ هونەری فۆرمالیستەکان گرت و هەوڵیدا میتۆدی نوێ بۆ دیراسە کردنی مێژووی ئەدەب دروست بکات، کە تایبەتمەندی مارکسییەت و فۆرمالیستی لە خۆ بگرێت واتە؛ میتۆدێك لە چوارچێوەی دەورو بەری مێژووییدا داواکاری مارکسییەکان بێنێتە دی، و لە هەمان کاتدا بابەتی ئێستێتیکای فام کردن (ادراك) یاخود تێگەیشتن کە لەلای فورمالیستەکان بەکار دەهات بپارێزێ[2].

---

[1] نظریة التلقي، هولب، ص١٨.

[***] (وضعي- Positive) بەپێی زانیاری ئێمە هیچ وشەیەکی کوردی پربەپێستی خۆیمان بۆ نەدۆزرایەوە بۆیە عەرەبییەکەیمان بەکار هێنا.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٥-١٦.

لەلای (یاوس) وەرگرتن لە نێو چەمکە ئێستێتیکییەکەیدا دوو لایەنی هەیە کارا (فاعل) و کارلێکراو (منفعل) ئەوەی کە هەستی بەرامبەر بە بەرهەمەکە دەبزوێت. وەرگرتن پرۆسەیەکە دوو رووی هەیە یەکێکیان ئەو کاریگەرییەیە کە بەرهەم دەیخاتە سەر وەرگر و ئەوەی دووەم چۆنییەتی پێشوازی کردنی خوێنەرە بۆ بەرهەمەکە یاخود چۆنییەتی وەڵامدانەوەیەتی بۆ بەرهەمەکە، و لە توانای کۆمەڵی وەرگر (جمهور) یاخود (بۆ نێردراو–مرسل الیە)دا هەیە، کۆمەڵێ وەڵامدانەوەی جۆراو جۆریان بۆ بەرهەمی ئەدەبی هەبێ، بۆ نموونە دەتوانێ تەنیا بەرهەمەکە بەکاربهێنێ بیخوێنێتەوە (استهلاك)ی بکات، یاخود رەخنەی لێبگرێ، یا سەرنجی رابکێشێ و بە دڵی بێ، یا رەتی بکاتەوە، یا چێژ لە فۆرمەکەی وەربگرێ یا لێکدانەوە (تأویل)ێکی نوێ بۆ ناوەڕۆکەکەی بکات یاخود راڤەکردنێکی نوێ بۆ دەقەکە بکات و ئەکرێ وەڵامدانەوەی بۆ بەرهەمەکە هەبێ بە شێوەیەك بەرهەمێکی نوێی لێهەڵێنجێنێ و نووسەری بەرهەمەکەش هەمیشە وەرگرە، کاتێ کە دەنووسێ و لەم رێگایانەوە بە بەردەوامی واتای نوێ بۆ بەرهەمی ئەدەبی دروست دەبێ لە ئەنجامی کۆمەك کردنی دوو توخم یەکیان ئاسۆی پێشبینی (افق التوقعات)یە ئەو رەهەندانەی کارەکە گریمانەی دەکات و دووەمیان ئەزموون (التجربة)یە، واتە؛



ئەو رەهەندانەی کە وەرگر بەپێی ئەزموونی خۆی تەواوی دەکات[١]. (یاوس) جەختی لەسەر چەمکی ئاسۆی پێشبینی (Horizon of expectation) دەکرد، لەلای (یاوس) ئاسۆی پێشبینی بنەڕەتێکی سەرەکییە کە لە رێگایەوە هەوڵدەدا رۆڵ و بەهای ئەدەب لە دروست کردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەستنیشان بکات[٢].

ئاسۆی پێشبینی لەلای (یاوس) ئەو کۆمەڵە گریمانە هاوبەشەیە کە دەدرێتە پاڵ خوێنەری نەوەیەکی دیاری کراو، و دەکرێ ئاسۆی پێشبینی دەستنیشان بکرێ لە رێگای ستراتیژییەتی دەق (رەگەزی ئەدەبی، گومانی ئەدەبی، سروشتی ئەندێشە، سروشتی زمانی شیعر). ئەو ستراتیژیەتە پێشبینییەکانی خوێنەرەکان دووپات دەکاتەوە یاخود چاکی دەکاتەوە یا دەیگۆڕێ یا گاڵتەی پێدەکات و لە رێگای ئەم پێوەرانەوە دەکرێ (مەودای ئێستێتیکی_ المسافة الجمالیة)[*] بۆ بەرهەمی نوێ دەستنیشان بکرێ،

[١] جمالیە التلقی، یاوس، ص١٥١.
[٢] سەرچاوەی پێشوو، ص٦٥.
[*] (aesthetic distance) ئەو پێوەندییە دەروونییە کە خوێنەر و بەرهەمی ئەدەبی بەیەکەوە بەند دەکات، ئەم پێوەندییە وەسفی پێشبینی و هەڵسوکەوتەکانی خوێنەر دەکات بەرامبەر بە بەرهەمە ئەدەبییەکان، واتە؛ ئەم بەرهەمە تا چەند گرنگە بۆ خوێنەرەکەی، زۆر جار خوێنەر هەندێك –چامەی بە دڵ نییە، چونکە لایەنە ئەدەبییەکەی تەواو نییە یاخود خەوشی لۆژیکی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی دەروونی خوێنەر و وەڵامدانەوەی بۆ چامەکان دەبێت. خوێنەر و رەخنەگر ئاوێتەی دەق دەبن لە پرۆسەی

واتە؛ پلەی ئەو گۆڕانەی کە بەرهەمی نویٚ دەیکاتە سەر ئاسۆی پێشبینی پێشەنگی خوێنەرەکانی، جا لەبەر ئەوە (مەودای ئێستێتیکی) دەبێتە پێوەرێکی گرنگ بۆ دەستنیشان کردنی بەهای ئەدەبی و شەبەنگێك دروست دەکات لەنێوان دوو جەمسەر، یەکەمیان خوێندنەوەکەیە و دووەمیش ئەو بەرهەمانەیە کە کاریگەریەکی رادیکالیان لەسەر خوێنەرەکانیان هەیە[1]. (مەودای ئێستێتیکی لەلای (یاوس) ئەو پێوەرەیە کە بەرهەمی ئەدەبی پیٚ دەنرخێنریٚ، و نرخی بەرهەمەکە زیاتر دەبیٚ ئەگەر ئاسۆی پێشبینییەکەی لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی بەرهەمەکانی پێشووتر جیاوازبیٚ و مەودایەکی زۆری لە نێوان بیٚ، بەلاٚم ئەگەر مەودای نێوانیان کەم بوو واتە؛ ئاسۆی بەرهەمەکە لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی بەرهەمەکانی تر نزیك بوو ئەوە بەرهەمەکە وەك (ئیمبرتۆ ئیکۆ) دەڵیٚ سست دەبیٚ و وەکو

خوێندنەوەدا لەبەر رۆشنایی گۆشە نیگای بیر کردنەوەی خۆیان دەقەکان شیدەکەنەوە. دیارە دەقی ئەدەبی چەندین رەهەندی هەیە و خوێنەریش لەلای خۆیەوە کۆمەڵێك رەهەندی هەیە،جا کاتێك خوێنەر ئاوێتەی دەق دەبێت ئەوا رەهەندەکانی زۆرتر دەبێت، بەلاٚم ئەمە هەمووی لە چوارچێوەی لایەنی دەروونیدا دەبێت و دەشیٚ ئەم رەهەندانە پێوەندی بە واقیعی بەرهەمەکەوە نەبێت، چونکە نووسەر بە شێوەیەکی تەواو رەهەندەکانی کارەکەی دیاری ناکات، بۆیە دەشیٚ رەهەندی نوێی لیٚ پەیدا ببێت.بڕوانە:

Dictionary of literary terms and literary theory, J. A. cuddon, p١٠,

[1] التأويل والقراءة، ايان ماكلين، ت:خالد حامد، مجلة افق الثقافية، ١ ابريل، ٢٠٠٢، لە سایتی www.ofouq.com



لاسایی کردنەوە دەبیٚ و وەرگریش هیچ ماندوو بوونێك لە پرۆسەکەدا نابینیٚ و ناچێتە نێو هیچ ئەزموونێکی نامۆیی نوێوە[1].

بە گشتی ئاسۆی پێشبینی ئەو چەمکەیە کە (یاوس) بناغەی بۆ داناوە و (گادامیر) ناوی ناوە ئاسۆی پرسیارەکان. مەبەستیش لەو چەمکانە ئەوەیە هەر خوێنەرێك پێوەرێکی تایبەتی باوەڕ پێکراوی خۆی هەیە پێشوازی دەقی پێدەکات واتە؛ ئەو مادەیەی کە لەلای خوێنەر هەیە بۆ وەرگرتنی دەق و چێژ وەرگرتن لێی، و ئەم پێوەرانە بە ئەزموونی ئێستێتیکی دادەنریٚ کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕیٚ بەپێی رۆشنبیری و رەگەز و باوەڕی ئاینی...هتد[2] .ئەوەی باس کرا کورتەی تیۆرەکەی (یاوس) بوو و ئەم تیۆرەش لە دەست رەخنەگرتن رزگاری نەبوو، و رەخنەی لێگیرا، چونکە خوێنەری ئاسایی لە رەخنەگر جیا نەکردۆتەوە و دیراسەی ئەو میکانیزمەی نەکردبوو کە نووسەر بە خەڵکەوە بەند دەکات[3].

ئێستاش هەوڵدەدەین باسێکی چۆنییەتی نوسینی مێژوو و ئاسۆی پێشبینی خوێنەر– وەرگری دەقەکانی (نالی) بکەین:

[1] النص والتفاعل المتلقي في الخطاب الادبي عند المعري، حميد سمير، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص٣٢.

[2] مناهج النقد الادبي، د.وليد قصاب، ص٢٢١-٢٢٢.

[3] التأويل و القراءة، ايان ماكلين، سەرچاوەی پێشوو، ؟.

## ١. مێژووی نالی چۆن بنوسین؟.

لە نێو کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا شێوازی باو و دیار بۆ تۆمارکردنی مێژووی ئەدەب هەیە، بۆیە هەر ئەویش بە نموونە دێنینەوە. لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (علاءالدین سجادی)دا باسی (نالی) دەکرێ، سەرەتا ناوی، پاشان ساڵی لەدایک بوونی و دواتر هەندێك وردەکاری ژیانی لە ڕێگای لێکدانەوەی بەشێك لەشیعرەکانییەوە ساغ دەکرێتەوە، هەر بەو شێوەیەش باسی نوسەرەکانی دیکە دەکرێت.

لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم) ی (صدیق بۆرەکەیی)یش بەهەمان شێوە باسی ئەدیبەکان کراوە، بۆ نموونە: (نالی) ناوی چییە، کەی لەدایك بووە و کەی کۆچی کردووە و هەندێکیش لە شیعرەکانی لێکداوەتەوە، بەڵام (د.مارف خەزنەدار) لە بەرگی سێیەمی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا شێواز و نوسینەکەی هەندێك جیاوازترە لەو دوو نموونەیەی سەرەوە. خەزنەدار جگە لەوەی کە باسی ناو و نازناو و ژیان و کۆچی (نالی) دەکات و لەمەڕ بابەتی شیعرییەکانییەوە دەدوێت لە ژێر ناونیشانی (کێ نالی ناسیووە؟)دا کۆمەڵێك شیعری (نالی) خستۆتە بەردەست، هەر لە چاپی دیوانی



(کوردی و مەریوانی)(١٩٣١)ەوە تاکو بەرهەمی ساڵی هەشتاکان (نالی و کێ ڕاستە- عبدالخالق معروف و نالی لە دادگای رەخنەدا- رەئووف عوسمان و نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی کەریم شارەزا)ی باس کردووە، هەروەها نوسینی ڕۆژهەلات ناسەکانیش لەمەڕ (نالی)ەوە باس دەکات و پاشان وەرگرەکانی[*] (نالی) دابەشی سێ دەستە دەکات:((تاقمێك فریان بەسەر شیعری نالییەوە نەبووە..، تاقمێکی دیکە تا پلەیەك لەنالی گەیشتوون...، تاقمی سێیەم ئەو کەسانەن تا پلەیەکی باش لە نالی گەیشتوون....))[١] بێگومان ئەم کارەی خەزنەدار بە کارێکی باش لە قەڵەم دەدرێت، چونکە هەوڵی داوە ئەوانەی لەسەر (نالی)یان نوسیووە بیهێنێتە ناو مێژووەکەیەوە. جا ئێمە لێرەدا کە باسی ئەم مێژووانەمان کرد مەبەستمان ڕێگا خۆشکردن بوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی ئایە مێژووی (نالی) چۆن بنووسین؟.

وەك باسمان کرد لە چوارچێوەی کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا، مێژووی نووسەرەکان بەو شێوەیەی سەرەوە تۆمار کراوە، بەڵام ئەگەر مێژووی نووسەرێك تەنیا بریتی بێت لەو

[*] لێرەدا مەبەست لە وەرگرەکانی (نالی) لەلای (خەزنەدار) ئەوانەن کە لە شیعری (نالی)یان کۆڵیوەتەوە یان دیوانی (نالی)یان ساغ کردووەتەوە.

[١] مێژوی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٥١.

چەند لاپەڕەیەی لە کتێبێکی مێژوودا تۆمار کراوە، ئەوە جگە لەچەند خوێنەرێك کە لاپەڕەی ئەو کتێبانە هەڵدەدەنەوە کەسی دیکە ئەو نووسەرانە نا ناسێ، جا لەبەر ئەوە مێژوو تەنیا ئەو تۆمارکردنە نییە کە لەسەر لاپەڕەکانی کتێبێکی مێژووی ئەدەبدا نووسرابێتەوە، بەڵکو مێژوو خۆی لە زنجیرەی وەرگرتنی دەقەئەدەبییەکانی نووسەرەکەدا بەرجەستە دەکات. واتە؛ مێژووی ئەدەبی (نالی) لە زنجیرەی وەرگرتنە ئەدەبییەکانیدا بەرجەستە دەبێ. دیارە دەقی ئەدەبیش چەند هۆکارێك هەیە کە وایلێدەکات بە بەردەوامی وەرگرتنی هەبێ و مێژوو بۆ خۆی تۆمار بکات، ئەو هۆکارانەش پێوەندی بە سروشتی پێکهاتەی دەقەکەوە هەیە. بۆ نموونە: هەڵگری تۆوی نەمریی بێت و خوێنەر خۆی تێدا ببینێتەوە، یاخود دەقەکە لە سەردەمی جیاجیادا خۆی بخزێنێتە نێو جیهانی خوێنەرەکانەوە. دیارە توانای دەقیش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەو خەسڵەتە نەمرانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەناو بونیادەکە دایە، بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیە ئەوەیە، کە دەبینین بەرهەمی هەندێك شاعیر لە نێو کتێبەکانی مێژووی ئەدەبیدا تۆزی لەسەر نیشتووە و دەرگای لەسەر داخراوە، کەچی بەرهەمی هەندێ شاعیری تاو هەمان کتێب هەن بە بەردەوامی تۆزی لەسەر لادەدرێ و دەهێنرێتە بەرمەیدانی باس. ئاشکرایە ئەم دۆخە پێوەندی



بەو داهێنانەوە هەیە کە لەناو دەقەکەدایە، نەك بە نوسەرەکە*. خۆ دەکرێ کەسایەتی نووسەرەکەش رۆڵ بگێڕێ لە تۆمار کردنی مێژوویەك بۆ خۆی، بەڵام دیسان ئەوەی نەمری بە دەقەکان دەبەخشێ و وا لە دەقەکە دەکات بە بەردەوامی وەرگری هەبێت و ببێتە مێژوو بۆ نوسەرەکەی، ئەو ستراتیژییەتەیە کە دەقەکەی لەسەر دروست کراوە، ئەو خەسڵەتە نەمرانەیە کە لەنێو دەقەکەدا بوونی هەیە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی هەندێك لەسەر شیعرەکانی (نالی) بوەستین و بزانین ئەو خەسڵەتانە لە نێو شیعرەکانی (نالی)دا بوونیان هەیە؟ ئایا بۆچی تا ئێستا (نالی) دەخوێندرێتەوە؟ دەکرێ هەر لەبەر ئەوەی (نالی) شاعیرێکی کوردە و خەڵکی

* لەسەردەمی ئێستادا دەبینین چەند شاعیرێك وەك (شێرکۆ بێکەس) و (رەنج سەنگاوی) و (عبدلله پەشێو) و (فەرهاد پیربال) لە بوارەکەداهەن وەرگرێکی زۆریان هەیە و خودی شاعیرەکە و ئەو رێکلامەی بۆی دەکرێ لە چوارچێوەی میدیاکان و باسکردنی لەناو زانکۆ و لە لایەن چەند رۆشنبیرێکەوە دەبێتە هۆی زیاد بوونی وەرگرەکانی ئەم شاعیرانە، بەڵام کە لە مەتنەکەدا باسی خوێنەر دەکەین مەبەستمان لە وەرگری هاوشێوەی ئەو وەرگرانە نییە، کە خۆیان هەست بە بەهای دەقەکە ناکەن و تەنها وەك مۆدیل و لەژێر کاریگەری کەسانی دیکەوە ببنە خوێنەر و بیسەری شیعری شاعیرێکی دیاری کراو. لێرەدامەبەستمان نییە بڵێین دەقی ئەو شاعیرانەی ناومان هێنان بێ بەهایە یاخود خراپە، ئێمەش وەرگری دەقەکانی شێرکۆ بێکەس وهەندێك دەقی عەبدوڵلاپەشێوین وچێژیان لێ وەردەگرین، بەڵام ـ مەبەستی ئێمە تەنیا جیاکردنەوەی چینێك بوو لە وەرگر، کە لەژێر کاریگەری خەڵکی دیکەوە بیر دەکاتەوە و جارێ نەگەیشتۆتە ئاستی ئەوەی خۆی بڕیاربدات لەسەر جوانی و ناشیرنی دەقەکان.

باسی دەکەن، ئێمە بیخوێنینەوە؟ خۆ ئەگەر وابوایە هەموو شاعیرەکان لەیەك ئاستدا دەبوون و خوێنەرەکانیش خوێندنەوەکانیان وەك یەك دەبوو، دوا جار حاڵەتێکی ڕۆتینی دروست دەبوو و چێژی ئەدەبی و ئێستێتیکای وەرگرتنی دەقەکانیش لە نزمترین پلەدا دەبوو، بەڵام دیارە ئەوەی وا لە منی (وەرگر) دەکات بەرهەمی شاعیرێك بخوێنمەوە کە (١٥٠) ساڵ بەر لە ئێستا شیعری نوسیوە، تەنیا لەبەر ئەوە نییە شاعیرێکی کوردە و ناوبانگی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەو ڕۆحە زیندووەیە کە لەناو دەقەکان دایە و ئەو ئاسۆ نوێیانەیە کە خوێنەرەکان لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکانی (نالی)یدا بەکاری دێنن.

(نالی) خۆی دەڵێ:

**بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما**

**غواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە** ل٤٨٠

(نالی) خۆی دەیزانی و ویستویەتی شیعرێك بنوسێ کە تەمەنێکی زیندووی هەبێت. ئەوەتا دەڵێ غەزەلەکانم دەریایە، ئێ دەریاش ناسراوە بەوەی پڕە لە نهێنی و پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات. واتە؛ ئەو نهێنیانەی کە لە نێو شیعرەکانی (نالی)دا هەن ئەو توخمەیە کە وا لەمنی وەرگر دەکات تا ئێستاش لە شیعرەکانی ورد ببمەوە و بچمە



نێو قوڵاییەکەی و تێڕابمێنم بۆ بکەم و دواتر لە ڕێگای بەکار خستنی ئەو شیعرانەوە لە نێو پاشخانی ڕۆشنبیری خۆم و جیهانی بیرکردنەوەمدا لێکیان بدەمەوە.

(فاتح عبدالکریم) لە پێشەکی دیوانی نالیدا دەڵێ ((نالی لە قەصیدە بەناوبانگەکەیدا بۆ سالم بە رادەیەك زوخاوی دووری هەڵئەڕێژێ، لەوانەیە ئەو کەسەش کە ئەمڕۆ ئەیخوێنێتەوە پڕ بەدڵ ماتەمی دایگرێ و لەناخی خەمدا نوقم ببێ))[1] ئەم وتەیە زۆر راستە بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ ماتەم دایدەگرێ؟.

دیارە ئەو بابەتەی (نالی) لەسەری دەدوێ و شێوازی دەربڕینەکەی هانی خوێنەران دەدا و تەزوو بەدڵیاندا دێنێ، چونکە غەریبی و دوورە وڵاتی دیاردەیەکە ئێستاش بوونی هەیە و حاڵەتێکە دەشێ دووچاری هەر تاکێك بێتەوە[*]، واتە؛ ئەم بابەتە لەتوانای دایە لەگەڵ ناخی خوێنەرێکی ئێستاش تێکەڵ بێ، بەڵام خۆ شاعیری دیکەش هەیە هەمان بابەت بۆتە هەوێنی شیعرەکەی، بۆچی ئەو بەرهەمانە دەروونی

---

[1] دیوان (نالی)، مەلا عبدالکریم و فاتح عبدالکریم، ل٥٦.

[*] (پەیامی نالی لە شیعر و هەڵوێستیدا، پەیامێکی نەمر و نەبڕاوەیە، چونکە ڕەنج و ئەزموون و موعاناتی ئەو وەك مرۆڤ، وەك کورد، وەك غەریب و دوورە وڵات، لە رووبەری کات و شوێن و قوڵایی دڵی مرۆڤەکاندا هەروەك جاران بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە)بڕوانە پەیامی نالی، د.صباح بەرزنجی لە کتێبی لە ئیحرامی ئەدەبدا، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٤.

خوێنەر بە تەواوەتی تێرناکات و خوێنەر بۆ دەکشێتەوە پاش و لەنێو دەقێکی (نالی) دا هەستی دەبزوێت، دیارە ئەم دیاردەیە پێوەندی بەخودی دەقەکە و دەربڕینەکەی و وێنە هونەرییەکانییەوە هەیە. (نالی) دەڵێ:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزور)**

ل١٧٤

لەم دەقەدا (نالی) گوتنی خۆی ئاڕاستەی (با) دەکات و مامەڵە لەگەڵ (با)دا وەك تەنێکی زیندو و عاقڵ دەکات، منی خوێنەریش خۆم لە شوێنی (نالی)، یاخود لە جێی ئەو (با)یەدا دەدۆزمەوە، بۆیە تا ئەو پەڕی کارلێککردن تێکەڵی شیعرەکە دەبم و لە گێڕانەوەکەدا بەشدار دەبم، هەروەها (نالی) دەڵێ:

**بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودوراتی سەرزەمین**

**شادبن بە وصلی یەکدی: کە تۆی طاهر، ئەو طەهور**

ل١٧٨

من لێرەدا بەر لەوەی بچم لێکدانەوەکەی مامۆستای (مدرس) بخوێنمەوە و بزانم (نالی) مەبەستی چی بووە، شتێك لە لای خۆم دروست دەبێ کە پێوەندی بەنالییەوە نییە. من لەبەرامبەر دەقێکم پێمدەڵێ خۆت بشۆ بە ئاوێکی پیرۆز و ناخۆشیەکانی دنیا لەسەر خۆت لا بدە جا ئەگەر من



کەسێك بم دونیا ماندووی کردبم و تامەزرۆی ئەوە بم، باری گرانی ژیان لەسەر خۆم لابدەم و ئارەزووم ئەوە بێ بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو ئاوەی کە پێی دەحەسێمەوە، ئەوە راستەوخۆ هەستێکم لا دەبزوێت بێ ئەوەی بیر بکەمەوە لەوەی بزانم (کدوارتی سەرزەمین) لەنێو شیعرەکەدا چی دەگەیەنێ یان مەبەست لە کامە ئاوە لە ناو دەقەکەدا.

بۆ منی خوێنەر (کودوراتی سەرزەمین) ماندوو بوونەکەی منە جا بە هەرچ هۆیەکەوە بێت، ئاوەکەش دەشێ بۆ من (ئاو)ی بۆرییەکەی ماڵی خۆمان بێت کە دەمێکە جێم هێشتووە، دەشێ ئاوی شارە داگیر کراوەکەم بێت، دەشێ هەر گۆمە ئاوێکی ولاتەکەم بێت یاخود ئاوی پیرۆزی تەنیشت مەزارێك بێت، بەهەرحاڵ ئەو دەقە حاڵەتێکی دەروونی تایبەتی بەرپا دەکات لەناو منی خوێنەر و مەغزاکەش هەر یەك شتە، رزگاربوون لەدەست ناخۆشی و شادبوون لە ڕێگای گەیشتن بە شتێکی پیرۆزەوە....هتد.

واتە؛ ئەوەی وای لەمنی خوێنەر کرد لەگەڵ ئەم دەقەدا تێکەڵبم لایەنی ئێستێتیکی دەقەکەیە، دەربڕینەکەیە، وێنەکەیە، خۆ ئەگەر بەرامبەر ڕستەیەك بم پێم بڵێ (بڕۆ خۆت بشۆ، خۆڵ و تۆزی ژیان لەسەر خۆت لابدە و شادبە لەگەڵ ئاودا). ئایا ئەمە هیچ لایەنێکی هەستی من دەبزوێنێ بە بەراوردکردن لەگەڵ دەقەکەی نالیدا؟ بێگومان نەخێر،

ئەوەی وا لەدەقێك دەكات نەمر بێت و بەردەوام خوێنەر ژیانی بخاتەوەبەر، لایەنی جوانكاری و بابەتی دەقەكەیە و هەروەها دەوروبەرەكەیەتی.

(یاوس) پێی وایە كە (ئەركی مێژوونوس و رەخنەگری نوێی ئەدەب لە بایەخ دان بە پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر و چۆنییەتی كاركردنی دەق لەسەر خوێنەردا كۆدەبێتەوە)[1]، بێگومان هەر خوێنەرێك كە دەقێكی شیعری وەردەگرێ، بەشێوەیەكی جیاواز لە خوێنەرێكی دیكە وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، كۆمەڵێك هۆكاریش كۆنترۆڵی ئەم وەڵامدانەوەیە دەكەن. بۆ نموونە: تەمەن و باكگراوندی رۆشنبیری و زانیاری و شارەزایی لە شیعر، یان ئەو زانیارییانەی خوێنەر لە سەر ژیانی شاعیرەكان هەیەتی یاخود باری سایكۆلۆژی خوێنەر.....هتد، هەموو ئەو هۆكارانە رۆڵ لە چۆنییەتی وەرگرتنی شیعرەكەدا دەبینن. (تێگەیشتن لە مێژووی ئەدەب* بەندە بە شیكردنەوەی چەشەی ئەدەبی و چۆنییەتی وەرگرتنی بەرهەمە هونەرییەكان، چونكە روحی سەردەم و فەلسەفەی كۆمەڵەكەی تێدا بەرجەستە دەبێت، لەبەر ئەوە

[1] جمالية التلقي، ياوس، ص١٤.

* پێویستە لە سێ گۆشەوە بۆ مێژووی ئەدەب بڕوانرێ: یەكەمیان بەشێوەیەكی دیكرۆنی واتە؛ وەرگرتنی بەرهەمەكان بەپێی مێژوو، دووەم سانكرونییە واتە؛ بەپێی سیستەمی ئەدەب لە خاڵێكی دیاركراوی كاتدا، و سێیەم بەپێی پێوەندی نێوان ئۆتۆ پێشكەوتنی ئەدەب و پێشكەوتنی مێژوو بەگشتی، بڕوانە: جمالية التلقي، ياوس، ص٥٥.



پرسیاری سەرەكی مێژووی ئەدەب بریتی دەبێت لەوەی چ شتێك و لە چ سەردەمێكی دیاری كراودا دەخوێندرێتەوە، بۆ، لە لایەن چ چینێكەوەیە؟[1].

جا ئەگەر ئێستا ئێمە بمانەوێ بە پێی تێگەیشتنی تیۆری وەرگرتن بۆ مێژوو، مێژووی (نالی) تۆمار بكەین، دەبێت لەیەكەم وەرگرتنی دەقەكانی (نالی)ەوە دەست پێبكەین و بەردەوام وەرگرتنە نوێیەكان تۆمار بكەین تاكو سەردەمی ئێستا، پاشان پۆلێنیان بكەین و پشكنینی لەسەر ئەنجام بدەین. بێگومان ئەم كارەش كارێكی زۆر زەحمەتە و ئەركێكی یەكجار زۆری دەوێ، بۆیە ئێمە تەنیا چەند وەرگرتنێكی دەقەكانی (نالی) دەهێنینەوە، بۆ نموونە (دیوانی (نالی) مامۆستایانی (مدرس)- مسعود محمد- رێبوار سیوەیلی-سالح سوزەنی)(**) باس دەكەین تەنیا بۆ پیشاندانی چۆنیەتی تۆماركردنی چەند خوێندنەوەیەكی جیاوازی دەقەكانی (نالی).

دیوانی (نالی) كارێكی باشی لە لایەن مامۆستایانی (مدرس)ەوە لەسەر كراوە، چ راڤەكردن یان لێكدانەوەی

[1] فلسفة الجمال، عبدالقادر عبو، ص٥٥ لە كتێبی (شفرات النص)ی (صلاح فضل) ل (٢٥)ەوە وەرگیراوە

(**) لێرەدا باسی لێكۆڵینەوەكانی دیكەی (نالی)مان نەكردووە و وەك شیكردنەوەكانی (خەزنەدار و كەریم شارەزا و عبدالخالق معروف..هتد) چونكە لێرەدا باسەكەمان بواری ئەدەدا نموونەی زیاتر بەكاربهێنین.

وشەکان بێت، چ دەستنیشان کردنی لایەنی ڕەوانبێژی و ساغکردنەوەی دەست نووسەکان بێت. لێرە جێگای خۆیەتی بپرسین، ئایا شیعرەکانی (نالی) لەو ئاستەدا وەستان و مامۆستایانی (مدرس) توانیان بە ڕاڤەکردنەکەیان، هەتا هەتایە دەرگا و پەنجەرە لەسەر شیعرەکانی (نالی) دابخەن؟ بێگومان شتی لەو بابەتە ڕووی نەداوە ئەگەر نا مێژووی ئەدەبی (نالی)ش لەو شوێنەدا رادەوەستا، بەلام شیعرەکانی (نالی) هەلگری دوڕ و گەوهەرێکی یەکجار زۆرن، بۆیە دەبینین (مسعود محمد) بە (دەستە و دامانی نالی) دێتە مەیدان و لەمەڕ هەندێك لە شیعرەکانی (نالی)ەوە دەدوێت و ڕەخنە لە هەندێ لێکدانەوەی (مامۆستایانی مدرس) دەگرێت و جا لێکدانەوەکانی کام لەم دوو بەرهەمە راستە ئەوە لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە گرنگ ئەوەیە مسعود محمد لە زۆر شوێندا بواری لێکدانەوەی بۆ خوێنەر(*) بەجێ هێشتووە و دەیەوێ خوێنەر لە دوا ڕۆژدا بگاتە لێکدانەوەیەکی نوێ. دیارە هەموو ئەم وەرگرتنانەش مێژووە و لە پەرتوکی (نالی) تۆمار دەکرێت.

(*) لێرەدا مەبەستمان لەخوێنەر هەموو کەسێك نییە کە توانای خوێندنەوەی هەبێ، بەلکو باسی خوێنەری شارەزاو و تایبەتی شیعر دەکەین.



ئینجا دێینە سەر (کتێبی نالی)ی (ڕێبوار سیوەیلی)، (سیوەیلی) سێ دەقی شیعری لە دیوانەکەی (نالی)یەوە وەردەگرێت و لە ڕوانگەیەکی نوێوە دەقەکانی لێك دەداتەوە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و باسی جیهانبینی شیعری (نالی)مان بۆ دەکات، لەم کارەشیدا پشتی بە فەلسەفەی هێرمۆنتیکا بەستووە، بۆیە وەك وەرگرتنێکی نوێی شیعری (نالی) و وەك خالێکی وروژێنەر لە نێو مێژووی شیعری (نالی)دا بەرجەستە دەبێت. پاشان دێینە سەر باسی (سالح سوزەنی) ئەم نووسەرە لە (نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم) باسی فینۆمینۆلۆژیای** شیعر دەکات و شیعری (نالی) لەسەر پراکتیك دەکات، وەرگرتنێکی نوێ لەنێو مێژووی وەرگرتنەکانی (نالی)دا تۆمار دەکات.

بەکورتی ئەگەر شیعرەکانی (نالی) تەنیا دەقێکی ئاسایی بوایە و لە توانایاندا نەبوایە هەتا ئێستا بە زیندوویی بمێننەوە، ئەوە هەر زوو مالئاواییان دەکرد و لاپەڕەکانی مێژوو دایان دەپۆشتن، بەلام سروشتی نەمری دەقەکان ڕێگا دەدات بە (سیوەیلی و سوزەنی) و دەیانی دیکەش شیعرەکانی (نالی) کێش بکەن بۆ ناو لێکۆلینەوەکانی خۆیان و ببێتە مادەی خامی کارەکانیان. تێکەل بوونی خوێنەرەکان لەگەل ئەو دەقانەدا و هێنانە کایەی کارێکی

** فینۆمینۆلۆژیا= دیارنەناسی- دیارنەگەرایی.

نویٚ دەبێتە مێژوو بۆ (نالی)، جا لەبەر ئەوەیە (یاوس) جەخت لەسەر تۆمار کردنی مێژوو دەکات لە ڕێگای ئێستێتیکای وەرگرتنی دەقەکانەوە. بێگومان هەموو وەرگرتنێکیش ناچێتە ناو خانەی کاری نویٚ و مەرج نییە ببێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی.

## ٢. ئاسۆی پێشبینی و دەقەکانی نالی:

چەمکی ئاسۆی پێشبینی (افق التوقعات Horizon of expectation) لە لای (یاوس) چەمکێکی بنەڕەتی و سەرکییە، کە هەوڵی داوە پێوەندی نێوان دەق و خوێنەری پیٚ بورورژێنیٚ و بەهای ئەدەبی دەستنیشان بکات. (ئاسۆی پێشبینی خوێنەر ئەو مەودایەیە کە پرۆسەی بونیادی واتا و دیاری کردنی هێڵە سەرەتاییەکانی شیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدریٚ و لە ڕێگای لێکدانەوەی ئەدەبیەوە ڕۆڵی خوێنەری پیٚ دەستنیشان دەکریٚ، کەچەقی چێژە لە ئێستێتیکای وەرگرتندا[1] بە بۆچوونی (یاوس)[*] ((کاردانەوەی پەیامگر (وەرگر) لە ڕووی کارلێککردن و ئاوێتەبوونییەوە

[1] نظرية التلقي - اصول و تطبيقات. د.بشرى موسى. ص٣٠

[*] لە لاپەرە (٤٦)ی کتێبەکەی (جمالية التلقي)ی (یاوس) ئاماژە بەم سیٚ خاڵە دراوە، بەڵام ڕاستەوخۆ لەو کتێبەوە وەرم نەگرتوە.



لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، بە مەبەستی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و ڕاڤەکردن و چۆنییەتی دواندنی دەقەکەیە و پێوەندی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە لەوانە ئەو زانیاری و شارەزاییەی کە (خوێنەر، پەیامگر) هەیەتی سەبارەت بەو ژانرە ئەدەبییەی کە دەقەکە لەخۆی دەگرێت، هەروەها تا چ ڕادەیەك خوێنەر ئاشنای ئەو پێکهاتە بابەتییانەی دەقەکەیە، کەوا دادەنریٚ خوێنەر درکیان پیٚ بکات. خوێنەر تا چ ڕادەیەك شیانی جیاکردنەوەی نێوان زمانی ئێستێتکی و زمانی ژیانی ڕۆژانە و دونیای واقیعی و جیهانی ئەندێشەکراوی هەیە))[1]. واتە؛ شارەزایی لە ئەدەب و لەزمان، دوو خاڵیٚ سەرەکین بۆ دروست بوونی ئاسۆی پێشبینی.

ئاسۆی پێشبینی بریتییە لە و ئەزموونەی کە وەرگر هەیەتی، لە نیۆ جیهانی ئەدەبیدا بۆ پێشوازی کردن لە دەق و ڕاڤەکردنی و واتای تێدا بونیاد دەنریٚ و چەشەی ئەدەبیی وەرگر دیاری دەکات. وەرگر لەگەڵ وەرگرتنی شێوازێکی نووسینی تایبەتی ژانرێکی ئەدەبی دیاری کراو ڕادێت، بۆ نموونە شیعر، جا ئەگەر کەسێك لە سەر هەندیٚ خاڵیٚ تایبەتی لە نێو شیعردا ڕاهاتبێت، وەك ئەوەی شیعر دەبیٚ کێش و سەروای هەبیٚ و هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا

[1] دەقی ئەدەبی، فوئاد ڕشید، ل١٧.

بەکارهاتبیّ و بابەتەکانی کلاسیکی بن وەك: دلّداری، پیا هەلدّان، مەدح .... هتد . ئەوا ئەو کەسە لە نێو شارەزایی و زانیارییەکانی خۆیدا ئاسۆیەکی بۆ دروست دەبیّ، ئنجا کە دیّت بەرهەمێك دەخوێنێتەوە یاخود وەریدەگریّ بیّ ئەوەی خۆی هەست بکات ئەو بنەمایانەی پێشوتر بوونەتە پێوەر لە لای و بۆ پێوانەی هەر بەرهەمێك خۆیان دەسەپێننە سەر بەرهەمەکە، ئەگەر ئەو بەرهەمەی کە وەریدەگریّ تەبابوو لەگەلّ ئاسۆکەیدا، ئەوا بەرهەمەکە هیچ ناگۆڕیّ و دەستکاری بنەما ئێستێتیکیەکانی وەرگر ناکات، بەلاّم ئەگەر بەرهەمەکە بە تەواوەتی ئەو شتە نەبوو کە وەرگر پێشبینی دەکرد، ئەوا بنەما و پێوەرە ئێستێتیکی و ئەدەبییەکانی وەرگر دەگۆڕیّ و دۆخێکی نوێی بۆ دروست دەبێت، کە وەرگر ناچار دەکات بە ئاسۆی بیر کردنەوە و چەشەی ئێستێتیکی و ئەدەبیی خۆیدا بچێتەوە و لە ئەنجامدا ئاسۆی پێشبینییەکەی بگۆڕیّ. ئێمە کە دەلّێین گۆڕان زیاتر مەبەستمان لە گۆڕانە بەواتا پۆزەتیڤەکەی، لێرەدا مەبەستمان لەوە نییە کە بەرهەمە کۆنەکە خراپە و بەرهەمە نوێیەکە باشە، چونکە هەربەرهەمێك زادەی بیر و دەوروبەر و رۆشنبیرییەکی تایبەتی خۆیەتی و ناکریّ بڕیاری وا بدرێت، بەلاّم مەبەستمان لەوەیە هەر دەقێك لە توانایدا بوو ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی بگۆڕی، ئەوە




دەقێکی سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی توانیویەتی تێکەلاّوی جیهانی ئەدەبی خوێنەر بیّ و کاری تیّ بکات. ئەو مەودایەش کە دەکەوێتە نێوان دەقە ئەدەبییەکە و ئاسۆی پێشبینی خوێنەرەکەی یاخود وەرگرەکەی، بریتییە لە مەودای ئێستێتیکی (المسافة الجمالیة). واتە؛ (کە بەرهەمێکی ئەدەبی نویّ دروست دەبیّ، بەها ئێستێتیکیەکەی دەردەکەویّ لە ڕێگای ئەو کارەی کە دەیکاتە سەر ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی، جا بە ولاّمدانەوە یان گۆڕانی یاخود بەرپەرچ دانەوەی بیّ دەستنیشان دەکریّ. مەودای نێوان ئاسۆی پێشبینی و کارە ئەدەبییەکە، واتە؛ نێوانی ئەزموونە ئێستێتیکیەکەی پێشترو ئەو گۆڕانەی بەرهەمە نویّ یەکە دەیهێنێتە کایەوە، بە خالّی سەرەکی لە ئێستێتیکای وەرگرتندا دەژمێردریّ، کە خەسلّەتە هونەرییەکانی بەرهەمی ئەدەبی پیّ دەستنیشان دەکریّ)[1].

بەکورتی ئەگەر هاتوو مەودای نێوان پێشبینی وەرگر و ئاسۆی دەقە ئەدەبییەکە کەم بوو، ئەوا ئەو دەقە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر وەرگرەکە نابیّ و پێوەندییە ئەدەبییەکە لە لای وەرگر تەنیا دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی پێشووتری دەبێت، بەلاّم ئەگەر ئەو مەودایە

[1] جمالية التلقي، ياوس، ص٤٧.

زۆربوو ئەوا دەکرێ ئەو بەرهەمە کاریگەری لەسەر ئاسۆی پێشبینی و چێژی ئێستێتیکی وەرگرەکە هەبێت، لە ئەنجامدا شتێکی نوێی لێ بکەوێتەوە و ببێتە هۆی گۆڕانی بەها ئەدەبی و ئێستێتیەکانی وەرگر.

بۆ روون کردنەوەی سروشتی پێوەندی نێوان ئەم جەمسەرانە، بڕوانە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




ئەگەر هاتوو کارە هونەرییەکە وەڵامدانەوەی بۆ ئاسۆی پێشبینی خوێنەر، یاخود وەرگر هەبوو، واتە؛ ئەوەی بەرهەمەکە پێشکەشی دەکات لەگەڵ ئەوەی وەرگر چاوەڕوانییەتی تەبا بێت، ئەوا هیچ گۆڕانێك روونادات و هەردوو هێڵی بەرهەمی ئەدەبی و ئاسۆی خوێنەر هاوتەریب دەبن و لەیەك ئاستدا بەڕێوە دەچن.



ئێمە کەباسی (نالی) دەکەین لەبەرامبەر کۆمەڵێك ئاسۆدا دەبین، لەبەر ئەوەی دەقەکانی (نالی) هی ئێستا نین، هەروەها وەرگرەکانی سەر بە سەردەمی جیاوازن، جا یەکەم پرسیارمان لەبارەی ئەو وەرگرانە دەبێت کە هاوسەردەمی (نالی) بوون، ئایا ئەو دەقانەی (نالی) ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی ئەو سەردەمەی گۆڕیوە؟ دیارە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد دەقێك دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی خوێنەر کە هەڵگری تۆیەکی نوێ بێت و لادان بێت لە شێوازە باوەکانی پێشتر، یاخود هەرنەبێ لەتوانای دابێ هەندێك پرسیاری نوێ بوروژێنێ. کاتێ (نالی)یش شیعری نووسیوە، شیعرەکانی ئەو خەسڵەتانەیان تێدابووە، ئەوەتا خۆی دەڵێ:

**(نالی) یەك و ئەوکەسەی کە تەمامی غەزەلی بیست**
**مەعلومی بووە زۆر و کەمی خارقی عادات** ل١٤٤

لێرەدا (نالی) خۆی دان بەوەدا دەنێت کە شیعرەکانی (خارقی عادات)ن، مەبەست لە خارقی عادات واتە؛ ئەو دیاردەیەی کە لە سنووری شتە باوەکان لایداوە. (نالی) خۆی زانیویەتی کە شیعرەکانی لادانی تێدایە لە شتە باوەکان، وەرگرەکانیش ئەم راستییە دەزانن، کە دەڵێ: (کەسێك کە تەمامی غەزەلمی بیست) دیارە ئەو کەسە وەرگرەکەیەتی، بۆی ئاشکرا دەبێت کە کەم یان زۆر لادان هەیە لەنێو

شیعرەکانی (نالی)دا. (نالی) خۆی دانی بەوە ناوە کە شیعرەکانی لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی ئەو سەردەمەدا نەگونجاوە، چونکە (خاریقی عادات) بووە.

یەکێك لە لادانە هەرە زەقەکانی (نالی) لە شێوازی نووسینی باوی ئەو سەردەمە، نووسینی شیعر بووە بەزمانی کوردی، (نالی) دەڵێت:

**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردیە خۆ کردیە**

**هەرکەس نادان نەبێ خۆی طالبی مەعنا دەکات** ل١٠٧

(نالی) کە دەڵێ (کەس) بە دەربڕینەکانم نەڵێ خۆ کوردیە خۆ کردیە، ئاماژەیەکی ناراستەخۆ دەکات بە وەرگری دەقەکانی، واتە؛ دیارە کەسێك هەبووە توانجی لە شیعرەکانی گرتووە، ئەو کەسەش وەرگری هاوسەردەمی خۆی بووە (خوێندەواری ناو حوجرەکان)، ئەمەش نیشانەیە بۆ هەبوونی دەسەڵاتی وەرگر لەسەر وەرگرتنی دەقی شیعریدا، ئەو وەرگرەی کە راهاتبوو لەسەر خوێندنەوەی شیعر بەزمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و بەرهەمی ئەدەبی لەشێوەی شیعرەکانی (نالی) بەزمانی کوردی لە لا نامۆ بووە، بۆیە ئەو شیعرانەی (نالی) لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیاندا تەریب نەبووە، لەبەر ئەوە هێرشیان کردۆتە سەر (نالی) و توانجیان لە زمانە کوردییەکەی گرتووە، کە شتێکی نوێ بووە بۆ ئەو سەردەمە و



پارسەنگەکانی گۆڕیوە، بەڵام (نالی) بەرەنگاریان دەبێتەوە و هەڕەشە دەکات و دەڵێ: کەس باسی دەربڕینەکانم نەکا و داوا لە وەرگرەکان دەکات زانا بن و بەدوای واتادا بگەڕێن. لە ڕێگای ئەم دێڕەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە شیعرەکانی (نالی) لەسەردەمی پەیدابوونیان گۆبەندێکیان ناوەتەوە و دەتوانین بڵێین بۆتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکان، بەڵگەشمان ئەوەیە، کە سەرەتا شیعرەکانی جێی سەرسوڕمان بوونە و پاشان خەڵکانی دیکەش شیعریان بە زمانی کوردی نووسیوە[*]، واتە؛ شیعرەکانی کاری کردۆتە سەر وەرگرەکانی و ئاسۆی وەرگرتنی دەقی شیعری پێیان گۆڕیوە و وای کردووە کە خەڵکێکی دیکەش هاوشێوەی ئەو شیعرە بنووسن، دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شیعرەکانی کاریگەری لەسەر ئاسۆی وەرگرتنەکاندا هەبووە و گۆڕانێکی بەرپاکردووە. ئەوەی ئاماژەمان پێکرد نووسینی (نالی) بوو بە زمانی کوردی و کاریگەریی ئەو شێوازە نووسینە بوو لەسەر ئاسۆی وەرگرەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگری دیکە هەبووە کەبەشێوەیەکی دیکە دەڕوانێتە ئەو نووسینانەی (نالی).

---

[*] پێشتریش شیعر بە زمانی کوردی نووسراوە، بەڵام بە شێوازی سۆرانی و بە بەکارهێنانی شێوە عەروزییەکەی نەنووسراوە.

دیاره زۆرجار گوێمان لێ دەبێ (نالی) بە دامەزرێنەری شیعری کلاسیکی شێوەزاری سۆرانی لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام وەرگرێکی وەك (گیوی موکریانی) رایەکی جیاوازی هەیە، بێگومان بوونی ئەم رایە جیاوازەش پێوەندی بە ئاسۆی رۆشنبیری و بیرکردنەوە و چاوەڕوانی ئەو وەرگرەوە هەیە . (گیو) لەپێشەکی(دیوانی نالی)یەکەیدا دەڵێ: ((نالی هاوتای ئەحمەدی خانی و شێخ ئەحمەدی جەزیری و مەولەوی و کەیفی و فیردەوسی و سعدیە، فیردەوسی لەپێش (١٠٥٠) ساڵاندا مێژوو زمانی فارسی زیندوو کردۆتەوە و لە تەواوی شانامەکەیدا تەنیا دوو وشەی ئارەوی تێکەوتووە داخوا (نالی) چی بۆ کورد و کوردستان کردووە، داخەکەم هیچ؟))[1].

دیارە بە بۆچوونی گیو (نالی) شتێکی ئەوتۆ و پێویستی بۆ کوردستان نەکردووە و ئەو چاوەڕوانی شتێکی دیکە بووە لە شاعیر، کە خزمەتێکی تەواوی کورد و کوردستانی تێدا کردبێت[*] لە کاتێکدا دەیان کەس (نالی) بە مامۆستاو قوتابخانە لەقەڵەم دەدەن، جیاوازیی نێوان ئەم رایانە بۆ جیاوازیی نێوان ئاسۆی بیرکردنەوە و پێشبینی کردنی وەرگرەکان دەگەڕێتەوە.

[1] دیوان (نالی)، گیوی موکریانی، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٢٤، ل ا.

[*] پێوەری (گیو) بۆ خزمەت کردنی کوردستان بەکارنەهێنانی وشەی بێگانەیە، (نالی)یش وشەی بێگانەی بەکار هێناوە بۆیە لای (گیو) کوردپەروەر نەبووە (شیعری نیشتمانی کەمە).



بەمەبەستی زیاتر جەخت کردنە سەر جیاوازی نێوان ئاسۆی پێشبینی وەرگرتنی جۆراو جۆری وەرگرە جیا جیاکانی دەقی شیعر، هەوڵ دەدەین لە رێگای باس کردنی چەند نموونەیەکی رای وەرگرەکان، لەمەڕ شیعرەکەی (نالی) کە بۆ مەستوورەی نوسیووە، ئەو جیاوازیانە بخەینەڕوو و بزانین ئەو چامەیەی مەستوورە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی هەبووە و وەرگرەکانی چییان پێ بەخشیوە.

(گیوی موکریانی) لەمەڕ ئەوچامەیەوە دەڵێ: ((لەوانەیە کە لەدیار (نالی) گوتبیان هەڵبەستەکانی مەستوورە جوان و پەسندن، (نالی)ش لەبەر نەکێشان و خۆپەسندی پەردەی ئابڕووی مەستوورەی دڕیوە. بەو بەندە (مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بەحسابێ) لە سنووری شێواز (أدب) زۆر تێپەڕیوە کە شتی سوك و هەرزەیی لە بوێژێکی وا زانا و مەرد و دڕندە و بە شێواز (مؤدب) زۆر دوور بوو هەزار موخابین!))[1] دیارە ئەم چامەیەی (نالی) بۆتە هۆی نشوستی ئاسۆی پێشبینی گیوی موکریانی، چونکە (نالی) نزیکی شتی تابو بۆتەوە. (گیو) کە لەناو کۆمەڵگایەك دابووە ناو هێنانی ئافرەت و باس کردنیشی قەدەغە و عەیبە بووە، کەچی (نالی) لە شیعرێکدا نەك هەرناوی ئافرەتێك دەهێنێ

[1] نالی (دیوان)، (گیوی موکریانی)، ل ت.

کە ئەو ناوەش ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەکی دیاری کراو، بەڵکو باسی ئەندامی لەشی ئافرەتەکەش دەکات[*]، جا ئەو پێوەرە ئاکارییانەی لەنێو کۆمەڵگادا باو بووە لە پاشخانی بیرکردنەوەی (گیو)یشدا تۆمار کراوە، جا کەدێت شیعرێکی (نالی) دەخوێنێتەوە و تیایدا پەردە لەسەر شتە تابووەکان لا دراوە و بە ئاشکرا باسی ئەندامی مێینەی مەستوورە دەکریٚ، ئەوە بێگومان وەرگرەکە دووچاری سەرسوڕمان دەبێتەوە و کاردانەوەیەکی ئاساییە کە لەگەڵ شیعرەکە دا نەبێت. ئەوەتا (گیو) پێی وایە، کە (نالی) لە شێوازی ئاکار و رێز لای داوە و هەرئەوەشە بووەتە هۆی نشوستی ئاسۆی پێشبینییەکەی.

بە هەمان شێوە بە پێی ئاسۆیی بیر کردنەوەی ((موحەمەد ئەمین کاردۆخی))یش، ئەم شیعرەی (نالی) کارێکی نابەجیٚ بووە، دیارە ئاسۆی پێشبینی ئەم وەرگرەش لەگەڵ دەقەکەدا دووچاری بەربەرەکانی بووەتەوە، ئەو دەڵیٚ ((..بۆ نمونە تاقە (ژنێکی شاعیرە)مان بووە بە ناوی مەستوورەوە، کەچی (نالی)ی شاعر کە هاوچەرخی بووە خەوی پێوە دیوە، بە هەڵبەستێکی دور و درێژ

[*] ئەگەر سەیری شیعری فۆلکلۆری کوردی بکەین بە دەیان شیعرییان هەیە لە هی (نالی) (مەکشوف)ترن، بەڵام ئەوەی جیاوازی دەکاتە نێوان ئەو دەقە فۆلکلۆریانە و شیعرەکەی (نالی) کە بۆ مەستوورەی نووسیوە، ئەوەیە کە لە شیعری فۆلکلۆرییدا ناوی کەسەکان (ئافرەت)ەکە ناهێنرا، بەڵام لە شیعرەکەی (نالی)دا ناوی مەستوورە بە ئاشکرا هاتووە.



شاکاندویەتی ...))[١] واتە؛ ئەمیش وەك (گیو) شیعرەکەی (نالی) ئاسۆی پێشبینییەکەی تووشی نشوستی کردووە، لێرەدا جێگای خۆیەتی هەندێك لەسەر ئەم رایەی کاردۆخی بوەستین، کاردۆخی و خەڵکانێکی دیکەش ئەم چامەیەی (نالی) بە شکاندنی مەستوورە لە قەڵەم دەدەن، لەبەر ئەوەی سەرەڕای بابەتی شیعرەکە، سەرەتا کە (نالی) دەستی پیٚ کردووە دەڵیٚ (مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابیٚ) وشەی ئەو (بە حیسابیٚ)یە وا دەکات ئەو وەرگرانە شیعرەکە بەوە لێکبدەنەوە کە (نالی) ویستیوەیەتی بڵیٚ لای خۆی مەستوورە ئەدیبە کەچی هاتە خەونم و ..هتد. بۆیە شیعرەکە بە شکانی مەستوورە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا نین و بە شێوازێکی دیکە دەڕوانینە هاوکێشەی نێو ئەم چامەیە، پێمان وایە کە (نالی) بەر لەوەی بچێتە ناو جیهانی خەونەکەوە، ئەگەرچی لەسەر زاری خەڵکی دیکەوەش بێت، دەیەویٚ بڵیٚ ئاگاداربن ئەم کەسایەتییەی کە باسی دەکەم حسابی ئەدیبم بۆ کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دواتر گفتوگۆکە ببێتە گفتوگۆی نێوان دوو شاعیر. (نالی) کە لەسەر زاری مەستوورەوە قسەدەکات توانستی شیعری خۆی بەخشیوەتە مەستوورە، واتە؛

[١] بەدبەختی شاعیر و نووسەرەکانمان، محمد ئەمین کاردۆخی، گۆڤاری بەیان، ژ(٢٢)، بەغدا، مارتی ١٩٧٥، ل١٩.

مەستوورەی گەیاندە پلەی خۆی لە شاعیرییەتیدا، بۆیە
لێرەدا مەستوورە نەشکاوەتەوە، بەڵکو حیسابی شاعیرێکی
بەرزی لە ئاستی (نالی) خۆیدا بۆ کراوە، خۆ ئەگەر (نالی)
مەبەستی شکاندنی مەستوورەش بووبێ کە دێت نیوەی
دێڕەکان دەکاتە دەربڕینی مەستوورە و پێشتریش خۆی
ئاماژەی بەوە کردووە کە ناوبراو ئەدیبە، ئەوە بیەوێ و
نەیەوێ لە مەبەستەکەی خۆی لای داوە، توانستێکی
شیعری باشی داوەتە پاڵ مەستوورە، جا بۆیە پێمان وانییە
ئەم چامەیە شکاندنی توانستی شاعرێتی مەستوورە بێت،
بەڵکو (نالی) لە ڕێی گفتوگۆوە دانی بە شاعیرییەتی
مەستوورەدا ناوە، بەڵام ئەگەر (نالی) مەبەستی راکێشانی
مەستوورەی حەسناش بووبێت بۆ ناو خەونەکەی ئەوا
دیسان نابێتە هۆی شکاندنەوەی وەکو کەسایەتی، هەتا
ئەگەر (نالی) مەبەستی شکاندنەوەشی بووبێت، چونکە (نالی)
لە کۆتایی چامەکەیدا خۆی دەشکێنێتەوە، هەروەها
شیعرەکە فۆرمی خەونی وەرگرتوە، خەونەکەش هی (نالی)یە
یا مەستوورەش هاتبێتە خەونەکەی، ئەوەتا دەڵێ:

**((نالی))! وەرە هەزلێکی کەعاری شوعرابێ**
**ڕوورەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ**
**تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ،**
**دەروێش و گەدا شاە و، دەبێ شاە گەدابێ** ل ٦٢٩



لێرەشدا دیسان دەتوانین بەڵگە بۆ ئەوە بهێنینەوە کە
(نالی) نا ڕاستەوخۆش بێت دانی بەوەدا ناوە کە مەستوورە
حەسناو ئەدیبە و پایە بەرزە، ئەوەتا دەڵێ: ئەگەر خەون و
خەیاڵ بێنەدی ئەوا (دەروێش و گەدا) کە (نالی) خۆیەتی
دەبێتە (شا)، چونکە (نالی) لەنێو شیعرەکەدا خۆی (شا)یە و
مەستوورە بۆ لای ئەو هاتووە و ئەوەی لە ڕاستیشدا (شا)
بێت لە خەونەکەدا دەبێتە گەدا کە لە شیعرەکەدا
مەستوورەیە واتە؛ (نالی) خۆی دەشکێنێتەوە، جارێکیان
لەبەر ئەوەی خەونی وای بینیوە و جارێکی دیکەش لەبەر
ئەوەی خۆی بە (گەدا) داناوە.

بەهەر حاڵ سەبارەت بە ڕایەکەی (کاردۆخی و گیوی
موکریانی) ئێمە ناتوانین بڵێین ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵکو بە
کاردانەوەیەکی ئاسایی دادەنێین، چونکە ئەو وەرگرانە
چاوەڕوانی شیعری وانەبوون و چوارچێوەی ڕوانینیان بۆ
شیعر دیاری کراو بوو، کەچی چامەکەی مەستوورە ئاسۆی
پێشبینییەکەیانی شڵەژاندن و دووچاری نوشستی کردن.
خوێندنەوەی ئەم وەرگرانە، بە خوێندنەوەی یەکەم لە قەڵەم
دەدەین، مەبەستمان لە خوێندنەوەی یەکەم ئەوەیە، کە ئەم
ڕایانە زادەی قووڵبوونەوە و دووبارە و سێ بارە
پێداچوونەوە نین، پێداچوونەوە نەك تەنیا بەسەر دەقەکەدا،
بەڵکو بەسەر ئاسۆی پێشبینییەکانی خۆیان بۆ

دەستنیشانکردنی ئێستێتیکای هونەری شیعر، جا لەبەر ئەوەیە دەڵێن نشوستی بە ئاسۆی پێشبینییەکانیان هێنا، چونکە ئەم شیعرە لادان بوو لە شتە باوەکان، خۆ دەکرا ئاسۆی پێشبینییەکانیان بگۆڕێ، بەڵام دیارە ئاستی رۆشنبیریی خۆیان و سەردەمەکەیان و بەها کۆمەڵایەیەتی و ئاینییەکان ئاسۆی بیرکردنەوەیانی بەرتەسك کردبوو، بۆیە مەودایان بە دەقەکە نەداوە تاکو ئاسۆی پێشبینییەکانیان بگۆڕێ یان هەر نەبێ وەڵامدانەوەیان بۆی هەبێت. لێرەدا جێی باسە ئاماژە بەوە بکەین کە تا ئێستاش دەشێ خەڵکانێك هەبن هاوشێوەی ئەو وەرگرانە بڕواننە ئەو دەقەی (نالی)، بەڵکو بەچاوێکی سوکتریش تەماشای بکەن یان هەر نەچن بەلایدا، بۆ نموونە وەرگرێکی ئافرەت بە ناوی (کەلسوم عوسمان پور) لەمەڕ ئەم شیعرەی (نالی)یەوە دەڵێ: ((من بە بەڵگەی عەقڵی و مەنتیقی دەیسەلمێنم کە (نالی) لە حوجرەکەیدا لەبارەی مەستوورەوە هەڵەی گەورە و گرفتی گەورەی رۆحی و دەروونی هەبووە... بێجگە لەو گرێی دەروونییە مەبەستیشی لە هەجوو، ئەوە بووە کە کەسایەتی مەستوورە بڕوخێنێ... نالی تەنیا لە بەیتی ئەوەلدا باسی ئەدیب بونی مەستوورە دەکات ئەویش زۆر سەرسەری و لە زوان خۆیەوە نابێژێ، بەڵکو لە زوان کەسانی دیکەوە دەیڵێ و خۆی تەئیدی ناکا و خۆی ئیمانی بە ئەدیب بوونی



مەستوورە نییە))[*1] ئەم وەرگرەمان (ئافرەت)ە، بێگومان جیاوازی رەگەزی وەرگرەکانیش دەبێتە هۆی جیاوازی ئاسۆی پێشبینییەکانیان و چۆنییەتی وەڵامدانەوەیان بۆ بەرهەمەکە، ئەم وەرگرە (نالی) وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵە دێتە بەرچاو کە هەمیشە ئافرەت لەلایەن ئەوانەوە دەچەوسێنرێتەوە، هەر خۆیان ئەخلاق دەکەنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئافرەت و هەر خۆشیان سنووری ئەم ئەخلاقیاتانە دەشکێنن، جابۆیە ئاسۆی پێشبینیی ئەم وەرگرە رازی نابێت وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤی بۆ شیعری هاوشێوەی شیعری مەستوورە هەبێت، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی نەگەتیڤی بۆ دەبێت و ئەم وەڵامدانەوەیەش لە بەرگری کردن لە هاوڕەگەزێکی خۆیدا و دژایەتی کردنی (نالی)دا بەرجەستە دەبێت، ئنجا تاکو پێوەر و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی لای ئەم وەرگرە نەگۆڕێ، شێوازی وەڵامدانەوەی بۆ شیعرەکەی (نالی) ناگۆڕێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چامەیەی (نالی) کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاسۆی پێشبینی کۆمەڵێك وەرگری دیکە تا ئەو رادەیەی

* لەمانگی ی١٢یساڵی ٢٠٠٥دا دەزگای ئاراس فیستیڤاڵێکی بۆ (مەستوورەی ئەردەلان)ی سازدا، ئەو رایەی سەرەوەش لەو فیستیڤاڵەدا دەربڕدراوە.

1 کەلسوم عوسمان پور- نالی زۆر سەرسەریانە تەماشای مەستوورەی کردووە،(رێپۆرتاژ)، رۆژنامەی میدیا، رۆژنامەیەکی سیاسی حەفتانەیە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات، ژ٢٢١، ٢٠ی١٢ی٢٠٠٥، ل١٣.

چەندین کەس ڕێ و شوێنی نالیان گرتۆتەبەر، بۆنموونە:((وەفایی، مسباح الدیوان چاویان لێکردووە و هەریەکەیان شیعرێکی بە پێودانی ئەم قەسیدەیەی (نالی) نوسیوە...))[1]، هەروەها (قانع) و چەندین شاعیری دیکەش هاوشێوەی ئەو بابەتەی (نالی) شیعریان نووسیوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گۆڕانی بارودۆخی ژیان و کرانەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە هۆی گۆڕانی هەندێك پێوەر و بنەما کە پێشتر لەناوخەڵکیدا باو بوون، پاشان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش تا رادەیەك گۆڕانی بەسەرداهات، ئەمەش بووە هۆی تێکشکاندنی بیرکردنەوە کۆنەکان و گۆڕانی ئاسۆی بینین و تێفکرینی خەڵکی. ئەم گۆڕانەش کاریگەری لەسەر وەرگرەکانی شیعری (نالی)ش هەبووە، چونکە لە روانگەی نوێ و جیاوازەوە باسی کراوە، (فاتح عبدالکریم) لە پێشەکی دیوانەکەی (نالی)دا لەمەڕ چامەکەی مەستوورەوە و لە وەڵامدانەوەی گیوی موکریانیدا دەڵێ: (من نە گلەیی لە (نالی) لەم روەوە بە رەوا ئەزانم کە شیعری وای لەبارەی مەستوورەوە وتووە نە لاشم وایە ئەگەر مەستوورەش وەڵامێکی لەم (تەڕتر)ی بدایەتەوە کەس بۆی هەبوو بڵێ

[1] نالی و مەستوورە،محمد حەمە باقی، رامان، ژ ١٤، هەولێر، ئابی ١٩٩٧، ل٨.



خراپی کردووە)[1] **.بێگومان ئاسۆی پێشبینی (فاتح عبدالکریم) لەگەڵ (گیوی موکریانی)دا جیاواز بووە، ئەو جیاوازییەش بۆ باکگراوندی رۆشنبیری و ئەدەبی هەردوو وەرگرەکە دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبینین لەکاتێکدا (گیو) لەگەڵ دەقەکەدا نییە، (فاتح عبدالکریم) پێی ئاساییە مەستوورەش وەڵامێکی لەم جۆرە بداتەوە. ئاوێتەبوونی (فاتح عبدالکریم) لەگەڵ دەقەکەدا لە ڕێگای ئەو زمانە بەرز و ئەو وەسفە جوانانە و ئەو مانا قووڵانەی نێو دەقەکەوەیە، ئاوێتەی ئەو دیاردە زمانەوانیانە بووە کە (نالی) لە دەقەکەیدا بەکاریهێناوە، هەروەها لەلای ئەو، شیعر زادەی هەست و خەیاڵی زاتی و تاقیکردنەوەیەکی ناوخۆی شاعیرە و کەس مافی ئەوەی نییە ڕێگای دەربڕینی (هەست) لە کەس رابگرێت. کەوابوو ئەم خوێنەرە لە توانایدایە وەڵامدانەوەی بۆ دەقەکەهەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گریمان ئەو خوێنەرە بیرکردنەوەیەکی فرە رەهەندی هەبێ و رۆشنبیربێ و لەلای ئاسایی بێت لە شیعرێکدا بەوشێوەیە وەسفی ئەندامی

[1] نالی،(دیوان)، مدرس،٦٩،

** (صدیق بۆرەکەیی) دیوانە کوردییەکەی مەستوورەی لە چاپداوە و لەوێدا و لە لاپەڕە (٨٢)دا وەڵامی مەستوورە بۆ نالی دەکەوێتە بەرچاو، کە گوایە مەستوورە بە شێوەیەکی توند و تیژ وەڵامی داوەتەوە: نالی جافانی، نالی جافانی/ چێش واچۆن وە تۆ کە جافانی... بڕوانە: کۆواری شین و یادی مەستوورە، بەدران حەبیب ئەحمەد، شین، ژ١٠، هەولێر، ئاداری ٢٠٠٥، ل١٠.

لەشی ئافرەت بکریٚ، بەڵام ئایا ئەگەر هونەری نووسینی شیعرەکە لە ئاستێکی بەرزدا نەبێت، وەرگر دەتوانیٚ ئاوێتەی دەقەکە بێت؟ یاخود دەقەکە دەتوانیٚ لەنێو چەشەی ئێستێتیکی وەرگردا خۆی بنوێنیٚ؟ ئەگەر بهاتبایە هەمان بابەتی ئەم شیعرە بە زمانێکی ئاسایی یان لەڕێگای گێرانەوەیەکی بیٚ جوانکاری بنووسرایە، ئەوا بیٚ گومان ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو و خوێنەرەکانیش ئاوێتەی نەدەبوون و کارلێککردنی نێوان دەقەکە و خوێنەر رووی نەدەدا، واتە؛ بەهای ئێستێتیکای دەق خاڵێکی گرنگە بۆ ئاوێتە بوونی وەرگر لەگەڵ دەقەکەدا[*]،ئەگەرچی لەنێو تیۆری وەرگرتندا

---

[*] دەشیٚ رەخنە لەم قسەیەی سەرەوە بگیریٚ و بڵێن، مەرج نییە (دەق هێندە بەپێز بیٚ بۆ ئەوەی وەرگر ئاوێتە بیٚ، ئەوا تائێستا هێندە دەقی کرچ وکاڵ هەیە کەچی وەرگریشی هەیە و ئاوێتەی بوونە، لێرەدا پێویستە هەندیٚ شت ڕوون بکەینەوە:مەبەستی ئێمە لە دەق، دەقی ئەدەبیە، بەرهەمێکە پڕ بە پێستی وشەی ئەدەب بیٚ،جا بەها ئێستێتیکی دەقەکە لە زمان و دەربڕین بیٚ لە وێنەکانی بیٚ لە ئاواز و دەنگەکان یان لە بابەتی دەقەکە بێت لە هەر چ لایەنێکی هونەریدا بێت یاخود لە هەموویدا کۆ بووبێتەوە، گرنگ ئەوەیە ئەدەب بێت، و هەموو نووسینێك هونەر و ئەدەب نییە، زۆر بەرهەم هەیە ناوی شیعری لێنراوە، کەچی خۆی تەنیا ریزکردنی وشەیە و هیچی تر، بەهەمان شێوە وەرگرمان هەیە تەنها دەزانیٚ بخوێنێتەوە یان ببیستیٚ و ببینیٚ و لە توانای دایە چێژ لە هەندێك شت وەربگریٚ و کە بەلای خەڵکانێکی دیکە کرچ و کاڵن، ئەم جۆرە وەرگرتنەش زۆر ئاساییە، چونکە ئاستی رۆشنبیری وەرگرەکە لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا نزیکە و چەشەی وەرگرەکە لەگەڵ ئەو چەشەیەی کەدەقەکە دەی بەخشیٚ هاوتەریبە، جا ئاوێتەبوونەکەش هەر لەو ئاستەدا دەبێت و بەهای ئێستێتیکی دەقەکە پێوەندی بە شارەزای وەرگرەکەوە هەیە لەمەڕ زمان و ئەدەب و توانستی جیاکردنەوەی زمانی ئاسایی و ئەدەبی، واتە؛ پێوەندی بە زەوقی ئەدەبی وەرگرەکەوە هەیە جا لەبەر ئەوە لەو حاڵەتەشدا دەقەکە گرنگە بەلای ئەو جۆرە وەرگرەوە، چونکە دەبیٚ بەهای دەقەکەش نزیك بیٚ لە ئاستی وەرگرتنەکەی.



زیاتر جەخت لەسەر پرۆسەی وەرگرتنەکە دەکەن، بەتایبەتی خوێنەرەکە یان وەرگرەکە.

هەر لەمەڕ چامەکەی مەستوورەوە دەچینە سەر خوێندنەوەیەکی دیکە و ئاسۆیەکی دیکە، (رێبوار سیوەیلی) ئاسۆی پێشبینی کردن و وەرگرتنی بۆئەم دەقە لە وەرگرەکانی دیکە جیاوازە. چامەکە کاریگەری لەسەر ئاسۆی پێشبینی ئەم وەرگرەش هەبووە. لێرەدا ئێمە دەبیٚ بگەڕێینەوە سەر ئاسۆی پێشبینی و بزانین ئەم چەمکە لەم دۆخەدا چۆن کاردەکات و چ مانایەکی هەیە. ئێمە وتمان ئاسۆی پێشبینی پێکهاتەیەکە لە (ئاستی زمانزانیی و ئەدەب ناسی و باکگراوندی رۆشنبیری)ی وەرگرەکە. جا کاتیٚ بەرهەمێکی نویٚ دێتە کایەوە، وەرگر بەپێی ئاسۆی پێشبینی خۆی چاوەڕێی هەندیك وەڵامی لێدەکات، جائەگەر بەرهەمەکە ئەو وەڵامانەی کە وەرگر پێشبینی دەکرد پێی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك پرسیاری نوێی وروژاند، ئەوا بەرهەمێکی سەرکەوتووە و دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی و چەشەی ئێستێتیکی، بەڵام (سیوەیلی) هاوسەردەمی (نالی) نەبووە، چۆن توانیویەتی ئاسنامەیەکی

نویٚ بداتە پاڵ چامەکەی مەستوورە و چۆن دەتوانیٚ باس لە جیهانبینی شاعیر و ئیرۆتیکای* شیعری (نالی) بکات ؟

شیعرەکانی (نالی) کە سەر بە سەردەمیٚکی جیاوازن چۆن کاریگەرییان دەبیٚت لەسەر وەرگرەکانی ئیٚستا و ئاویٚتەیان دەبن و کار دەکاتە سەر ئاسۆی پیٚشبینییەکانیان؟ دیارە وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە لە نیٚو دەقەکە دایە، کە هەڵگری ئەو بنەما مرۆڤایەتی و ئیستیٚتیکییە زیندووانەیە کە وادەکات ئاسۆی پیٚشبینی وەرگرەکان بۆ شیعری کلاسیکی بگۆڕیٚت و لە نیٚو جیهانی خۆیاندا دووبارە ناسنامەی بۆ دروست بکەنەوە (( گرنگی (نالی) بۆ ئەمڕۆی ئیٚمە لەوە دانییە کە بمانبەستیٚ بە هیٚزیٚکی خوداییەوە هیٚندەی ئەوەی بەستنەوەمان بە داهیٚنانیٚکی شاعیرانەی ڕۆژگاریٚکی تیٚپەڕیوی میللەتەکەمانەوە، ڕۆژگاریٚک کە هەتا ئیٚستا لە ئیٚمەدا ئامادەیە لیٚرەدا قسەکردنی ئیٚمە لە سەر

* شیعری ئیرۆتیکی ( erotic poetry - الشعر المكشوف) ئەم جۆر شیعرە باسی سیٚکس و خۆشەویستی سیٚکسی دەکات و جیاوازە لە شیعری دلداری و سۆزداری، چونکە جۆری دووەمیان ناچیٚتە ناو وردەکاری ڕەگەزی بەرامبەر تەنیا چەند حالەتیٚکی دەگمەن نەبیٚت و شیعری ئیرۆتیکیش بە پیٚچەوانەی دلداریە کە بە زیاتر باسی لایەنە فیزیاوییەکان دەکات لە کردەی خۆشەویستی و بناغەی پەیدا بوونی ئەم جۆرە شیعرە بۆ ڕۆشنبیری (هیندی و عەرەبی ) دەگەڕیٚتەوە بڕوانە فەرهەنگی ( dictionary of literary terms and literary theory, p ٢٨٤) دەتوانین بلٚیٚین نالیش لەم جۆرە شیعرەی هەیە بۆ نموونە چامەکەی مەستوورە و ئیلتقای پۆلا و ئاسن و شەوی بە هاری جوانی.



(نالی) و بەرهەمەکانی هەر بەتەنیا خۆنوادنیٚکی ڕەخنەیی و سەلماندنی بانگەشەیەکی تایبەتی نییە لەسەر شیعری کلاسیك: بەڵکو پیٚش هەموو شتیٚ بریتییە لە بەرهەم هیٚنان و ڕاڤەیەك کە تایبەتە بە خۆمان و هەڵگری ئەو مەرجانە بیٚت کە ئەوەی ئیٚمە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرهەمی کلاسیکەکاندا لیٚوەی هەنگاو دەنیٚت))[1].

لەسەر ئەم بنەمایەوە سیوەیلی دیٚت باسی مەستوورە دەکات لە ڕوانگەیەکی دیکەوە و ئەم دەقە بە دەقیٚکی گرنگ لە قەڵەم دەدات، چونکە (( پەردەی لە سەر ئەو ژینگە شارستانییە هەڵماڵیوە کە سزای ئافرەتی بە شەللاق و زەربەت لیٚدان بڕیوەتەوە و بە کیٚڵگەی پیاوانی ناو بردوون " نسائكم حرث لكم"))[2]هەروەها (( تا ئیٚستاش نەك یاسا ئاینی و دەزگاکانی فیکری دینی لە ناوچەی ئیٚمەدا نەیانتوانیوە یاساخی بکەن، بەڵکوو خۆشیان لیٚ حاڵیٚ نەکردووە ... هتد ))[3]. (سیوەیلی ) بەتەواوەتی لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەڕوانیٚتە دەقەکە، ئەو باسی ئەوە ناکات ئایا دەقەکە شکاندنەوەی مەستوورەیە یان پیاهەڵدانە؟، ئەو باسی دۆخیٚکی دەروونی تایبەتیی مرۆڤ دەکات لەنیٚو

[1] کتیٚبی نالی، ڕیبوار سیوەیلی، چ ١، دەزگای موکریانی، هەولیٚر، ٢٠٠١، ل١٥٣– ١٥٤.
[2] سەرچاوەی پیٚشوو، ل ٩٠.
[3] سەرچاوەی پیٚشوو، هەمان لاپەڕە .

کۆمەڵێك دەستوری کۆمەڵایەتی و ئاینیدا و پێی وایە مەبەست لە مەستوورە، مەستوورەی ئافرەت نییە، بەڵکو (عەورەت)ە و دەکرێ لە جێگای مەستوورە مەحبوبە بێ یان هەرکەسێکی دیکە بێت، جا ئەگەر وابێت دەبێ (نالی)ش تەعبیر بێ لەهەر پیاوێکی دیکە. ئەگەر چی لەراستیشدا مەبەستی (نالی) خودی مەستوورەی ئەدیب بێت، بەڵام ئەوەی رێگا بە سیوەیلی و خەڵکیتر دەدات چەمکی فراوانتر ببەخشنە کەسایەتییەکان، ئەزموون و بابەتی نێو دەقەکەیە کە گوزارشت لە دۆخێکی ناوەوەی مرۆڤ دەکات ودەشێ ئەم دۆخە دووبارە بێتەوە لە لای هەرکەسێکی دیکەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەقەکە کۆمەڵێك یاسای بەزاندووە، ئەم بەزاندنی سنوورەو ئەو یارییە زمانەوانی و واتا قووڵانەی نێو دەقەکە، رێگا دەدات بە (سیوەیلی) باسی (وەهمی مەستوورە/مەستوورەی وەهم) بکات و چامەکە بە پەردە هەڵماڵین دابنێت لەسەر ئەو ژینگەیەی کە سزای ئافرەت دەدات...هتد.لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، کە (سیوەیلی) هیچ رۆڵی نییە و بەهای پرۆسەکە تەنیا لەدەقەکەدایە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەگەر ئاسۆی نوێی وەرگر نەبێ و ئێستێتیکای نوێ نەبێت لە پرۆسەی وەرگرتندا، ئەوە دەقەکە لە جێگای خۆی دەمینێتەوە و هیچ ناسنامەیەکی نوێی بۆ دروست نابێ، واتە؛ ئاسۆ نوێیەکانی وەرگر دەبێتە



هۆی بەخشینی ناسنامەیەکی نوێ بۆ دەقەکە، هەتا ئاسۆی پێشبینییەکان زۆرتربن و لە هەڵبەز و دابەزدابن رۆحێکی دیکە بە بەر دەقەکەدا دەکەنەوە، بۆیە ئەم چامەیەی (نالی) جگە لەوەی شیعرییەتی دەق و نەمر بوونەکەی نیشان دەدات بە قازانجی تیۆری وەرگرتنیش دەشکێتەوە، کە دەقێکی فرە رەهەند و فرە دەنگ و فرە واتا و فرە موناسەبەیە. وەرگرێکی دیکەش (عبدالخالق یەعقوبی) لە وتارێکیدا بەرگری لە شیعرەکەی (نالی) دەکات کە بۆ مەستوورەی نووسیوە و ئەم شیعرە کاریگەریی لەسەر ئاسۆی پێشبینی ئەم وەرگرەش کردووە و بۆیە دەڵێ: ((ئەوانەی کە پێیان وایە نالی نەدەبووایە ئەم شیعرەی بنووسیبایە و لەم رێگایەوە هیومانیزمی جیهانی شیعری خۆی بخستبایەتە مەترسییەوە، نە لە مەنتیقی جیهانی شیعر تێگەیشتوون، نە لە سیستەمی دنیابینی شیعری نالی شارەزان...))[١]. واتە؛ ئەم وەرگرەش بە پێی روانین و لە گۆشە نیگای خۆیەوە بڕیاری لەسەر چامەکەی (نالی) و وەرگرەکانی داوە.

بەکورتی دەق لەتوانای دایە کاریگەری لەسەر ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکان هەبێ و وەرگریش دەتوانێ لەڕێگای

[١] جەستەی مەستوورە لە رۆحی شیعری نالی- دا، عەبدولخالیق یەعقووبی، شین (کۆوارێکی مانگانەیە دەزگای ئاراس دەری دەکات)، ژ١٩، تشرینی دووەم، ٢٠٠٦، ل١٠٨.

بەکارخستنی ئەو دەقە لەنێو نێوەندی ڕۆشنبیری خۆیدا ناسنامەی نوێ ببەخشێ بە دەقەکە. ئێمە هەوڵمان داوە چەند رایەك لەمەڕ چامەکەی مەستوورەوە باس بکەین، تاکو جیاوازی نێوان ئاسۆی پێشبینی و بیرکردنەوەی چەند وەرگرێکی جیاوازی سەر بە قۆناغی جیاوازمان لاروونبێتەوە و ئەگەر بەراوردێکی ئەو رایانە بکەین دەتوانین جیاوازی نێوان ئاسۆ کان دەستنیشان بکەین.

هەر لەمەڕ (ئاسۆی پێشبینی)یەوە، خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش گۆڕانی ئاسۆی تاکە کەسێکە بەپێی گۆڕانی قۆناغ و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە ((رەخنەگرانی وەڵامدانەوەی خوێنەر جەخت لەسەر دوو خاڵی زیاتر دەکەن سەبارەت بە مەودا و جۆرا و جۆریەتی لێکدانەوەکانی خوێنەران، یەکەمیان لێکدانەوەی تاکە خوێنەرێك بۆ بەرهەمێك دەشێ بگۆڕێت، لەراستیدا ئەو گۆڕانەش لەوانەیە پێوەندی بە کاتەوە هەبێت))[1].

لێرەدا خۆم بە نموونەی وەرگرێك دەهێنمەوە، سەرەتا کە لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی بەکەلۆریۆسدا شیعری (نالی)مان دەخوێند، لەو کاتەدا (نالی) بۆ من و زۆر کەسی دیکەش تەنیا کۆمەڵێك وشەی قورس و زمانێکی تێکەڵاو و

[1] رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، رۆبەرت دیانی، و: عەتا قەرەداخی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ؟، ل٧٧.



هەندێك لێکچواندن و خوازە (کە نێوچەوانمان بۆ گرژ دەکردەوە تاکو لێی تێبگەین) هیچی دیکە نەبوو، ئەمەش پێوەندی بە خوێندنەوەی یەکەمەوە هەبوو. لەم خوێندنەوەیەدا دەقێك ئامادە بوو لەنێو باکگراوندێك یان لەنێو ئاسۆیەك کە لەتوانای دا نەبوو وەڵامدانەوەی بۆ دەقەکە هەبێت، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئاستی زانستی و مەودای ڕۆشنبیری، پێوەرەکان گۆڕان. پاش چەند ساڵێك فێربووم چێژ لە (نالی) وەرگرم، دواتر خوێندنەوەی بۆ بکەم و لە رێگای بینینی ئاسۆیەکی نوێوە، وەڵامدانەوەم بۆ دەقەکان هەبێت و گومانیشی تێدا نییە پاش قۆناغێکی دیکەش ئەگەر جارێکی دیکە (نالی) بخوێنمەوە ئەوە ئاسۆیەکی پێشبینی جیاوازم دەبێ و دەشێ خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەم. واتا تەمەنی مرۆڤ وقۆناغی ڕۆشنبیری کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی وئاسۆی روانینی وەرگر بۆ دەق[*].

[*] (نالی) خوێندنەوەیەکی زۆری بۆ کراوە و ئەوەی ئێمە باسمان کرد چەند نموونەیەك بوو، بە مەبەستی روونکردنەوەی کاریگەری دەقەکانی (نالی) لەسەر ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی بوو و لە بەشی دووەمی باسەکەدا لە تەوەرێکدا بە وردی باسی خاڵە پێشبینی کراو و پێشبینی نەکراوەکانی (المتوقع و الامتوقع)ی نێو دەقەکانی (نالی) دەکەین.

بەمەبەستی روونکردنەوەی رۆڵی ئێستێتیکای وەرگرتنی دەق، وا باشە دوو دەقی سەردەمی جیاواز لەبەرامبەر یەك دابنێین، بۆ نموونە (نالی) دەڵێ:

- **((نالی)) نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**

**ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا** ل٧٨

کەچی (گۆران) دەڵێ:

- **هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**

**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**[1]

بڕوانە (نالی) دەڵێ: من نیازی گوتنی شیعری پڕ حیکمەت و بەکارهێنانی سیحری روونبێژیم هەیە بەڵام توانای دارشتنم نییە، بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستەش سیحری بەیان و حیکمەتی شیعر و قودرەتی ئینشا بەکاردەهێنی کە هەمووی لە فەرموودەی پێغەمبەر و ئایەتی قورئان خوازراوە. (گۆران)یش دەڵێ: دەمەوێ خەیاڵەکەم بخەمە نێو چوارچێوەی شیعرێکەوە، بەڵام هەرچەند ئەکەم لەتوانامدا نییە ئەم کارە ئەنجامدەم، گۆران لە دەربڕینەکەیدا وشەی خەیاڵ و مەبەست و هەڵبەست بەکاردەهێنێت، خۆ دەشێ (نالی)یش لە شیعرەکانیدا وشەی خەیاڵ و مەستی بەکارهێنابێ، بەڵام شێوازی مامەڵە کردن و واتا پێ بەخشینەکەیان جیاوازە.

[1] دیوانی گۆران، عبدللە گۆران، چ٣، بڵاوکراوەی پانیژ، تەهران، ٢٠٠٣، ل ١١٣.



لێرەدا ئەم دوو دەقە زۆر لەیەکەوە نزیکن، هەردووکیان لەمەڕ دەربڕینی توانای شیعریی خۆیانەوە گوزارشت لە توانستی شاعیر دەکەن، بەڵام زۆریش جیاوازن، جیاوازییەکەیان لە چۆنییەتی دەربڕین و کەرەسەی دەربڕینەکەیە، بۆ نموونە (نالی) لەسەردەمێکدا شیعری نوسیووە شێوازی بیرکردنەوە و موفرەداتی زمان و بواری رۆشنبیری سەرچاوەی لە ئاینەوە بووە، کەچی (گۆران) لە دەوروبەرێکی دیکەوە و لەژێر کاریگەری رێبازێکی دیکەدا دێت و خەیاڵ دەکاتە هۆی مەست بوونی و دەیەوێت بیخاتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستێك.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە جیاوازی نێوان شێوازی دوو شاعیرە، ئەگەرچی تەعبیریشیان لەیەك مەبەست کردبێ (ویستنی شیعر نووسین و نەتوانین)، ئینجا جیاوازی نێوان وەرگرەکانیانە، وەرگرێکی سەردەمی (نالی) چێژی لە حیکمەتی شیعر و سیحری بەیانی وەرگرتووە، کەچی وەرگری (گۆران) لەو وشە ناسك و دەربڕینە هەستیارانە چێژ وەردەگرێ. باشە ئەگەر وەرگرێکی سەردەمی (نالی) زیندوو بکەینەوە و ئەم دێڕەی (گۆران)ی بۆ بخوێنینەوە، ئایا دەتوانێ ئاوێتەی بێت وەك چۆن ئاوێتەی ئەو شیعرەی (نالی) بووە؟ بێگومان ئەم دەقە دەبێتە هۆی وروژاندنی ئاسۆی پێشبینی ئەم وەرگرە، چونکە چەشەی ئێستێتیکی

ئەو لەگەڵ ئەم جۆرە شیعرەدا رانەهاتووە، بە پێچەوانەشەوە هەندێك لە وەرگرەكانی سەردەمی (گۆران) شیعری (نالی)یان رەتكردۆتـەوە، ئـەوەش بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی كێشەی نێـوان كـۆن و نـوێ لـە نێـو ئـەدەبیاتی كوردیـدا. ئـەم جیاوازییـەی نێـوان چەشـەی وەرگـرتنی ئـەم وەرگرانـە سەرچاوەكەی لە جیاوازی نێوان ئاسۆی پێشبینییەكانیانە و ئێمـە نـاتوانین بڵـێین كـام لـەم دوو دەقـە زینـدووتر یـان جـوانتر و رێكـترە، بـەڵكو ئـەوەی بڕیـار لەسـەر ئـەم دەقانـە دەدات، ئێـستێتیكای وەرگـرتنی دەقەكانــە لــە لایــەن وەرگرەكانەوە و هەریەك لەو دەقانەش كاریگەری خۆی هەیە و دەشێ چەشەیەكی تایبەتی بە وەرگرەكانی ببەخشێ، با هـەردوو دێرەكـەش هاوەمەبەسـت بـن، گـرنگ ئەوەیـە ئێستێتیكای وەرگرتنەكان جیاوازە.

## ولفگانگ ئایزەر و كردەی ئاوێتە بوون

(ئـایزەر) رابـەرێكی دیكـەی قوتابخانـە ئەڵمانییەكـەی تیـۆری وەرگرتنـە و لـە دووتـوێی كتێبەكـەی دا ((كـرداری خوێندنەوە_ تیۆری وەڵامدانـەوەی ئێستێتیكی))دا (( The act of reading: theory of aesthetic response)) بە وردی باسی رۆڵی خوێنەر لە پرۆسەی ئەدەبیدا دەكات.



(لەلای (ئایزەر) خاڵی دەسپێك بۆ كارەكانی ئەو پرسیارە بوو، ئایا چۆن دەق واتای لەلای خوێنەر دەبێ ؟ مەبەست لـە واتاش، واتای شاراوەی نێو دەقەكە نییە وەك لە تێگەیشتنە كلاسیكییەكەیدا باوە، بەڵكو ئەو واتایەیـە كـە لـە ئەنجامی كـارلێكردنی نێـوان خوێنـەر و دەق دروسـت دەبـێ، واتـە؛ شـتێكە دەكـرێ ئـەنجام بـدرێ و مومارەسـە بكـرێ)[١]، كـاری ئەدەبی لەلای (ئایزەر) دوو جەمسەری هەیە، جەمسەرێكیان هونەرییە ئەوی دی ئێستێتیكییە، یەكەمیان بریتییە لـە دەق كـە نووسـەر دروسـتی دەكـات، دووەمیـانیش بەرجەسـتە كردنـی دەقـە لەلایـەن خوێنـەرەوە، واتـە؛ لـە نێـو ئـەم جەمسەرانەدا كاری ئەدەبی نـە یەكسانە بە دەقەكە و نە بە بەرجەستەكردنەكەی، بەڵكو لە شوێنێكی نێوان هەردووكیان دایە، لێرەدا دەق بوونێك نییە بتوانرێ پێناسەی بۆ بكرێ، بـەڵام ئەگـەر بێـت و دەق بـە شـتێك دابنـێین ئـەوە بـە دیاردەیـەكی دینـامیكی دایـدەنێین[٢]. و بـەم پێیـە ئـەركی لێكدەرەوە دەبێتە روون كردنـەوەی واتا هـەڵگیراوەكانی نێو دەق[٣]. (ئایزەر) (بە هەمان شێوەی ئینگاردن دەڕوانێتـە دەق

[١] نظرية التلقي، هولب، ص١٨.

[٢] فعل القراءة_ جمالية التجاوب فى الادب، فولفغانغ ايزر،ت: حميد الحمداني و جلال الكدية، مكتبة المناهل، فاس، ؟، ص١٢-١٣.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

و بە پەیکەری ئێسك یاخود هێڵکارییەك دایدەنێت کە دەبێ خوێنەر پڕی بکاتەوە و بەرجەستەی بکات)[1] .

لـەلای (ئـایزەر) کـاری هونـەری لـە کـاتی پرۆسـەی خوێندنـەوەدا دروسـت دەبـێ و گەوهـەری کـاری ئـەدەبی و واتاکەی بە دەقەکەوە پەیوەست نین، بەڵکو دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا پێکهێنەرەکانی دەق لەگەڵ خەیاڵی خوێنەردا کارلێکدەکەن و لە میانی ئەم پرۆسەیەشدا، دەبێ خوێنـەر کـارێکی هونـەری نـوێ دروسـت بکـات کـە هێـشتا بوونی نەبووبێت. لە ئەنجام دا شێوەی واتایـەکی نوێ دێتـە کایەوە، کە بەرهەمی چالاکی خوێنەرە لە لێکدانـەوەی واتـای دەقـدا[2]. جـا بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بتـوانێ واتـای نـوێ و لێکدانەوەی نوێ بۆ بەرهەمی ئەدەبی بخاتـە روو، پێویستی بـە کـارێکی ئـەدەبیی سـەرکەوتوو دەبێـت، کـاری ئـەدەبیی سەرکەوتوو نابێت بەتـەواوەتی روون بێت لـە نمایـشکردنی توخمەکانی، چونکە دواجار خوێنـەر لێی وەڕس دەبێ، جا ئەگەر دەقی ئـەدەبی توخمـەکانی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا خستە روو، ئەوا نووسـەر هیچ بۆ خوێنـەر ناهێڵێتـەوە تـاکو ئەنجامی بدات، بۆیـە لێی بێزار دەبێت. (ئایزەر) پێی وایـە چێژی خوێنـەر لەوەدایـە کـە خۆی ببێتـە بەرهـەمهێنی کـاری

[1] نظرية التلقي، هولب، ص٢٠٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦-٢٢٧.



ئەدەبی، و واتای دەق خۆی دروستی بکات، بەڵام بە پشت بەستن بە ڕێنماییەکانی دەقەکە[*1] .

ئـەوەی باسـکرا هێڵـە سـەرەکییەکانی تیۆرەکـەی (ئـایزەر) بـوو، بـەڵام (ئـایزەر) کۆمـەڵێك چـەمك و دەسـتەواژەی بـۆ پێناسە کردنی وەرگرتن و کارلێکردنی نێوان خوێنەر و دەق بـەکار هێنـاوە و چـەمکەکانی (ئینگـاردن)یـش لەمـەڕ کـاری هونـــەری و ئەدەبیـــەوە کاریگەرییـــەکی زۆریـــان بەســـەر تیۆرەکـەی (ئـایزەر)ەوە هـەبووە. ئـەم کاریگەرییـەش لـەوەدا بەرجەسـتە دەبـێ کـە جـەختی لەسـەر کـرداری خوێندنـەوە کردووە و بە چالاکییەکی کارەکی و زەینی داناوە بۆ بەرهـەم هێنـانی واتـا و دروسـت کردنـی بابـەتێکی ئێـستێتیکی تۆکمە[2]. ئێستاش هەوڵدەدەین بە کورتی باسی هەندێك لـە چەمکەکانی تیۆریەکەی (ئایزەر) بکەین:

[*] (ئیمبرتۆ ئیکۆ- Umberto Eco)ی ئیتاڵی لە ساڵی١٩٧٩ لە کتێبەکەی (خوێنـەر لەنێو حکایـەت)دا شـیکردنەوەیەك دەکـات نـاوی لێـدەنێت هەماهـەنگی نێـوان خوێندنـەوە و وەڵامدانـەوەی خوێندنـەوە کـە لـە بۆچـوونی (ئـایزەر)ەوە زۆر نزیکـە و مەبەسـت لـەم شیکردنەوەیە پرۆگـرام کردنـی شێوازی وەرگرتنـە لەلایـەن دەقـەوە واتـە؛ دەبـێ خوێنـەر بزانێت چۆن وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ ئەو بانگەوازە شاراوانەی نێو دەق. بڕوانـە: نظريـات القراءة و تأويل، حسن مصطفى، ص١٣.
[1] نظرية التلقي، هولب، ص٢٣١-٢٣٧.
[2] النص و تفاعل المتلقي، حميد سمير، ص٣٧.

## ١. كۆگای دەق* (Lerepertoire du text)

مەبەست لە كۆگای دەق ئەو جێگا ناسراوەیە كە تێیدا دەق و خوێنەر بەیەك دەگەن بۆ ئەوەی پرۆسەی پێوەندی ئەدەبی دروست ببێ، بەڵام ئەگەر كۆگای دەقەكە بەگشتی زانراوبوو و ئاشكرا بوو ئەوە لەو كاتەدا دەق ئەركی خۆی نابینێ لە گەیاندنی زانیارییەكی نوێ بە خوێنەرەكەی، جا لەبەر ئەوە دەقی ئەدەبی لە ڕێگای كۆگاكەیەوە پەیوەست دەبێ بە پێوەرە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكانەوە، وەك چۆن پەیوەستە بە نەریتە ئەدەبییەكان، ئەمەش وا لە خوێنەر دەكات نرخی دەقەكە لەنێو ژیانی واقیعیدا بەهەند وەربگرێ[1]، ئەو توخمە ناسراوانەی كە كۆگای دەقەكە پێكدێنن تەنیا پێوەندییان بە دەقەكانی پێشووترەوە نییە، بەڵكو زیاتر پێوەندییان بە پێوەرە كۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕۆشنبیرییەكانەوە هەیە كە دەقەكە لە ئەنجامیدا و لە نێویدا دروست بووە، كۆگای دەق بەشێكە لە پێكهاتەی دەقەكە كە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ شتەكانی دەور و بەری دەقەكە دەكات[2].

* مەبەستمان لە كۆگای _تۆماری دەق (سجل النص)ە یەكێكە لە چەمكەكانی (ئایزەر)، ئەم چەمكە لە عەرەبیدا چەند دەستەواژەیەكی بۆ بەكار هاتووە وەك (رصيد النص) (الذخيرة)، بڕوانە:من فلسفات التاويل الى نظريات القراءة، عبدالكريم شرفي، الدار العربية للعلوم، ط١، الجزائر، ٢٠٠٧، ص١٩١.

[1] نظرية التلقي، هولب، ص٢٠٨-٢٠٩

[2] من فلسفات التأويل، عبدالكريم شرفي، ص١٩٣-١٩٤.



(جا لەبەر ئەوەی كۆگای دەق بریتییە لە ئاوێتە بوونی ئەدەبەكانی پێشووتر و پێوەرە دەرەكییەكانی دەرەوەی دەق)[1] ئەوا چەند ئەركێك دەخرێتە پاڵی، یەكێكیان دەستنیشان كردنی چوارچێوە و سنووری كارلێكردن و گفتوگۆی نێوان دەق و خوێنەر، دووەمیان بەهۆی كۆگای دەقەوە خوێنەر دەتوانێ ئەو دەوروبەرە مێژووییەی كە دەقەكەی تێدا دروست بووە بونیاد بنێ[2].

بە كورتی دەتوانین كۆگای دەق وەك دەفتەرێك بێنینە پێش چاوی خۆمان لەنێو لاپەڕەكانیدا شت نووسرابێ، ئەو شتانەش كە نووسراوە هەمووی زانیارییە لەبارەی دەقەكەوە و پێوەندی بە دەور و بەرەكەیەوەیە، خوێنەریش دێت لەنێو ئەم دەفتەرەدا ناسنامەیەك بۆ دەقەكە دەدۆزێتەوە یان دروستی دەكات.

**كۆگای دەق و شیعری**

**تافەلەك دەوری**
**نەدا........**
**تافەلەك دەورەی نەدا-**
**صد كەوكەبی ئاوا نەبو-**
**كەوكەبی میهری موبارك**

[1] سەرچاوە پێشوو، ص١٩٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٩.

طه لعه تی پەیدا نەبو
تا نەگریا ئاسمان، تەم
ولاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبو،
هەم لێوی غونچە وانەبو
تا چەمەن پیرا لەسەر،
ئەصلی درەختی لانەدا



فەرعی تازە، خوڕڕەم و
بەرز و بوڵەند بالانەبو
تا( سولە یمانان ) نەبونە
صەدری تەختی ئاخیرەت
( ئەحمەدی موختار )ی
ئێمە شاهی تەخت ئارا
نەبو
قیصصە بێ پەردە و
کینایەت خۆشە : شاهی
مەن کەوا
عادیلێ بۆ قەت عەدیلی
ئەو لە دنیادا نەبو،
بۆ نشینگەی مورغی رۆحی
ئەو کە عالی فیطرە تە
جێگەیی خۆشتر لە رە
وضە ی ( جنة المأوى )
نەبو،
وەك قیاسێکی کە موثبە
ت بێ، نەتیجەی بێتەجێ
حمد و لیلا شەه کە عالی
جابو، خالی جانە بو

**شاهی جەم جا ((ئالیا))**
**(تأریخی جم) تەئریخیە**
**دا ئەلێن لەم عەصرەدا**
**ئەسـکەندەری جـەم**
**جانـەبو**
. ل ٣٧٠-٣٧٤

ئـەم شـیعرەی (نـالی) کـە بەبۆنەیـەکی دیـاری کـراوەوە نوسیویەتی، دەبێتە کێڵگەی کارەکەی ئێمە و لە ڕێگایەوە کۆگای دەقەوە ڕوونی دەکەینەوە. مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دەقەدا لە ڕێگای پێدراوەکانی دەقدا دەبێت، پاشان خوێنەر دێت ئەو پێدراوانە لە نێو باکگراوندی ڕۆشنبیری خۆیدا دەتوێنێتەوە.

ئەو پێدراوانەی کە کۆگای دەقەکەیان دروستکردووە:

١- ئەم دەقە کۆمەڵێك دەستەواژەی فەلەکی و سروشتی و مێژوویی و لۆژیکی دەگرێتە خۆی، لەسەر کێشی عەروزی نووسراوە، زمانەکەی ئاوێتەیە بە وشەی عەرەبی و فارسی و هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا بەکارهاتووە.

٢- زانیارییەکان:

- زەوی بەدەوری خۆیدا دەسورێتەوە و لە ئەنجامدا شەو و ڕۆژی لێ پەیدا دەبێت، لە ماوەی ئەم خولەشدا مانگ و ئەستێرەکان دەردەکەون، و کە ئاوابوون خۆر هەڵدێت (ئەم



زانیارییە دیاردەیەکی ڕاستە قینەیە و لە لای وەرگر جێگیرە).

- باران کە دەبارێت دەبێتە هۆی شین بوونی گوڵ و گوڵزار (دیاردەیەکی زانراوە).

- درەختی گەورە کە پەرچ دەکرێ لقەکانی جوانتر دەڕوێنەوە (ئەمەش دیاردەیەکی زانراوە بۆ کەسێك کە زانیاری هەبێ لەسەر ڕواندنی درەخت).

- (سولەیمانان) دەمرن و دەبنە سەرۆك وەزیرانی ئەودونیا (ئەحمەدی موختار) یش دەبێتە پاشا.

- پەردە هەڵماڵین لەسەر زانیارییەك کە پێشتر ڕاستەوخۆ نەدرکاوە، ئینجا ئاماژە بە هەبوونی پاشایەکی دادوەر دەکات، کە ڕۆحی بە بەهەشت شادبووە.

- ئەم دەقە ئاماژەی بەوە کردووە کە پاشایەك دەمرێ و یەکێکی دیکە دێتە جێگای.

- مێژووی مردنی پاشای کۆچکردوو دیاری دەکات و ئەو پاشایە دەچوێنێ بە ناوی دوو پاشای مێژوویی کە (جەمشید و ئەسکەندەر)ن.

ئەو زانیاریانەی کە لە کۆگای ئەم دەقە دایە و پێشکەشی خوێنەرەکەی کراوە، دوو بەشە، هەندێ زانیاری نەگۆڕ کە خوێنەر دەیزانێ و هەندێ زانیاری نوێ کە پەیوەستە بە دەوروبەری دەقەکەوە.

ئێمە ئامارژەمان بەوە کردووە کە بەهۆی کۆگای دەقەوە خوێنەر دەتوانێ ئەو دەوروبەرە مێژووییەی کە دەقەکەی تێدا درووست بووە، بونیاد بکات، هەروەها کۆگای دەق چوارچێوە و سنووری کارلێك کردن و گفتوگۆی نێوان دەق و خوێنەر دەستنیشان دەکات، جا با بزانین کۆگای ئەم دەقە چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدات.

خوێنەر کە ئەم دەقە دەخوێنێتەوە یاخود وەرگر کە وەری دەگرێ لە رێگای شێوازی نووسینی دەقەکە، کە بە کێشی عەروز نوسراوە و زمانەکەی ئاوێتەیە بە وشەی عەرەبی و فارسی و هونەرکارییەکی بەرزی رەوانبێژی تێدا کراوە، ئەوە گریمانەیەکی لە لا دروست دەبێت کە ئەم دەقە سەر بە چ سەردەمێکە و نەوەی کام رێبازی ئەدەبیە. پاشان لە رێگای ئەو زانیاریانەی کە دەقەکە داویەتیە خوێنەرەکەی، هەندێ زانیاری لەمەڕ دەوروبەری مێژوویی دەقەکەی لە لادروست دەبێت. بۆ نموونە وەرگر لە رێگای لێکدانەوەکەی مامۆستای (مدرس)ەوە زانیاری لەمەڕ مێژووی کۆچکردنی سلێمان پاشاوە لە رێی ئەم دێڕەوە وەردەگرێت:

**شاهی جەم جا ((نالیا))**

**(تاریخ جم) تەئریخیە**

**دا نەڵێن لەم عەصرەدا**

**ئەسکەندەری جەم جا**



## نـــــــــەبو

لێرەدا (نالی) خۆی ئامارژەی بە سەردەمەکەی کردووە، کاتێ کە مێژووی مردنی پاشاکەی (١٨٣٨-١٨٣٩) دیاری کردووە و خوێنەر لە رێگای ئەم مێژووەوە دەتوانێ دەوروبەری مێژووی دەقەکە دەستنیشان بکات و لە رێگای بەستنەوەی ئەم مێژووە بە ناوی پاشاکان، خوێنەر دەزانێ ئەو پاشایانە سەر بە چ قۆناغێك بوونە و پێوەندی نێوانیان چییە؟ جا کە دەزانێ پاشاکان (باوك و کوڕ)ن ئەوە زانیارییەکی دیکەشی لەمەڕ ئەو سەردەمە دەست دەکەوێ کە سیستەمی پاشایەتی لەو سەردەمەدا بۆماوەیی بووە. واتە؛ لە رێگای دەقەکەوە کۆمەڵێك زانیاری لەسەر دەوروبەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە لە لا دروست دەبێت.

کۆگای دەق سنووری گفتوگۆی نێوان خوێنەر و دەق دیار دەکات، پاشان هەر لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا خوێنەر ئاوێتەی دەق دەبێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات.

لێرەدا کە دەڵێین خوێنەر، مەبەستمان لە خوێنەرێك نییە هیچ باکگراوندێکی رۆشنبیریی نەبێت، بەڵکو باس لە خوێنەرێك دەکەین هەر نەبێ شارەزایی زمان و جۆری ئەدەبی دەقەکە بێت. ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان دەق و

(خوێنەرەکەی یان وەرگرەکە)شیدا دروست دەبێت لە ئەنجامی کاریگەری ئەو دەقەیە بەسەر وەرگرەکانی کە بەدوو ڕێگا بەرجەستە دەبێت: یەکەمیان لە ڕێگای شێوازی نووسینەکەیە، (هەموو جوانکاری و زمان لووسی لە شێوازدا و ئەو سوود و واتاییانەی کە لە ئەنجامیەوە دروست دەبێت، وا دەکات دەقی شیعری خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی بێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری هەبێ لەسەر دەروونی وەرگرەکەی)[1]، دووەمیشیان لە ڕێگای ئەو زانیاریانەیە کە دەق پێشکەشی دەکات.

**چۆنییەتی ناوێتە بوون و گفتوگۆی نێوان خوێنەر و دەق لە ڕێگای کۆگای دەقەوە:**

**-تافەلەك دەوری نەدا -**
**صەد کەوکەبی ئاوانەبوو**
**کەوکەبی میهری موبارەك**
**گە لەمە تی پەیدا نەبوو**

خوێنەر کە دەست بەخوێندنەوە دەکات تێدەگا لەوەی کە زەوی خولی داوە و کەوکەبەکان ئاوابوون و خۆر هەڵاتووە، بەڵام چەند پرسیارێکی لە لا دروست دەبێ ئایا دەشێ ئەم

[1] التفكير الاسلوبي، د. سامي محمد عباينة، عالم الكتب الحديث، اربد، الاردن، ٢٠٠٧، ص ٢٤٩.



دەقە تەنیا باسی دیاردە سروشتییەکان بێت؟ ئەگەر وانییە کەوکەبەکان (ئەستێرەکان) کێن؟ (میهری موبارەك) کێیە؟ بەڵام لێرەدا کۆگای دەق هیچ بە وەرگر ناڵێ، تەنیا ئەو زانیاریانەی دەداتێ کە لە ئەنجامی خولی ژیانەوە کەوکەبەکان ئاوا بوون و خۆر هەڵات.

**- تا نەگریا ئاسمان و**
**تەم وڵاتی دانەگرت،**
**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو،**
**هەم لێوی خونچە وانەبو**

لەم دێڕەدا خوێنەر دەزانێ ئاسمان ناگریێ، بەڵکو باران دەبارێنێ و بە باران گوڵ دەڕوێ و خونچە دەبێتەوە، بەڵام ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی دەقەکە دەکات، ئایا بۆ ئاسمان دەگرییێ؟ دەشێ ئاسمان کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بێت؟ ڕاستە لەکاتی باراندا جیهان تەماوی دەبێت لە ئەنجامی باراندایە درەخت و گوڵزار دەڕازێتەوە، بەڵام مەبەست چییە ئایا دیسان باسکردنی دیاردەیەکی سروشتیتیە؟ پاشان خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات، کە لە دێڕی یەکەم و دووەمیشدا و لە ئەنجامی ئەم دیاردانەدا جەخت کراوەتە سەر یەك مەبەست ئەویش (هەمیشە دەبێ شتێك لە پێناو پەیدابوونی شتێکی دیکە بەخشرێ) کەوکەبەکان ئاوا دەبن

تاكو خۆر هەڵبێت، ئاسمان فرمێسك دەڕێژێ بۆ ئەوەی گوڵ بڕوێ.

- تاچەمەن پیرا لەسەر
ئەصلی درەختی لانەدا
فەرعی تازە خوڕڕەم و
بەرز و بولەند بالأنەبو

خوێنەر دیسان بەرامبەر دیاردەیەكی دەرەكی رادەوەستێت و تا ئەم دێڕەش لەجیهانی دەقەكە تێنەگەیشتووە، چونكە دیاردەكان دیاردەی سەربەخۆن و دەرەكین تەنیا لەیەك مەبەستدا بەیەك دەبەسترێنەوە كە (شتێك دەڕوا بۆ ئەوەی شتێكی نوێ بێتە جێگای)، ئەوەتا كە دار گەورە دەبێ و لقەكانی سەرەوەی پیر دەبن باخەوان دەیانبڕێتەوە تاكو لقی نوێ گەشە بكات و بڕازێتەوە، خوێنەر تائێستا لەبەرامبەر كۆمەڵێك دەربڕینی ئێستێتیكاییە و كۆمەڵێك پرسیاری ئاڕاستەی دەق كردووە.

- تا (سولەیمانان)
نەبوونە صەدری تەختی
ئاخیرەت
(ئەحمەدی موختار)ی
ئێمە شاهی تەخت ئارا



نەبوو

ئەم دێڕە چەقی شیعرەكەیە، لێرەدا دەق وەڵامی خوێنەر دەداتەوە و پێی دەڵێ (سولێمانەكان كۆچی دواییان كرد و ئەحمەدی لای ئێمە بوو بە پاشا و تەختی پاشایەتی رازاندەوە) خوێنەر لە وشەی (ئاخیرە)تەوە دەزانێ كە سلێمانەكان مردوون، بەڵام ئەگەر باكگراوندی رۆشنبیری باشی هەبێ و بتوانێ لە وشەی (صدر) * تێبگات ئەوە دەزانێ سلێمانەكان بوونە سەرۆك وەزیرانی تەختی ئاخیرەت و (ئەحمەدی موختار)یش بوو بە پاشای نوێ، خوێنەر كە ئەم وەڵامەی دەست دەكەوێ دەتوانێ وەڵامی پرسیارەكانی دێڕەكانی پێشتر بداتەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا كۆمەڵێك پرسیاری دیكە ئاڕاستەی دەق دەكات، ئایا مەبەست لە سولێمانان و ئەحمەدی موختار كێیە؟ ئەم پاشایانە كێن كە ئەو وەسفانەیان بۆ كراوە و یەكێكیان دەمرێ و ئەوەی دیكە دێتە جێگای؟، جا بەر لەوەی دەقەكە وەڵامی پرسیارەكانی بداتەوە، خوێنەر خۆی گریمانەی لە لای دروست دەبێت، دیارە دروست بونی ئەو گریمانانە پێوەندی بە باكگراوندی رۆشنبیریی خۆیەوە هەیە، جا

* مامۆستایانی مدرس وشەی (صدر) بە سەرۆك وەزیران دادەنێن كە لە سەردەمی نالیدا بۆ ئەم پۆستە بەكار دەهات.

ئەگەر شارەزای مێژووی کورد بێت ئەوا دەزانێت دوو پاشا لە مێژووی ئیمارەتی باباندا هەبوونە بە ناوی (سولەیمان و ئەحمەد)پاشا، بەڵام دیسان پرسیاری خوێنەرەکە دەچێتە سەر (سولەیمانان) ئایا بۆ دوو (سولەیمان)ن ئەگەر یەکێکیان پاشای ئیمارەتی بابان بێت ئەی ئەوەی دیکە کێیە؟خۆ ئەگەر خوێنەر باکگراوندی رۆشنبیریی ئاینی هەبێ ئەوە دەزانێ (پێغەمبەر) هەبووە بە ناوی (سولەیمان) و (احمد موختار)یش ناوێك بووە بۆ (پێغەمبەر محەمەد د.خ) بەکار هاتووە، جا دەشێ ئەم دوو ناوە ئاماژە بێت بۆ ئەم دوو پێغەمبەرەش، لەبەرئەوەی شیعرییەتی دەقەکە تا ئێستا مەودای داوە بەوەی مێشکی خوێنەر ئەو ناوانەی نێو دەقەکە بداتە پاڵ کەسایەتی جیاجیا و بە مەرجێك واتای دێرەکەش تێك نەچێ.

**قیصصه بێ پەردە و کینایەت خۆشە** ** **: شاهی من کەوا**
**عادیلێ بو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو**
**بۆ نشینگەی مورغی روحی ئەو کە عالی فیطرە تە**
**جێگەیی خۆشتر لە روضە ی ( جنة المأوى ) نەبو**

** بشێ ئەم بەیتە ئیشارەتێکی بۆ ئەوە تیا ئەبێ کە سولەیمان پاشا بە جۆرێکی وا مردبێ، پێشان ویسترابێ هەواڵی مردنەکەی تا ماوەیەك بشارنەوە؟(نالی، مدرس، ل٣٧٢)، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە وابێت ئەوا دیسان دەقەکە زانیاریەکی مێژوویی لەبارەی ئۆخی مردنی سولەیمان پاشاوە ئەداتە خوێنەرەکەی.



لێرەدا شاعیر وەك گێڕەرەوە بۆ یەکمجار خۆی ئاشکرا دەکا و دەڵێت: قسەکردن راستەوخۆ خۆشە، ئەو پاشایەی کە من باسی دەکەم پاشایەك بوو لە داد پەروەری دا هاوتای نەبوو، ئێستا باڵندەی رۆحی بەرزی ئەو وا لە باخی بەهەشت دایە، کە تەنیا جێگایە شایەنی ئەو رۆحە بێت. لەم دوو دێرەدا خوێنەرەکە یەکێك لە گریمانەکانی زیاتر لەلا دوپات دەبێتەوە، کە مەبەست لە ناوەکان دوو پاشای مێژووین و زانیاریەکی مێژوویی دیکەی لەمەڕ کەسایەتی پاشای کۆچ کردووی لە لا دروست دەبێ کە داد پەروەر بووە.

**- وەك قیاسێکی کە**
**موپیەت بێ، نەتیجەی**
**بێتەجێ**
**حەمدوللا شەه کەعالی**
**جابو، خالی جانەبو**

ئەو زانیارییەی ئەم دێڕە دەیبەخشێتە ئاسۆی پرسیارەکانی خوێنەر ئەوەیە، کە شتێکی نەگۆڕە و ئەنجامێکی ئاشکرایە کە پاشایەك دەمرێ یەکێکی تر دێتە جێگای ئەم پاشایە، شوکر بۆ خوا پاشای نوێش پیاوێکی

پایە بەرزە، ئینجا بەپێی زانیارییە مێژووییەکان دەزاندرێ کە سولێمان پاشا باوکی ئەحمەد پاشا بووە، پاشان بەپێی بونیادی ئەم زانیارییانە دەشێ بەپێی ئاسۆی روانینی وەرگرەکانی چەندین لێکدانەوەی دیکەی بۆ بکرێت.

- شـــاهی جـــەم جـــا
((نالیـا)) (تــاریخ جـم)
تەئریخیـــــــــــــە
دا نـەڵێن لـەم عەصـرەدا
ئەسـکەندەری جــەم جـا
نـــــــــــــەبو

ئەو دێڕە لەناو دەقەکەدا کە کاکڵەی باسەکە دەکاتە ناو دەستی خوێنەر، کاتێ کە مێژووی کۆچ کردنی پاشاکەی بە رستەی (تـأریخ جـم) (١٨٣٨-١٨٣٩) دیاری دەکات، ئەو پاشـایەی بـە ئەسـکەندەری چـواندووە و بـە جێگـری جەمشیدی داناوە، جا لەرێگای ئەم زانیارییانەوە خوێنەر سەردەمەکەی لە لا ئاشکرا دەبێت و کەسایەتی پاشاکانی لە لا جێگر دەبێت و زانیارییە گریمانەکراوەکانی پێشووتری لە لای ساغ دەبێتەوە.

ئەمـەی لـە سـەرەوەدا روون کرایـەوە چـۆنییەتی بەڕێوەچونی گفتوگۆی نێوان کۆگای دەق و خوێنەرەکەیەتی



یاخود وەرگرەکەی، بەڵام دەشێ خوێنەر ئاوێتەی ئەم دەقە بێت بە شێوەیەك هەندێك پرسیار بکات و خۆی وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە بۆ نموونە: بۆچی ئەحمەد پاشا چوێنراوە بە رۆژ و سولەیمان پاشا بەمانگ؟ کە وشەی مانگیشی بۆ بەکار نەهێناوە ئەستێرەکانی دیکە کێن کە لە ناو دەقەکەدا ئامـاژەی بـۆکراوە؟* جـا لـە نێـو کۆگـای دەقەکـەدا هـیچ ئاماژەیـەکی راسـتەوخۆ نـەکراوە کـە ئەحمـەد پاشـا لـە سولەیمان پاشا پایە بەرزتر بووبێ، بە پێچەوانەوە باس لە پایەبـەرزی هـەردوو پاشـا کـراوە، بـەڵام خوێنـەر لـەرێگای پێوەنـدی کـردن لەگـەڵ وشـەکان و بەستنەوەیان بـە ئاسـۆی رۆشـنبیری خۆیـەوە لێکدانـەوەی جیـا جیـا بـۆ دەقـەکان دروسـت دەکـات، رۆڵـی کۆگـای دەقـیش بـریتی دەبێـت لـە بەخشینی هەنـدێك زانیـاری کـە لـەنێو زمـانزانیی دەقەکـەدا

* بەپێی بۆچونی ئێمە ئەو سەد کەوکەبەی ئاوا بووە دەشێ ئاماژەبێ بۆ ئەو پاشایانەی بابان کە کۆچیان کردووە و سولەیمان پاشاش یەکێکە لەو کەوکەبانە، نەك بۆ میرزادەکانی بابان کە لەبەر شان و شکۆی خۆرهەڵاتنی (ئەحمەد) پاشاوە دەرنەکەوتوون، لەبەر ئەوەی دەڵێ تا فەلەك...واتە؛ کە فەلەك دەوری دا و کەوکەبەکان ئاوابوون ئنجا کە طەلعەتی میهری موبارەك پەیدابوو. کە خۆر پەیدابوو کەوکەبەکان ئاوابوون، بۆیە ناشێ کەوکەبەکان میرزادەکانی هاوسەردەمی ئەحمەد پاشابن. بەڵگەیەکی دیکەش ئەوەیە کە دەقەکە سولەیمان پاشای حسێب کردووە لەگەڵ ئەو سەد کەوکەبە و هیچ ئاماژەیەکی تەنیای نەداوە بە ئەو، واتە؛ کەوکەبەکانی کۆ کردۆتەوە لەگەڵ سولەیمان پاشا و لەبەر ئەوەی سولەیمان پاشا مردووە،سیفەتی مردووش دەدرێتە پاڵ کەوکەبەکانی دیکە. ئەگەرچی (مدرس) چەند لێکدانەوەیەکی دیکەی هەیە بۆ ئەم دێڕە. (بڕوانە ل ٣٧١).

حەشاری داوە و خوێنەر دەیان دۆزێتەوە و لە نێو ئاسۆی بینینی خۆیدا لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

## ٢. ستراتیژییەتی دەق

ستراتیژییەتی دەق لە پێناوی کۆنترۆڵ کردنی کردەی تێگەیشتنی خوێنەرە لەلایەن دەقەوە، بەرپرسە لە چۆنییەتی دابەش کردن و ڕێکخستنی توخمەکانی نێو کۆگای دەق بەسەر چنینی دەقەکەدا. واتە؛ لە دروست کردنی شێوە و بونیادی تایبەتی دەقەکە بەرپرسە، هەروەها پێوەندییەک دروست دەکات لەنێوان ئەو دەور و بەرەی کە کۆگای دەقەکەی لەسەر بونیاد نراوە و ئەو خوێنەرەی کە بانگێشت کراوە بۆ بەرجەستە کردنی شێوازی ڕێکەوتنی (توافقی) نێو دەقەکە[1]. واتە؛ ستراتیژییەتی دەق دەبێ بارودۆخێکی لەبار بێنێتە کایەوە، بۆئەوەی خوێنەر بتوانێ لەگەڵ دەقەکەدا ئاوێتە بێت، خوێنەرەکانیش بۆ ئەوەی توانای خوێندنەوەیان هەبێت (پێویستیان بە ناسین و ڕێکەوتن هەیە لەگەڵ ئەو تەکنیک و نەریتە ئەدەبییانەی کە دەقەکە بڵاوی دەکاتەوە ....بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ خوێنەرەکان شارەزایی ئەو بنەما و یاسایانەبن کە دەقەکە بە شێوەیەکی سیستەم کراو کۆنترۆڵی دروست بوونی واتای

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠-٢٠١.



پێ دەکات)[1]. ستراتیژییەتی دەق ئەو هێڵە سوورانەیە کە لە لایەن دەقەوە بۆ خوێنەر دانراوە تاکو بەسەریاندا بڕوات بۆ گەیشتن بەواتای دەق، چونکە ئەگەر ئەو هێڵە سورانە نەبێت، خوێنەر ناتوانێ کۆدەکانی دەق شیبکاتەوە و واتای نێوان هێڵەکان بدۆزێتەوە و بەیەکەوە بەندیان بکات. لێرەدا ئێمە هەمان چامەکەی (نالی) (تا فەلەك دەوری ئەدا) دەهێنینەوە بەمەبەستی زیاتر ڕروونکردنەوەی ستراتیژییەتی دەق و ڕۆڵی لە ئاوێتەکردنی خوێنەردا.

لە پێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کە ستراتیژییەتی دەق بەرپرسە لە چۆنییەتی دابەش بوونی توخمەکانی نێو تۆماری دەق، جا ئەم دووجەمسەرە هاوکێشەیەك بۆ خوێنەر دروست دەکەن بەپێی ئەو هاوکێشەیە ئەنجامەکانی خۆی بونیاد دەنێت.

لەم شیعرەدا سێ دێڕی یەکەم،دەسپێکی[*]شیعرەکەیە:

[1] نظرية الادب، تيري ايغلتون، ل ص١٢٩.

[*] لە شیعری جاهیلی عەرەبی (المقدمة الطللية) هەبوو، کە چامەی پێ دەست پێ دەکرا، چونکە (شاعیر بەر لەوەی مەبەستەکەی خۆی ڕابگەیەنێ پێویستی بە کەش و هەوایەکی سۆزاوی هەبوو، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکات تا بگاتە مەبەستەکەی و هەروەها زەمینە خۆش بکات بۆ ئەو دەربڕینانەی کە وێنای هەڵچوونەکانی خۆی پێ دەکات ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان کاتدا ئەم دەسپێکە ڕێگا بۆ وەرگریش خۆش دەکا و ئەو وەرگرەی کە ئەگەری کاریگەر بوونی هەیە بە شیعرەکە و شاعیر دەتوانێ کار بکاتە سەر هەست و سۆزی بیگەیەنێتە گەوهەری شیعرەکەی) بڕوانە: (حركة النقد العربي الحديث في الشعر الجاهلي، د.ريم هلال، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩،ص٢٠٠).

تافەلەك دەورەی نەدا-
صد كەوكەبی ئاوا نەبو-
كەوكەبی میهری موبارك
گە لعە تی پەیدا نەبو



تا نەگریا ئاسمان، تەم
وڵاتـــــی دانـــــەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبو،
هەم لێوی غونچە وانەبو
تا چەمەن پیرا لەسەر،
ئەصلی درەختی لانەدا
فەرعی تازە، خوڕڕەم و
بەرز و بوڵەند بالانەبو

ئەم سێ دێڕە ڕێگە خۆشکەرن بۆ چوونە ناو باسەوە، نووسەری دەقەکە ڕێگە بۆ خۆی خۆش دەکات و مێشکی خوێنەر یا وەرگر ئامادە دەکات بۆ چوونە ناو کاکڵەی باسەکەوە.

لەم قۆناغەدا ستراتیژییەتی دەق وا دەخوازێ تەنیا بڕێکی کەم لە زانیارییەکانی ناو کۆگای دەق بخاتە بەردەستی (خوێنەر-وەرگر)ەکانی و ڕێگا خۆش دەکات بۆ خوێنەرەکەی تاکو ئاشنا بێت لەگەڵ پێدراوەکانی دەقەکەدا، لێرەدا دەق ڕێگا دەدات بە خوێنەر بەپێی ئەو دەسپێکە بیرۆکەی لەلای دروست بێت. بۆ نموونە لەڕێگای ئەو سێ وێنەیەی کە لەسێ دێڕی یەکەمدا هەیە: (ئاوابوونی ئەستێرەکان و هەڵهاتنی ڕۆژ،باران بارین و خونچە کرانەوە،

پەرچ كردنی دار و ژیانەوەی لقەكانی) هەڵوێستی خوێنەر لەمەڕ وێنەكانەوە لە لایەن ستراتیژییەتی دەقەوە كۆنترۆڵ دەكرێ، بەپێی ئەم دەسپێكە دەشێ خوێنەر بیری بۆ لای دیاردە سروشتیەكان بڕوات، یاخود دەشێ بیر لەو بكاتەوە كە دەبێت شتێك ببەخشرێ بە شتێكی دیكەی نوێ و باش...هتد.

دروست بوونی ئەم بیرۆكانە، ستراتیژییەتی دەق رێگای بۆ خۆش دەكات، هەروەها دەبێ خوێنەری دەقیش شارەزایی لە چۆنییەتی دروستبوونی ئەم دیاردانە هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ شارەزای زمانی دەقەكە بێت و زانیاری لەمەڕ دیاردەكان هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لێكدانەوە بۆ لێكچواندن و وێنە شیعرییەكان بكات.

**تا( سولە یمانان )**
**نەبوونە صەدری تەختی**
**ئاخیرەت**
**( ئەحمەدی موختار )ی**
**ئێمە شاهی تەخت ئارا**
**نەبوو**

ئەم دێرە سەرەتای ئاماژە كردنە بە مەبەستی شیعرەكە، لەم قۆناغەدا ستراتیژییەتی دەق وادەكات كە خوێنەر هەندێ



زانیاری گرنگی لەمەڕ بابەتی دەقەكە دەست كەوێت و هەر ستراتیژییەتی دەقیشە دۆخێكی وای بۆ خوێنەر دروست كردووە تاكو مەودای هەبێ لێكدانەوە بۆ ئەم دێڕانە بكات و كۆدەكانی بدۆزێتەوە، بۆ نموونە، دەق كە (سولەیمانان و ئەحمەدی موختار)باس دەكات، بە شێوەیەك لەناو دەقەكە دەیچنێ كە خوێنەر ناچار بكات لە رێگای هەڵوەشاندنەوەی چنینەكەوە بتوانێ كۆدەكانی واتای نێو دەقەكە بكاتەوە، ستراتیژییەتی دەقەكە وای خواستووە كە لەم دێڕەدا خوێنەر تەفرە بدات، چونكە ئەم دێرە بۆ خوێنەر چەند رێیەك دەكاتەوە، بۆیە خوێنەریش لەبەرامبەر چەندین لێكدانەوەدا دەبێت، بۆ نموونە نازانێ سولەیمانان بە ئاماژە بۆ ناوی كام كەسایەتی حسێب بكات و نازانێ بە تەواوەتی مەبەست لە ئەحمەدی

موختـار كێیـه، هونـەری دەقەكـەش لەوەدایـە كـە خوێنـەر دەتوانێ ئەم ناوانە بە ئاماژە دابنێت بۆ چەندین كەسایەتی، بێ ئەوەی واتای دەقەكە تێكبچێت.

**قیصـــه بـــێ پـــەردە و**
**كینایـەت خۆشـە : شـاهی**
**مـــــــن كـــــــەوا**
**عادیلێ بو قـەت عـەدیلی**
**نـەو لـە دنیـادا نـەبوو**
**بۆ نشینگەی مورغی روحی**
**ئەو كە عـالی فیگـرە تـە**
**جێگەی خۆشتر لە روچە ی**
**( جنـــه المـــأوی ) نـــەبو**

**وەك قیاسێكی كـە موثبـە**
**ت بێ، نەتیجەی بێتەجێ**
**حەمدوللا شـەه كـەعالی**
**جـــابو، خـــالی جانـــەبو**

لێرەدا وردە وردە سـتراتیژییەتی دەق خوێنـەر كـۆنترۆڵ دەكاتـەوە، چونكە لـەم دێڕانـەدا بڕێك لـە زانیارییـەكانی نێو كۆگـای دەق دەخاتـە بـەر دەسـتی خوێنـەر تـا ئـەو رادەیـەی خوێنەر هێمن بكاتەوە، ئەمەش لە ڕێگای پەیدابوونی (من)ی



شـاعیر (گێـڕەرەوە) وئاشـكرا كردنـی زانیارییـەك لـەبارەی مردنی شای گێڕەرەوە، كە شایەكی داد پەروەر بوە و كۆچی دوایـــی كـــردووە، بـــەڵام جێگاكـــەی نەفـــەوتا و شـــایەكی پایەبەرزی هاتۆتە جێ.

**شاهی جەم جا (( نالیـا ))**
**( تـاریخ جـم ) تەئریخیـه**
**دا نـەڵێن لـەم عەصـرەدا**
**ئەسـكەندەری جـەم جـا**
**نـــــــــــــــەبو**

له دێڕی كۆتاییدا، له ڕێگای (شاهی جەم جا)و (نالیا) و (تاریخ جم) و (ئەسكەندەری جەم جا)ەوە ستراتیژییەتی دەق هەنـدێك زانیاری دەداتـە خوێنەرەكەی و هێڵـی بۆ دادەنێت تاكو كۆدەكان لێك بداتەوە بۆنموونە دەڵێ:

(شاهی جم جا ) = شایەك جێگای جمشیدی گرتۆتەوە

(نالیا )= نـاوی شـاعیر كـە هاوسـەردەمی شـای كـۆچ كـردوو بووە

(تاریخ جم) = ئەم رستەیە مێژووی مردنی پاشاكەیە، چونكە وشـەی (تاریخیـە)ی بـەدوادا هـاتووە، واتـە؛ تـاریخی ئـەو شایەیە كە جێی جمشیدی گرتۆتەوە و لەبەر ئەوەی شایەكە مردووە، ئەو مێژووە دەبێتـە مێژووی كۆچ كردنـی شایەكە (١٨٣٨–١٨٣٩) لـە هـەمان كاتیـشدا مێـژووی هاتنـە سـەر

حوكمی  پاشـای نوێیـه. لـه ڕێگـای چـواندنی شـایەکە بـه (ئەسکەندەری جم جا) سیفەتی ئەسکەندەر  و جمشیدی پێ بەخشراوە و خوێنـەریش بە پێی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەو نـاوە و ئـەو زانیارییانـەی کـە لـەبارەی (ئەسـکەندەر و جمشید)ەوە هەیەتی چەند سیفەتێك دەداتە پاڵ شـای کۆچ کردوو، کە (سلێمان پاشا) بووە.

لە نێو پرۆسەی خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا دەشێ وەرگر لێرەدا (بیسەر) بێت و هـیچ کێشەیەکی نـەبێت، بـەڵام کـە دەگاتــە دێــڕی کۆتــایی وەرگــر دەبێــت لــە چوارچــێوەی (بیــسەر)ەوە بگۆڕێــت بــۆ (بینــەر+ بیــسەر)، چــونکە لــە لێکدانەوەی مێژووەکەدا، وەرگر پێویستی بە چاوی دەبێت بۆ ئەوەی شیعرەکە بخوێنێتـەوە، لە وێدا بیرکردنـەوە قوڵتر دەبێتــەوە و خوێنــەری ئاســایی پــەکی دەکــەوێت، ئەگــەر زانیاری لەسەر ئەو هونەری (تۆمار کردنی مێژوو)ە نەبێت.


کە واتە لێرەدا ستراتیژییەتی دەق وای کردووە تەنیا لە تاکـە قەسـیدەیەکدا جـۆری خوێنەرەکـە ئـاڵوگۆڕ بکـات، بـە واتایـەکی دیکـە لـە تاکـە شـیعرێکدا سـێ جـۆر خوێنــەر دەستنیشان کراوە، خوێنەرێکی ئاسایی کە ئازانێ پێوەندی لە نێوان سولەیمانان دروست بکات، خوێنـەرێکی مامناوەند کە تەنیا زانیاری لەمەڕ ڕەگەزی ڕەوانبێژییەوە هەیە، گوێ لە شیعر دەگرێت و لە واتای دێڕی کۆتایی ناگات، خوێنەرێکی شــارەزاش کــە ســەرەڕای شــارەزایی لــە ڕەوانبێــژی لــە



هونــەرەکانی شـیعری کلاسـیکیش شـارەزایە و دەزانــێ (تأریخی جم) ڕەمزی شاردنەوەی تاریخەکەیە.

بـە کـورتی سـتراتیژییەتی دەق ئـەو تەکنیکانەیـە کـە زانیارییـەکانی پـێ ئاخێنراوەتـە نێو چنینی دەقەکە و ئەو زەمینەیەیـە کـە بـۆ خوێنـەر ئامادە کـراوە، تـاکو لـە نێویـدا ئەرکی خۆی لە دۆزینەوەی واتای دەقەکەدا بەجێ بهێنێ.

سـتراتیژییەتی ئـەم دەقـەی (نـالی)یـش دەکـرێ لـەم هێڵکارییەی خوارەوەدا بەرجەستە بکرێ*:




– لە دەسپێکدا خوێنەر ئامادە کرا.
– لە سەرەتادا وروژێندرا و قورسی لێکدانەوەی خرایە سەر.
– لەناوەراسـتدا هـێمن کرایـەوە و هەنـدێ زانیـاری لـە لا ئاشکرابوو تاکو کەلێنەکانی پێ پڕ بکاتەوە.
– لە کۆتاییدا هاوکێشەکە(مەبەست)ی دەق دەدۆزێتەوە.
– زانیارییەکانی نێو کۆگای دەق بەم شێوەیە دابەش بوون: چوار دێڕی یەکـەمی شیعرەکە هـەمووی لەشێوەی ڕستەی

* مەبەستمان لە دەستپێك و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، هەمان ئەم چەمکانە نییە کە لـە ڕۆمـان و چـیرۆکدا بـۆ ڕوداو بـەکاردێت، بـەڵکو مەبەسـتمان لـە قۆناغـەکانی ستراتیژیەتەکەیە و دەشێ بڵێین دەربڕینەکەیە.

ئەگەرییە و دوو بەشە، بەشێکیان زانیارییە لەسەر پاشای کۆچکردوو و بەشەکەی تریان زانیارییە لەسەر پاشای نوێ، بەڵام لەچوار دێری کۆتایی قورسایی باسەکە تەنیا دەچێتە سەر (پاشا)ی کۆچکردوو.

لەرێگای ئەم قۆناغانەوە ستراتیژییەتی دەق لەرێگای رێچکەیەك (دان)ەوە، (داو) بۆ خوێنەر دادەنێتەوە، بە مەبەستی دڵنیابوون لە رۆڵی ستراتیژییەتی دەق لە ئاراستەکردنی خوێنەریشدا، دەکرێ جێگۆڕکێ بە دێڕەکان بکەین بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ تا چەند شیرازەی شیعرەکە تێك دەچێت، دەشێ جێگۆڕکێ بکرێ لە نێوان سێ دێڕەکەی یەکەم، بەڵام ناکرێ دێڕی چوارەم بێنینە جێی دێڕی یەکەم یان شیعرەکە بەپێچەوانەوە بخوێنینەوە، چونکە بێگومان تێکدەچێت**، ئەگەر هەوڵی زۆریش لەگەڵ دێڕەکان بدرێ ئەوە دەشێ شتێکی لێ دروستبێ، بەڵام یەکسان نابێت لەگەڵ دەقە رەسەنەکە و دەبێ خوێنەر ئاگاداری ئەوەش بێت مەبەستمان لە ستراتیژییەت تەنیا رێکخستنی دێڕەکان نییە، بەڵکو چۆنییەتی دابەش بوونی

** ئەگەر چی لە شیعری کلاسیکی کوردی و زۆربەی شیعرەکانی (نالی)ش وەك رێسایەکی کلاسیکی هەر دێڕە و یەکێتی بابەتی خۆی هەیە، واتە؛ سەربەخۆیە و دەتوانرێ جێگۆڕکێی پێ بکرێت، بەڵام ئەو جۆرە شیعرانەی کە لە رووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ باری (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری،...هتد) پێوەندییان هەیە و لە نێو وەسفەکەدا گێڕانەوە هەڵدەگرێ و لە رووی لێکدانەوەی واتاییەوە دێڕەکان بە یەکەوە بەندن، کەمتر- بەر ئەم یاسایە دەکەون و ناتوانرێ جێگۆڕکێیان پێبکرێ، وەك ئەم شیعرەی سەرەوەی (نالی)، چونکە ئەگەر جێگۆڕکێ بە دێڕەکان بکرێ شیرازەی گێڕانەوەکە تێك دەچێت.



توخمەکانی نێو دەقەکەیە، لەبەر ئەوە ستراتیژییەتی دەق خاڵێکی گرنگە بۆ ئاوێتەبوونی خوێنەر لەگەڵ دەق و دۆزینەوەی واتای دەقەکە.

### ٣. کەلێنەکانی نێو دەق* (Les blanes textuels)

کەلێنی نێو دەق لەلای (ئایزەر) ئەو بۆشاییە سپییانەی (البياضات النصية)ی نێو دەقەکەیە، کە دەبێ خوێنەر پڕی بکاتەوە. بۆشاییەکان لەنێو دەور و بەرەکەی خۆیدا پڕ ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە لەنێو دەور و بەرێکی دیکەدا پڕ بکرێتەوە، واتە؛ پێویستی بە کەسێکی دیکەیە. جا ئەگەر خوێنەر توانی ئەم بۆشاییانە پڕ بکاتەوە ئەوا پرۆسەی پێوەندی کردنی لەگەڵ دەقەکەدا دەستی پێکردووە. ئەم بۆشاییانەش وەکو تەوەرەیەکن پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر بە دەوریدا دەخولێتەوە و کۆنترۆڵی دەکەن، بۆشاییەکانی نێو دەق شێوازی خەیاڵ کردنەوەی خوێنەر

* ئەم چەمکە لەلای (ئینگاردن) (شوێنە دیار نەکراوەکان) ((مواقع اللاتحديد))ە بەرهەمی ئەدەبی بەشێوەیەکی هێلکاری دەخرێتە بەردەست، مەبەستیش لەو شێوە هێلکارییە بونیادی بابەتیانەی دەقە، کە پڕە لە بۆشایی دیار نەکراو، واتە؛ بێ چوارچێوە، جا (ئینگاردن) هەوڵدەدا پرۆسێسی پڕکردنەوە یاخود دروست کردنەوەی ئەم بۆشاییە دیارانەکراوانە بوروژێنێ کە واتای مەبەست و بابەتی پێ دیار نەبێ، بەڵام چۆنییەتی ئەنجام دانی ئەم کارەی دیاری نەکردووە،بڕوانە: من فلسفات التأويل، عبدالكريم شرفي، ص٢٢٢-٢٢٣.

ئاراستە دەكەن بەپێی هەندێك مەرج كە دەقەكە ڕێكی خستووە[1].

(ئایزەر) دەڵێ (( كەلێن واتە؛ ناتەبایی_ ناڕێكی نێوان دەق و خوێنەر كە لە كاتی پرۆسەی خوێندنەوەدا پێوەندی ئەدەبی دروست دەكات. ئەو پێی وایە كە بۆشاییەكان وەلأمدانەوەی خوێنەرەكان ڕێكدەخەن، و ئەم كەلێنەی (ئایزەر) جیاوازە لە شوێنە دیار نەكراوەكان (المناطق اللامحددة)ەی (ئینگاردن)، چونكە كەلێنەكان بەشێك نین لە دەوروبەر (كۆنتێكست)ەكە، كە باس نەكرابێ یاخود بریتی نییە لە ناتەواوی نێوان بابەتەكانی دەقەكە، بەڵكو بۆشاییەكی بچوكە دەكەوێتە نێوان دووبەش یا دوو تێڕوانینی دەقەكە. ئەم بۆشاییانە ئاماژەیەكە بۆ خوێنەر، ئاگاداری دەكاتەوە لەوەی كە بەشەكانی دەق پێویستە بەیەكەوە گرێ بدرێن، و ئەو بۆشاییانە وا دەكات دەقەكە یەكگرتوو نەبێ، جا لەبەر ئەوە دەبێتە هۆی هاندانی خوێنەر بۆ دروست كردنی بیرۆكەی نوێ))[2]. واتە؛ بوونی ئەم بۆشاییانە مەودا بە خوێنەر دەدات بە چەندین شێوە لێكدانەوە بۆ واتای دەقەكە بكات. بەم شێوەیە بۆشایی

[1] فعل القراءة، ایزر، ص١٠١.

[2] المعنى الادبي من الظاهراتية الى التفكيكية، وليم راى، ت: د.يوئيل يوسف عزيز،ط١، دار المأمون الترجمية والنشر، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٦.



لەلایەكەوە ئاماژەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەقەكە و بەرامبەر بوونی بەشەكانی دەقەكە و كاریگەرییان لەسەر یەكتری، و لەلایەكی دیكەوە ئاماژەیە بۆ ئەو پێوەندییە (واتاییە-دلالیة) شاراوەیەی نێوان بەشەكانی دەق كە خوێنەر دەبێ دیاری بكات[(*)1].

دیارە بونیادی كە لێنەكانی ناو دەقی ڕۆمان و چیرۆك جیاوازە لە بونیادی كە لێنەكانی ناو دەقی شیعری، لە ڕۆمان و چیرۆكدا ئەو كەلێنانەی دەكرێ هەستی پێ بكرێ لە نێوان چنینی دووبەشی ڕووداوەكە یاخود لە نێوان كەسایەتییەك یا چەند كەسایەتییەك یاخود لە نێوان دوو كات و شوێنی جیاوازی ڕووداوەكان و ....هتد.

ئەمەش وا دەكات خوێنەر خەیاڵ و مێشكی بخاتە كار بۆ ئەوەی بۆشایی نێوان ئەم توخمانە پڕبكاتەوە و بەشەكان بەیەكەوە گرێ بدات و چۆنییەتی پڕكردنەوەی بۆشاییەكانیش دەبێتە هۆی پەیدا بوونی لێكدانەوەی نوێ، بەڵام لە دەقی (شیعر)یدا بە تایبەتی شیعری كلاسیكی، ئەم

[(*)] لادان (انزياح) چەمكێكی تیۆری پەیوەست و تایبەتە بە زمان (زمانی دەق)، بەڵام چەمكی كەلێن (الفجوة) چەمكێكی هەمە لایەن ترە، ئەزموونی ئینسانەكە بە هەموو ڕەهەندەكانی دادەپۆشێ، بۆیە لادان یەك لە وەزیفەكانی كەلێنە. بڕوانە: مفاهيم الشعرية، حسن ناظم، المركرز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص٣٠.

[1] من فلسفات التأويل، عبدالكريم شرفى، ص٢٢٧.

بۆشاییانە لە نێو وێنە شیعرییەکان و لە نێو لێکچواندن و وەسف و تێل نیشان و تێهەڵکێشەکاندا دەبێت، جا خوێنەر لە ڕێگای چۆنییەتی بەستنەوەی وێنەکان و بەستنەوەی لێکچواندنەکان و ئەو زانیاریانەی کە دەقەکە ئاماژەی پێ کردووە لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەنجام دەدات.

کە لێنەکانی دەق یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی کردەی ئاوێتە بوونی خوێنەر و دەق، چونکە بە هۆی ئەم کەلێنانەوە مێشکی خوێنەر دەکەوێتە خەیاڵ کردنەوە و دەچێتە نێو جیهانی دەقەکەوە و بە شوێن واتادا دەکەوێ، چۆنییەتی ئاوێتە بوونی خوێنەر و بیسەرەکانی (نالی) لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا لەبەر ڕۆشنایی ئەم چەمکەدا لەچەند دێڕێکدا روون دەکەینەوە.

زمانزانیی (نالی) و تەکنیکە هونەرییەکانی لە شیعر نووسیندا، کەلێنێکی زۆری خستۆتە نێو دێڕەکانەوە، (نالی) ئەم کارەی بە مەبەست کردووە، تاکو وەرگرەکانی گیرۆدە بکات و ناچاریان بکات تێرامانی زۆر بۆ شیعرەکانی بکەن تاکو ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە و لە مەبەستی شیعرەکە بگەن یان لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ بکەن، ئەمە لایەك، لە لایەکی دیکە ئەم کارەی (نالی) نەمری بە دەقەکانی بەخشیوە، بۆیە وەرگریش وازی لە شیعرەکانی (نالی) نەهێناوە و هەمیشە هەوڵی داوە بۆشاییەکانی نێو دەقەکان



پڕ بکاتەوە و لێکدانەوەی نوێی بۆ بکات. بڕوانە ئەم دوو دێڕەی خوارەوە:

**یابدر علوا و ضیاء و کمالا**
**فالغصن مع الاصل الی فرعك مالا**
**تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالاٚ**
**من دوودی هەناسەم گەبیە عالەمی بالاٚ** ل ١١٤ – ١١٥

لە دێڕی یەکەمدا لە نێوان هەردوو لەتی دێڕەکەدا بۆشایی هەیە، هەروەها لە دێڕی دووەمیشدا هەر بەوشێوەیەیە، ئنجا لە نێوان هەردوو دێڕەکەشدا بۆشایی هەیە، ئەم بۆشاییانە بۆتە هۆی لێکدانەوەی جیاجیا بۆ دەقەکە.

مامۆستایانی(مدرس) لە لێکدانەوەکەیاندا بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی دێڕی دووەم، لێکدانەوە بۆ دێڕی یەکەم دەکەن* و دەڵێن: (( ئەی ڕووی وەك مانگی چواردە جوانی یار، تا ئەتوانی بەرزتر و روناکی بە خشتر و پڕ تەواتر بە، چونکە شان و قۆلی یار لەگەڵ لەش و لاریدا، بەرەو زوڵفی درێژی بۆداوێن شۆڕ بووەوەی، لار بوونەتەوە و

* خوێنەر ئەگەر بە تەنیا دێڕی یەکەم بخوێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەك بیری بۆ زوڵف ناچێت، بەڵام کە دێڕی دووەم دەخوێنێتەوە ئینجا مەبەستەکەی لە لا روون دەبێتەوە، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێك کە خوێنەر دێڕی یەکەم دەخوێنێتەوە دەشێ بیر کردنەوەی بۆ لێکدانەوەی دیکە بڕوات، تاکو دێڕی دووەم دەخوێنێتەوە و مەبەستەکەی لا روون دەبێتەوە.

ئەگەر تۆ بەرزتر نەبیتەوە و رۆشن تر نەبی شەوی درێژی زولفی ئەو ئەگاتە زەوی و دەوروبەر ئەگرێتەوە و ئەیکا بە تاریکستانی. لە دێری دووەمدا دەڵێ:- کە دیم زولفی وەك گوڵی سونبولت باوەشی بەنەمامی بالآتا کرد و لێی ئالآ، خەم و پەژارە دایگرتم کەوا چۆن خۆم لێی بێ بەش بووم . بۆیە دوکەڵێ هەناسەم بەرزە بووەوە و گەیشتە ئاسمان)).

کەچی (مسعود محمد) دەڵێ: (( لك و قەدی دار هی داری راستەقینەن، کە رووی قسەش لەگەڵ بەدرە، یار مەبەستە لێی کە وەك مانگی خڕ و پڕە لە بەرزی و رۆشتنی و تەواو یەدا، چ داوای بەرزتر بوون و گەشتر بوون و تەواوتریش بوونیش پەیدا نییە نە بە پاتەوپات نە بە هێما. لکە دار و قەدی داریش لاربوونەتەوە بۆلای زولفی یار کە لەو بەزراییەوە زولفەکە گەیشتۆتە زەوی ... ئەگەر رێم هەبێ دەڵێم بە شێوەیەکی یەکجار تەماوی ئیشارەتێك هەیە بۆ ئەو حیکایەتەی مەشهووری ناوکتێبان کە (دار)ی وشك بۆ لای پێغەمبەر لاربووەتەوە و (نالی) لەموبالەغەدا بنەدار و لکەکانیشی بۆ لای زولفی یار لار کردووەتەوە ئەم بەیتە سەرەتایەکە سەر بەخۆ، مەبەست نەبووە تێیدا، ئاخۆ چی بە دوادا دێت. لەدێری دووەمیش دا دەڵێ: (نالی) زولفی بە گوڵی سونبول نەچواندووە، چ شاعیرێکی دیکەش وەهای نەکردووە: تەشبیهەکە بە پەلك و لاسکی شلك و نەرمی



سونبول دەکرێ. لەوەشدا کە (نالی) ئەم بەیتە شاکارێکی هونەری بەرزی برسکاندووە راستیەکی بێشوبهەی گوتووە، بەلآم راستیەکە ناتەواوە: شتێك ماوە لە بەیتەکەدا دەربخرێ کە بریتی یە لە دوڕڕە هەرە بە نرخەکەی ئەم بەیتە: (عالەمی بالآ) هەروەك ئاسمان دەگرێتەوە، پتر و جوانتر و شیرنتر و مەبەستتر (بالآی)ی یار دەگرێتەوە...ئەوەی (نالی)ش پێوەی خەریکاوە، خەم و پەژارەی تێئالآنی زولف لە قەدی یار نییە، چونکە زولفەکە و قەدەکە هی یەك کەسن، پەژارەی (نالی) لە حەپەسان بەرانبەر جوانی و سووتان و وتینوەتییە بۆی: تاڕادەیەك کە دوو کەڵی هەناسەی دەگاتە (بالآ)ی یار، جۆرە ئامۆژ ناکییەکی تێدا بەدی دەکرێ... کە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان لە خۆڕایی دەڕوا))[1].

هۆی بوونی ئەم دوو لێکدانەوە جیاوازە، جیاوازی چۆنییەتی پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی نێو دێڕەکانە لە لایەن وەرگرەکانەوە، نەك جۆری رۆشنبیری وەرگرەکە (وەك وەرگری شیعرەکەی مەستوورە)، چونکە وەرگرەکان هۆگری واتای پێکهاتەیی رستەکانن، نەك واتای مەبەستی موناسەبەی شیعرەکە، بۆیە جیاوازییەکانیان لە جیاوازی لێکدانەوەکانیانە بۆ قوڵایی واتای پێکهاتەی دەربڕینەکە،

[1] دەستە و دامانی نالی، مسعود محمد،چ٢ دەزگای ئاراس، هەولێر، ٥ ٢٠٠٧، ص ٢٥-٢٦.

نەك لە جیاوازی هەڵوێستی وەرگرەکانەوە لەمەڕ مەبەستی شیعرەکەی (نالی)یەوە بێت، لەم دێڕانەی سەرەوەدا چونکە کەلێنەکان وردی دەربڕینن نەك کەلێنی سەرتاپای چامەکە، بۆیە دەشێ لێکدانەوەی وەرگرەکان زۆربن، چونکە هەر وەرگرێك لە روانگەیەکەوە لێکدانەوەکەی ئەنجام داوە، (منیش) وەك وەرگرێك دەشێ بە شێوەیەکی دیکە واتاکانی نێو دەقەکە بەیەکەوە بەند بکەم و لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆ بکەم:

لە دێڕی یەکەمدا (یا) بەکار هاتووە، بۆ ئاگادار کردنەوە و بانگهێشتکردن، بۆیە پێمان وایە دەمووچاوی مانگ – یار بانگهێشت کراوە (ئەی مانگی چواردە بڵندتر و گەشتر و تەواوتر بە)واتە؛ جاریَ مانگ بەرز نەبۆتەوە و نەگەیشتۆتە ناوەڕاستی ئاسمان، (هێشتا هەرزە کارە و بەتەواوەتی بالآی نەکردووە و تەواو گەورە نەبووە، ئەگەر تێبینی مانگ بکریَ زۆرجار سەر لە ئێوارە کە تازە دونیا تاریك دەبیَ لەگەلَ ئاسۆی بینین دایە واتە؛ جاریَ نەوییە، بەلأم لە ناوەڕاستی شەودا ئەویش بڵندتر دەبێت و بەرزتر دەبێت و گەشتریش دەبێت و لەبەر ئەوەی دونیا تەواو تاریکە و کەش و هەوا لەبارە بۆیە رووناکیەکەشی باشتر دەردەکەویَ. دەمانەویَ بڵێین ئەم دیاردەیە چوێندراوە بە قۆناغێکی ژیانی (ئافرەت) کە هێشتا لە هەڕەتی گەشەکردندایە.



(فالغصن مع الاصل الى فرعك مالا)

لە لەتی یەکەمدا شاعیر بە یار دەڵیَ: ئەی دەموچاوی یاری وەك مانگی چواردە (بەلآم هێشتا تەواو نەگەیشتۆتە ناوەڕاستی ئاسمان) بەرزتر و جوانتر و تەواوتر بە، ئینجا دێت هۆی ئەم ئاگادار کردنەوەیەی پیَ دەڵیَ: لەبەر ئەوەی لەش و لار و قۆلَ و بالَت خەریکە لە نێو زوڵفەتدا دیار نامێنن و زوڵفت دەیکاتە تاریکستان، جا بەرلەوەی ئەوە رووبدات ئەی (مانگ– روو) بەرزتر و روناکتر بە با ئەوە روو نەدات. دەتوانین وا دابنێین کچێکی دەم و چاو وەکو مانگ، بەلآم هێشتا بە تەواوەتی گەورە نەبووە و بالآی دەرنەکردووە، کەچی قژی درێژە و لاربۆتەوە و خەریکە ئادگاری دادەپۆشیَ، لەبەر ئەوە داوا دەکات رووی وەك مانگی بڵندتربێت تاکو تاریکستانی زووڵفەکانی رووناك بکاتەوە، دیارە کە رووی بڵندتربێت بالآشی بڵندتر دەبێت، کە بالآش بڵند تربوو ئەوا رووی لەنێو رەشایی قژیدا باشتر دەردەکەوێت.

**تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئالآ**
**من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بالآ**

تاکو تۆ گەورە بوویت و زوڵفەکەت لە نەمامی بالآت ئالآ، من روحم گەیشتە (عالەمی بالآ– ئاسمان–ئەودونیا) واتە؛ (پیربووم و مردم) یاخود لەداخا دەروونم گڕی گرت و

دوکەڵی هەناسەم گەییە (عالەمی باڵا- ئاسمان- عالم المثل کە کەس ناتوانێ پێی بگات). داخی دەروونیش دوو هۆی هەیە یەکیان لەداخی چاوەڕوانی کردنە، ئەوی دیش لە داخی بێبەش بوونە لە نەمامی باڵا و زوڵفی یار.

دەتوانین وێنەیەکی دیکەش لەم دوو دێڕە دروست بکەین، کە دیاردەی نێو دێڕەکەش هەمان دیاردە سروشتیەکەی مانگە، بەڵام وا دابنێین کچێك لە دۆخێك دایە (چەماوەتەوە) سەری داگرتووە و زوڵفی درێژی شۆڕبۆتەوە بۆ لای قۆڵ و لەشی، بۆ نموونە کچێکی قژ درێژی نەبەستراوە بێنە پێش چاوی خۆت لەکاتی چەمانەوە بۆ پڕکردنی گۆزەیەك لەسەر کانی یاخود لە کاتی گسکدان، ئینجا دەقەکە پێی دەڵێ: ئەی دەم و چاوی وەکو مانگ، سەرت بڵندترکە با رووت گەشتر و بە تەواوەتی دیاربێ، چونکە قۆڵ و شانت بەلای زوڵفتدا لار بوونەتەوە خەریکە زولفت داگیریان دەکات، جا با رووی وەك مانگت بەرزتربێت و گەشتربێ و بۆئەوەی رووناکی ببخشێتە ئەو تاریکستانە یان باشتر دەرکەوێ، ئەگەر کچێکی قژ درێژ بچەمێتەوە ئەوە قژەکەی نزیك دەبێتەوە لە قۆڵ و لەشی، یاخود قۆڵ و لەشی بە لای زوڵفەکەدا دەشکێنێتەوە، ئەگەر راست بێتەوە بێگومان دەم و چاوی بڵندتر دەبێ و جوانتر دیار دەبێ و قژی دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بۆیە لەدێڕی



دووەمدا دەڵێ (تا زولفەکانت لە نەمامی باڵات ئالا) واتە؛ راستەبوویتەوە و چیتر زولفت بە لای قۆڵ وشانتدا لار نەبۆوە و بەنەمامی باڵاتدا ئالا و من بەتەواوەتی تۆم بینی، دەروونم گڕی گرت و هەناسەم گەیشتە عالەمی باڵا واتە؛ تا تۆ راست بوویتەوە و من بە باشی نەمامی باڵاتم بینی، دوکەڵی دەروونم بەرزبووەوە و گەیشتە عالەمی باڵا، ئینجا کە باڵاکەی بینی لە دێڕی سێیەمدا پێیدا هەڵدەڵێ:

**ماعدا لك البان و لا اللينة لينا**
**اذ عدلك البارىء حسنا و جمالا**

دەشێ ئەو لێکدانەوانەی ئێمە زۆر دوور بێ لە مەغزای دێڕەکە، بەڵام دەسەڵاتی وەرگر ئەوەیە کە (دەق) بەپێی لێکدانەوەی توخمەکانی و تێگەیشتنی خۆی راڤە دەکات، جا ئەم لێکدانەوەیە راستە یان هەڵەیە ئەوە کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە وەرگرێك بەو شێوەیە دەیخوێنێتەوە و لێی تێدەگات و دەشێ هەر ئەو وەرگرەش پاش قۆناغێکی دیکە یاخود لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا بۆچوونێکی نوێی بۆ هەبێ و لێکدانەوەیەکی لەوە سەیرتری بۆ بکات، لێرەدا پێی ناچێت (نالی) ئەوشیعرەی بۆ خەڵکی ئاسایی نووسیبێت، بەڵکو بۆ شاعیر و خوێنەرێکی پسپۆڕی نووسیوە، چونکە خوێنەری ئاسایی یان خوێنەرێکی شارەزای کورد ئەگەر عەرەبی نەزانێت، ناتوانێت لە

شیعرەکە بگات، یان دەشێ ویستبێتی بە تەواوەتی تەحەدای خوێنەر بکات بۆ ئەوەی خوێنەر لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ئەگەر با توخنی شیعرەکانی (نالی) نەکەوێت، چونکە (نالی) باسی هەرچی کەرەسەیەکی شیعری بکات (سروشت، ئافرەت، ...هتد) کێشەی لە زمانەکەدا نییە و هەر برە گیایەك بکەوێتە بەر داسەکەی دەیبڕێت، بۆیە ئەوەی لە کوردییەکەدا بەکاری دێنێ لە عەرەبییەکەشدا هەروایە، یا جاری وایە هەر بۆ هەوەس زمانەکە تێکدەشکێنێ وەك شیعری (دەروونی لدار الشارەزوور).

ئەوەی رێگا بە وەرگرەکانی (نالی) دەدات خەیاڵیان فراوان بێت، ئەو هونەرە بەرزەیە کە لەنێو دەقەکەدا بەکارهاتووە و چۆنییەتی دروستبوونی کەلێنەکانی نێو دەقە، کە دەشێ هەڵگری پڕکرنەوەی جیاجیابن. لە دێڕێکی دیکەدا (نالی) لە وەسفی دیمەنێکی سروشتیدا دەڵێ:

**رائیل و تاری پۆیی کولوی بەفرە، ئابشار**
**با بای دەدات و ماسییی پێدا دێ وەك مەکوك**[*] ل٢٥٩

[*] هەر دەربارەی ئەم دێڕە شیعرەی (نالی) (عبداللە سەراج) لە وتەیەکدا نووسیویە: مەرج نییە خوێنەرێکی هاکەزایی هەر بە سانایی، ئێستاتیکای بەرهەم هەڵمژێ، بەڵام مەرجە لە بەرژەوەندی ئەوە و چینی هەژار و ئایندەی نەتەوە بێت، ئەمیش یەکسانە بە ئەدەبی مرۆڤایەتی و جیهانی، کە لە گەڕەکی (شۆریجە) و کۆڵانێکی داخراوی (سابوونکەران) بڕی رەشماڵ و ئاوارەی (دارەتوو) و (بنەسلاوە) و (شێخەڵا) بزێوانە سەر هەڵدێنن. حەزرەتی (نالی) خاوەنی (بدیع و بیان طباق و توریة و جناس) و وردەکاری دی، خوێنەرێکی ساکاری (رەحیماوە) و بازاڕی سەوزە فرۆشان و کوچەی (دۆلار مەندان) چێژی تەواو لە



کەلێنەکانی نێو ئەم وێنە هونەرییە لە لێکدانەوە و دروستکردنی وێنەکەیە و بەستنەوەی بە وێنەیەکی (واقعی)یە. مامۆستایانی (مدرس) جوانیان لێکداوەتەوە: (تاڤگەکان بوون بە رایەڵ و تان و پۆکەشیان کولوی بەفرە کە با رای ئەماڵێ و ئەیدا بەناویاندا وەك لەهەردووکیان قوماشێك بچنێ مەکۆی ئەم جوڵاییی کردنەش ماسییە کە بەناوی تان و پۆکەدا ئەروا.) بڕوانە چۆن توخمەکانیان بەیەکەوە گرێداوە و وێنەی کردەی چنینیان پێ وێناکردوە، لە ئەنجامی بیرکردنەوە لەم دێڕە شیعرە لە لێکچواندنی ماسی بە مەکۆ، خەیاڵێکمان لا گەڵاڵە دەبێ، کە بەهۆیەوە دەتوانین وێنەکە باشتر ببینین، ئەگەر تێبینی ئەو جوڵەیە بکرێ کە لە کردەی چنیندا ئەنجام دەدرێ، جا چنینەکە بەدەست یان بە ئامێر بکرێ، دەبینین ئاڕاستەی جووڵەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، ئەم جووڵەیەش دووبارە دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر تێبینی ئەو تاڤگانە بکەین (تاڤگەی زۆر بەرز نا) بەڵکو ئەوی کە ئاوی پێدا دێتە خوارەوە و ئاوەکە ماسیی تێدا بێت، ئەوە دەبینین

شیعرە دانسقە و پڕجووەکانی وەرناگرن، فەرموو: رایەڵ و تان و کلوی بەفرە ئابشار/ با بای ئەدا و ماسی- پێیدا دێ وەك مەکوك، ئایا... ئەم گۆشەیە ئاڕاستەی هەموو کەسێکە؟ بێگومان: نا...هتد. بڕوانە: بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاکان، عبداللە سەراج، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠٢، هەروەها لە ئەسلەندا لە ٢٥ی٦ی ١٩٩٦ لە (رێگای کوردستان) بلاوبووەتەوە.

ماسی لەگەڵ ئاوەکە دێتە خوارەوە و ئینجا خۆی خۆ بەپێچەوانەوە هەڵدەداتەوە بەرەو سەرەوە و جووڵەکەشی قولاَبییە، پاشان دیسان دێتە خوارەوە، کە ئەم وێنەیەمان لەگەڵ وێنەی چنینەکە بەراورد کرد، ئەوە لەو ئەرکەی کە بۆ ماسی دانراوە بە تەواوەتی حاڵی دەبین و بەهای شیعرەکەمان لەلا بڵندتر دەبێ. ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی وەرگر بە پێی تێڕوانینی خۆی بۆشاییەکان پڕدەکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات.

لە دێڕێکی دیکەیدا دەڵێ:

**((نالی)) حەریفی[**] کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**
**بەیتی رەدیفی[***] کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکا**
ل١٠٠

ئەم دێڕەش لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە ئێمە دوور لەو لێکدانەوانەی کە بۆی کراوە و دوور لەو مەبەستەش کە خراوەتە پاڵ شیعرەکە کە گوایە لە بەر پەرچ دانەوەی زانا ((موفتی زهاوی))دا وتویەتی، جا ئەگەر بەشێوەیەکی مجردانە وەك وەرگرێك و دەقێك لەم دێڕە بڕوانین، ئەوە با بزانین بیرکردنەوەمان بۆ کوێ دەمانبا:-

---

[**](حريفُ) الرجلِ: مُعامِلُهُ في حرفتهِ (المنجد في اللغة، لويس معلوف، المطبعة الكاثوليكية، بيروت،؟، ل ١٣٢).

[***](الرديف) الراكب خلف الراكب (المنجد في اللغة، لويس معلوف،ل٢٥٨).



(نالی) کەس مامەڵە لەگەڵ پیشەکەی ناکات، یاخود مامەڵەی پیشەکەی لەگەڵ کەسدا ناکات (بۆ کەس ئیش ناکات)، (حریفی کەس نییە)، شیعرەکانی هاوڕێیەتی لەگەڵ کەس نییە، یاخود ماڵی نابێت بۆ هیچ کەس، دێڕەکانیشی بۆ هیچ کەس پاشکۆ نییە، جا لەبەر ئەوەی تابعی کەس نییە، بە تازە نووسەرێك دادەنرێ کە بۆ خۆی بەزم و رەزمی خۆی دەکات. لێرەدا (نالی) نارازی نییە لەوەی کە حاڵی ئەو وایە و لاسایی کەس ناکاتەوە و بەندەی کەس نییە، چونکە لە دێڕەکەی پێشتر پلاری لە توتی گرتووە، چونکە لەبەر تەماع داوی بەندێتی کردۆتە مل و بۆتە زمان حاڵ و لەژێر رکێفی ئەو کەسانەیە کە داوەکەیان خستۆتە مل و ئەویش لەبەر تەماع رازی بووە. کەچی (نالی) خۆی ئازادە و بولبولی ئەو، کە عاشقی گوڵە بە ئارەزووی خۆی گۆرانی بەجۆش دەڵێ.

**طوطیی تۆ لە حیرصی دڵ داوی طەمەع دەکاتە مل**
**بولبولی من لە عشقی گوڵ تەغنییە و طەرەب دەکا** ل١٠٠

بە لای ئێمەوە (نالی) دەیەوێ بڵێت من پاشکۆی کەس نیم و لەبەر ئەوەی تەماعکارنیم بەندەی کەس نیم، بۆیە وا ئازادانە شیعر دەڵێم.

هۆی هەبوونی لێکدانەوەی جیاواز بۆ جیاوازی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە لایەن وەرگرەکانەوە

دەگەڕێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە خوێندنەوەی جیا جیا بۆ شیعرەکانی (نالی) بکرێت، ئەگەر تێبینی چامە درێژەکانی (نالی)یش بکەین بەتایبەتی ئەوانەی یەکێتیی بابەتی تێدایە، دەتوانین هەست بە بوونی ئەو کەلێنانە بکەین کە دەقەکە بۆ وەرگرەکەی جێهێشتوە تاکو خۆی پڕی بکاتەوە و بە دەقەکەوە بەندی بکا. واتە؛ ئەم بۆشاییانە دەقەکە خۆی پڕی ناکاتەوە بەڵکو بەجێی دێڵێ تاکو خوێنەر خۆی بیری لێ بکاتەوە و پڕی بکاتەوە، بۆ نموونە کە دەڵێ:

**وەرە نێو بەزمی گوڵزاران و گوڵ زاران، تەماشاکە :**

**سەراسەر پێکەنینی گوڵ، لە بالەب غونچە پشکووتن** ل٣٢٨

سەرنج دەدەین خوێنەر چاوەڕێی ئەوە ناکات ئەم دەربڕینە بەکار بێت: (پێکەنینی گوڵ)، چونکە گوڵ پێناکەنێت، بۆیە لە نێوان هەردوو دال و مەدلوولدا بۆشایی هەیە و دەبێ خوێنەر پڕیان بکاتەوە، یا (صفة و موصوف)ن یا (اسم و فعل)ن گرنگ ئەوەیە بۆشایی لەنێوان پێکەنین و گوڵدا هەیە و لادان و شیعرییەتی هێناوەتە کایەوە.

**هەرچەندە کە ئینسانە لەبەر چاوی من و تۆ**

**مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا** ل٨١

لێرەدا (نالی) دەڵێ: هەرچەندە یارەکەم مرۆڤە لەبەر چاوی من و تۆ، بەڵام ئەم ناسکییە ناشێ لە مرۆڤدا هەبێت (واتا فریشتەیە)، لێرەدا دەق هیچ باسی فریشتەی نەکردووە و بۆ



خوێنەری بەجێ هێشتووە تاکو لە بەستنەوەی مانای وشەکان ئەم مەبەستەی دەستکەوێ.

زۆرجاری وا هەیە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی خوێنەر هەمیشە ئامادەیی هەبێت، بە واتایەکی تر لە نێو ڕەوانبێژیدا ڕاستەوخۆ شتەکان ناگوترێن بەڵکو بە چەند هونەرێك دەشاردرێنەوە و بۆ ئەوەی خوێنەر درەنگ لێیان تێبگات، هەر (نائاسایی بوون)یشە کە ئەدەب لە قسەی ئاسایی جیادەکاتەوە، بۆیە لەم نموونەیەدا سیفەت باسکراوە و (موصوف) باس نەکراوە، لە ڕەوانبێژیدا ئەم هونەرە لە نێو (درکە-الكناية)* جێگای دەبێتەوە، بەم شێوەیە هونەرەکانی دیکەش هەروا.

بەگشتی ئەو کەلێنانەی ناو دەق وا لە خوێنەر دەکەن بە باشی ئاوێتەی دەقەکان بن و لە ئەنجامدا لێکۆڵینەوەی نوێی بۆ بکەن، لێرەدا ئەو واتایەی کە خوێنەریش پێی دەگات لە ئەنجامی پڕۆسەی کارلێك کردنی نێوان دەق و

* درکە ئەوەیە ڕاستەوخۆ ناوی سیفەت یان مەوسوف نەدرێ، بەڵکو بەهۆی شتی ترەوە بدرکێندرێ، لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەربکەوێ. ئەمە مانای مانایشی پێدەڵێن. لە درەکەدا مەرج نییە نیشانە هەبێ بۆ ئەوەی کە مانا درکاوەکە مەبەستە، چونکە هەڵدەگرێ مانای ڕاستەقینەی وشەکانیش مەبەست بێت، هەرچەندە مەبەستی سەرەکیی هەر مانا درکاوەکەیە. جۆرەکانی درکە سێ جۆرن: درکە لە سیفەت، درکە لە هاوگری، درکە لە زات، مەوسوف. بڕوانە: ڕەوانبێژی بۆ پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، عزیز گەردی، چ٢، چاپخانەی ئارم، بەغدا، ٢٠٠٥، ل٦٩.

خوێنەر دایە واتە؛ (واتا) نە موڵکی دەق و نە موڵکی خوێنەرە، بەڵکو زادەی ئەو پرۆسەیەی نێوانیانە.

### ٤. روانینی گەڕۆك_ النظرة الجوالة

ئەم چەمکە لەسەر بنەماکانی لۆژیك و تاقیکردنەوە بونیاد نراوە، دەق لێرە وەك هەر پارچەیەکی مۆسیقی ناکرێ فام (ادراك) بکرێت بەگشتی و بەیەك جار لەبەر ئەوەی سروشتێکی تایبەتی هەیە. جا فام کردن یاخود حاڵی بوون لە ئاماژەکانی نێو دەق لە چوارچێوەی چەمکی روانینی گەڕۆکدا تەنیا لە رێگای چەند قۆناغێکەوە ئەنجام دەدرێ، چونکە هەر قۆناغێك شتێکمان پێشکەش دەکات چەند دیاردەیەکی تایبەتی بابەتەکەمان پیشان دەدات، لەبەر ئەوە دەبێ ئەم قۆناغە لەنێو چوارچێوەیەکی گشتیدا دروست بکرێتەوە بۆ ئەوەی واتایەکی تەواو بۆ دەق دروست ببێ و خوێنەر لێیتێبگات. بەم شێوەیە هیچ قۆناغێکی خوێندنەوەی دەقەکە کە خوێنەر ئەنجامی دەدات یەکسان نابێ بە واتای دەقەکە[1].

واتە؛ لەکاتی پرۆسەی خوێندنەوەدا، خوێنەر وردە وردە زانیارییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت، لەهەر قۆناغێکی خوێندنەوەکەیدا بە جۆرێك دەروانێتە بابەتەکان تاکو لە

[1] مفاهیم هیکلیة فی نظریة التلقي، د.محمد اقبال عروی، عالم الفکر، المجلد ٣٧، ع٣، کویت، ٢٠٠٩، ص٦٣.



کۆتاییدا ئەم قۆناغانە بەیەکەوە بەند دەکات و دەبنە هۆی پەیدا بوونی واتای گشتی دەقەکە. (دەقی ئەدەبیش پێکهاتەیەکی تایبەتییە لە کۆمەڵە وشە و ئامرازێکی زمانی و لەچەندین توخمی دەرەکی پێکدێت و سروشتی ئەم پێکهاتەیە وا دەکات خوێنەر بە هەموو ئاسمانەکانی دەقەکەدا تێپەڕێت، واتە؛ خوێندنەوە چالاکییەکی چڕ کراوەیە بەپێی رۆڵ و توانستی خوێنەرەکە لە کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی واتا لەنێو دەقەکەدا دەگۆڕێ)[1].

لە ئەنجامی ئەو پێوەندیانەی کە روانینی گەڕۆك دروستی دەکات لەنێو دەقەکەدا، چەمکێکی دیکە دێتە کایەوە ئەویش وێنەی (گەشتالت)[*]ە (Gestalt). گەشتالت

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

[*] گەشتالت قوتابخانەیەکی دەروون ناسی نوێیە لە ساڵی ١٩١٢سەری هەڵدا، گەشتالت وشەیەکی ئەڵمانی نوێیە هیچ وشەیەکی تەواو نییە لەنێو زمانەکانی دیکەدا بەرامبەری بێت، بەڵام واتای فۆرم_شکل_Shape یاخود شێوە Pattern یاخود رێکخستن Configuration دەدات، لە دانەرەکانی قوتابخانەی گەشتالت (مارکس فرت و کرت کوفکا و فلف جنج کولر)ە، ئەم قوتابخانەیە لە گشتەوە دەست پێدەکات بەرەو بەش (شتە تایبەتیەکان)، لە لوتکەوە بۆ بناغە. واتە؛ ئێمە یەکەمجار فۆرمی گشتی و تەواوەتی شتەکان دەبینین پاشان ورد دەبینەوە لە پێکهاتەی وردە کارییەکانی ئەم فۆرمە. بەش لەنێو گشتدا جیاوازە لەو بەشە ئەگەر بەتەنها بێت یاخود لەنێو گشتێکی دیکەدا بێت، واتە؛ گشت تەنها بەشەکان کۆ ناکاتەوە بەڵکو هەندێ خەسڵەتی تایبەتیان پێدەبەخشێ بۆیە بەشەکان لە چوارچێوەی گشتەکەدا جیاوازن لەوەی بە وردی هەر بەشێك بە تەنها تەماشای بکەی. بڕوانە: خطوات علی قاع المحیط ((دراسات في علم النفس))، د.فخري دباغ، ط٢، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٧٩، ص٨٧. ونظریات في علم

یاخود لێکدانەوەی ڕێکخراو هۆکارێکی کارلێکردنی نێوان دەق و خوێنەرە لەبەر ئەوە ناکرێ تەنیا بەندی بکەین بە دەقەکەوە یا بە ئامادەبوونی خوێنەرەکەوە. زانستی زمانەوانی دەروونی پێی وایە کە حاڵیبوون و فام کردنی واتا بریتی نییە لە دۆزینەوەی واتایەك بۆ هەر پیتێك یا وشەیەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڵکو دەکرێ تەنیا واتا لە ڕێگای پرۆسەی کۆکردنەوە دروست بکرێ[1]. واتە؛ ئێمە کە دەقێك دەخوێنینەوە واتای دەقەکە لە ڕێگای کۆکردنەوەی هەموو یەکە واتاییەکانی نێو دەقەکەوە پێکدێنین.

وێنەکانی گەشتالت دەکرێ وەك پێوەندییەکی خودی نێوان (یەکە واتاییەکان– دەلالەتەکان)ی نێو دەق پێناسە بکرێن، ئەگەر پێوەندییەکی شاراوە نەبێ لەنێوان دەلالەتەکانی دەقەکە دروست بوونی وێنەی گەشتالتی مەحاڵ دەبێت، جا لێرەدا کاری خوێنەر بریتییە لەوەی ئەو (نیشانە_ دەلالاتانە)ی نێو دەقەکە ڕێك بخات[2].

بەکورتی وێنەی گەشتالتی بەم شێوەیەی خوارەوە دروست دەبێ: بۆ نموونە خوێنەرێك ڕۆمانێك دەخوێنێتەوە

---

النفس الفرويدية السلوكية الجشتالية، د.كمال بكداش، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، ط١، بيروت، ١٩٨٦، ص٩٥.

[1] فعل القراءة، ايزر، ص٧٠.


[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.



سەرەتا دەست بە خوێندنەوە دەکات، پاش ماوەیەك لە خوێندنەوە کۆمەڵێك زانیاری وەردەگرێ، (وێنەیەکی گەشتالتی_ بۆچوونێك)ی لەلا دروست دەبێ لەسەر بابەتەکە. و لە هەمان کاتدا پرسیاری نوێشی لەلا دروست دەبێ، پاشان لە قۆناغێکی دیکەی خوێندنەوەدا ئەو پرسیارانە وەڵامدەدرێنەوە و وێنەیەکی دیکەی گەشتالتێکی گەورە تری لەلا دروست دەبێ....و بەو شێوەیە هەتا بابەتەکەی تەواو دەکات. ئەم وێنە بچووکانە هەریەکەیان گەشتالتێکی بچووکە لە وێنەیەکی _گەشتالتێکی گەورەدا بەشدار دەبن. وا تێمەگەن ئەمەی باسمان کرد پێچەوانەی پێناسەی گەشتالتە (لە گشتەوە بۆ بەش)، چونکە ئەگەر بە وردی تێبینی بکەین دەبینین کاتێ ناوی ڕۆمانێکت لا دێنن پێشووتر خوێندوتەتەوە بۆ نموونە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەوە ڕاستەوخۆ وێنەیەکی گشتی لەلات هەیە بۆ ڕۆمانەکە، بۆ نموونە گەشتالتەکە ئەنفالە یا خۆشەویستیە، بەڵام کە ورد دەبیتەوە لەنێو ئەم گەشتالتە دەبینی کۆمەڵێ گەشتالتی بچوکتر هەیە، ڕوداو و بەسەرهاتی دیکەی لەخۆگرتووە کە بەشێکن لە گەشتالتە گەورەکە. هەروەها کاتێ چامەکەی (نالی) بۆ (سالم) دەخوێنیتەوە. وێنەیەکی گشتیت هەیە کە شاری سلێمانییە، بەڵام لەنێو بەشەکانی ئەم وێنەیە چەندین

شوێنی سلێمانی تێدایە و وەسف کراوە. چەندین ئاماژەی دیکەی تێدایە کە بەیەکەوە ئەو وێنە گشتیەیان دروست کردووە، (بڕوانە ئەم هێڵکاریەی خوارەوە) . واتە؛ مرۆڤ سەرەتا سەرنجی بەلای شتە گشتیەکە دەڕوا بۆنموونە کاتێ کە تەماشای تابلۆیەك دەکەی یەکەم روانینت هەموو تابلۆکە لە خۆ دەگرێت پاش تێڕامانێك شتی دیکە دەبینیت لە چوارچێوەی تابلۆکەدا، کۆمەڵێ وێنەی بچووك کە ئەو تابلۆیەی پێکهێناوە.

وێنەی گەشتالت



پرۆسەی خوێندنەوە

خوێنەر ⟷ دەق

ئێمە هەوڵدەدەین باسی تێڕوانینی گەڕۆك و چۆنییەتی دروست بوونی وێنەی گەشتالت بکەین لە رێگای ئەو چامەیەی (نالی)یەوە، کە بۆ (کەر)ەکەی نووسیویەتی، ئەم چامەیەش هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی بە ساناترین شێوە باسی ئەم دەقانە بکەین .



**چامەی کەر**

هـەی کـەرێکم بـو، چ
پەیکـەر؟ طـە ی کـەری
هـەوراز و لیـژ
سینە پان و، موچە کورت
و، شـانە بـەرز و، گـوێ
دریـــــــژ
بـن زك و جەبهەت سپی،
کلك ئێستر و دامەن سیا
یەککە تـاز و، سێ بڕ و،
دو بـاد و، شەش دانـگ و
دریـــــــژ
کەللـە وەك جـەڕەی
شەرابی پڕ نیشاط و تـەڕ
دەمـــــاغ
شێری نەڕ، ئـاهویی بـەڕ،
گـورگی سـەفەر، قەمچی
نەچـــــێژ
مـل عەلـەم، شـیرین
قەلـەم، ئـاهو شـکەم،
مـەیمون قـەدەم

سم خڕ و کلك ئێستر و،
مەنزل بڕ و، عارەق
نەڕێژ
زەرق و زەڕاقیی وەکو
خاکستەر، ئەمما بێ
غوبار
بەرق و بەڕاقی وەکو
پیرۆزە، لاکین بێ کرێژ
سم وەکو یەشم و لە پەشم
و توکی پێ دا سەرنگون
چاو وەکو بیجادە یا دو
شەو چراغی شوعلە ڕێژ
گوێ درێژێ بار و کورتان
بەرز و، پالانی بەزێن
چوست و وریاتر لە گوێ
کورتانی پالانی و گێژ
قانیعی بابی رەضا و
راضی بە پوش و دڕك و
دالْ
سالیکی صەبر و
تەحەممول، بوردەبار و




هیچ نەوێژ
عاقڵێ بو ناوی کەر بو،
قاطیعی رێگەی سەفەر
خۆش سلوك تر بو لە
صەد وێڵداشی هەرزە و
گێژ و وێژ
(صائم الدهر)ی بە رۆژ،
ئەمما بە رۆژوی بێ
نییەت
(قائم الليل)ی سلوك،
ئەمما سلوکی بێ نوێژ!..
چەندە پێم خۆش بو
زوبانی حالی دەیوت
((نالیا))
هەردو حەیوانین، ئەتۆ
گوێ کورت و ئەمنیش گوێ
درێژ

ل ٢٢٤-٢٢٨

چۆنییەتی ئاوێتە بوونی خوێنەر و بەرجەستەبوونی ڕوانینی گەڕۆك و دروست بوونی وێنەی گەشتالت لەم چامەیەدا:-

(هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟) خوێنەر کە ئەم ڕستەیە دەخوێنێتەوە، جارێ بەر لە هەموو شتێك لەناو مێشکیدا وێنەیەکی گشتی بۆ کەر دروست دەبێ.



ڕوانینی خوێنەر بۆ ئەم ڕستەیە وا دەکات چەند بیرۆکەیەکی گشتی بۆ چامەکەی لەلا دروست بێت. بۆ نموونە: ئەم چامەیە چامەیەکی گاڵتە ئامێزە یاخود داشۆرینە یاخود شیعرێکی منداڵانە ...هتد. پاشان دەیەوێت بزانێت ئەم کەرە چییە؟ خوێنەر کە بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە زانیاری دیکەی دەست دەکەوێ و چامەکە بەش بەش وەسفی کەرەکە دەکات. مێشکی خوێنەریش هەر جارە و گرنگی بە بەشێکی وێنەکە دەدات، چونکە یەکەم جار بە گشتی وێنەی کەرێکی لە لا دروست بوو ئینجا لە ڕێگەی وەسفی بەشەکانی کەر و لە ڕێگەی وەسفی هەر بەشێکەوە ئەو وێنەیەی لە خەیاڵی دایە فراوانتر دەبێ.




لێرەدا وەك ئەوە وایە (نالی) کامێرایەکی بەسەر شانەوە بێت و گرتە گرتە وێنەی کەرەکەی پێبگرێت و پاشان وەکو سیناریۆیەك بینووسێتەوە، بۆ خوێنەریش ئەم چامەیە وەك فلمێك یا وەك وێنەیەك دێتە بەرچاوی کە لە کۆمەڵێك گرتە پێکهاتبێت.

بۆ نموونە: کە دەڵێ (سینە پان و موچە کورت و گوێ درێژ) ڕوانینی خوێنەر بەسەر ئەم بەشانەدا قۆناغ بە قۆناغ تێپەڕدەبێ بڕوانە ئەم سێ وێنەیەی خوارەوە( أ، ب، ت ).



( أ )



( ب )



( ت )

دواتر (بن زك و جەبهە سپی و کلك ئێستر و دامەن سیا) بڕوانە ئەم وێنانە ( ج، ح، خ ).



( ج )




( ح )



( خ )

خوێنەر گۆشەی روانینی یاخود بیرکردنەوەی هەر جارە و لەسەر بەشێك لە بەشەکانی وەسفەکە دەبێت، ئینجا هەوڵدەدات هەر وەسفێکی نویێ کە وەری دەگریێ وێنە گشتییەکەی خەیاڵی پیێ فراوانتربکات، بۆیە وردە وردە ئەو بەشە نوێیانەش بە یەکەوە گریێ دەدات ولەگەشتالتێکی گەورەتردا بەشداریان دەکات، بڕوانە وێنەی (ن ).



( ن )

بەهەمان شێوە لە دێڕەکانی دیکەشدا روانینی بەسەر شتە پێدراوەکاندا دەگەڕیێ و وێنەی بەشەکان وەردەگریێ و لە گەشتالتێکی گەورەتردا بەشداری پێدەکات. واتە؛ بەشەکانی زانیاری لە تێگەیشتنێکی گشتی و گەورەتردا بەکار دەخات.

خوێنەر لە ڕێگای ئەو وەسفانەی کە کەرەکەی بە شێر و بە ئاسك و بە گورگی سەفەر داناوە، هەست بە پایە بەرزی ئەو کەرە دەکات لە لای خاوەنەکەی، کە ئەوەندە گورج و گۆڵ بووە پێویستی بە قامچیش نەبووە، هەروەها لە وەسفی



بەشەکانی لاشەی کەرەکەشدا ئەوەی لە لا روون دەبێتەوە کە ئەم کەرە بەلای خاوەنەکەیدا خۆشەویستە*، چونکە چی خەسڵەتی باش هەیە پێی بەخشیوە و هەتا نایگۆڕێتەوە بە ( پالأنی – ئەسپی کۆتەڵ) لەبەر ئەوەی کەرەکەی لەو ئەسپانەش ئازاترە و باری زۆرتر هەڵدەگریێ و نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە زۆر مرۆڤی گێژ و وێژ باشترە و زۆر بە سەبرە و قانیعە بە گوزەرانی خۆی و بە خواردنێکی کەمیش رازییە. بەم شێوەیە تا دێڕی هەشتەمی چامەکە خوێنەر بەش بەش زانیاری وەردەگریێ و وێنەیەکی گشتی بۆ ئەو کەرەی لە لا دروست دەبیێ لە ڕێگای لێکدانەوەی پارچە پارچەی دێڕەکانەوە، ئینجا پرسیاری ئەوە دەکات ئایا وەسفی ئەم کەرە لە پای چییە؟ هەر تەنیا خاوەنی کەرەکە، کەرەکەی خۆشدەوێت و وەسفی دەکات یا مەبەستێکی دیکەی لە دوادایە؟

* ئەم کەرەی نالی بە دەستەواژەی باوی ئەم سەردەمە کەرێکی (کامل مواصفات)ە جا بڕوانە ئەو مەودا فراوانەی کە لەنێوان سەردەمی شیعرەکە و سەردەمی ئێستادا هەیە، جاران کەر خزمەتی مرۆڤی دەکرد هەر بۆیە مرۆڤیش هەستی بە ماندوو بوونەکەی دەکرد و خۆشیدەویست، بەلاّم ئێستا ئۆتۆمبێل جێی کەرەکەی گرتۆتەوە، کەریش سەرگەردان بووە، ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە زۆرینەی مرۆڤەکان بوونەوەرێکی بەرژەوەندخوازن و کە پێویستیان بە ئاژەڵەکە نەما بەزەییان پێدانایەتەوە، ئاخۆ نالی لە کوێیە تا ئاگاداری ئەم چارەنووسەی ئێستای کەر بوایە. جا ئەو پرسیارەی لەناو مێشکدا دەخولێتەوە ئەوەیە ئایا ئێستا کەس دەتوانێت چامەیەك هاوشێوەی چامەکەی نالی کە بۆ کەرەکەی نووسیویەتی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی بنووسی؟!

**عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو، قاطیعی ڕێگەی سەفەر بوو**
**خۆش سلوك تر بوو لە صەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ**

لێرەدا کەرەکە هاو ڕێگای خاوەنەکەی بووە لە سەفەرێکدا بۆیە ئەویش وا وەسفی دەکات و هەندێك سیفاتی مرۆڤی داوەتیێ کە ئەویش عەقڵە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە چەندین برادەریشی بە باشتر زانیوە، پاشان دەڵێ:

**(صائم الدهر)ی بە ڕۆژ، ئەمما بە ڕۆژوی بێ نییەت**
**(قائم الليل)ی سلوك، ئەمما سلوکی بێ نوێژ!..**

لێرەدا دەشێ خوێنەر وا هەست بکات کە ئەم ئاژەڵە چوێندراوە بەو مرۆڤانەی کە ئیماندارن و بە درێژایی ساڵ بە ڕۆژوون یاخود بەوانەی کە شەو هەتا بەیانی ناخەون و خەریکی خوا پەرستین ((ئەم کردارەی (نالی) لای بەشی زۆری مەلاکان بە جۆرە سوك کردنێکی ئاین و بە بێ حورمەت تەماشاکردنێکی دا ئەنرێ و زۆرجار ئەبێ بەهۆی ئەو کەسانەی شتی وا ئەکەن بە لە دین دەرچوو بژمێردرێ))[1] ، بەڵام لە لێکدانەوەکەی (مدرس)دا پێیان وایە (نالی) کە ئەم زاراوانەی کۆڕی خواپەرستانی خواستووە و لێرەدا بەکاری هێناون تەنیا مانا زمانییەکانی مەبەست بووە، بەم جۆرەش ناتوانرێت ئەم دێڕە وەك پلار لە (نالی) بگرترێ.

[1] نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە، محمدی مەلا کریم، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، بەغدا، ١٩٧٩، ل٤٣.



**چەندە پێم خۆش بو زوبانی حاڵی دەیوت ((نالیا))**
**هەردو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ**

لە کۆتاییدا خوێنەر لە ڕێگای ئەو هەموو زانیارییانەی کە بەش بەش وەریگرتوون و بەشداری پێکردوون لە دروستکردنی وێنەکانی گەشتالتدا و لە ڕێگای ئەو تێڕوانینە جیاجیایانەی کە لە تەواوی چامەکەدا لەلای دروست دەبوو و دەگۆڕا، تێگەیشتنێکی لەلا دروست دەبێت و لە دێڕی کۆتاییدا بە تەواوی وێنەکە تەواو دەبێت، کە گفتوگۆی نێوان کەرێکە لەگەڵ خاوەنەکەیدا. بڕوانە وێنەی ( د ).



( د )

لێرەدا خوێنەر هەست بە هاوسۆزی خاوەن کەر لەگەڵ کەرەکەیدا دەکات بە تایبەتی کە سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵ کەرەکەی وەك عەقڵ و توانای گوتن، هەروەها ((مانایەکی دیکەی ئەم شیعرە ئەوەیە کە دەڵێت: جیاوازی نێوان حەیوان و ئینسان جیاوازی نییە لەنێوان عەقڵ و نا عەقڵ و

لەنێوان زمان و بێ زمان دا واتە؛ جیاوازی نییە لە جەوهەردا، بەڵکو جیاوازی ئێمە لە فۆرم و شێوەدایە، جیاوازییە لە ئاستی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا کە یەکێکمان لەسەر ئاستی شێوەیەوە بە (گوێ درێژ) ناو بردووە و ئەوی دیکەشمانی هەر لەسەر هەمان ئاستەوە بە (گوێ کورت) داناوە))[1].

بە گشتی تێڕوانینی وەرگرەکان دەگۆڕێ و ئەو وێنانەی دروستی دەکەن بەپێی باکگراوندی هەر یەکێکیان دەگۆڕێ، بۆ نموونە لە مێشکی هەر کەسێکدا وێنەیەکی کەر هەیە ئەو وێنەیە بریتییە لەو کەرەی کە ئەو بینیویەتی و لە مێشکیدا چەسپیوە، جا یەکەم جار وشەی کەر ئەو وێنەیەی بە خەیاڵدا دێنێ پاشان لە هەر دێڕێکدا بەش لە دوای بەش وەسفەکان وەردەگرێ و لە چوارچێوەیەکدا کۆیان دەکاتەوە، کە وێنەی گەشتالتێکی گەورەیە و پاشان ئەو وێنەیەش لەنێو تێگەیشتنێکی گەورەتردا بەشدار دەبێ و وێنەی گەشتالتی کۆتایی لەلای خوێنەر دروست دەکات. دیارە ئەم چامەیەی (نالی) لە زۆر رووەوە لێکدراونەتەوە، بۆ نموونە (محمدی مەلا کریم) لەمەڕ ئەم چامەیەوە دەڵێ:

((لەم قەسیدەیەوە جەردەیەکمان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم شاعیرە مەزنەمان بۆ روون ئەبێتەوە، ئەمە

[1] نالی، رێبوار سیوەیلی، ل١٩٣-١٩٤.



کە (نالی) خاوەنی گوێ درێژێکی وا بووە، نیشانەی ئەوەیە پاش فەقێیەتی ماوەیەك لە لادێدا ژیاوە))*[1] واتە؛ ئەم وەرگرە لە رێگای تێگەیشتنی ئەم چامەیەوە وێنەیەکی لەمەڕ ژیانی (نالی)یەوە لەلا دروست بووە.

وەرگرێکی دیکەش (رێبوار سیوەیلی) دەڵێ: ((بیری شاعیرانەی (نالی) بیرێکی یەکسانخوازە نەك جودا خواز، بیرێکە لەسەر بنەمای خۆ بەیەکسان تەماشاکردنی مرۆڤەوە لە ئاست گیانەوەرەکان و بووەکانی تردا ئیش دەکات، نەك لەسەر خۆ بەرزکردنەوە لە ئاستیاندا. (نالی) دڵخۆشی خۆی لە ئەنجامی سەروەری خۆیەوە بەسەر کائینەکانی ترەوە بە دەست ناهێنێ، بەڵکو لەوەدا دەیبینێ کە خۆی لە بەرامبەریاندا بە یەکسانی ببینێت و لە زمان و کۆژانیان تێبگات و لەم رێگەیەشەوە زیاتر لە خودی خۆی تێبگات))[2] ئەم وەرگرەش لە چوارچێوەی گەشتالتێکی تایبەتی بە خۆیەوە باسی تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ

* ئێمە پێمان وایە خودی (محمدی مەلا کریم)یش جۆری تێگەیشتنەکەی لە زەمەنی ئێستاوە بۆ شیعرەکە چووە، لای ئاوبراویش ئاشکرایە (نالی) ئەگەر لە شاریش ژیا بێت، پێکهاتەی شاری ئەوسا پڕ بوو لە کەر بە تایبەتی شاری سلێمانی، کە لە سەردەمی (نالی) دا لە سەدماڵێك تێنەپەڕی، مەبەستمان بوو بڵێین قەسیدەی گوێدرێژ نابێ بە پێوەری لادێ بوون و شار بوون لێك بدرێتەوە، هەروەك نابێ بە پێوەری (پاش فەقێیەتی)ی بپێورێ، چونکە وەسیلەی گواستنەوە لەو سەردەمەدا هەر کەر و هاوشێوەکانی بووە.

[1] نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە، محمدی مەلا کریم، ل٣٢.

[2] نالی رێبوار سیوەیلی، ل١٩٥.

شیعرەکەوە دەکات. خوێنەرەکان بەپێی گۆشەی تێڕوانینیان و ئاستی رۆشنبیرییان ئەم چەمکانەیان لە لا دەست بەکار دەبێت و بەگشتی لە رێگای دروست بوونی وێنە گەشتالتیەکان لە لای خوێنەر، کە وردە وردە فراوانتر دەبێت و لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی گشتیدا بەرجەستە دەبێت و هەروەها لە رێگای ئەو تێڕوانینەی کە بە درێژایی چامەکەدا جێ گورکێ دەکا، لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاجیا بۆ شیعرەکە دەکرێ و ئەم پرۆسەیەش ( دروست بوونی تێگەیشتنی گشتی بۆ شیعرەکە) لە رێگای روانینی گەڕۆك و وێنە گەشتالتیەکانەوە دروست دەبێت کە کۆنترۆڵی ئاوێتە بوونی خوێنەر و دەقەکە دەکەن.

### ٥. نەگەتڤی دەق _ السلبیة

یەکێك لەو خاڵە گەوهەریانەی کە بۆ دروست بوونی پرۆسەی ئەدەبی لەلای (ئایزەر) گرنگ بووە، چەمکی نەگەتڤی دەق (La negative) بووە. نەگەتڤی دەق ئەو بنەمایەیە کە هەموو پێکهاتەکانی دەقی لەسەر بونیاد دەنرێ، نەگەتڤی دەق بەوە ناسراوە کە توانای گەیاندنی ئەزموونێکی نوێ و نە ناسراوی هەیە. لەلای (ئایزەر) ئەدەب بەردەوام نابێت تەنیا ئەگەر هەڵگری ئەزموونێکی نوێ نەبێت کە پێشتر لە ئەزموونە جێگیرەکانی خەڵکەکەدا نەبوو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەرکەی ئەدەب هەیەتی و ئەوەی



کە ئەدەب دروستی دەکات تەنیا لە نەگەتڤی دەقەکەدا نییە. چەمکی نەگەتڤی بۆ دەقەکە بریتی دەبێ لە لادان لە پێوەرەکانی راستی (واقع) و ئەزموونە باوەکانی دەق، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە چەمکی نەگەتڤی بۆ خوێنەر بەرامبەر بەو شتانە دێت کە خوێنەر لای خۆی هێشتا لێی تێنەگەیشتووە، ئەو شتەش کە لێی تێی نەگەیشتوە ئەو ئەزموونە نوێیەیە کە دەقەکە هێناویەتی و جیاوازە لە ئەزموونە ناسراوەکانی پێشتر کە لەمەڕ ژیان و واقعەوە باو بووە. خوێنەریش دەبێ ئەو ئەزموونە نوێیە بەپێی رێنمایی دەقەکە نەك بەپێی ئەزموونی تایبەتی خۆی شێوەی بۆ دروست بکات. واتە؛ نەگەتڤی دەق خوێنەر تێکەڵ دەکات لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا و یارمەتی خوێنەر دەدا بۆ خۆ رزگار کردن لەئەزموونە باوەکانی جیهان و گۆڕینی ئامادەبوون و ئاراستە و پێوەرەکانی لای خۆی[1].

لایەنی نێگەتیڤی دەق وادەکات بەردەوامی بە دەقەکە ببخشرێ و ئەزموونێکی نوێ لە لای خوێنەر گەڵاڵە بێت و لێکدانەوەی نوێ بۆ دەقەکە بکرێ، ئەگەر چی نەگەتیڤی دەق (هیچ فۆرمێکی تایبەتی نییە لەنێو دەقەکەدا و ناکرێ بە تەواوەتی دیاری بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگا نادات بە دروستبوونی هیچ پێوەندییەکی سەربەخۆ لە نێوان

[1] من فلسفات التأويل، عبدالكريم شرفي، ص٢٣٢-٢٣٥.

توخمەکانی دەق، چونکە ئەو پێوەندییەی لە نێوان توخمەکانی دەقدا هەیە، هەمیشە چاودێری دەکرێ لە لایەن بونیادی بابەتەکە و ئەو ئاسۆیەی کە کەلێنەکانی نێو دەقەکە کۆنترۆڵی دەکەن)[1]، واتە؛ خوێنەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێگایەی کە دەقەکە پێی دەبەخشێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی خۆی، توخمەکانی نێو دەق بەیەکەوە بەند دەکات و لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە واتایەك بۆ دەقەکە دەستنیشان دەکات. دەقەکانی (نالی) بۆ خوێنەرەکانی هاوسەردەمی خۆی، کۆمەڵێك دەقی نوێ بوون چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە، یاخود لە بابەتەکەیدا، لەبەر ئەوەی ئەو دەقانە هەڵگری کۆمەڵێك ئەزموونی نوێ بوون، کە بۆ خوێنەری ئەو سەردەمە ئاشنا نەبوو[*]، بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە هەندێك شت نەگات و لەو ئەزموونە نوێیە بە تەواوەتی حاڵی نەبێت، چونکە پێشتر باو نەبووە و ئاشنای نەبووە. (نالی) خۆی لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە

[1] سەرچاوەی پێشو، ل ٢٢٤.

[*] لە لای (یاوس) و لە چەمکی (ئاسۆی پێشبینی) دا باسی نامۆیی وەرگرەکانی نالیمان کرد لەگەڵ دەقەکاندا و باسی چۆنییەتی کاریگەری ئەم دەقانەمان لەسەر ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانی و چۆنییەتی گۆڕانی ئەو ئاسۆیە کرد، ئەم چەمکەی (ئایزەر)یش لە چەمکەکەی (یاوس)ەوە نزیکە، چونکە ئەمیش باسی ئەزموونی نوێی دەق دەکات، بەڵام بەمەبەستی کاریگەری نییە لەسەر ئاسۆی پێشبینی؛ بەڵکو وەکو بونیادی دەق باسی دەکات، کە خوێنەر بەهۆیەوە تێکەڵیی جیهانی دەقەکە دەبێت و لە ئەزموونێکی نوێدا دەژیت.



کەوا دەقەکانی هەڵگری شتی زۆر و ئەزمونی تازەن و خوێنەری تایبەتییان دەوێت بۆ نمونە دەڵێ:

**(نالی) یەك و ئەو کەسی کە تەمامی غەزەلی بیست**
**معلومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات** ل١٤٤
**نە ظمی (نالی) مثل ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە**
**دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفی و یەك ئاشکرا** ل١٤٧
**(نالی) بە داوە شعری دقیقی خەیالی شیعر**
**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوای ئایەوە** ل٥٥٥
**بێتە حجرەم پارچە پارچەی مسوەدەم بکرێ بە ڕوح**
**هەرکەسێ کوتاڵێ و پارچەی بێ بە دەل سەودا دەکا** ل١٠٧

شیعرەکانی (نالی) لادان بووە لە نەریتە باوەکانی سەردەمی خۆی، ئەوەتا شیعر بە زمانی کوردی و بە کێشی عەرووز دەنوسێت کە پێشتر لە شێوەزاری سۆرانیدا کاری واشایستە بەرچاو نەکەوتووەو لەمەڕ بابەتی شیعرەکانیشەوە کۆمەڵێك شتی نوێی لە لای خوێنەر وروژاند بۆنموونە: جوڵاندنی هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە ئاژەڵ، ئینتمای تاك بۆ نشیتیمانەکەی، باسکردنی ڕاستگۆیانەی واقیعی ژیان، وروژاندنی هەندێك بابەتی ئاینیی هەستیار، جوڵانەوی هەست و سۆزی وەرگر بۆ درك کردن بە خۆشەویستی، لەڕێگای ئەو شیعرانەی کە بۆ خۆشەویستی نوسیویەتی و ....هتد، جا گرنگی (نالی)

لەوەدا بوو کە تەنیا بابەتەکانی ناخستە ناو چوارچێوەی شیعرێك وئیتر لێی بگەڕێ، بەڵکو هێندە بە قووڵی دەچووە ناو ناخی بابەتەکەوە و پاشان ناو ناخی دەروونی مرۆڤەوە تا ئەو رادەیەی شیعرەکانی تاکو ئەم ڕۆش لە توانایاندا هەیە گفتوگۆ لەگەڵ دەروونی وەرگرەکاندا بکەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە تاکو ئەمرۆ شیعرەکانی (نالی) خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و وەرگری هەیە.

ئەگەتیڤی دەق هەروەك چۆن ئاماژەمان پێکرد، لە ئاستی دەقدا بریتییە لە لادان لە ئەزمونە باوەکانی دەق و پێوەرەکانی واقیع و لە ئاستی خوێنەریشدا بەرامبەر بەو شتانە دێت کە هێشتا خوێنەر لێی تێنەگەیشتووە، ئەو شتانەش کە لێی تێنەگەیشتووە ئەزموونی نوێی دەقەکەیە. بۆ خوێنەری ئێستای (نالی) و بۆ هەر خوێنەرێکی دیکەش (ئەزموونی نوێی) دەق تەنیا بریتی نابێ لە شێوازی نووسین و جۆری دەربڕینەکان، بەڵکو ئەو لایەنە ئیستێتیکیانە دەگرێتەوە کە شتێکی نوێ لە لای خوێنەر دەوروژێنێ وای لێدەکا بەردەوامی بە پرۆسەی خوێندنەوەکەی بدات و بەو شێوەیەش بەردەوامی بە دەقەکە دەدرێت. خۆ ئەگەر شیعرەکانی (نالی) شتی نوێی لە لای وەرگرەکانی دروست نەکردبا و ئەوە تاکو ئێستا چەندین لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ نەدەکرا.



(نالی) جۆرە هونەر وسیحرێکی لە دەربڕین و ناوەڕۆکدا بەکار هێناوە، هەر بۆ ئەو سەردەمە تازە نەبوو، ئەگەرچی لادان بووە لە شتە ئاساییەکان، هەتا مێژوو تێبپەڕێ بۆن و تامی تازەتری لێوە دێت، بۆیە ئەو توانا و وەستاکاری و هونەر کاری (نالی)یە، کە وا دەکات دەقەکە نەمر بێت و بۆ سەردەمە جیاوازەکان تازەیی ببەخشێ.

هەتا دەق بە نێو پرۆسەی (نەمر بوون)دا تێپەڕێ، ئەوا وەرگرە جیاوازەکان لەسەردەمە جیاوازەکان دەورووژێنێ، لەبەر ئەوە ئێستێتیکای وەرگرتن با لە خوێنەری دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی (نالی) جیاواز بێت، گرنگ ئەوەیە خوێنەری هەر سێ زەمەنەکە ئامادەیی هەیە لەگەڵ دەق کار لێك بکات، جا ئامادە بوونەکە بە پێی تێگەیشتن و رۆشنبیری و ژینگەی سەردەم با جیاوازیش بێت، لە پایەی دەق کەم ناکاتەوە بەڵکو نەمری زیاتری پێدەبەخشێ.

## ستانلی فیش (Stanly fish) و کۆمەڵی راڤەکار

(فیش) یەکێك بوو لە رابەرەکانی قوتابخانە ئەمریکییەکەی تیۆری وەلامدانەوەی خوێنەر، (ستانلی فیش) لە دووتوێی وتارەکانیدا بۆچوونەکانی لەمەڕ خوێنەر و دەسەڵاتی خوێنەر لە بەدەست هێنانی واتا دەخاتە روو. ((فیش) لە وتارێکیدا بەناوی ((ئەدەب لەنێو خوێنەردا))

لادانێکـی تـەوەرەیی کـردە سـەر رەخنـەی وەڵامدانـەوەی خوێنـەر، چونکە لـە بـری دەق تێگەیـشتنی خوێنـەر بـووە چـــەقی بایەخـــدان، جـــا لەبـــەر ئـــەوە (واتـــا) وەکـــو تایبەتمەندییەکی دەق نەما، چونکە بووە بەرهـەمی چالاکی خوێنەرەکە، ئەو پرسیارانەش کە دەبوو وەڵام بدرێتەوە، ئەو پرسـیارە نـەبوو ئایـا ئـەم چـامەیە واتـای چـی دەگەیـەنی؟ یـاخود ئـەم چـامەیە چـی دەکـا؟ بـەڵکو ئـەو پرسـیارەی کـە دەبوو وەڵام بدرێتـەوە ئـەو پرسـیارە بـوو ئایـا خوێنـەرەکان چۆن واتـا دروست دەکـەن؟)[1]، هـەروەها (کارەکـەی (ستـانلی فـیش) باشـترین وێنەیـە بـۆ ئـەو ئاڕاسـتە تیۆریانـەی کـە دژایـەتی دەقگـەراییان (النـصية) کـردووە... (فـیش)[*] لـە میتۆدەکەیـدا راسـتەوخۆ بەرپرسـیارەتی لێکدانـەوە بـۆ خوێنـەر دەگوازێتـەوە، لـەلای ئـەو هـیچ نیشانەیەکی دەق، یـاخود بونیـادێکی خـودی لـە دەرەوەی چوارچـێوەی ئـەو

---

[1] نقد استجابة القارىء من الشكلانيية الى مابعد البنيوية، جين ب. تومبكنز، ت:حسن ناظم و على حاكم، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٩، ص٢٨-٢٩.

[*] (ستانلی فـیش) چـەمکێکی نـوێی هێنایەکایـەوە ئـەویش (شـێوازگەریی سـۆزداری- الاسـلوبية العاطفيـة- Affective Stylistics) وەك بەرپـەچ دانەوەیـەك بـۆ چـەمکی (المغالطة العاطفيـة- The Affective Fallacy )ی رەخنـەگران (وەمزات و بیرنسلی) هێنایەکایـەوە، (وەمزات و بیردسلی) لـە رابـەرانی قوتابخانـەی رەخنـەی نوێی ئـەمریکین کـە دەسـەڵاتی خوێنـەر و نووسـەریان رەتکردووەتـەوە و بایـەخیان زیاتر بە دەق داوە. بڕوانـە: الصوت الاخر (الجوهر الحواري للخطاب الادبي)، فاضل ثامر، دار الشؤون الثقافية العامـة، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٣٣.



نەریتانەی کە کۆمەڵی راڤەکار (الجماعة المفسرة) لەسەری تەبان بەشداری ناکات لە پرۆسەی راڤەکردنەکە)[1] مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئەوەی واتا دیاری دەکات دەقەکە نییە، بەڵکو ئـەو یاسـایانەیە کـە کۆمـەڵی لێکـدەرەوە لەسـەر وەرگرتنـی دەقەکە جێبەجێی دەکەن.

( (فـیش) پێـی وایـە واتا لەنێودەقدا نییـە، بـەڵکو ئـەوەی واتـا دیـاری دەکـات، ئـەو نـەریت و دۆخانەیـە کـە دەوری وەرگری دەقەکەیان داوە، بەپێی ئەمە دەبێ ناوبراو خۆشی لـەژێر کاریگـەریی کۆمـەڵێك نـەریت و دۆخـدا بـێ)[2] و لـەلای (فیش) (واتا نە بەتەواوەتی موڵکی دەقێکی دیاری کراوە، و نە موڵکی خوێنەرێکی سەربەخۆ و ئازادە لە دیاری کردنی واتـا، بـەڵکو بەتـەواوەتی مـوڵکی کۆمـەڵێکی لێکدەرەوەیـە (جماعة المفسرة)، کە بەرپرسە لە چالاکییەکانی خوێنـەر و ئەو دەقانەی کە لە ئەنجامی ئەو چالاکیانەوە دروست دەبێ)[3].

کۆمـەڵی راڤـەکاریش (جماعـة المفـسرة) بریتییـە لـەو کۆمەڵە خەڵکەی کە ستراتیژیەتی لێکدانەوەیان وەکو یەکە نەك لە کردەی خوێندنەوەدا، بەڵکو لە نووسینەوەی دەقەکان

---

[1] نظرية التلقي، هولب، ص٣٢٩-٣٣٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣.

[3] هل يوجد نص في هذا الفصل_ سلطة الجماعات المفسرة، ستانلی فش، ص٤٣١.

و دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی و دەستنیشان کردنی مەبەستەکانی دەق، ئەم ستراتیژییەتە بەر لە کرداری خوێندنەوە بوونی هەیە، و ستراتیژیەتی لێکدانەوە شێوەی دەقەکە دیاری دەکات نەك بە پێچەوانەوە. ئەندامانی کۆمەڵەکانی راڤەکاریش لە کەم و زیادبوون دان و ئەو ئەندامانە لە کۆمەڵێکی لێکدەرەوە بۆ کۆمەڵێکی دی دەگوازنەوە، واتە؛ کۆمەڵەی راڤەکاریش لە دەقەکە جێگیرتر نییە، چونکە ستراتیژییەتی لێکدانەوە شتێکی خۆرسك و زگماك نییە، بەڵکو مرۆڤ لە توانای دایە فێری ئەو ستراتیژییەتانە ببێ، دیارە مەبەستمان لەوەش نییە کە لە قۆناغێکدا مرۆڤ هیچ لێکدانەوەیەکی نەبووە. چونکە توانستی لێکدانەوە لەلای مرۆڤ زکماکە و بە فێربوون نییە، بەلاّم ئەوەی کە فێری دەبێ چۆنییەتی و شێوازی لێکدانەوەکەیە، و ئەم شێوازانەش ئەگەری لەبیرکردن یان گۆڕان یان وازلێهێنانی هەیە (واتە؛ خەڵك بەکاری نەهێنێ لە خوێندنەوە) و ئەگەر هاتوو شتێك لەمانە روویدا (واتە؛ ستراتیژییەتەکە گۆڕا یا لەبیر کرا...) ئەوە دیارە لەگەڵ هاتنی دەقەکاندا گۆڕانێك هاتۆتە کایەوە، نەك لەبەر ئەوەی دەقەکان بەشێوەیەکی جیا دەخوێنرێنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز نووسراو[1].

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣-٢٥٥.



واتە؛ مرۆڤ خۆی توانای لێکدانەوەی تێدایە، بەلاّم ستراتیژییەتی ئەم راڤەکردنەش لە کۆمەڵی راڤەکارەوە فێری دەبێ، کۆمەڵی راڤەکاریش جێگیر نییە، چونکە لەگەڵ گۆڕانی پێوەرە مێژوویی و جۆرە ئەدەبییەکاندا دەگۆڕێ. (فیش) لە درێژەی گەڕانی بە دوای دەستنیشان کردنی (واتا) دا دەڵێ: (وەلاّمدانەوەی خوێنەر* بۆ واتا نییە، بەڵکو خۆی واتایە، یاخود هەر نەبێ ئەو وەلاّمدانەوەیە وەکو نێوەندێك (وسیط) دەبێ لە رێگایەوە ئەو شتە دروست دەبێ کە من دەمەوێ ناوی بنێم (واتا)، جا لەبەر ئەوە ئەگەر گرنگیمان بە وەلاّمدانەوەی خوێنەر نەدا یا حسێبمان بۆی نەکرد ئەوە ئێمە لە مەترسیدا دەبین)[1] .

(فیش)(*) لە میتۆدەکەیدا خوێنەر رزگار دەکات لە دەسەلاّتە بالاّ دەستەکەی دەق و خوێنەر رۆڵی سەرەکیی دەبێ لە دروست کردنی واتا، (فیش)دان بەوەدا دەنێ کە هەندێك راستەقینەی زمانەوانی هەیە کە هەڵگری واتایە،

* (فیش) دەڵی کە باسی وەلاّمدانەوە دەکەم مەبەستم تەنها لە فرمێسك و تەزوی مچوڕکە...و دیاردە دەروونییەکان نییە بەڵکو مەبەستم گشت شیکردنەوە وردەکانی مێشکە کە لەکاتی خوێندنەوەدا ئەنجام دەدرێ، بڕوانە: هل یوجد نص في هذا الفصل، ستانلی (فیش)، ص٨٤.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(*) تیۆرەکەی (فیش) لە هیرمۆنتیکای فەلسەفەیی نزیکە، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کاری ئەدەبی بە پرۆسەیەکی تێگەیشتن و لێکدانەوە (تأویل) تێدەپەڕێ. بڕوانە: الحلقة النقدیة، کوزنز هوی، ص٢٢٢.

بەلاٚم لیٚكدانەوەی ئەم واتایە و شرۆڤە كردنی لە توانستی ریٚزماندا نییە، بەڵكو لەو وزەیەدایە كە خویٚنەر دەیبەخشیٚتە دەقەكە[١]. ناوبراو لە باسەكانیدا دەگاتە ئەنجامی ئەوەی كە خویٚنەر خۆی ئەدەب دروست دەكات، ئەگەرچی سەرەتا ئەم ئەنجامە وەكو نوقم بوون لەنیٚو خودگەراییدا (الذاتیة) دیٚتە بەرچاو، بەلاٚم زوو لیٚی رزگاری دەبیٚ كاتیٚ كە پیٚناسەی خویٚنەر دەكات نەك وەكو كریاریٚكی رەها كە بە ئارەزووی خۆی ئەدەب دروست دەكات، بەڵكو وەكو ئەندامیٚك لە كۆمەڵەیەك كە گریمانەكانی ئەو كۆمەڵەیە لەمەڕ ئەدەبەوە سروشتی گرنگی دان بە دەق و سروشتی ئەو ئەدەبەی كە دروست دەبیٚ دیار دەكات[٢].

خویٚنەر لای (ستانلی فیش) وەك خویٚنەر لای (ئایزەر) نییە، چونكە خویٚنەرەكەی (فیش) خۆی بە پڕكردنەوەی ئەو كەلیٚنانەی كە دەق بەجیٚیهیٚشتووە سەرقاڵ ناكات، هەروەها وەكو خویٚنەرەكەی (ریفاتیٚر)[**] یش نییە، لەبەر ئەوەی خویٚنەرەكەی (فیش) تاكە پیٚوەریٚك نییە بۆ شیعرییەتی

[١] سەرچاوەی پیٚشوو، ل٤٦.

[٢] سەرچاوەی پیٚشوو، ل٤٩.

[**] (میشیل ریفاتیٚر) لیٚكۆڵەرەوەیەكی زمانەوانی و رەخنەگریٚكی ئەدەبی بونیادگەری ئەمریكییە، لە زانكۆی كۆلۆمبیا وانەی وتووەتەوە، لە كتیٚبەكانی ( الاسلوبیة البنیویة) (١٩٧١) بلاٚوبووەتەوە و (صناعة النص) (١٩٧٩) بلاٚوبووەتەوە. بڕوانە: من توقعات القاریء الی معنی التجربة الجمالیة، فخری صالح، هەمان سەرچاوە.



دەق، بەڵكو سەرچاوەی هەموو (دەلالاتەكان)ە، و ئەو شتەی كە واتا دروست دەكات یان نایكات، میٚشكی خویٚنەرەكەیە نەك كاغەزە چاپ كراوەكە یا لاپەڕەكانی كتیٚبەكە[١].

(فیش) دەڵیٚ: (یەك ریٚگا یاخود یەك شیٚوازمان نییە بۆ خویٚندنەوە بتوانین بە ریٚگای سروشتی و راستی دابنیٚین، چونكە كۆمەڵیٚك شیٚوازمان هەیە بۆ خویٚندنەوە كە لە ئەنجامی روانینی كۆمەڵەكانەوە دروست بووە)[٢]. واتە؛ لەئەنجامی كۆمەڵەكانی راڤە یاخود لیٚكدانەوەوە دروست بووە، ئەو، نایەویٚ پەشیٚوی و سەرلیٚ شیٚواوی لە بواری لیٚكدانەوەدا هەبیٚ، جا بۆ ئەوەی ریٚگا بگریٚ لە بەربەرەكانیٚی نیٚوان هەزاران خویٚندنەوە، كە بۆ شیكردنەوەی دەق ئەنجام دەدریٚ، هەوڵدەدا باسی ستراتیژییەتی لیٚكدنەوە بكات، كە كۆمەڵی خویٚنەر تیایدا بەشدارن و ئەم ستراتیژیەتە كۆنترۆڵی وەلاٚمدانەوە خودیەكانیانی كردووە، مەبەستیش لە خویٚنەرەكە، ئەو خویٚنەرە شارەزایانەن، كە دەرچووی دەزگای ئەكادیمین و دەشیٚ لیٚكدانەوە كانیان لەیەكترەوە زۆر دوور نەبیٚ[٣]. دیارە (فیش) لە ریٚگای بۆچوونەكانییەوە هەوڵی داوە هەندیٚك پرۆگرام بۆ لیٚكدانەوە دابنیٚ، ئەوەش لە

[١] نقد استجابة القاریء، جین تومبكنز، ص٢٨. هەروەها بڕوانە: الحلقة النقدیة، كوزنز هوی، ص٢٢٣.

[٢] هل یوجد نص في هذا الفصل، ستانلی (فیش)، ص٦٦.

[٣] نظریة الادب، تیري ایغلتون، ص ١٤١.

ڕێگای (کۆمەڵی ڕاڤەکار یان ستراتیژییەتی لێکدانەوە)ەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسە و بە ئارەزووی خۆی و بەبێ بوونی هیچ یاسا و دەستورێك لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ دەق نەکات.

بەمەبەستی زیاتر حاڵی بوون لە ستراتیژییەتی لێکدانەوە و چۆنییەتی دروست بوونی کۆمەڵەی ڕاڤەکار یاخود لێکدەرەوە ئەم گریمانەیی خوارەوە بە نموونە دەهێنینەوە:

ئەگەر کۆمەڵێ قوتابی لە کلاسێك دابوون و مامۆستایەك باسی شیعری کلاسیکی بۆ دەکردن و شیعری بۆ لێکدەدانەوە بە پێی تێگەیشتنی خۆی و شێوازی خۆی لە لێکدانەوەدا، ئینجا پاش کلاسەکە لە هەمان ئەم قوتابیانە داوابکرێ کە دەقێکی کلاسیکی لێکبدەنەوە ئەوا دەشێ زۆربەی ئەنجامی لێکدانەوەی قوتابییەکان لەیەکەوە نزیك بێت، چونکە هەموویان لە لای یەك مامۆستاو زانیارییان وەرگرتوە و یەك شێوازی لێکدانەوە فێربوونە، بۆیە لاسایی دەکەنەوە، ئەوەی جیاوازیش دەخاتە نێو لێکدانەوەکانیان ئەزموونی خودیی قوتابییەکەیە، کە مۆرکی تایبەتی بە خوێندنەوەی دەقەکە دەدات. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ستراتیژییەتی لێکدانەوە، دەشێ لێکدانەوەکان لەیەکتری



نزیك کاتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چێژی خوێنەر و ئەزموونی خوێنەر لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.

ئەگەر باسی وەرگرەکانی (نالی)ش بکەین ئەوە دەبینین زۆربەی لێکدانەوەکانیان هاوستراتیژییەتە و لەیەکەوە نزیکە، جا لەسەر چ ستراتیژییەتێك بن ئەوە کێشە نییە. بۆ نموونە: ئەگەر بەراوردی لێکدانەوەکانی مامۆستایانی (مدرس) و (مسعود محمد)یش بکەین کەلە زۆر شتدا تەبانین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەین کە هەمان ستراتیژییەتیان هەیە لە لێکدانەوە و ئەوان ئەندامی یەك کۆمەڵی ڕاڤەکردن یاخود لێکدانەوەن. ئەوەی وا لە ئێمە دەکات بە ئەندامی یەك کۆمەڵیان دابنەین نزیکیی ستراتیژییەتی لێکدانەوەکانیانە، نزیکی ئەو شێوازەیە کە لە ڕاڤەکردندا بەکاریان هێناوە، بۆ نموونە: لە لێکدانەوەکانی هەردوولا پشت بە لێکدانەوەی واتای وشەکان و یاسا ڕێزمانییەکان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبەستن و ئەوەی جیاوازیشیان دەخاتە نێوان تەنیا گۆشە نیگا و ئاسۆی بیرکردنەوەو پێشبینییەکانیانە. بڕوانە ئەم دوو دێڕەی خوارەوە:

**عشقت لە دڵ و دیدەی پڕ ئەشك و ئەلەمدا**
**گونجایش و تەسکینی نییە زۆرە لەکەمدا** ل٩٣

(مسعود محمد) دەڵێ:(شەرحەکە (واتە؛ شەرحەکەی مدرس) لە هاتنی ئەشك وئەلەم بەدوای دڵ و دیدەدا، لەف و نەشری موشەووەشی بەدی کردووە کەوا دڵ لە تەرتیبدا کەوتۆتە بەرامبەر ئەشك، دیدەش کەوتۆتە بەرامبەر ئەلەم منیش دەڵێم لە هەمان کاتدا لەفف و نەشرێکی موشەووەشی دیکەشی لەوەدا پێکهێناوە کە گونجانیش کەوتووەتە بەرانبەر دڵ وتەسکینیش کەوتۆتە بەرانبەر دیدە کە دەبوو تەسکینەکە لەگەڵ دڵدا جووت بێت و گونجاویش بۆ دیدە)[1] . ئەگەر بەوردی تێبینی هەر دوو لێکدانەوەکە بکەین دەبینین جیاوازیەکەیان تەنیا لەوەدایە کە (مسعود محمد) لەف و نەشرێکی موشەوەشی دیکەی بینیوە، واتە؛ ئەویش هەر بە هەمان شێواز کار دەکات و هیچ ستراتیژییەتی دیکەی نەگرتۆتە بەر بۆ لێکدانەوە جیاواز بێت لە هی (مدرس).

چاوی من بەحری موحیطی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند
لێت موعەین بیٚ کە (نالی) گوڵ بەدڵ پەرژین دەکا    ل١١٤

((شەرحەکە دەڵێ: تۆ لەناو چاوی منداى ...ریٚ نامینیٚ چاوەکە ببێتە (بەحری موحیط) دەریای دەواندەوری یار. دەبوو شەرحەکە بڵێ چاوم وەك و بەحر دەوری گرتوی نەك

---
[1] دەستە و دامانی نالی، مەسعود محمد، ل١٢.



تێیدایت. لە وشەی (لێت موعەیەن) بیٚ، ئیشارەت هەیە بۆ چاوەکە (موعەیەن) خۆی لە (عین)ەوە وەرگیراوە))[1] .

دیسان جیاوازییەکە لە چۆنییەتی روانین و تێگەیشتنی پێوەندی نێوان وشەکانە. خۆ ئەگەر بەراوردی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی)یش بکەین لەگەڵ دیوانەکە، ئەوا هەر بەو شێوەیە هەست بە بوونی یەك ستراتیژییەتی لێکدانەوە دەکەین. وەرگرانی پاش ئەمانیش ژمارەیەکی زۆریان هەمان ستراتیژییەتی ئەمان بەکاردەهێنن لە لێکدانەوەی دەقەکاندا.

سەرەڕای ئەوەی کە باسمان کرد، ستراتیژییەتی دیکەش هەیە بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی (نالی) بۆ نموونە (ڕێبوار سیوەیلی) لە ریگای هێرمۆنیتیکاوە سیٚ چامەی (نالی) لێك دەداتەوە و (سالح سوٚزەنی) بە پشت بەستن بە فینۆمینۆلۆژیای خوێندنەوە باسی شیعرەکانی (نالی) دەکات....هتد.

دیارە بوونی ئەم ستراتیژیەتانە پێوەندی بە پەیدابوونی مێتۆدە رەخنەییەکانەوە هەیە، کە کاردانەوەی لەسەر بیری وەرگرەکان هەیەو هانیان دەدا بەپێی ئەو مێتۆدە لە شیعرەکان بڕوانن، ئەگەری ئەوەش هەیە کە خوێنەرێك ستراتیژییەتی خۆی بگۆڕیٚ لە لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا ئەوەش بەپێی گۆڕانی قۆناغی مێژوویی و ڕێبازی ئەدەبی و

---
[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

پێداویستییەکانی سەردەم، بۆ نموونە دەشێ خوێنەرێك لە قۆناغێکی دیاریکراودا بە پێی ڕێبازی باوی ئەو سەردەمە بروانێتە دەقەکە و پاشان لەگەڵ ئاشنا بوونی لەگەڵ میتۆدێکی فەلسەفی یان ئەدەبی یان دەروونی دیکەدا گۆشەی لێکدانەوە و ڕوانینی بگۆڕێ. دیارە ئەوەی کە باسیشی دەکەین خوێنەری ئەکادیمی و شارەزایە، بەڵام هەرزە خوێنەریش هەیە کە بێ ئەوەی بزانێ دەکەوێتە ژێرکاریگەری خەڵکانی دیکەوە و هەمان بیرکردنەوەی ئەو کەسانە هەڵدەگرێ کە کاریگەرە پێیان، بەڵام ئەگەر ئەو خوێنەرە بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیر کردن ئەوە دەتوانێ لەژێر کاریگەریی خەڵکی دیکەدا دەربازی بێت و سەربەخۆ بیر بکاتەوە و ئەگەرنا هەر لە شوێنی خۆیدا دەبێت و هەمیشە پاشکۆی ئەم و ئەو دەبێت، لێرەدا مەبەستمان لە کاریگەرییبوون بە ستراتیژیەت نییە بەڵکو بیر کردنەوەیە، چونکە دەشێ دووکەس یان کۆمەڵێ کەس یەك ستراتیژییەتیان هەبێ لە لێکدانەوەدا، بەڵام بیرکردنەوە و ڕوانینیان جیاواز بێت.

بە گشتی (ستانلی فیش) واتا بە مولْکی دەق و بە مولْکی خوێنەرێکی سەربەخۆ دانانێت، بەڵکو (واتا) بە مولْکی کۆمەڵێکی لێکدەرەوە دادەنێت، ئێمە تاڕادەیەك لایەنگیری ئەم ڕایەی (فیش) دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا



باوەڕمان بە توانای خوێنەری تاکیش هەیە لە بەدەست هێنانی واتادا، ئەو خوێنەرەی کە لە هەمان کاتدا ئەندامی کۆمەڵێکی لێکدەرەوەیە، چونکە وەك چۆن دواتر ڕوونی دەکەینەوە، ناوبراو خۆی باسی جیاوازی ئەزموونی خودی خوێنەر دەکات، لە وەرگرتنی دەقدا، کەوایە با خوێنەرەکانیش هاوستراتیژییەت بن، بەڵام ئەو واتایانەی کە لەنێو دەروونیاندا پەنگ دەخواتەوە یەکسان نین و یەکسان نابن و لە ئەنجامدا ئەو دەقانەی کە دەینوسنەوەش ئەگەرچی هاوشێوەی یەکیش بن کەچی هاوتام نابن.

ئەگەر بە وردی سەرنجی تەواوی تیۆرەکانی (یاوس و ئایزەر و ستانلی فیش) بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە جۆرە پارادۆکسێك لە نێوان خودی تیۆرەکان و لە نێوان هەرسێ تیۆرەکەش هەیە، بۆیە زۆرجار دەبینین لە شوێنێکدا بڕیارێك دەدەن پاشان دەسکاری دەکەن و هۆکاری بۆ دەخوازن و دەیگونجێنن، دیارە ئەمەش چەند هۆیەکی لە پشتەوەیە، یەکەمیان نوێیی تیۆرەکەیە، دووەمیش لە سەرەتاوە بڕیارەکانیان بە ڕەهایی دەردەکرد، پاشان ڕەخنەیان لێ دەگیرا....هتد.

ئێمە خۆمان نەخستە نێو ئەو پارادۆکسانەوە، بەڵکو تەنیا سودمان لە هەندێ لە بیرو و بۆچوونەکانیان وەرگرتووە و لە ڕێگای ئەو بیر و بۆچوونانەوە

جەختمانکردۆتە سەر (خوێنەر)، کە بناغەی تیۆرەکانی ئەوانیش بووە. بە بۆچوونی ئێمە ئەدەب و دەقی ئەدەبی بوونێکی زیندووە و ناکرێ بە رەهایی بڕیار لەسەر لایەنێکی بدرێت، بەڵام باوەڕێکی زۆریشمان بە توانای خوێنەر هەیە لە پرۆسەی ئەدەبیدا و لە ئاراستەکردنی واتای دەق و ئەو چێژەی کە دەق دەی بەخشێ، بۆیە جەخت لەسەر چۆنییەتی ئاوێتە بوونی ئەم توخمە لەگەڵ دەقەکاندا دەکەین.

## ئەزموونی خوێنەر و رۆڵی لە ئاوێتەکردنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا:

خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا، بە پرۆسەیەکدا تێدەپەڕێ، ئەو پرۆسەیە خوێندنەوەکەیە، کە (واتا)مان دەخاتە بەردەست، (ستانلی فیش) دەڵێ: (واتا شتێك نییە مرۆڤ بتوانێ لە چامەکەوە دەریبهێنێ وەك چۆن گوێز لە کاکڵەکەیدا دەردەکا، بەڵکو واتا ئەزموونی مرۆڤە لە کاتی خوێندنەوەدا[1]، ئەزموونی مرۆڤیش لەکاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵێك شتی دیکە کۆنترۆڵی دەکات. بۆ نموونە: پێدراوەکانی دەق (ئەزموونی دەق)، ئەزموونی

[1] نقد استجابة القارىء جين تومبكنز: ص٢٨.



خوێنەر، ستراتیژیەتی خوێندنەوەکە. لێرەدا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەزموونی خوێنەرەکەیە و رۆڵی ئەو ئەزموونەیە لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی خوێنەر لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا. بۆ ئەم مەبەستەش شیعرێکی (نالی) بە نموونە دێنینەوە، ئێمە لەم شیعرەدا باسی خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەکەین، کە لە رێگایەوە رۆڵی ئەزموونی خوێنەر لە ئاوێتەکردنی خوێنەر و دەقەکەدا لە ئاستی چێژ وەرگرتنی خوێنەرەکەدا روون دەکەینەوە.

**ساقی وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح**

**بەم راحە، لەسەر راحە، دەڵێن: راحەتی ئەرواح** ل١٦٤

خوێنەر کە ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە، یەکەم جار وشەی (ساقی) دەکەوێتە بەرچاو، ئەم خوێنەرە، دەزانێ ساقی ئەو کەسەیە کە مەی دەگێڕێ، جا لەبەر ئەوە سیستەمی مێشکی راستەوخۆ وشەی مەیی لەناو زەینیدا بۆ ئامادە دەکات، و هەر لەخۆوە چاوەڕێ دەبێت دەقەکە وشەی مەی و مەیخانە و کاسەی مەی و...هتد باس بکات.

ساقی وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح

ئەم دێڕە بۆ خوێنەرێکی بەر لە سەد و پەنجا ساڵ رەنگە وێنەی مەیخانەی ئەو سەردەمەی هێنابێتە بەرچاو و خوێنەرەکە وێنەی کچێکی مەیگێڕ و کاسەکەی دەستی وێناکردبێ، ئەوە ئەگەر خوێنەرەکە مەیخانە و کۆڕی مەی

خواردنەوەی بینیبێ، ئەگەر نەشیبینیبایە ئەو تەنیا بەخەیاڵ شتێکی بۆ دروست دەکرد، ئەمە سەرەڕای واتای ئەم وشانە لەنێو جیهانی تەصەوفدا کە جێگای سەرنجی خوێنەرەکانی دەبێ و ئەو خوێنەرەی کە زانیاری لەبارەی تەصەوفەوە هەبووبێ لەو روانگەیەوە مانای دێڕەکەی لێکداوەتەوە.

بۆ خوێنەری ئێستاش، دەشێ وێنەی (باڕ)ێك بێنێتە نێو زەین، ئینجا ئەم وێنەیەش بەپێی چۆنییەتی ئەو وێنەیەی کە بۆ (باڕ) جێگیر بووە لە باکگراوندی خوێنەرەکەدا شێوەکەی دەگۆڕێ ئەمە ئەگەر هات و خوێنەرەکە چووبێتە نێو ئەم بارودۆخە و خواردنەوەی بینیبێ، هەروەها ئەگەر خوێنەرەکە خۆی بە واقیعی بارودۆخی ناو (باڕ)یشی نەبینیبێ، ئەوە هەر دەشێ بتوانێ وێنایەکی تەواوی (باڕ)ی خواردنەوە و جوڵەکانی نێو باڕ بکات، لە رێگای ئەو وێنانەی کە بینیویەتی، بۆ نموونە لە (تەلەفزیۆن)ەوە دەشێ نەك یەك وێنە بەڵکو بە دەیان وێنەی (باڕ) و دۆخی خواردنەوەی بینیبێت و بووبێتە باکگراوند لەلای، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وێنەکانی ئەم دوو خوێنەرە لەیەکتر جیاوازە، چونکە ئەوەی یەکەمیان خۆی ئەزموونی لەگەڵ دۆخەکەدا هەیە، بۆیە هەست بە خۆشی (نشوة)ی وێناکردنەکە دەکات، بەلاّم خوێنەری دووەم لە رێگای



ئەزموونی خەڵکی دیکەوە سۆز و هەستەکانی خۆی بەکار دەخات و وێنەی لەلا دروست دەبێت و دەشێ ئاوێتەی ئەم وێنەیەش بێت و ئاساییە چێژیشی لێوەرگرێ، بەلاّم ئەم پرۆسەیە هەر لە خەیاڵدایە و جیاوازە لە پرۆسەی خوێنەرەکەی یەکەم، لەبەرئەوەی خوێنەری یەکەم کە ئەزموونی هەیە لەگەڵ خواردنەوە و مەیخانەدا و ئەم وشانە لە مێشکیدا گوزارشت لە دۆخێکی چێژبەخش دەکات، کە لەشی خوێنەرەکە لەکاتی ئەزموونکردنیدا جۆرە وەلاّمدانەوەیەکی بۆ هەبووە، (رۆلان) وتەنی: (چێژی دەق ئەو ساتەیە کە لەشم تیایدا وەلاّمدانەوەی بۆ خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی دەبێت، چونکە بیرکردنەوەی لەشم وەك بیرکردنەوەی خۆم نییە)[1]، بۆیە خوێنەریش کە ئەم وشانە دەخوێنێتەوە و وێنای دەکا ئەوە وەلاّمدانەوەی لەشی کار لە سیستەمی مێشکی دەکات و مێشکی فەرمان دەداتە هەموو لەشی خوێنەرەکە، خوێنەرەکە هەمان وەلاّمدانەوەی بۆ دەبێت، کەچی خوێنەری دووەم لە دروستکردنی وێنەکە، لەشی هیچ وەلاّمدانەوەیەکی بۆ وشەکان نابێت، بۆیە مێشکی هیچ فەرمانێك ناداتە دەمارەکانی، ئەم خوێنەرە پێشتر ئەو حاڵەتەی ئەزموون نەکردووە و نازانێ بەواقیعی کە بەرامبەر ساقییەك دادەنیشێ و چاوەڕێی کاسەی مەی


[1] لذة النص، رولان بارت، ت: د.منذر عياشي،ط١، دار لوسوي، ١٩٩٢، ص٤٣.

دەکات هەستی چۆن دەبێت و نازانێ مەی خواردنەوە تامی چییە و لەو ساتەدا وەڵامدانەوەی لەشی چۆن دەبێت؟ راستە دەزانێ ئەوە مەیە و خەڵکی سەرخۆش دەکات و هۆشیان لەخۆ نامێنێ، بەڵام نازانێ ئەو هەست کردنە چۆنە و وێنای ئەو هەستەش هەر لەناو خەیاڵیدا دەبێ، واتە؛ ئەو توخمانەی بەکاری دێنێ لە وێناکردنەکەدا هەمووی لەنێو خەیاڵیدا دەست بەکاردەبن، بۆیە وێنەی خوێنەرەکان یەکسان نابن.

بۆ پاڵپشتی ئەم رایەمان باسی دۆخێکی رۆژانە دەکەین کە هەموو کەس دەتوانێ هەستی پێبکات، ئەگەر کەسێك باسی لیمۆی بۆ بکرێت یان یەکێکی دیکە ببینێ لیمۆ بخوات ئەوە راستەوخۆ نێو دەمی ئاو دەکات وەك ئەوەی شتێکی مزری خواردبێت ئەگەرچی خۆی هیچیشی نەخواردبێت، بەڵام زمانی کەسەکە وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت و مێشکی فەرمان دەداتە لیکە رژێنەکان و دەمی ئاو دەکات لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتە چەسپاوە لەنێو مێشکیدا، بۆیە تەنیا بە وێنەکەی یان ناوهێنانی، ئەو وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، بەڵام کەسێك کە نەزانێ تامی لیمۆ چۆنە و هیچ کاتێك تامی نەکردبێ ئەوە لە بینینی و لە باس کردنیشی هیچ وەڵامدانەوەیەکی بۆ نابێت، بەڵام ئەگەر پێی بڵێن ترشە ئەگەری ئەوە دەبێت کە هەستی تام کردنی ترشێتی لەلا ئامادە بێت بەڵام وەك



ئەوە نییە کە خۆی تامی بکات، مەبەستمان ئەوەیە ئەزموونی مرۆڤ رۆڵێکی گەورە دەبینێ لە وەڵامدانەوەی بۆ واتاکان، ئێمە لێرەدا دەتوانین سوود لە تیۆرەکەی (بلۆمفیلد) وەربگرین (بلۆمفیلد تەواوی کردەی ئاخاوتن لەسەر بنەمای وروژاندن Stem lulus و بەرسڤ Response شیدەکاتەوە)[1]، ئەم تیۆرەکەی خۆی لەسەر (بنەمای تیۆرەکانی (سکینەر) دامەزراندووە. لە دیدگای ئەمانەوە هاوکێشەی پێوەندی نێوان وروژاندن و بەرسڤ ئاوایە:)[2]




ئێمە لێرەدا سوود لەو هێڵکاریە وەردەگرین بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆمان:





تاقیکردنەوەی خوێنەر

[1] زمانەوانی، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٩٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا، خوێنەر ئەزموونی لەگەڵ خواردنەوەدا هەیە، بۆیە فەرمان لەنێوان عەقڵ و جەستەیدا ئاڵوگۆڕ دەبێت و لە ئەنجامدا ئەم تاقیکردنەوەیە کۆنترۆڵی هەست و خەیاڵی خوێنەر دەکات. بەڵام ئەگەر خوێنەرەکە ئەزموونی نەبووبێت ئەوە لێرەدا پێوەندی عەقڵ و جەستە لەنێو جیهانی خەیاڵدا دەبێت، چونکە پێشتر خوێنەرەکە تاقیکردنەوەی لەمەڕ ئەم بابەتەوە نەبووە، بۆیە وێناکردنەکەی لەناو جیهانی خەیاڵدا دەبێت (بڕوانە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە)، بۆ وێنە لەم شیعرەی (نالی)دا وەڵامدانەوەی خوێنەرەکان بەپێی جۆری خوێنەرەکان دەبێت:



تاقیکردنەوەی خوێنەر

خۆ دەشێ یەکێك لێرەدا بڵێ (نالی) مەلا بووە و لەو باوەڕەدانین ئەزموونی لەگەڵ مەی خواردنەوەدا هەبووبێ، ئایا چۆن دەتوانێ بەم شێوەیە لە چەندین شیعردا باسی مەی و مەیخانە بکات؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ڕاستە دەشێ (نالی) ئەزموونی لەگەڵ ئەم دۆخەدا نەبێت، بەڵام ئەزموونی



لەگەڵ خوێندنەوەدا هەیە و بێگومان زۆری لەسەر مەی و مەیگێڕان لە شیعری فارسی و عەرەبیدا* خوێندۆتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەگەر بهاتایە (نالی) خۆی ئەزموونی هەبووایە لەگەڵ مەی خواردنەوە ئەوە دەشێ ئەو نەیتوانیبایە ئەسپی خەیاڵی تاودا و بەو شێوەیە وەسفی بابەتەکە بکات، چونکە ئەگەر شتێك تاقی نەکرابێتەوە ئەوە بەخەیاڵێکی فراوانتر و قوڵتر بیری لێدەکرێتەوە، ئەگەر ئەزموونیشی بووبێ ئەوە بیرکردنەوە لە بابەتەکە لە گۆشەی نیگای یەکی جیاوازەوە دەبێ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە (نالی) ئەم چەمکانەی بە مەبەستێکی صۆفیانەوە بەکارهێناوە، و ئەگەر (نالی) خۆی ئەزموونی هەبووایە لەگەڵ مەی خواردنەوە ئەوە ئەو واتایانەی کە دەریدەبڕێ بە شێوەیەکی دیکە دەبوون، بۆ نموونە ئەگەر (نالی) خۆی باوەڕی بەوە بوایە کە لە مەی خواردنەوەدا ئاسوودەیی گیان هەیە، جا مەی بە واتا حەقیقێکەی بێت یان مەجازییەکەی بێت، و ئەگەر ئەو ڕاحەتەی تام بکردایە کە مەی دەیبەخشێ

* (نالی) تەنیا لە ڕێگای شیعری فارسی و عەرەبییدا باسی مەی نەکردووە، بە ئاشکرا دیارە لاسایی شاعیرانی پێش خۆی کردووەتەوە، بۆ نموونە (خانی) دێڕێکی لەم شێوەیەی هەیە کە دەشێ (نالی) سوودی لێ وەرگرتبێ، یان (خانی)ش هەر لە فارسەکان وەری گرتبێ و کاریگەرییەکە مابێتەوە. بۆ نموونە لە (مەم و زین)دا دەڵێ: ساقی بکە جامێ ئاسمانی/ ڕاحا وەکو روحی جاویدانی/ دا ئەم بکرین دەماغێ جان تەڕ/ یەك لە حظە بەڵام ڕاحی ڕوح پەروەر. بڕوانە: مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ئامادەکردن: هەژار، چ٢، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٠.

ئەوە نەیدەگووت (بەم راحە لەسەر راحە دەڵین راحەتی ئەرواح) بەڵکو دەشێ بیگووتبایە (ئەم راحە لەسەر راحە راحەتی ئەرواحە).

ئێمە لە مەی خۆرێکمان پرسی ئایا مەی راحەتی ئەرواحە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: (نەك تەنیا راحەتی ئەرواحە بەڵکو مەی دەتگەیەنێتە راستی، راستییەکانت پێنیشان دەدا) بێگومان ئەو راستییەی کە ئەو کەسە دەیبینێ و باسی دەکات کەسێکی بێ ئەزموون ناتوانێ تێیبگات، یان نازانێ راحەتی ئەرواح مانای چییە، بەڵێ دەزانێ وشەی رۆح چی دەگەیەنێ و راحەت مانای چییە، بەڵام نازانێ بە تەواوەتی رەحەت بوونی رۆح چۆنە، دەشێ ئەو بە بێهۆشی تێبگات یا بە هەر شتێکی دیکە. بە کورتی ئاوێتە بوونی خوێنەرێك کە خۆی ئەزموونی لەگەڵ پێدراوەکانی ناو دەقەکەدا هەبێ دەگۆڕێ لەگەڵ یەکێکی دیکە کە واقیعی ئەو شتانەی تاقی نەکردبێتەوە و لە ئەنجامدا لێکدانەوەکانیان جیاواز دەبێ. دیارە ئەوەی ئێمە باسمان کرد مامەڵەی خوێنەرە لەگەڵ واتای ئاشکرای وشە و وێنەکان و نەچووینەتە ناو جیهانی تەصەوفی دەقەکەوە و گومانیش لەوەدا نییە کە کەسێك ئاشنایی هەبێ لەگەڵ جیهانی تەصەوفدا ئەوە شێوازی ئاوێتەبوون و لێکدانەوەکەی دەگۆڕێ بە بەراورد کردن لەگەڵ کەسێکی



دیکە کە هیچ لە تەصەوف نەزانێ، دیسان ئەگەر خوێنەرەکە ئافرەت بێت ئەوە وێنەکە بەپێی ئەزموونی ئەو ئافرەتە لەگەڵ مەی و چوونە مەیخانەدا دەگۆڕێ دەشێ لەلای ئەو ساقی کچێکی جوان و دەست و پەنجە ناسك نەبێ دەشێ کوڕێکی جوان بێت. بەهەرحاڵ لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە خوێنەر چاوەڕێی هاتنی وشەی مەیخانە و کاسە و مەی دەکات ئینجا بابزانین تا چەند دەقەکە وەڵامدانەوەی بۆ ئەو پێشبینیانەی دەبێ.

هەر لە دێڕی یەکەمدا وشەی (ئەقداح) هاتووە پاشان (بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن نوری علی نور/ رەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح) واتە؛ وشەی کاسە و قەدەحیش بەکارهاتووە و چوێندراوە بە رووناکی ئینجا (قەطرێکە لە بەحری کەرەم و رەحمەتی فەتتاح/ نەك عارەقی کەرمی عینەب و شەربەتی توففاح)[*] لێرەدا عارەق کە جۆرێکە لە خواردنەوە بەکارهاتووە لەبری وشەی مەی، واتە؛ بۆ ئەو کەسەی کە دەخواتەوە خواردنەوەکە وەکو رەحمەت وایە، چونکە ئەو گیانی پێ ئاسوودە دەبێت، بۆیە بۆ ئەو عارەقی ترێ و شەربەتی سێو نییە، ئەو لە رێگای

---

[*] دەشێ (نالی) لەم دێڕەدا ویستبێتی وەرچەرخانێك بێنێتە نێو شیرازەی دەقەکەوە، بەو شێوەیەش تەسەوفەکە ئاشکرا بکات، چونکە لە دێڕەکانی پێشووتر کەرەسەکانی مەی راستەقینە بوون، بەڵام لەم دێڕەدا دەگۆڕێ، بۆ نموونە (بەحری کەرەم و رەحمەت، نەك عارەقی عینەب و شەربەتی توفاح) واتە خوێنەر دوور دەکاتەوە لە عەرەق.

دڵۆپێك شەرابەوە دلۆپێك لە ڕەحمەتی خوای پێبەخشراوە، خوێنەریش کە ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە دوور لە مەودای تەصەوف بەپێی ئەزموونی خۆی لەگەڵ مەیدا لە شیعرەکە دەگا و ئاوێتەی دەبێت، پاشان (نالی) لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا دەڵێ:

**بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەم دڵی خەستە،**
**بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح،**
**لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە، نە جەورە**
**ساقی کەرەمی سایقە (نالی) مەکە ئیلحاح**[**] ل١٦٥-١٦٧

لێرەدا دیمەنی داواکردنی کاسەی مەی و جۆری مەیەکەش دیاری کراوە و گفتوگۆی نێوان مەیگێڕ و داواکاری مەیەکە باس دەکرێ و چاوەڕێ کردنی مەینۆشەکان بۆ گەیشتن بە مەی وێنا کراوە. جا ئەو کەسەی کە زانیاری لەمەڕ جۆرەکانی مەیەوە هەبێ ئەوە دەزانێ هۆی چییە ئەو جۆرە مەیە هەڵبژێردراوە، ئەو کە ئەو مەیە دەخواتەوە بۆ ئەوەیەتی گیانی ئاسوودەبێ و دڵی خۆشبێ تا ئەو ڕادەیەی هیچ شتێك لەبەر چاوی نەمێنێ تەنانەت مێشوولەش نەبینێ، لەبەر ئەوە ناچێت شتێکی خراپ

[**] لێرەدا دەشێ دیسان(نالی) ویستبێتی دووبارە گەمە بە خوێنەر بکاتەوە، چونکە سەرەتا ڕاستەوخۆ باسی مەی و پەنجە دەکات و دوای ئەوە خوێنەری دوور دەکاتەوە لە جیهانی عەرەق و بەرەو ڕەحمەتی فەتاح (جیهانی ئاینی- تەسەوف) دەبات، لەم دێڕانەی سەرەوەشدا دووبارە وەرچەرخان دەکاتەوە و دیسانەوە خوێنەر دەباتەوە بەرە و لای ساقی.



بخواتەوە و سەری لێ بشێوێ و لەبەر چاوی شتەکان بگۆڕێ، چونکە ئەو شەرابی بە ڕەحمەت و ڕاحەت داناوە و دڵی خۆش دەکات، چۆن دەبێ شتێك بخواتەوە ڕێگر بێت لەو داواکاریانە. ئەگەر خوێنەر ئەزموونی لەگەڵ خواردنەوەدا هەبوو ئەوە دەکرێ بزانێ جۆرەکانی شەراب چین و کامیان باشترە و ئەگەر بیانخواتەوە جیاوازییەکەیان چییە، خۆ دەشێ خوێنەرەکەی دیکەش ئەم زانیاریانەی هەبێ و بیزانێ، بەڵام (ئەوەی گرنگە زانیارییەکان نییە، بەڵکو کاری مێشکە)[1]، چونکە هەبوونی زانیاری بەشێوەیەکی تیۆری لەمەڕ بابەتێکەوە جیاوازە لەو زانیارییانەی کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە دروست دەبێ، هەروەها ئەو زانیارییانەی کە لە وشەکان و پێوەندییەکانی نێوانیانەوە دەستمان دەکەوێت بە تەواوەتی هاو شێوەی ئەوە نین کە خۆمان دەیبینین، چونکە (وشە تەنیا دەلالەتە بۆ شتەکان، ئەو دەبێ زانیاریمان بۆ بگوازێتەوە لەسەر شتەکان، زانیارییەك کە دەکرا شتەکان خۆیان باشتر و وردتر پێیان ڕاگەیاندباین ئەگەر بکرایە ڕاستەخۆ بیانبینین)[2].

[1] نقد استجابة القارىء، جين تومبكنز، ص٢٩١.
[2] بنية اللغة الشعرية، جان كوهن، ت: محمد الوالي و محمد العمري، ط١، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٦، ص٣٢.

مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئەزموونی خوێنەر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە چۆنییەتی ئاوێتەبوونی خوێنەر لەگەڵ دەقەکەدا ئەگەرچی خوێنەرەکانیش یەك ستراتیژییەت لە لێکدانەوەی دەقدا بەکار بێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونەکانیان جیاوازی دەخەنە نێو لێکدانەوەکانیان، ئەم شیعرە بۆ هەندێك خوێنەر دەبێتە هاندان بۆ مەی خواردنەوە، بۆ هەندێکی دیکەش وێنا کردنی حاڵەتێکی صۆفییانەیە، بۆ دەستەیەکی دیکەش باسێکی ئێستێتیکی چێژ بەخشە کە وێنای دۆخی نێو مەیخانە دەکات...هتد. دیارە ئەزموونی خوێنەرو نزیکی لە تاقیکردنەوەی نێو شیعرەکە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئاسۆی نێوان خوێنەر ودەقەکە، ئەوەتا خوێنەرێك دانبەو ڕاستیەدا دەنێت و دەڵێ:((ئەزموونی تاراوگەو دوورە وڵاتی تا دەهات ئاسۆیی شیعرەکانی حاجی قادرو نالی لە بەر چاوم ڕوونتر دەکردەوە......لە سەرەتادا هۆی هۆگری خۆمم لا ڕوون وئاشکرا نەبوو،پاشان گەیشتمەئەو بڕوایە،کە نەك تەنیا شارەزایی زمانەوانی و سەردەرکردن لە(موحەسیناتی بەدیعی) بەسنبۆ هۆگری ودەرۆیشیی، بەڵکوو نزیك بوونەوەی ڕۆحی ولە یەکچوونی تاقیکردنەوەی خۆشەویستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەنگە هۆیەکی بنچینەیی بن بۆ ئاڵودەبوون وتێگەیشتن))[1]. واتە؛

[1] چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی، فازیل کەریم ئەحمەد، خەیاڵ و ڕۆح (لێکۆڵینەوە)،



تەنیا پێوەر بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ دەقی شیعرییدا شیعرییەتی دەقەکە وتوانستی ئەدەبی وزمانی وەرگر نییە،بەڵکوو هاوئەزموونی و نزیکی تاقیکردنەوەی ڕۆحی و مرۆڤایەتی وەرگریشە لە گەڵ ئەزموونی نێو دەقەکەدا،یاخود ئاشنایەتی وەرگر لەگەڵ ئەزموونی دەقەکەدا دەبێتە هۆی زیاتر تێکڕژانی ئەو هاوکێشەیەی کە لەنیوان وەرگر ودەقەکەدا هەیە.

## پێوەندی ئەدەبی (نووسەر – دەق - خوێنەر)

سێگۆشەی (نووسەر – دەق – خوێنەر)، ئەو سێگۆشەیەیە کە پێوەندی ئەدەبی بەرجەستە دەکات:





ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لەم پێوەندییەدا، ئاوێتە بوونی خوێنەرە لە ڕێگای پێوەندی کردن لەگەڵ نووسەرو دەقدا. نووسەر لەڕێگای زمانەوە دەق دەنووسێ و دەیخوێنێتەوە، خوێنەریش* لە ڕێگای زمانەوە دەق

دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٦.

* بە هەمان شێوە وەرگریش لە ڕێگای زمانەوە دەق دەبیستێت و لێکدەداتەوە.

دەخوێنێتەوە و دەنووسێتەوە، واتە؛ دەتوانین بڵێین زمان خاڵی هەرە سەرەکی و گرنگی ئەم پێوەندی کردنەیە، چونکە ئەو ئامرازەیە کە پرۆسەکەی پێ ئەنجام دەدرێت .
زانای زمانەوانی(جاکۆپسن)** لە ڕێگای شەش توخمەوە هێلکارییەك بۆ بەرجەستەکردنی پێوەندی زمانەوانی




بەپێی ئەم هێلکارییە ئاخاوتن لە لایەن قسەکەرەوە لەڕێگای کۆمەڵێك کردەی فیسیولوجی ودروونییەوە بەرهەم دێت، ئەم قسەیە بریتییە لە پەیامێك ئەو پەیامە لەکۆمەڵێك کۆدی زمانی پێکهاتوە، کە لەنێو دەوروبەرێکی تایبەتیدا هاتوەو ئەو دەوروبەرە ناسنامەی پێدەبەخشێ و لە ڕێگای کەناڵێکی هەستی ودەروونییەوە دەگەیێنرێتە وەرگرەکەی، جا ئەم پێوەندییەی (جاکۆپسن)

** (رومان جاکۆپسن (١٨٩٦-١٩٨٢) زانای زمانەوانی و رەخنەگری ئەدەبی بە رەگەز رووسی، رابەری بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ بووە پاشان چووەتە (براگ) و بووە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی زمانەوانی (براگ) و خاوەن کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبییە وەك (محاضرات اساسیات اللغة و التألیف و التوازي في الشعر). بڕوانە: سایتی http://www.kalima.ae/ara/titles/title



لە نێو پرۆسەی ئەدەبیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

دەوروبەر
کەناڵ
نووسەر ← دەق (پەیام) ↔ (خوێنەر - وەرگر)
نێرەر کۆد بۆنێردراو

واتە؛ نووسەرە کە پێوەندی لەگەڵ دەقەکەدا دەبەستێت و خوێنەریش پێوەندی لەگەڵ دەقەکەدا دەکات. دەق دەبێتە ئەو جێگایەی کە خوێنەر و نووسەر تیایدا بەیەك دەگەن. لە نێو ڕێبازە رەخنەییەکاندا هەرجارە و جەخت کراوەتە سەر یەکێك لە توخمەکانی ئەم پێوەندی کردنە لە پرۆسەی ئەدەبیدا، سەرەتا لەنێو میتۆدە مێژووییەکان بایەخ بە نووسەر و بەرهەمهێنی هونەر دەدرا، پاشان لەنێو میتۆدی بونیادگەریدا بەتەواوەتی رووناکی خرایە سەر دەق لەنێو پرۆسەی پێوەندییەکەدا بەو شێوەیەش لە هێڵکارییەکەی (جاکۆپسن)دا چەقی بایەخدان خرایە سەر (دەق ـــ Text)، بونیادگەری هەوڵی دەدا ئاراستەی نێو هێڵکاری پێوەندییە شیعرییەکەی (جاکۆپسن) بەرەو دەق بەرێت و پێیان وابوو کە دەق خۆی پەردە لەسەر بونیادێکی دیاری کراو یاخود کۆمەڵێك سیاقی بونیادی دیارکراودا هەڵدەگرێ و دەکرێ ئەرکی خوێنەر یا رەخنەگر تەنیا دۆزینەوەو کردنەوەی کۆدەکانی دەق بێت.

واتە؛ خوێنەر بەند دەکرێت بە دەقەکە و بۆی نابێت هیچ شتێکی خۆی زیاد بکاتە سەر دەقەکە[1]،بەڵام پاشان میتۆدی هەڵوەشانگەرایی[*] لەنێو پرۆسەی پێوەندی ئەدەبیدا ئاڕاستەی بایەخدان بەرەو خوێنەری دەق دەبات، دواتریش تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر بەتەواوەتی چەقی بایەخدانیان خستە سەر وەرگری دەق، بەو شێوەیەش ئادگاری نووسەر و دەق لە نێو پرۆسەکەدا کاڵ دەبێتەوە و پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق دیارتر دەبێت. لە نێو ئەم تیۆرانەدا (ڕۆڵی نووسەری دەق لە پرۆسەی وەرگرتندا پشتگوێ خراوە، لەبەر ئەوەش لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەروونی و مێژوویی نووسەر، شتێکی ئەو تۆ نەما کە خوێنەر پێویستی پێبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکەدا)[2]، هەروەها ((ڕولان بارت)یش کە بانگەشەی بۆ مەرگی نووسەر و لەدایک بوونی خوێنەر کرد، گۆڕانێکی

[1] الصوت الاخر الجوهر الحواري للخطاب الادبي، فاضل ثامر، ص٢٢٩.

[*] میتۆدی هەڵوەشانگەرایی دەسەڵاتی دەقی و ئەگەری هەبوونی تەنیا یەک خوێندنەوەی ڕاستیان بۆ دەقەکە ڕەتدەکردەوە و ڕێگایان بە هەبوونی خوێندنەوەی جۆراو جۆر بۆ تەنیا دەقێك دەدا وپێیان وابوو ئەو خوێندنەوانەش ئەگەری دووبارە هەڵوەشاندنەوەیان هەیە لە داهاتوودا، تەنانەت (جاك دریدا) رابەری میتۆدی هەڵوەشانگەرایی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی خوێندنەوەکەی خۆی لە داهاتوودا دادەنێ، چونکە بە ڕای ئەو هەموو خوێندنەوەکان هەڵەیە لە خوێندنەوە (Misreading) و سەپاندنی ستراتیژیەتی دەور وبەرەکانە لەسەر دەق. بڕوانە: الصوت الاخر الجوهر الحواري للخطاب الادبي، فاضل ثامر، ص٢٣١.

[2] قراءة النص و جماليات التلقي، محمود عباس عبدالواحد، ص١٨.



بنەڕەتی هێنایەکایەوە و پێوەندییەکە گوازرایەوە لە نێوان دەق و نووسەرەوە بۆ نێوان خوێنەر و دەق، بەو شێوەیە دەق بوونی خۆی لە نووسەرەکەیەوە وەرناگرێ، بەڵکو خوێنەرەکەی بوونی پێ دەبەخشێ و واتای دەقیش لە ڕێگای چالاکیی خوێنەرەکە و ئەزموونی لەگەڵ دەقدا بەرجەستە دەبێت نەك لەنێو دەقەکەدا، لێرەدا (واتا) بەرهەمی ئەو پێوەندییەیە، کە لەنێوان خوێنەر و دەقەکەدایە و هیچ پێوەندییەکی بە نووسەر و مەبەستەکەیەوە نییە)[1]، بە هەرحاڵ کاتێ کە بەتەواوەتی ڕووناکی دەخرێتە سەر ڕۆڵی خوێنەر لە پێوەندی ئەدەبیدا، ڕۆڵی نووسەر یەکسان دەبێت بە سفر و بەو شێوەیەش ئاڕاستەی هێلکاری پێوەندی ئەدەبی دەگۆڕێ:

(٥) کەناڵ

(٤) دەوروبەر

(١) خوێنەر (پەیام) ⟵⟶ (٢) دەق (پەیام)

(٣) کۆد

لێرەدا خوێنەر خوێندنەوەکەی دەوروبەرێکی تایبەتی خۆی هەیە و پەیامێکی تایبەتی هەیە و توانستێکی دیاری کراوی هەیە لە لێکدانەوەی کۆدەکان، جا ئەم توخمانەی خوێنەر لە ڕێگای کەناڵی خوێندنەوە (چاو- بینین-

[1] هل یوجد نص في هذا الفصل، ستانلي فش، ص ٩.

کردنەوەی کۆدە زمانییەکان لە ناو مێشك-ئاڵوگۆڕ کرددنی زانیاریـەکان لـەنێوان خوێنـەرو دەق-لێکدانـەوە) لەگـەڵ توخمـەکانی دەقەکـەدا (دەوروبـەر و پـەیام و کـۆد) کارلێـك دەکـەن و لـە میـانی ئـەم کارلێککردنـەدا پێوەنـدی ئـەدەبی دروسـت دەبێـت و لـە ئەنجامـدا (واتـا)ی دەق بەرجەسـتە دەبێت.

لەم هێڵکاریەدا، ئەوەی کە دەق لە پەیامە زمانییەکەی نێو هێڵکارییەکـەی (جاکۆپـسن)دا جیادەکاتـەوە، شـیعرییەتی دەقەکەیە، (دەق کاتێ کە لەدایك دەبێت هەڵگری شیعرییەتە وهــــەر کەهاتەکایـــــەوە دوور دەکەوێتـــــــەوە لـــــە بەرهەمهێنەکـەی(نێـرەر)و هـیچ پێوەندییـەك لـە نێوانیانـدا نامێنێـت و سـنووریان جیادەبێتـەوە، لێـرەدا قسەکردن لـە کردەیـەکی گۆکردنـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ کـردەی نووسـین ولـەتوانای نێـرەردا نابێـت کـە پاڵپشتی قسەکانی خـۆی بـە جوڵەوئاماژەکانی خۆی (واتە؛ بە جوڵەو ئاماژەکـانی لـەش و دەموچاوی)بکات و لەرێگایەوە پەیامەکەی خۆی دەوڵەمەنـد بکـات و ئەوجێگایانـەی کـەدەبێت سترێـسی بخرێتـە سـەر دەستنیـشان بکـات، بـەڵکو دەق لـەرێگای ئـەو توخمانـەی کەشــیعرییەتی دەقەکـــە پێکـــدێنن ئـــەو ئاماژانـــە بەرجـــە



ستەدەکات کـە لـەنێو مێـشکی خوێنەرەکـەدا کاریگـەرییان دەبێت و هەستی ئێستێتیکی پێ دەوروژێنری)*[1].

بـەم شـێوەیە دەتـوانین بڵـێین (چـامە هـیچ بـوونێکی راستـەقینەی نییـە تـاکو ئـەو کاتـەی کـە دەخوێندرێتـەوە، چـونکە تـەنیا لـە توانـای خوێنەرەکانیدایـە گفتوگـۆی (واتا)کەی بکەن، کە لێکدانەوەی ئەم خوێنەرانەش جیاواز دەبێت لەبەر ئەوەیـە شێوازی خوێندنـەوەکانیان جیـاوازە. خوێنەر ئەو کۆدەی کە پەیامەکەی پـێ نووسراوە پراکتیك دەکات و لەو رێگایەوە پەیامەکە دەکاتە بوونێکی واقیعی و

* بەلای ئێمەوە ئەگەر بێت وەرگریش شیعر لەڕێگای خوێندنەوەی خۆیەوە بۆدەقەکە وەرنەگرێ و لەڕێگایەکی دیکەوە وەریبگرێت بۆنموونە: شاعیر خۆی شیعرەکەی بخوێنێتەوە، ئەوا ئاماژەو جوڵە وئەدای شاعیرەکە ڕۆڵ دەبینێت لە دروست کردنی باودۆخێکی تایبەتی و ئەم باروددۆخەش لەسەر چۆنییەتی وەرگرتنی دەقەکە کاریگەری دەبێت، چونکە لێرەدا ئاوازەو سترێسی رستەکان شاعیر لەکاتی خوێندنەوەکەیدا دیاری دەکات و هەروەها جوڵەکانی دەموچاوی شاعیر لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا توخمێکی دیکە دەبێت بۆیارمەتی کردنی کردەی تێگەیشتنی لە لای خوێنەر، جاەشێ ئەم ئاماژانە سەرنجی وەرگر بەلای هەندێك شتدا برێت کە لەخوێندنەوەی خۆیدا بۆشیعرەکە هەستی پێ نەکردووە یاجیاواز بووە، بۆیە- پێمان وایە چۆنییەتی ئاوێتەبوونی ئەو وەرگرەی کە گوێ بیستی شێرکۆ بێکەسە لە کۆڕێکی شیعریدا کە شیعرێك دەخوێنێتەوە جیاوازە لە ئاوێتە بوونی هەمان ئەو خوێنەرە ئەگەر بێت وخۆی شیعرەکە بخوێنێتەوە.

[1] الخطيئة والتفكير من البنيوية الى التشريحية (قراءة نقدية لنموذج معاصر)، د.عبدالله محمد الغذامي، ط٤،الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر،١٩٩٨، ص٢٦-٢٧

هەستپێکراو)[1]، نووسەریش لەم پرۆسەیەدا هیچ هەست بە بوونی ناکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بە پێی ئەو هاوکێشەیە بڕۆین و دەسەڵات لە نووسەر وەربگیرێت و قورسایی لێکدانەوە بخرێتە سەر خوێنەر، ئەوا ئاراستەی لێکدانەوەی ئەم شیعرەی (نالی)یش دەگۆڕێ کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

**ئەمردم من ئەگەر ئە مجارە بێ تۆ**

**ئەچم شەرط بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ.** ل ٣٨٠

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگای جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکەوە (من)، خۆی نواندوە و ئاراستەی گوتنەکەشی بەرەو کەسی دووەم کردووە (تۆ)، بەڵام بەپێی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەبێ، خوێنەر لە لێکدانەوەکەیدا هیچ خۆی خەریك ناکات بەوەی بەدوای ئەو جێناوەدا بکەوێت و بزانێت مێژووی نێوان (من و تۆ)ی ڕاستەقینەی دەقەکە چییە و چ پێوەندییەك بەیەکیانەوە دەبەستێت، چونکە خوێنەر بۆ خۆی لە نێو دەورو بەرەکەیدا ئەو پێوەندییە دەستنیشان دەکات، واتە؛ خوێنەر چیدی خۆی خەریك ناکات بە ساغ کردنەوەی ئەوەی، ئایا (نالی) کە ئەم شیعرەی نووسیوە خۆشەویستەکەی مردبوو یان لە ژیاندا بوو؟ئەو خۆشویستە (حەبیبە)یە یاخود کەسێکی دیکەیە،

[1] النظرية الموجهة نحو القاريء، رامان سلدن و بيتر بروكس،ت: د.محمد نور النعيمي، مجلة الاداب الاجنبية، ع١٠٦-١٠٧، اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠٧، ؟.



ئایە (نالی) لەگەڵ حەبیبەدا ژیاوەو پاشان بەجێی هێشتوە؟ کە بە جێی هێشتوە بۆ کوێ چووە؟ بۆ ئەو کەسی کە خۆشیویستوە لەگەڵ خۆیی نەبردووە؟ ....هتد.، بەڵکو خوێنەر مامەڵە لەگەڵ ئەم دەقەدا دەکات وەکو شتێك خۆی بوونی پێ ببەخشێ و ژیانی بخاتەبەر، جا بۆیە خوێنەر بە پێی توانستی زمانیی و دەوروبەر و باکگراوندی ڕۆشنبیرییەکەی خۆی هەوڵدەدات، هەر چ پەیامێکی هەیە لەسەر دەقەکەی پراکتیکی بکات، دەقیش بەهەمان شێوە ئەو توخمانەی خۆی دەسەپێنێتە سەر خوێنەرەکە ولە ئەنجامدا کارلێك کردن لە نێوانیاندا دروست دەبێت و ئەم پرۆسەیەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی (واتا)ی دەق. ئەو (واتا)یەش کە دروست دەبێت شتێکی جێگیر نییە، چونکە دەشێ خوێنەرێکی دیکە، کە بونیادی توخمەکانی جیاواز بن لەگەڵ توخمەکانی دقەکەدا کارلێك بکەن و لە ئەنجامدا واتایەکی دیکە بێتە کایەوە، دیارە هەرچەند خوێنەرەکەش بە تواناتر و شارەزاتر بێت لە ئەدەب و زماندا و خاوەن هەستێکی هونەری بەرزبێت، ئەوە ئەو واتایەی کە بەدەستی دێنێ جێگیرتر و دیارتر دەبێت.

بۆ نموونە کە خوێنەر ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە:

**ئەمردم من ئەگەر ئە مجارە بێ تۆ**

**ئەچم شەرط بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ.**

هەوڵ دەدا لەرێگای پێدراوەكانی دەقەكەوە پێوەندی نێوان (من و تۆ)ی نێو شیعرەكە دەستنیشان بكات و بە پێی ئەزموونی خۆی ئاڕاستەی بكات، گرنگ نییە ئەم دێڕە شیعرە گوزارشت لە چ روداوێكی راستەقینەی شاعیر و كەسی بەرامبەری دەكات، چونكە بۆ خوێنەرەكان لێكدانەوەی دێڕەكە دەگۆرێ، بۆنموونە دەشێ ئەم دێڕە بۆ خوێنەر باسی دوو كەس بكات كە لە یەكتر دووركەوتبنەوە، جا هۆی دووركەوتنەوەكە بە پێی ئەزموونی خوێنەركە دەگۆڕێ،چونكە لەنێو تەواوی دەقەكەدا هیچ ئاماژەیەكی راستەوخۆ بە هۆی دووركەوتنەوەكە نەكراوە، تاكوو خوێنەرەكە پابەند بكات بە هۆیەكی دیاریكراوەوە، بۆیە دەشێ ئەو دووریە بۆ خوێنەر لە سەفەركردنی خۆشەویستێكدا بۆ دەرەوەی وڵات بەرجەستە بێت، یاخود لە مردنی كەسێكی خۆشەویستدا .......هتد، جا لە دێڕی یەكەمدا كە خوێنەر رووبەڕووی ئەو بەڵێنە دەبێتەوە كە قسەكەری نێو دەقەكە دەیداتە خۆی (نەچم، شەرط بێ، هەتا ئەو خوارە بێ تۆ) ئەوە دەشێ وا هەست بكات كە شاعیر وەك مەنەلۆگ لەگەڵ خۆییدا قسە دەكات وەهەر بە خەیاڵیش لە گەڵ كەسی بەرامبەردا گوفتوگۆ دەكات، چونكە خۆی قسە لە گەڵ خۆی دەكات وبەڵێن دەدا ئە گەر ئەمجارەیان نەمرێ و نەجاتی بێ چیتر بێ تۆی خۆشەویستەكەی نەچێتە هیچ جێگایەك، كە ئاراستەی قسەكردنەكەشی بەرەو كەسی دووەم دەكات دەشێ واهەست بكرێ كە شاعیر لەگەڵ كەسێكدایە و



قسەی لەگەڵ دەكات و پێی دەڵی:ئەگەر ئەمجارەیان نەمردم، نابێ بچم بۆ هیچ جێگایەك بێ تۆ،بەڵام كە تەواوی دەقەكە دەخوێنێتەوە:

دەرونم خاڵییە ، وەك نەی دەناڵێ
هەوارێكی چ پڕ هاوارە بێ تۆ
بینایم كوێرە، هەڵنایێ بە رووی كەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ
هەموو ئەعضایی ناڵینم دەناڵی
سەراپام میثلی مۆسیقارە بێ تۆ
قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاكت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ
لەكن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەكن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
لە كن من با وجودی ناس و ئەجناس
كەسی تێدانییە ئەمشارە بێ تۆ
هەتا تۆم ئاشنا بوی، ئاشنام بون
ئەمێستا مو بە موم ئەغیارە بێ تۆ
هەمو رۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ
لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی ((نالی))
دو جۆگە ، بەڵكو دو روبارە بێ تۆ

ل ٣٨٠-٣٨٤

به تەواوەتی خوێنەر لە لای ئاشکرا دەبێت، کە شاعیر تەنیا بە خەیاڵ قسە دەکات و هیوای لە هاتنەوەی خۆشەویستەکەی زۆر کەمە، هەروەها دەکرێ خوێنەریش بەردەوام بێت لە ئاوێتەبوون لەگەڵ پێدراوەکانی دەقەکەو ئەو هەڵچوون و هەست و سۆزانەی کە دەشێ مرۆڤێك لە ئەنجامی دووری یان لێکجیابوونەوەی خۆشەویستێکی لە لای بوروژێ لە نێو دێرەکانی دەقەکەدا پراکتیك بکات، چ لە چەشتنی ئازار و ناخۆشیەکانی دووری بێت یان هەست کردن بێت بە نامۆبوون و غەریبی.

لە دێری (لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من/ لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ)شدا، خوێنەر هەست دەکات بە بوونی بێوەفایی کەسی دووەم (تۆ)ی نێو دەقەکە، چونکە (تۆ) باکی بە دووری (من) نییە، جا ئەو خوێنەرەش دەشێ ئەو هەستەی لە لا بەرجەستە ببێ و کاردانەوەیەکی ئاساییە کە (من)ی نێو دێرەکە ئەوەندە گری دووری چەشتبێ تا ئەو رادەیەی هەستەکانی خۆی لە لا بالاتر بێت، بۆیە وا هەست دەکات کە (من) زیاتر خەمی دووری (تۆ)یەتی. لێرەدا خوێنەر لە نێوان دێری یەکەمی شیعرەکە و ئەم دێرەدا دووچاری پارادۆکسیك دەبێت ئەگەر بێتو وا حسێب بکات کە (من)ی دێری یەکەم (تۆ)ی بەجێهێشتووە، چونکە ئەگەر وایە بە چ حەقێك (من) لەم دێرە دواییدا (تۆ) تاوانبار دەکات



بەوەی کە ئەو باکی بە دووری ئەم نییە، بۆ گلەیی لێ دەکات دەبا بەجێی نەهێشتبا، کە دووریش کەوتۆتەوە لێی، ئەوا با تاوانباری نەکات!

کەچی ئەگەر خوێنەر لەدێری یەکەم دا وا حسێب بکات کە (تۆ)(من)ی بەجێهێچشتووە، ئەوە لەم دێرەشدا ئاسایی دەبێت (من)گلەیی خۆی ئاراستەی (تۆ) بکات، دیارە ساغ بوونەوەی ئەم دۆخانەش دەوەستێتە سەر ئەزموونی خودی خوێنەرەکە و هەروەها خوێنەر چی لە لایە و دەقەکە چی تازەی پێ بەخشیوە.

لە دێری کۆتاییشدا دەڵێ:

**لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی ((نالی))**
**دو جۆگە، بەڵکو دو روبارە بێ تۆ**

خوێنەر ناوی (نالی) بەرچاو دەکەوێ، جا لێرەدا دوو ئەگەر هەیە، یەکەمیان ئەگەری ئەوە هەیە خوێنەر بە بینینی ناوی (نالی) ئاگادار بێتەوە و بزانێت ئەو ئەزموونەی کە تاقی دەکاتەوە لە راستیدا ئەزموونی کەسیەتی دیاری کراوە و ئەو خۆی تێدا دەبینێتەوە، جا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە لێکدانەوەکانیدا بچێتەوە یاخود هەوڵدا بچێتە نێو ئەزموونی کەسی دیکەوە و لە نەهامەتیەکانی ئەو کەسە بگات. ئەگەری دووەمیش ئەوەیە خوێنەر هێندە بە قوڵی (لاسایی–تقمصی) کەسایەتی (من)ی نێو شیعرەکەی کردبێ

تا رادەیەك (نالی) تەنیا ناوێك بێت لەپێش چاوی و هیچ کارێك لەسەر سیستەمی وەرگرتنەکەی نەکات، بەڵکو وا هەست بکات ئەو (نالی)یە خۆیەتی کە چاوەکانی وا رووبارێك فرمێسك دەرێژن. واتە؛ خوێنەر دەسەڵاتی دەبێت لە ئاراستەکردنی واتای دەقەکەدا و ئەزموونی خودی خۆی خاڵێکی گرنگە بۆ چۆنییەتی ئاراستەکردنی وەرگرتنەکە و دروست بوونی پێوەندییە ئەدەبییەکە، بۆیە لەنێو پرۆسەی پێوەندی کردنەکەدا بایەخ بە ئاڵوگۆڕکردنی پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق دەدرێت.

بە گشتی رۆڵی خوێنەرە جیاجیاکان لە لێکدانەوەدا زیاتر دەقی کراوە بەرجەستەی دەکات، چونکە (دەقی ئەدەبی کراوە ئەو تێکستە دەوڵەمەندەیە کە دەتوانێت هەموو تاقیکردنەوە دەوڵەمەند و ئەبستمۆلۆژیەکانی رەخنەگر هەڵمژێ و پەنجەرەی دەوڵەمەندکردنی دەق لەبەردەم خوێنەردا بخاتە سەر پشت)[1]، واتە؛ دەقی کراوە ئەو زەمینەیە تەرخان دەکات و ئەو بوارە دەداتە خوێنەرەکان تاکو لێکدانەوەی جۆراو جۆر بۆ دەقەکە بکەن و کەلێنەکانی نێو دەق بە پێی تێگەیشتنی خۆیان پڕبکەنەوە و بانگەشەی خوێنەر دەکات تاکو لێکدانەوەی جیاجیا بۆ دەقەکە بکەن،

---

[1] دەقی کراوە لە هونەرەکانی مەحویدا، رەئوف عسمان، لە کتێبی (محوی- بەشێك لە بابەتەکانی ڤیستیڤاڵی محوی ٢٨-٣٠ئاب، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠١، ل٨١.



بەم شێوەیەش رۆڵی خوێنەر لە پێوەندی کردنەکەدا کاراتر دەبێت. ئەوەتا (نالی) خۆی دەڵێ:

- نەظمی (نالی) مثلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نییە
دوو رووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفی و یەك ئاشکار
ل١٧٤

هەروەها دەڵێ:

- پڕ دانەیە، ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتوك
بەحرم وتووە، نەك وەکو گوڵی مەرەزانە
ل٤٨١

واتە؛ لەم دێڕانەدا (نالی) دەسەڵاتی داوەتە خوێنەرەکە تاکو لەنێو پێوەندییە ئەدەبییەکەدا رۆڵ بگێڕێ و لێکدانەوەی جیاجیا بۆ دەقەکە بکات،چونکە خۆی دەڵێت شیعرەکانم هەڵگری چەندین لێکدانەوەن، پاشان هەر خۆشی سنووری بۆ ئەو لێکدانەوانە دادەنێت و داوای خوێنەری شارەزا دەکات و نایەوێ واتای خراپ بدرێتە پاڵ شیعرەکانی:

- لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەطا کەس نییە راضی کە لە ئەولادی درێ
ل٦٥٣

هەروەها دەڵێ:

- کەس بە ئە لفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خو کردییە

**هەرکەسێ نادان ئەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**
ل١٠٧

لێرەدا (نالی) یەکەم جار سنووری لێکدانەوەی شیعرەکانی فراوان دەکاتەوە پاشان لە ڕێگای سنوور دانان بۆ جۆری خوێنەرەکان سنووری ئەو لێکدانەوانە ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت دیاری دەکات، ئەوەتا دەڵێ دەبێت خوێنەرەکە دانا بێت تاکو داوای واتا بکات، هەروەها داوا دەکات لێکدانەوەی خراپ بۆ شیعرەکانی نەکرێت.

ئەگەر بە وردی لەم دێڕانەی (نالی) بڕوانین دەبینین (نالی) هەر زوو هەستی بە ڕۆڵی دەسەڵاتی وەرگر کردووە لە ئاڕاستە کردنی (واتا)ی دەقدا، بۆیە داوادەکات لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکرێت*. بە کورتی دەقی کراوە دەرگای لێکدانەوە واڵا دەکات لەبەردەم خوێنەر تاکو شتی جیاوازی لێ هەڵێنجێنێ، بۆ نموونە لە دێڕێکدا دەڵێ:

**هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارەلەسەر لێو**
**حەددی چییە ((نالی)) کە بڵێ ماچە کە فارەت؟؟** ل١٤٧

* ئەوبابەخەی کە (نالی) لە سەردەمەی خۆییدا بە وەرگری شیعرەکانی دەدا، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیا و پاشان لە ئەمەریکا لە میانی تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەردا جەختی لە سەر کرا ولە سنورێکی فراواندا باسی لێوەکرا وبو بە تیۆر.



ئەم دێڕە چەندین لێکدانەوەی بۆ ئەنجام دەدرێ**، دیارە هەر خوێنەرێکیش بەپێی چەشەی ئەدەبی و ئاسۆی تێگەیشتنی خۆی لایەنگری لێکدانەوەیەك دەبێت یاخود خۆی لێکدانەوەیکی بۆ دەکات، ئێمە بۆ خۆمان پێمان وایە (گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو) ئاماژەیە بۆ خوێنی دڵدارەکان و بۆ سووری لێو، کە تەنانەت نالیش ناتوانێت بە ماچێك کەفارەتی بکات.

بەگشتی پێوەندی ئەدەبی ئەوپرۆسەیەیە کە وەرگر تیایدا لەگەڵ دەقەکەدا ئاوێتە دەبێت و یەکێك لە کەناڵە هەرە گرنگەکان بۆ دروست بوونی ئەم پەیوەنییە پرۆسەی خوێندنەوەیە ئەگەرچی خوێندنەوەش تاکە ڕێگانییە بۆ پێوەندی کردن، چونکە خەڵکانێك هەن شیعرەکانی نالی بە ڕێگای خوێندنەوەی کەسانی دیکەوە و لە ڕێگای سیدییەوە وەردەگرن یاخود لەمیانی گۆرانییەکاندا دەیبیستن، بۆ نموونە گۆرانیبێژ (عدنان کریم) چەندین شیعری (نالی) کردووە بە گۆرانی، بەڵام ناتوانین بە ڕەهایی بڕیار لەسەر وەرگرەکان بدەین ئایە وەرگری نالین یاخود وەرگری (عدنان کریم)ن.

دیارە شیعرەکانی نالی بەشداری یەکەیەکی هونەری دەکات کە پێکهاتوە لە مۆسیقا و دەنگ و ئەدای (عدنان

** بڕوانە لێکدانەوەکانی (دیوانی مدرس).

کریم)، بۆیە ئەم شیعرانە لەنێو ئەو دەوروبەرەدا بوونێکی دیکەی وەرگرتووە، دەشێ هەندێك لەوانەی کە گوێ لە (عەدنان کریم) دەگرن بە تەواوەتی لە شیعرەکانی (نالی) نەگەن، تەنیا لەنێو دەوروبەرەکەدا هەستیان بوروژێنێ یاخود لە دێڕێکی تێبگەن و ئەو دێڕە تەنیا کلیل بێ بۆ وروژاندنی هەستەکانیان و ئاڕاستەکردنی وەڵامدانەوەکانیان ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش خوێنەری شارەزای شیعرەکانی (نالی) دەشێ لە ڕێگای ئەم گۆرانیانەوە بە جۆرێکی جیاواز و لە سنووری چوارچێوەیەکی دیکەدا پێوەندی لەگەڵ دەقەکاندا بکات و ئاوێتەیان بێت و دۆخێکی چێژبەخشی نوێی لە لا دروست بێت، بەڵام ئەو کەناڵەی کە ئێمە زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە لە پرۆسەی پێوەندی کردندا (خوێندنەوە)یە، بۆیە هەوڵ دەدەین لە خوارەوە باسی ئەو پڕۆسەیە بکەین و لەمەڕ جۆرەکانی خوێنەرەوە بدوێین.

## پرۆسەی خوێندنەوە

پرۆسەی خوێندنەوە کەناڵێکی گرنگە بۆ بەستنەوەی هەر سێ جەمسەرەکەی ئەدەب (نووسەر، دەق، خوێنەر)، (خوێندنەوە ئەو چالاکییە رۆشنبیریە پۆزەتیڤەیە کە لە ڕێگای کردارەوە دۆخی بوونی دەق دەسەلمێنێ، واتە؛ خوێندنەوە کردارێکی پێوەندی کردنە، ڕاستییەکی بە



یەکگەیشتنە، جا لەبەر ئەوە خوێندنەوە گەوهەرێکی دەرەکی هەیە و مەرج نییە خەسڵەتە هونەرییەکانی ناوەوەی تێدابێ، ئەگەرچی خوێندنەوە ئەرکی گەڕان لەنێو پێوەندییەکانی ناوەوەی دەقیش دەگرێتە ئەستۆ لە پێناوی گەیشتن بە واتا و مەبەستی دەقەکە)[1]، ڕاستە خوێندنەوە گەوهەرێکی دەرەکی هەیە، چونکە بوونێکە لەلایەن کەسێکی دەرەوەی دەقەکەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەسڵەتە هونەرییەکانی نێو دەقەکە ڕۆڵیان لە ئاڕاستە کردنی ئەو خوێندنەوەیە هەیە، بۆیە خوێندنەوە وەك کردار کارێکی دەرەکییە، وەك ناوەڕۆکیش پێوەندییەکی چڕە لەنێوان تایبەتمەندییەکانی دەق و تایبەتمەندییەکانی خوێنەرو لە هەندێ خوێندنەوەدا تایبەتمەندییەکانی نووسەریش ڕۆڵی تێدا دەبینێ. (خوێندنەوە پرۆسەیەکە لە دوو بەش پێك دێت بەشی یەکەم (فام کردن)ە، واتە؛ تێگەیشتن و پشکنین و دۆزینەوەی بەرهەمی هونەرییە، و لەم پشکنین و دۆزینەوەیەدا خوێنەر سەبارەت بەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە وەك نووسەر وایە کاتێ لە قۆناغی وەرگرتن و تێگەیشتن و ئەفراندنی دیمەن و دیاردەکانی دەور و بەری دایە. لێرەدا چۆن ئەو دیمەن و دیاردانە خۆیان دەسەپێننە سەر کەسەکان، بەهەمان شێوە بەرهەم هێنانی

[1] نقد النقد ام الميتانقد (محاولة في تأويل المفهوم)، د.باقر جاسم محمد، عالم الفكر، المجلد٣٧، ع٣، كويت، ٢٠٠٩، ص١١٥ لە کتێبی (الشعر و التوصيل)، حاتم الصكر، الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافة، بغداد، ١٩٨٨، ص٧ وەرگیراوە.

ئەدەبییش خۆی بە زۆرداری دەسەپێنێتە سەر خوێنەرەکەی، لە خوێندنەوەدا خوێنەر بەرهەمی هونەری و نووسەرەکەی وەك دوو شتی سەپێنراو دەپشکنێ و هەوڵی دۆزینەوەیان دەدا، یاخود با بڵێین خوێنەر بە شێوەیەکی بابەتیانە دەڕوانێتە بەرهەمە هونەرییەکە و نووسەرەکەی، و لە بەشی دووەمی خوێندنەوەشدا خوێنەر هەوڵی ئەفراندنی ئەو بەرهەمە دەدات کە دەیخوێنێتەوە، واتە؛ دەرخستنی بەرهەمەکە لە نێو جیهانی بووندا ئەوەش لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی خۆی و وێنا کردنی بۆ بەرهەمەکە بەپێی ئەو شتانەی کە فامی کردوە و ئەو ئاماژانەی کە لێی تێگەیشتوە)[1] واتە؛ خوێنەر کاتێ کە دەخوێنێتەوە خاڵی یەکەم زانیاری وەردەگرێ و کۆی دەکاتەوە و دەیپشکنێ و خاڵی دووەم ئەو زانیارییانە لە چوارچێوەیەکدا دادەڕێژێتەوە ئەم کردانەش هەمووی لەناو مێشکیدا ڕوودەدا، و هەندێ جار لە نووسیندا بەرجەستە دەبێ بۆ نموونە: بەرهەمی رەخنەگرەکان کاتێ کە خوێندنەوەکانی خۆیان بۆ بەرهەمەکە لەسەر کاغەز تۆماری دەکەن.

خوێندنەوەچالاکییەکی(دەماری و فیزیاییە، مەعریفییە، سۆزاوییە، گفتوگۆییە، هێماییە)[2] لەنێو پرۆسەی خوێندنەوەدا ئەو چالاکیانە لە پێناوی ئەنجام دانی پرۆسەکەدا هەماهەنگی دەکەن و لەنێو میتۆد و تیۆرە

[1] ما الادب، جان پول سارتر، ت: د. محمد غنیمی هلال، دارالعودة، بیروت، ١٩٨٤، ص٤٨.

[2] نظریات القراءة و التأویل و قضیاها، حسن مصطفی سحلول، ص٢٠-٢٥.



ئەدەبییەکاندا چەندین جۆری خوێندنەوە دیاری کراوە*، دیارە هەر میتۆدە و بەپێی بنەماکانی خۆی شێوازی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی دیاری کردووە و ئاستی خوێندنەوەکانیش دەگۆڕێ بەپێی (گۆڕانی باروودۆخی یەك خوێنەر، و هەروەها بەپێی فرەیی خوێنەرەکان و بەهۆی جیاوازی باکگراوندی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆجیاکانیان، جا لەبەر ئەوە شێوازی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیان بۆ دەقەکە جیاواز دەبێ و ئاستەکانی ئەو خوێندنەوانە زۆر و ئاڵۆز دەبێ بەپێی سەردەم و قۆناغە مێژوویەکان)[1] واتە؛ شێوازی خوێندنەوەی تاکە مرۆڤێك بەپێی تەمەن و رۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوە و باوەڕ و...هتد دەگۆڕێ، هەروەها لەنێو خوێنەرەکانیشدا شێوازی خوێندنەوەکان بەپێی جۆری خوێنەرەکە جیاوازە. بۆ نموونە خوێندنەوەی کەسێکی ئەکادیمی بۆ بەرهەمێکی دیاری کراو جیاوازە لە خوێندنەوەی کەسێکی ئاسایی بۆ هەمان بەرهەم، یاخود خوێندنەوەی رەخنەگرێك جیایە لە رەخنەگرێکی دیکە...هتد.

* چەندین جۆری خوێندنەوە هەیە بۆ نموونە، خوێندنەوەی دەورو بەر (القراءة السیاقیة)، خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی، نسقی، بونیادگەری،.. بڕوانە: کتێبی (القراءة و الحداثة)، حبیب مؤنسي، اتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.

[1] حدود الانفتاح الدلالي في قراءة النص الادبي، د.عزیز محمد عدمان، عالم الفکر، المجلد٣٧، ع٣، کویت، ٢٠٠٩، ص٨٣. لە کتێبی (النص السلطة الحقیقة، نصر حامد ابو زید، ص١١٢.

ئێمە لەسەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد کە پرۆسەی ئەدەبی پێك هاتووە لە نووسەر و دەق و خوێنەر، دیارە پرۆسەی خوێندنەوەش بەندە بەم سێ لایەنەوە، جا بۆیە دەبینین پێناسە و جۆری خوێندنەوەکانیش بەپێی ئەم سێ جەمسەرە دەگۆڕێ، بۆ نموونە جۆرێك لە خوێندنەوە هەیە نووسەر چەقی پرۆسەکە دەبێ(**)، (خوێندنەوەی دەوروبەر- القراءةالسياقية) لەم خوێندنەوەیەدا ژیانی نووسەر و بایۆگرافیەکەی مەرجێکی سەرەکیی بوو لە شیکردنەوەی دەقەکەدا، و هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ لێکدانەوەی داهێنانەکەی)[1]، بۆ نموونە بەرهەمی (نالی و میرەکانی بابان و کۆکردنەوەی لاواندنەوە و پیرۆزبایی لە هۆنراوەیەکدا)(*)ی

(**) جۆرێکی دیکەی خوێندنەوە هەیە کە بایەخ بە نووسەر دەدات بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، ئەم خوێندنەوەیەش ئامانجی ئاراستەکانی قوتابخانەی جنیف بوو، جا هەوڵیاندا خوێندنەوەیەکی خودی تەواو بۆ دەقەکە دروست بکەن، ئەم خوێندنەوەیە بەهیچ شتێکی دەرەکی کاریگەر نەبێ، لەم خوێندنەوەیەدا دەق بەرجەستە کردنی هەستی نووسەرەکە بوو، و دەبێ واتێبگەین کە نیشانە شێوازی و دەلالیەکان بەشێکن لە یەکەیەکی ئۆرگانی چڕ، مێشکی نووسەر بەیەکەوە بەندیان دەکات، و بۆ ناسینی مێشکی نووسەرەکەش ناکرێ سوود لە هیچ زانیارییەکی دەرەکی لەمەڕ نووسەرەکەوە وەربگری، بەڵکو دەبێ لە رێگای ئەو هێمایانەی کە تایبەتن بە هەستی نووسەرەکەوە لەنێو دەقەکەدا لە مێشکی نووسەرەکە تێبگەین. بڕوانە: فلسفة الجمال، عبدالقادر عبو، ص٨٨-٨٩ لە کتێبی (الاصول المعرفية لنظرية التلقي) ناظم عودة، ص١٠٠ وەرگیراوە. خوێندنەوەکەی (نالی لە -کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە)ی (محەمدی مەلا کریم) دەچێتە ئەم خانەیەوە، چونکە پشت بە لێکدانەوەی شیعرەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی زانیاری لەمەڕ هەڵوێست و ژیانی شاعیرەکەوە وەربگرێ.

[1] القراءة النسقية_سلطة البنيية و وهم المحايثة، احمد يوسف، ط١، الدار العربية للعلوم، الجزائر، ٢٠٠٧، ص١٨٩.

(*) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆ، ژ٢٤، هەولێر، ؟، ل ٧١-١١٩، بڵاوکراوەتەوە.



(د.عبدللە حداد) دەچێتە ئەم خانەیەوە، چونکە پشت بە زانیاری مێژوویی دەبەستێت بۆ لێکدانەوەی شیعری (تا فەلەك دەوری نەدا...)ی (نالی). لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا دەق دەبێتە چەقی بایەخدان لەنێو خوێندنەوەکەدا بەتایبەتی لە خوێندنەوەی بونیادگەریدا. میتۆدی بونیادگەری جۆرە خوێندنەوەیەکی لە خۆ گرتووە ئەو جۆرە خوێندنەوەیە، (خوێندنەوەی بێ لایەنانە _القراءة المحايدة)، میتۆدی بونیادگەری داوای لێکدانەوەی دەقی دەکرد بەبێ کاریگەریی هیچ شتێکی دەرەکی، جا لە دیراسەکردنی دەقی ئەدەبیدا بەبێ لایەنانە دەچوونە نێو دەقەکەوە، و بەپێی زانستی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، زمانەوانی پێکهاتەیی، واتا ناسی، رەوانبێژی، زانستی سایکۆلۆجیای زمانەوانی... لێکدانەوەیان بۆ دەقەکە دەکرد[1].

جۆرێکی دیکەی خوێندنەوە ئەو خوێندنەوەیەیە کە لە خوێندنەوەکەدا پشت بە خوێنەر دەبەسترێ، لەم حاڵەتەشدا بەپێی بۆ چوونی (رۆلان بارت)، (لە دایك بوونی خوێنەر دەبێتە هۆی مردنی نووسەرەکە)(**) خوێندنەوە لای (بارت)

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧١-٤٧٣.

(**) (تودوروف) کە قوتابی (بارت) بوو سێ جۆرە خوێندنەوەی دەست نیشان کردبوو:

- خوێندنەوەی شرۆڤە کردن: ئەو خوێندنەوەی کە هەوڵیدەدا خزمەتی دەقەکە بکات و ئامانجی روونکردنەوەی دەق بوو و خوێندنەوەیەکی زانستی بوو.

-خوێندنەوەی سەپاندن (قراءة الاسقاط) خوێندنەوەیەکە خوێنەرەکانی هەندێ پێوەری کۆن و میتۆدی ئامادەکراو دێنن و دەیسەپێننە سەر دەقەکە.

نابێ تەنیا بەکارهێنان (استهلاك)ی دەقەکە بێت، بەڵکو دەبێ داهێنان بێت[2].

لەلای (ئایزەر)یش بنەمای هەرە سەرەکیی لە خوێندنەوەدا کارلێکردنی نێوان بونیادی دەقەکە و خوێنەرەکەیەتی، لەلای ئەو نابێ تەنیا بایەخ بە دەق بدرێ، بەڵکو دەبێ بایەخ بەو وەڵامدانەوەیەش بدرێ کە بۆ دەقەکە کراوە، جا بۆیە دەڵێ کاری ئەدەبی دوو جەمسەرە یەکیان دەقەکەیە و ئەوی دی کاری خوێنەرەکەیە[3](***).

-خوێندنەوەی شاعیری (القراءة الشاعرية) ئەم خوێندنەوەیە بە دوای بونیادی گشتی دەقەکەدا دەگەڕێ بەپێی دەرکەوتنی لە داڕشتنە زمانییەکە، کاری ئەم خوێندنەوەیە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی و دەست نیشان کردنی پێوەندییەکانی ئەو یەکانە و دووبارە دروست کردنەوەیان و (تۆدۆرف) خۆی لایەنگری ئەم خوێندنەوەیەیە. بڕوانە: جماليات الشعرية، د.خليل موسى، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٨، ص٢١٢-٢١٣

[1] الادب عند رولان بارت،فانسان جوف، ت:عبدالرحمان بو علی، ط١، دار الحوار، سورية، ٢٠٠٠، ص١٢٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(***) لەلای (ئینگاردن) خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بەرهەمێکی ئەدەبی نوێ دروست ناکات، بەڵکو بونێکی هەست پێکراو بە بەرهەمەکە دەبەخشێ، لەلای (ئینگاردن) خوێندنەوە یەك ئاڕاستەیە لە دەقەوە بۆ خوێنەر نەك بە پێچەوانەوە و پێوەندییەکی دوو ئاڕاستە نییە، چونکە بەرهەمی ئەدەبی چەندین جۆر بوونی هەیە و لە دیاری کردنی شێوە هێڵکاریەکەی دەقەکە پشت بە خوێنەر نابەستێ ، بەڵام ئایزەر گرنگی دەدا بە کارلێکردنی نێوان خوێنەر و دەق لە پرۆسەی خوێندنەوەدا. بڕوانە: المعنى الادبي، وليم راي، ص٤٣.

[3] فعل القراءة، فولفطانط ایزر، ص١٢.



لە بۆچوونی هەڵوەشاندنەوە گەراییەکانیشدا خوێندنەوە ئەزموونێکی خودییە، وەرگر دەکات بە بەرهەم هێنی دەقەکە، بە تایبەتی لەو لێکۆڵینەوانەی کە بایەخ بە هیرمۆنتیکا دەدەن[1]، ئەگەرچی رۆڵی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا خاڵی سەرەکیی بایەخدانی ئێمەیە و چەقی کارەکەمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە رای ئێمە ئەو خوێندنەوانەی کە باس کران هەموو پێویستن و لە روانگەیەکی تایبەتییەوە سوودێك بە پرۆسە ئەدەبییەکە دەبەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە جۆرێکی دیکەی خوێندنەوەمان هەبێ، با ناوی لێبنێین (خوێندنەوەی تەواوکەری) کە کۆی هەموو خوێندنەوەکانی دیکە بێت، چونکە وەك وتمان هەر خوێندنەوەیەك خزمەتی لایەنێك دەکات جا لە خوێندنەوەیەکدا با کۆیان بکەینەوە ئەگەرچی کارێکی ئاڵۆز و زەحمەتیش دەبێ.

هەر لەمەڕ جۆرەکانی خوێندنەوەوە، و لە روانگەیەکی دیکەوە دەکرێ دوو جۆر خوێندنەوە دەستنیشان بکرێ، خوێندنەوەی نابەرهەم هێن (القراءة غير المنتجة_ Non productive reading) و خوێندنەوەی بەرهەم هێن (القراءة المنتجة_Productive reading)، خوێندنەوەی نابەرهەم هێن ئەو خوێندنەوەیە کە تەنیا وەك

[1] فلسفة الجمال، عبدالقادر عبو، ص٢١.

گفتوگۆیـەکی سـایکۆلۆجییە وایـە لـەنێو دەروونـدا ئـەنجام دەدرێ و نابیـــسترێ و نانوســـرێتەوە و لـــەم شـــێوە خوێندنەوەیـەدا، خوێنـەری نابەرهـەم هـێن پـشت بـە هـیچ میتـۆدێکی دیـاری کـراو لـە خوێندنەوەکەیـدا نابەسـتێ، و خوێندنـەوەی نابەرهـەم هـێن یـەك خوێندنـەوە نییـە، کۆمەڵـە خوێندنەوەیەکە، ئەکرێ ژمارەیەکی دیـاری کـراوی هـەبێ و ئەگەری ئـەوەش هەیـە بـە هـەزاران و ملیۆنـەها خوێندنـەوەی لـەو جۆرە هـەبێ بۆ تاقە بەرهـەمێك، و ئـەم خوێندنەوانـە بە هیچ ڕێگایەك لە یەکتر جیاناکرێنەوە، هەروەها خوێندنـەوەی نووسـەری ڕاسـتەقینەی دەقـی ئـەدەبیش بـۆ بەرهەمەکـەی یەکێکە لەو کۆمەڵە خوێندنەوان[1]، بۆ نموونە ئەو خوێندنەوە ئاساییانەی کە ڕۆژانە بۆ دەقە ئەدەبییـەکان دەکرێ دەچێتە نـاو خانـەی ئـەم جۆرە خوێندنەوەیـە، چـونکە نابێتـە هـۆی دروست بوونی هیچ دەقێکی نووسراوی دیکە.

خوێندنەوەی بەرهەم هێنیش ئـەو خوێندنەوەیەیە کە لـە ئەنجامیـدا دەقێکـی نـوێ دروسـت دەبـێ، ئـەم خوێندنەوەیـە پێویستی بە خوێنەرێکی بەرهەم هێنە یاخود ڕەخنـەگرە کـە لەکات و شوێنێکی دیاری کـراودا پرۆسـەکەی ئـەنجام بـدات، و خوێندنەوەیەکی خودیە و لە تەکنیکدا ئاڵۆزە و لە شێوەی نووســینێکدا بەرجەســتە دەبــێ، و هەڵبەتــە خوێنــەری


[1] نقدالنقد ام الميتانقد (محاولة في التأويل المفهوم)، د.باقر جاسم محمد، ص١١٥.



بەرهەمهێنیش لە نووسینەکەیدا پشتی بە میتۆدێکی دیاری کـراو بەسـتووە، و دەکـرێ ئـەم نووسـینە وەك وتـارێکی ڕەخنـەیی خـۆی بنوێنێ، یـاخود دەکـرێ خوێنـەری بەرهـەم هـێن، خوێندنەوەکـەی بەسـەرزارەکی لـە ئاهـەنگێك یـا لـە کۆڕێکی ئەدەبیـدا بـڵاو بکاتـەوە و باسـی بکـات، دیـارە ئـەو بەرهەمە نوێیەش کە دێتە کایەوە دەقی ڕەخنەییە لەبەر ئەوە پێوەندی نێوان جەمسەرەکان بەم شێوەیە دەبێ[1]:




دەکـرێ لـە ڕێگـای چـەند خوێندنەوەیـەکی شـیعرەکانی (نالی)یەوە ئەرکی خوێنەری بەرهەمهێن و خوێندنەوەی




[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-١١٧.


لێــرەدا (مــدرس) خوێندنەوەیــەکی بەرهــەمهێنیان بــۆ دەقەکانی (نالی) ئەنجامداوە، لەم خوێندنەوە بەرهەمهێنەیان سێ جۆری خوێندنەوەیان پێڕەو کردووە (خوێندنەوەیەکی زمانــەوانی وخویندنەوەیــەکی ڕێزمــانی وخویندنــەوەیکی شێوازی )[1].

لە خوێندنەوە زمانەوانییەکەدا هەوڵیانداوە واتای وشە ئاڵۆزەکــان دەستنیــشان بکــەن و ڕوونیبکەنــەوە، لــە خوێندنەوەی ڕێزمانیشدا لە ڕێگای یاسا ڕێزمانییەکانەوە هەوڵیانداوە کۆدە زمانییەکانی شیعرەکان بکەنەوە تاکو باشتر واتای وشەکانیان لا ڕوونبێتەوەو لەبونیادو ناوەرۆکی شــیعرەکان بگــەن، لــە قۆنــاغی سـێیەمدا خوێندنــەوەی شێوازگەری (مدرس)، ئەنجامەکانی ئەو دوو خوێندنەوەیەی دیکە کۆدەکەنەوەو شێوازگەراییانە شیعرەکان بە شێوەی پەخشان دادەڕێژنەوە ولەئەنجامدا دەقێکی داهێنەرانەیان دروست کردووە کە بەرامبەر بە دەقەکانی نالی ڕادەوەستێت ئــەو بەرهەمــەش لێکدانەوەکــەی (دیــوانی نــالی)یــە، ئــەو خوێنەرانــەش کــە دیوانەکــە دەخوێننــەوە خوێنــەری نابەرهەمهێنن، بەڵام دەشێ خوێنەرێکی دیکەی بەرهەمهێن خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن بۆ ئەو خوێندنەوەیە بکات و بەرهــەمێکی نــوێی لێدروســت بێــت، بــۆ نموونــە (دەســتە و

[1] فلسفة الجمال، عبدالقادرعبو، ص٤٠



دامانی نالی)ی (مسعود محمد) خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێنە بۆ لێکدانەوەی دیوانی (نالی)، ئەم خوێندنەوەیە دەچێتە ناو خانــەی ڕەخنــەی ڕەخنــەوە. لــەم جــۆرە خوێندنەوەیەشــدا هێڵکارییەکە بەم شێوەیە دەبێت:




بەرهەمەکەی (محمدی مەلا کریم)یش (لە ڕێگای ئەدەب و لە پێنــاوی نالیــدا) دەچێتە ناو خانەی ڕەخنەی ڕەخنەوە و خوێندنەوەیــەکی بەرهەمهێنــە بــۆ (دیــوانی نــالی و فەرهــەنگی نــالی)ی (د.مــارف خەزنــەدار)، چــەندین خوێندنــەوەی هاوشـێوەی ئــەوەی کــە باســمانکرد بــۆ دەقــەکانی (نــالی) و بەرهەمــە ڕەخنەییــەکانی کــراوە، بــۆ نموونــە (نــالی لــە دادگــای ڕەخنــەدا)ی (ڕەئــوف عوســمــان) و (دیــوانی نــالی و کــێ ڕاســتە؟)[*] ی (عبــدالخالق معــروف) و (تێبینــەکانم لەســەر لێکدانەوەکەی دیوانەی نالی)[**] ی (سەعید ناکام) و هتد....

[*] ئەم بەرهەمەی (دیوانی نالی وکێ ڕاستە)ی (عبدالخالق معروف) لە گەڵ بەرهەمەکەی (دەستەوردامانی نالی)ی (مسعود محمد) دەچنە نێو بۆتەی ڕەخنەی ڕەخنەوە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا رۆڵی خوێنەرەکەیە (خوێنەری بەرهەمهێن، خوێنەری نابەرهەم هێن)ە، یا ئەو کارەیە کە خوێنەر ئەنجامی دەدا، جا (خوێنەر کاتێ کە دەخوێنێتەوە لە دۆخی چاوەڕوان کردن و پێشبینی دایە، پێشبینی بەو رستەیەی کە دەیخوێنێتەوە و ئەو رستەیەی لە پاشی دێ، و پێشبینی ئەو لاپەڕەیە و لاپەڕەکانی دواتری، و خوێنەر چاوەڕوان دەبێ ئەو لاپەڕانەی کە دێت پێشبینییەکانی دووپات بکاتەوە یان رەتی بکاتەوە، چونکە خوێنەر لە ژمارەیەکی زۆری گریمانە و دالغە و چەند جۆرێکی هیوا و نا ئومێدی پێک دێت[1]، واتە؛ خوێنەر کە بەرهەمێك دەخوێنێتەوە لە خوێندنەوەکەیدا چاوەڕوانی شتێکی دیاری کراو دەبێ، دەشێ ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد بە دەستی بێنێ، یان پێوەرەکانی تێکبشکێنێ و پێشبینییەکانی نەیەتە دی.

خوێنەر کاتێ کە دەخوێنێتەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ بۆ نموونە کاتێ کە چامەیەك دەخوێنێتەوە سەرەتا لە

ئەوەشدا جیاوازن،یەکەمیان وەك ناوبژێوی رەخەکەمی نێوان دوو شەرحە، کەچی ئەوەی (مسعود محمد) لە هەندێك شوێن هەڵەکانی دیوانەکەی (مدرس) راستدەکاتەوە و لە هەندێك شوێنیشدا دەڵێ شەرحەکە تەواوە، بەلام شرحی دیکە ماوە بگوترێ، واتە؛ شتی زیاتری خستۆتە سەر بەرهەمەکە.

** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٥، بەغداد، ١٩٧٧دا بلاوکراوەتەوە.

[1] ما الادب، سارتر، ص٤٧.



خوێندنەوەی یەکەمدا دێر بە دێڕ شوێنی دەقەکە دەکەوێ بەپێی پێشبینییەکانی خۆی بۆ فۆرم و واتای دەقەکە، و بەو شێوەیە تێگەیشتنێکی بۆ چامەکە لەلا دروست دەبێ، بەلام تێگەیشتنەکەی ناتەواوە و هێشتا خوێنەر بە تەواوەتی لە دەلالاتەکان و واتای دەقەکە بەگشتی و بەباشی حاڵی نەبووە، جا خوێنەر لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا (لە خوێندنەوەی دووەمدا) بە پێچەوانەوە بەسەر دەقەکەدا دەگەڕێتەوە و بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوە و تەواو کردنی ئەو دەلالاتانەی کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا تەواو نەبووبوو، ئەمەش لە رێگای خوێندنەوەیەکی نوێوە کە لە کۆتایی چامەکەوە بۆ سەرەتاکەی دەست پێدەکا، لە گشتەوە بۆ بەش[1] خوێنەر لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدا یەکە واتاییەکان (کەرتەکانی واتا) لە چوارچێوەی گشتێکدا کۆ بکاتەوە و واتایەکی گشتی دروست بکات، و لە رێگای ئەم واتا گشتیەوە پێشبینی کردن بۆ خوێندنەوەی سێیەم دیاری دەکرێ، لە خوێندنەوەی سێیەمدا ئەو واتا بابەتیەی کە لە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمدا بە دەست دەهێنرێ دەخرێتە کار و ئەو واتایە وەکو گریمانەیەکی سەرەتاییە بۆ لێکدانەوە (تأويل). پاشانیش تێگەیشتنی ئێستێتیکی بۆ دەق دروست دەبێ لە بری تێگەیشتنە بابەتیانەکەی دەق، و ئەو تێگەیشتنە ئیستێتیکیەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە

[1] ما هو النقد، پول هرنادی، ت:سلافة حجادي، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٤٦.

هیرمۆنتیکـا (التأويلیـة) لـە بوارەکـانی ئـەدەب و هونـەردا بایەخی پێدەدا[1].

دیارە هەموو خوێنەرێکیش ئەم قۆناغانە لە خوێندنەوەدا نابڕێ و مەرج نییە هەموو خوێنەرێك خوێندنـەوەی یەکـەم و دووەم و سێیەم بۆ دەقەکە بکات، چونکە ئەم خوێندنەوانە زیـاتر خوێنـەری ئـەکادیمی ئـەنجامی دەدات و لێکدانـەوە و ڕاڤەی دەقەکەی پێ دەکات لـە کاتێکدا خوێنـەرێکی ئاسایی دەشـێ تـەنیا دێڕەکـان بخوێنێتـەوە و چێژێکی ئێستێتیکی بـەپێی باکگراونـدی ڕۆشـنبیری و زەوقـی تایبـەتی خـۆی لێ وەربگرێ و زیاتر لەنێو بابەتەکەدا قوڵ نەبێتەوە.

## جۆرەکانی خوێنەر:

بێگومـــان لەلایـــەن فەیلەســـوف و میتـــۆد دانـــەر و ڕەخنەگرەکانەوە چەندین جۆری خوێنەر دەستنیشان کراوە، جـا لەبـەر ئـەوە جۆرەکـانی خوێنـەر زۆرن*، و هەنـدێك لـەو جۆرانـەی خوێنـەر لـە چـەمکدا لەیەکـەوە نـزیکن یـاخود پێچەوانەی یەکن، ئەو دەستـەواژانەش کە بۆ دیـاری کردنـی

[1] النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د.ابراهيم محمود خليل، ص١٢٩.

* جۆرەکـانی خوێنـەر زۆرن بـۆ نموونـە، خوێنـەری سـتاندار Standard Reader ئـەم چەمکە بەکاردێت بۆ وەسف کردنی ئەو وەرگرتنـەی کە ڕەوانبێژی بەرجەستەی دەکات، هـەروەها خوێنـەری دیکـەش هەیـە بـۆ نموونـە خوێنـەری ڕیالـستی Real Reader و خوێنەری گریمانە کراو Hypothetical Reader خوێنەری ئایدیاڵ Ideal Reader و خوێنەری هاوچەرخ Contemporary بڕوانە: القارىء القياسي، د.صالح زياد، ط١، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٨،ص٢٠-٢٢.



جـۆری خوێنـەرەکان لـەنێو کتێبـە تیـۆری و ڕەخنەییەکانـدا بـەکارهاتووە تێکەڵاوییـەکی یـەکجار زۆری تێدایـە و بۆ یـەك جۆری خوێنەر چەندین دەستەواژە بەکارهاتووە بۆ نموونـە: بـۆ خوێنەرەکـەی (ڕیفـاتێر) (خوێنـەری ئاوێتـە_ مرکـب، ناوەنـدی_ متـوسـط، دۆڵ_ وادی، سـوپەر_ الـسوبر)ی بـەکارهاتووە[1] هـەروەها لـە هەنـدێ شـوێن خوێنـەری بـاڵا و ڕادەبـەدەر (خـارق)ی بـۆ بـەکارهاتووە. ئێمـە لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن بـە کـورتی باسـی ئـەو جـۆرە خوێنەرانـە بکـەین کـە بەلای ئێمەوە گرنگە و سـەرەتا لـە خوێنەرەکـەی (ئایزەر)ەوە دەست پێ دەکەین:

### ١. خوێنەری پەنهان (Implied reader)

خوێنـەری پـەنهان لـە لای ئـایزەر چـەمکێکە یارمـەتیمان دەدا بۆ ئـەوەی (وەسـفی ئەوکایگەرییانـە بکـەین کـە دەقەکـە دروسـتی دەکـات و وەسـفی وەڵامدانـەوەکانی دەقەکەشـی پێبکـەین[2]، واتـە؛ وەڵامدانـەوەی خوێنـەرە ڕاسـتەقینەکان، خوێنـەری پـەنهان (شتێکە بـونی سـەربەخۆی نییـە و لـەنێو خەیاڵدایـە ودەبـێ لـە ڕێگـای خـەیاڵ کردنـەوەی خوێنـەرەوە وێنابکرێ و تەنیا لە ڕێگای وێناکردنـەوە دەشـێ بەرجەستە ببێت، بونیادی دەقەکەش زنجیرەیەك وێنەی زەینـی دروست دەکات بۆ گەیشتن بە دەقەکە، کاتێ کـەخۆی پێناسـە دەکات

[1] هل يوجد نص في هذا الفصل، ستانلي فش، ص١٠٨.

[2] فعل القراءة، ايزر،ص٣٥

لەنێو(هۆش –ئاگایی) خوێنەرەکەداو ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەم وێنە زەینیانە مۆرکی ئەزموونی خودی نێوگەنجینەی خوێنەرەکەی پێوە دیاردەبێ)[*1] .

خوێنەری پەنهان لەگەڵ نووسەردا بەشداردەبێ تا نووسەر دەقەکە دەنووسێ و بە تەواوی دایدەڕێژێ، واتە؛ ئەم خوێنەرە بەشدار دەبێ لە سەپاندنی ئەو بونیادەی کە پێویستە دەقەکە هەیبێ و دەسەڵاتیشی بەسەریدا دەبێ و سەرپەرشتی واتا و بابەت و فۆرم و نەخشەکان دەکات و نێوەندێکە لەنێوان نووسەر و وەرگرەکەی، جا ئەگەر خوێنەرەکە بۆ نموونە پاشایەك بوو ئەوە جۆری ئەو دەقەی کە پاشاکە ئارەزووی دەکات دەسەپێنرێتە سەر بونیادی دەقەکەودەشێ نووسەر بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت لەژێر کاریگەری ئارەزووەکانی وەرگردابێت کە لەرێگای چەمکی خوێنەری پەنهانەوە لەنێو بونیادی دەقەکەدا رەنگ دەداتەوە، ئەگەر خوێنەرەکەش بریتی بوو لە کۆمەڵێك وەرگر (جمهور)ی دیاری کراو (لیبرالی، سۆشیالستی، نێرینە، مێینە، رۆشنبیر، ئاسایی...هتد) هەر کامێکیان بێ، ئەوا دیسان ئەم کۆمەڵە جۆری ئەو دەقەی کە دەیانەوێ دەسەپێننە سەر بونیادی دەقەکە، جا بۆیە خوێنەری پەنهان

[*] ئایزەر بوونی هەست پێکراوی دەقەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خوێنەرەی کە لەناو دەقەکەدایە، بەڵام ئینگاردن بوونی هەست پێکراوی دەقەکە بۆ قورسایی دەقەکە دەگەڕێنێتەوە یا بۆ قۆناغە مێژووییەکەی یا بۆ شێوازە رەوانبێژیەکەی یا بۆ مەبەستی نووسەرەکەی. بڕوانە: المعنى الادبي، وليم راي، ص٦٦

[1] فعل القراءة، ايزر، ص٣٥.



بەشداری نووسەر دەکات لە بەرهەم هێنانی دەق، لەبەر ئەوەی نووسەر رەچاوی خوێنەرەکە دەکات و لەکاتی نووسیندا لەلای ئامادە دەبێ[1] .هەروەها (خوێنەری پەنهان بوونی راستەقینەی نییە و لە راستیشدا ئەم خوێنەرە تەنیا ئاراستەکانی ناوەوەی دەق بەرجەستە دەکات بۆ ئەوەی رێگە خۆش بکات بۆ وەرگرتنی دەقەکە، ....ئەم خوێنەرە مەرجێکە بۆ ئەو دۆخەی کە خوێنەری راستەقینە تیایدا دەژێت و ئەم چەمکە نموونەیەکی باڵایە بۆ راڤەکردنی ئەو واقیعەی کە دەقەکە دەیهێنێتە کایەوە)[2]. لە میانی شیعرەکانی نالیشدا دەتوانین سیمای ئەو خوێنەرە پەنهانانە بدۆزینەوە کە بەشداری شاعیر دەکەن لە داڕشتنی بونیادی دەقەکانیدا، بۆ نموونە:

ئەگەر سەرنجی ئەو شیعرە بدەین کە لەمەڕ جیاوازی نێوان (قەدریەکان و جەبریەکان)[**]ەوە دەدوێ:

**ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقویەتی سەبەب دەکا**

**عاریفی وحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا**

[1] جماليات الشعرية، خليل موسى، ص٣١٧-٣١٨.

[2] مفاهيم الشعرية، حسن ناظم، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص١٣٩.

[**] (قە دریە وجەبریە)دوو کۆمەڵی ئاینی ئیسلامین، (قەدریە)کان باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤ کردەوەکانی بە ویستی خۆی ئەنجام دەدات وبشدار دەبێت لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی وکفر کردن وکردەوەی خراپی مرۆڤیش بە ویستی خوا نیە و قەدەری مرۆڤ نییە، کەچی (جەبریەکان) –پێیان وایە کردەوەکانی مرۆڤ سەپێندراوەتە سەریان و هەموو شتێك چارەنووس (قەدەر)ی مرۆڤ دیاری دەکات مرۆڤ لە توانایدا نیە کردەوەکانی خۆی هەڵبژێرێ.بڕوانە: المعجم المفصل في الادب، د.محمد التونجي،( ج١، ص٣١٠وج٢،ص٧٠٢).

**بەندە ئەزەل بە خە ططى خۆی قابیلی قیسمەتی بوو**
**ئێستە بە ئیقتضای عەمەل جێگەیی خۆی طە لە ب دەکا**
**داری ئیراك و داری هیند هەردوو کە عودەئیسمیان**
**هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبو لەهەب دەکا** ل٩٧-٩٨

دەبینین لەم شیعرەدا بابەتێکی شیعری نوێ باسکراوە کە پێشتر لە میانی ئەو شیعرانەی کە تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن بووە باس نەکراوە، ئەو بابەتەش دەربڕینی کێشەیەکی فەلسەفی ئاینی ئاڵۆزە، کە مرۆڤ لە کۆنەوە تا ئێستاش پێیەوە سەرقاڵە، جا بۆیە ئەو خوێنەرەی کە دەقەکە هەڵگرێتی خوێنەرێکی ئاسایی نییە، بەڵکو خوێنەرێکی شارەزایە و لەتوانای دایە کۆدەکانی نێو شیعرەکە بکاتەوە.

دەشێ ئەم خوێنەرە زانیارییەکی باشی هەبێ لەمەڕ ئەو کێشەیەوە کە لەنێوان (قەدری و جەبری)ەکاندا هەیە، یاخود خوێنەرێکی نموونەیی بێت و لە توانای دابێت شت لەنێو دەوروبەرکەیدا وەربگرێ. هەر لەبەر ئەوەشە ئەم خوێنەرە دەتوانێ لێکدانەوە بۆ پێدراوەکانی دەقەکە بکات و کۆدەکانی نێو دەقەکە بکاتەوە و مەبەستە نامۆکانی نێو دەقەکە دەستنیشان بکات و دەتوانێت تێیانبگات و وەڵامدانەوەی بۆ بابەتەکە هەبێت، کە دەڵێین ئەم خوێنەرە لە توانای دایە تێبگات یان لێکدانەوە بکات مەبەستمان لەوە نییە سیفەتی راستەقینە ببەخشینە ئەم خوێنەرە و مامەڵەی



وەك خوێنەرێکی راستەقینە لەگەڵدا بکەین، بەڵکو تەنیا مەبەستمان ئەوەیە ناسنامەی ئەم خوێنەرە پەنهانە ئاشکرا بکەین کە هەمووشی دەچێتە ناو خانەی گریمانە کردنەوە و هەروەها وەك چەمکێك کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاڕاستەکردنی بونیادی دەقەکە رۆڵی روون بکەینەوە، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ لەمەڕ ناسنامەی خوێنەری پەنهانی نێو ئەم دەقە خۆی دێنێتە پێشەوە، ئەویش ئایا ئەو خوێنەرەی کە بەشداری (نالی) کردووە لە بونیادی دەقەکەیدا لایەنگری (قەدری یان جەبری)یەکانە؟ بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئێمە جیاوازی لە نێوان خوێنەری راستە قینە و خوێنەری پەنهان بکەین، ئەگەرچی پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەش کرد کە خوێنەری پەنهان مەرجێکە بۆ ئەو دۆخەی کە خوێنەری راستەقینەی تێدا دەژێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکسان نییە لەگەڵ خوێنەری راستەقینەدا، چونکە خوێنەری پەنهان بوونێکی راستەقینەی نییە و وەك تارمایی بونیادێکە لەنێو دەقەکەدا. دەشێ نووسەریش بەرلەوەی دەقێك بنووسێ بزانێت ئەم دەقە ئاڕاستەی چ کۆمەڵە وەرگرێك دەکات. واتە؛ (نووسەرەکان بونیادی شێوازگەری دەقەکانیان ئاڕاستەی (خوێنەر ــ وەرگر)ێك دەکەن کە پێشتر دەستنیشانیان کردووە و ئامادەیان کردووە تاکو وەڵامدانەوەی بۆ دەقەکەیان هەبێت، ئەو دەقەی کە ویست و ئارەزوو و

هەڵچوون و بیرۆکەی نووسەرەکانی تێدا ئاخێنراوە، لێرەدا وەرگرەکە دەبێتە ئەوای دەقەکە)[1] .

دیارە (نالی)یش کە ئەم شیعرەی وتوە، زانیویەتی کە وەرگرەکانی لە هەردوو جۆرن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەردوو جۆری خوێنەر لە یەك ئاستدان، کە دەڵێین لەیەك ئاستدان مەبەستمان ئەوەیە هەردوو خوێنەر شارەزاییان لەوە کێشەیە هەیە و لە ئاستێکی رۆشنبیری وادان کە ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەیان بۆ شیعرەکە هەبێت. واتە؛ ئەوەی کە بەشداری (نالی)دەکات لە دەبرینەکانیدا ئاستی وەرگرتنی وەرگرەکانە، بۆیە ئێمە ناتوانین لێرەدا یەك لای بکەینەوە و بڵێین: سەد لە سەد خوێنەرێکی (قەدری یان جەبری) بەشداری (نالی) کردووە لە دارشتنەکەیدا، هەروەها نووسەر شیعرەکانی خۆی ئاراستەی ئاستێکی دیاری کراو دەکات لە وەرگر و ئەم ئاستە وەرگرەش لە نێو بونیادی دەقەکەیدا وەك چەند هێڵکی ئاراستەکردن خۆیان دەنوێنن.

بونیادی خوێنەری پەنهان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت واتە؛ (خوێنەری پەنهان) بوونێکی نەگۆڕ نییە کە لەهەموو دەقێکدا وەکو خۆی دووبارە ببێتەوە، بەڵکو لەگەڵ

[1] النص المفتوح والنص المغلق، د. محمد عبدالمطلب،؟.



بونیادی دەقەکەدا دەگۆڕێ بۆ نموونە: لە دەقێکی دیکەی (نالی)دا خوێنەری پەنهان نێو دەقەکە بە تەواوەتی جیاوازە لە خوێنەرەکەی نێو دەقەکەی پێشو تر.

ئەگەر سەرنجی ئەم شیعرەی خوارەوە بدەین:

**کە تۆی قیبلە دەمت سابێنە قوربان**
**لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە ، قوربان**
**وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم**
**حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە ، قوربان**
**شەقی کە ، غەیری حوبیی تۆی تێدابی**
**بە دەستی خۆت دڵم دەربێنە ، قوربان**
**لە بۆ خەڵقی خەلات بەخشانی ماچە**
**خەلاتی من هەموو خۆ جوێنە ، قوربان**
**فوتوری چاوەکانت نانوێنێ**
**بە (نالی) فیتنە بەس بنوێنە ، قوربان** ل٣١٥-٣١٦

ئەم دەقە گوزارشت لە کۆمەڵێك هەست وسۆزی خۆشەویستی دەکات و بە شێوەیەکی رەوان و ئاشکرا باسی لێوە کردووە و خوێنەری پەنهان نێو ئەم دەقەش خوێنەرێکی ئاساییە، مەبەستمان لە خوێنەری ئاسایی بوونێکە مەبەستی لە شیعروەرگرتن تەنیا چێژ وەرگرتن بێت، واتە؛ پێویستی بە لێکچواندن و وێنەی ئاڵۆز نییە کە هەڵگری لێکدانەوەی زۆر بن و بە ئاسانی چێژی پێ

نەبەخشن، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە بە سانایی چێژ وەربگرێ، دیارە کە دەشڵێین بەسانایی مەبەستمان لەوەنییە کە هەموو شیعرێکی سۆزداری و خۆشەویستی دەبێ دەربڕینێکی سانا بێت و وێنەی هونەری ئاڵۆزی تێدا نەبێت بەپێچەوانەوە لەنێو ئەم جۆرە شیعرانەدا وێنەی هونەری زۆر جوان و ناسك هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین ئەم دەقەی (نالی)یەو رۆڵی وەرگری پەنهان نێو دەقەکەیە لە ئاراستەکردنی بونیادی دەقەکە.

زەوقی ئەم خوێنەرە وای خواستەوە کە لایەنی مۆسیقی بەسەر دەقەکەدا زاڵ بێت دیارە بەم شێوەیەش وەرگرتنی دەقەکە ئاسانتر و بە جۆشتر دەبێت، ئاراستەی گوتنی نێو دەقەکەش بەرەو کەسی دووەمە (کەتۆ قیبلەی ....) ئاشکراشە چ خوێنەری پەنهان بێت وچ (نالی) خۆی بێت کە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەیان دەکەن پێویستە ئاراستەی قسەکردنەکەیان بەرەو ئەو کەسە بێت، بۆیە دەبینین خوێنەری پەنهان نێو دەقەکە هانی نووسەر دەدەت تاکو جێناوی کەسی دووەم بەکار بهێنێ، پاشان نووسەر ئاراستە دەکات تاکو لە ڕێگای دووبارەبوونەوەی وشەو دەنگەوە هارمۆنیایەکی چێژ بەخش بە شیعرکە ببەخشێ بەو شێوەیەش ویستی ئەو خوێنەرەش لە کردەی چێژ وەرگرتنەکەدا دێتە دی، هەروەها پێوەندی نێوان وشەکان و



واتاکانی، پێوەندییەکی ئاڵۆز نییەو بە ئاسانی خوێنەر ئاوێتەیان دەبێ دیارە ئەمەش هەر لەژێر کاریگەری ئەو خوێنەرە پەنهانەی نێو دەقەکەدا دیاری دەکرێت.واتە؛ خوێنەری پەنهان رۆڵی گرنگ دەبینێت لە بونیادنانی دەقەکەدا وەك کۆمەڵێك ویست و ئارەزوو لەنێو ئاوێنەی مێشکی نووسەردا دەردەکەوێ و بەشداری بونیادی دەقەکە دەکات و چۆنییەتی خۆ نواندنی ئەم خوێنەرەش لە نێو دەقەکاندا لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێ ، بۆ نموونە: ئەو خوێنەرە پەنهانەی کە لە نێو چامەکەی (نالی بۆ سالم) دا کاردەکات جیاوازە لەو خوێنەرە پەنهانەی کە لە شیعری (دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حبیبە)) دایە، یاخود لە نێو شیعری (ئەم طاقمە ممتازە کەوا خاصەیی شاهن) دایە و ...هتد.

لەمەڕ خوێنەری پەنهانەوە بە پێویستی دەزانین دووخاڵ روونبکەینەوە:

یەکەم/ ئێمە لەسەرەتاوە وتمان خوێنەری پەنهان شتێکە لە ناو خەیاڵ دایە و دەبێ لە ڕێگای خەیاڵکردنەوەی خوێنەرەوە وێنابکرێ و تەنیا لە ڕێگای دەقەوە بەرجەستە دەبێت و بوونی دەبێت، واتە؛ کاتێك بوونی دەبێت کە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەق بەرجەستەی دەکات و لەنێو خەیاڵی خوێنەردا ئامادە دەبێت، جا ئەگەر بونیادی ئەو

خوێنەرە پەنهانە، کە بەشێکە لە بونیادی دەقەکە جیاوازبێت لە خوێنەری راستەقینە، ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی خوێنەرە راستەقینەکەی دەقەکە، بۆ نموونە: ئەگەر خوێنەرێك شیعری (ئەحوەلی تەفرەقە......) بخوێنێتەوە و پێکهاتەی ئەو خوێنەرە لەگەڵ ئەو خوێنەرە پەنهانەی کە لە نێو دەقەکەدا هەیە تەبانەبێ ئەوا دەبێتە هۆی وروژاندنی ئاسۆی پێشبینی خوێنەرە راستەقینەکە، لە ئەنجامیشدا دەشێ بونیادی ئەو دەقە ببێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی ئەو خوێنەرە یاخود نشوستی هێنانی ئەو ئاسۆیە، یاخود دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی خوێنەرەکە بۆ دەقەکە و لە دواتر بۆ ئەو خوێنەرە پەنهانەی نێو دەقەکە.

دووەم/ بە رای ئێمە چەمکی خوێنەری پەنهان دژی ئەو قسەیەی (بوفون)ە کە دەڵێ (شێواز مرۆڤ خۆیەتی)[1]، چونکە لێرەدا نووسەر تەنیا خودی خۆی دەسەڵاتی یەکەم نییە لە داڕشتن و بونیادنانی شێوازی دەقەکەی، دیسان شێواز تەنیا بریتی نییە لە خوێنەر، بەڵکو بەپێی چەمکی خوێنەری پەنهان پێکهاتەی دەق لە ئەنجامی هەماهەنگی نێوان نووسەر و خوێنەری پەنهان نێو دەقەکەیە، واتە؛ شێوازی دەق دوو توخم لە دروستبوونیدا بەشدارە، هەروەها لەمەڕ ناسنامەی خوێنەری پەنهانەوە پێمان وایە کە بەشێك لەوە

[1] التفكير الاسلوبي، سامي محمد عبابنة، ص١٤.



ناسنامەیە نووسەر خۆی بەشداری تێدا دەکات بەڵام وەك نووسەرنا، بەڵکو وەك خوێنەر، ئێمە پێشتر وتمانە نووسەر دەق دەنووسێ و دەخوێنێتەوە، واتە؛ نووسەریش دەکرێ خوێنەر بێت، جا بۆیە دەڵێین دەشێ نووسەریش وەك خوێنەرێك رەنگدانەوەی هەبێ لە نێو چەمکی خوێنەری پەنهاندا و پاشان لە ئاراستەکردنی بونیادی دەقەکەدا.

### ٢. خوێنەری شارەزا (القارئ الخبير_ Informed Reader)

(ستانلی فیش) باس لەم جۆرە خوێنەرە دەکات و دەڵێ: ئەو خوێنەرەی کە من باسی دەکەم خوێنەرێکە هەندێ خەسڵەتی ئایدیالی هەیە، و تا رادەیەك بە خوێنەری لێهاتووی (القارئ الكفء) ی (ملتۆن) دەچێ، ئەم خوێنەرە خوێنەرێکی پسپۆڕە و دەبێ چەند تایبەتمەندییەکی هەبێ لەوانە: دەبێ ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێ نووسراوە بەچاکی بزانێ، هەروەها دەبێ خوێنەرێك بێ زانیاری تەواوی دەربارەی زانستی سیمانتیك (علم الدلالة) هەبێ، کە خوێنەری پێگەیشتوو و بەرهەمهێن لە تێگەیشتندا پشتی پێ دەبەستێ، خوێنەری پسپۆڕ دەبێ لێزان بێ لە هەموو وشە فەرهەنگی و چەمك و زاراوە شێوازیەکان...هتد. و خاوەن زەوقێکی ئەدەبی بێ، جا ئەمەش وا دەخوازێ کە خاوەن ئەزموونێکی قوڵ بێت لەنێو پرۆسەی خوێندنەوەدا


بە رادەیەك بتوانێ تایبەتمەندییەكانی دەق و جۆرەكانی دەستنیشان بكات*[1]. ئەركی خوێنەری شارەزا زیاتر ساغ كردنەوەی پێكهاتەی دەق دەبێت و بوونی ئەم جۆرە خوێنەرە بۆ شیعرەكانی (نالی) زۆر پێویستە، چونكە شیعرەكانی (نالی) لە ڕێگای چەندین دەستنووسی كۆنەوە كۆكراونەتەوە و دەشێ ئەم دەست نووسانە هەڵەی تێدا بێ چ لە نووسینی پیتەكان یاخود وشەكان، هەروەها لەبەر ئەوەی شیعرەكان بە ڕێنووسی فارسی نووسراوەتەوە و وشەی عەربی و فارسی و توركی زۆری تێدا بەكار هاتووە، ئەوە دەشێ زۆرجار لێڵ واتایی لە خوێندنەوەی وشەكاندا دروست ببێت، یاخود لەبەر كۆنی دەست نووسەكان وشەكان بە باشی دیار نابن، جا بۆیە ئەم دەقانەی (نالی) پێویستی بە خوێنەری شارەزاو پسپۆڕ هەیە لە بواری زانستی زمان بە هەموو لقكانییەوە و هەروەها لە بواری ئەدەب و هونەرەكانی نووسینی شیعردا ودەبێ شارەزایی لە زمانی عەرەبی و فارسی و توركیدا هەبێت و خاوەن زەوقێكی ئەدەبی بەرزبێت تاكو بتوانێ وێنای شیعرەكان

* (ئایزەر) كە باسی خوێنەری شارەزای(فیش) دەكات دەڵێ: چەمكی خوێنەری شارەزای (فیش) گرنگی بە ڕێژەی وەڵامدانەوەی خوێنەرەكان نادا، بەڵكو زیاتر بایەخ بە چارە سەركردنی یاخود مامەڵەكردنی دەق دەدات لە ڕێگای خوێنەرەكەیەوە. بڕوانە: فعل القراءة، ایزر، ص٢٥.

[1] هل یوجد نص في هذا الفصل، ستانلی فش،ص٧٠-٧١.



بكات، واتە؛دەبێت ئەم خوێنەرە شارەزای ڕوخسارو ناوەڕۆكی دەقی ئەدەبی بێت، بڕوانە پێداویستییەكانی خوێنەری شارەزا لەم هێڵكارییەی خوارەوە:




ئێمە دەتوانین بۆ شیعرەكانی (نالی)، مامۆستایانی (مدرس) بە جۆری خوێنەری شارەزا دابنێین، مسعود محمد و مارف خەزنەدار و چەند كەسێكی دیكەش لەوانەی كە لێكدانەوەیان بۆ شیعرەكانی (نالی) كردووە، هەوڵیان داوە ئەو ڕۆڵە ببینن، جا هەر كەسەو بە پێی ئاستی خۆی لە چەمكی خوێنەری شارەزاوە نزیك دەبێتەوە یاخود دوور دەكەوێتەوە.

دیارە خوێنەری شارەزا لە ڕێگای پسپۆڕییەكەیەوە ئاوێتەی دەق دەبێت و دەتوانێت چەندین لایەنی دەقەكە ساغ بكاتەوە، جا ساغكردنەوەی ڕێنووسی وشەكان بێت یان ساغكردنەوەی لایەنەكانی ڕەوانبێژیی نێو دەقەكەبێت یاخود لێك دانەوەی وێنەكان بێت و ....هتد. لە ساغ كردنەوەشدا بێگومان پشت بە چەندین پێوەر دەبەستن،

لەوانە زۆرجار شێرازەی واتا و کێشی شیعرەکە دەبێتە هۆ، بۆ بڕیاردان لەسەر دێڕێك، هەروەها پێکهاتەی شێوازیش دەبێتەهۆی بڕیاردان لەسەر شیعرەکە، بۆ نموونە لە لێکدانەوەی ئەم دێڕەدا:

**ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن**
**هەم ناظیمی عقودن و هەم ناظیری ئومور** ل١٨٤

(مدرس) دەڵێ: ((نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە لە نوسخەی (چن)دا (واتا دەستنووسی چنگینانی) بەم جۆرەیە:

**ئەهلێکن ئەهلی دانش و نێکن بۆ زورگ و خورد**

لە نوسخەی (ك) (مەلا فاتحی کاگردەڵی)یشدا بەم جۆرەیە:

**ئەهلێ کە ئەهلی هونەر، نێکن بۆ زورگ و خورد**

بە پێی ئەم نوسخەیە ئەبێ (ن)ێك لە (هونەر)ەکە پەڕیبێ و (هونەرن)بێ، ئەگینا مەعناکەشی نایەت و سەنگەکەشی لەنەگ ئەبێ)[1] واتە؛ مەعنا و کێشی دێڕکە بووە پێوەر بۆ ساغ کردنەوەی دێڕەکە.

هەروەها لە شیعری:

**عەزیزم، ڕۆحی شیرینم، دوو چاوم**
**دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم**

[1] دیوانی نالی، مدرس، ل ١٨٤



**ئەتو شا، من گەدا، دادم بپرسە**
**لە ظولمی چاوی بیمارت کوژاوم**
**ئەگەر نەی دەیتە دەست خۆم قاتیلی خۆم**
**لە ڕۆژی ئاخیرەتدا بێ پێناوم** ل٢٩٣

ماموستایانی (مدرس) پێیان وانییە کە ئەم شیعرە هی (نالی) بێت و ئەوان بە شیعری (ناری) لە قەڵەم دەدەن و بەڵگەشیان ئەوەیە کە شیعرەکە زۆر لە شیعری (ناری) ئەچێ و تەعبیری (کوژاوم) کە لە بەیتی دووهەمدا هاتووە و تەعبیری (دەسی خۆم)ی دێڕی سێیەم شێوەی مەریوانین و کاکە حەمەش خەڵکی ئەوێیە، هەروەها دەشێ کۆڵکە خوێندەوارەکان (ناری)یان لێ بووبێ بە (نالی). واتە؛ لێرەدا شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانی زمان بووە هۆی ئەوەی خوێنەری شارەزا بڕیار لەسەر شیعرەکە بدات و خاوەنەکەی دەستنیشان بکات، جگە لەوەش ئەم شیعرە سروشتەکەی وایە کە زوو خۆی بەدەستەوە دەدات بە پێچەوانەی شیعری نالی ئەگەر سەرەتاکەشی نەرم بێ و خوێنەر بەسانایی وەریبگرێت، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا گرێیەکی هەر تێدایە.

بەکورتی ئەگەر خوێنەر شارەزابێت و لە بواری ئەدەبدا پسپۆڕبێت، دەتوانێ لە ڕێگای ئەم پسپۆڕیەوە دووشت ئەنجام بدات، لە لایەك ئاوێتەی دەقەکە بێت و لە ئەنجامدا چێژیش وەربگرێ، لە لایەکی دیکەوە خەریك دەبێ بە

دیراسەکردنی دەقەکەوە و پێکهاتەکەی روون دەکاتەوە و لێکدانەوەی نوێی بۆدەکات و شتی نوێی لە لا ساغ دەبێتەوە و دەشێ وەك خوێنەرێکی بەرهەمهێن بە شێوەیەکی زانستیانە دەقێکی رەخنەیی لەسەر دەقە ئەدەبییەکە بنوسێ.

### ٣. خوێنەری ئامانجدار (القارىء المقصود_ المستهدف)

ئەم چەمکە بریتییە لەو وێنەیەی خوێنەر کە لەنێو مێشکی نووسەرەکەدا بوونی هەیە[1]. ئەم چەمکە وۆلف (Erwin Wolf)باسی دەکات (ئایزەر)یش باسی تێگەیشتنی خۆی دەکات لەمەڕ ئەم خوێنەرەی (وۆلف)ەوە، و پێی وایە خوێنەری ئامانجدار دەکرێ بەپێی دەقەکە چەندین شێوەی هەبێ ، دەشێ خوێنەرێکی ئامادە کراوبێ[*]، یاخود لە رێگای پێشبینی کردنی پێوەر و بەهاکانی خوێنەرە هاوچەرخەکانەوە خۆی بنووێنێ، خوێنەری ئامانجدار ئەگەر دانیشتویەکی خەیاڵی بێت لەنێو دەقەکە نەك تەنیا چەمك و نەریتی کۆمەڵی وەرگری هاوچەرخ

[1] فلسفة الجمال، عبدالقادر عبو، ص١٠٢.

[*] (ئیمبرتۆ ئیکۆ) ئاماژە بۆ ئامادەکردنی وەرگر دەکات، هەندێك لە نووسەرەکان لەکاتی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن ، کاتێك کە هەندێك توانست بە خوێنەرەکانیان دەبەخشن بۆ ئەوەی لە توانایان دابێت دەقەکە وەربگرن و بە دوای وەڵامدانەوەکانیشی بکەون. بڕوانە: النص المفتوح و النص المغلق، د. محمد عبدالمطلب، ؟.



بەرجەستە دەکات، بەڵکو ئارەزووی نووسەرەکەش لە وەسف کردنیان و پێوەندی کردن لەگەڵ ئەو چەمکانە بەرجەستە دەکات[1].

بە رای ئێمە خوێنەری ئامانج دار دەبێتە بەشێك لە ناسنامەی خوێنەری پەنهان، چونکە ئەگەر نووسەر خوێنەرێکی کردە ئامانجی خۆی ئەوا بێگومان ویستی ئەم خوێنەرە کاریگەری دەبێت و لە ئاراستەکردنی دەقەکەدا رەنگ دەداتەوە، لەبەر ئەوە پێمان وایە بەشێکە بەشداری لە پێکهاتەی ناسنامەی خوێنەری پەنهان نێو دەقەکە دەکات، بۆ نموونە (نالی) لە چامەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور)دا خوێنەرێکی ئامانجدار بووە، ئەو خوێنەرە کەسێکە ئەو پەیامەی (نالی) وەردەگرێ، جا لەبەر ئەوەی سالم وەڵامی ئەم چامەیەی داوەتەوە دەتوانین واگریمانە بکەین کە خوێنەرە مەبەستەکە (سالم)ی شاعیر بووە، هەروەها دەکرێ خوێنەری ئامانجدار لەم چامەیەدا هەر خوێنەرێکی دیکە بێت کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە و وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت و ئەو خەسڵەتانەی تێدا دەبێ کە (نالی) بۆ خوێنەرەکەی دەستنیشان کردووە، دەشێ ئەو خوێنەرە ئامانجدارە بەسەر چەند جۆرێك دابەش بکەین، بۆ نموونە (نالی) مەبەستی لە خوێنەری ئامانجدار:

[1] فعل القراءة، ایزر، ص٢١.

-ئەو خوێنەرە بێت کەوا پرسیارەکانی ئاڕاستە کردووە و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی دەکات:

**ئایا مەقامی روخصەتە لەم بەینە بێمەوە**
**یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور؟** ل١٩٧

-ئەو خوێنەرە بێت کە (نالی) دەیەوێ زانیاری لەمەڕ ئەو شوێنەی کە وسف کراوە پێی ببەخشێت و وێنای بارودۆخی سەردەمەکەی بۆ بکات. دەڵێ:

**ئیستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،**
**یاخود بووە بە مەلعەبەی گورگ و لورە لور؟!** ل ١٨٧

هەروەها دەڵێ:

**ئەوغاری یارە ئێستا پڕ لە ئەغیارە، یانە خۆ**
**هەر غاری یارە، یا بۆتە غاری مار و مور؟** ل١٩٥

-ئەو خوێنەرە بێت کە هاوشێوەی (نالی) دووچاری دووری بۆتەوە و وڵاتەکەی داگیر کراوە و هەست و سۆزی نیشتیمانی لە لا وروژاوە جا دەشێ (نالی)ش ئەم خوێنەرەی ئامانج بووبێت و نیازی بووبێت لەو هەست و سۆز و نەهامەتیانەی خۆی بەشداری پێ بکات ، واتە؛ لێرەدا ویستی خوودی (نالی) وەك خوێنەر دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی خوێنەری ئامانجدار بۆ نموونە دەڵێ:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ رەنگە بێ بە ئاو بەچاوا بکا عوبور** ل١٩٧



(نالی) مەبەستی بووە خەمی دووری باس بکات هەست و سۆزی خۆی لە رێگای فرمێسکەکانی چاویەوە باس بکات ئەو فرمێسکانەی کە سەرچاوەیان لە دڵەوەیە و بەرەو نیشتیمان رەوانی بکاتەوە، جا (نالی) چۆن خۆی شەرحی دەردی غوربەتی خۆی دەکات و بە هەمان شێوە دەشێ ویستبێتی (خوێنەر یان وەرگر)ی هاوشێوەی خۆی لەژێر کاریگەریی ئەو هەست و سۆزەی کە شیعرەکە دەیوروژێنێ فرمێسکەکانیان برێژن و نەهامەتیەکانیان پێدا بەرەو نیشتیمان بنێرنەوە. واتە؛ ئامانجی ئەو خوێنەرانە بووە کە هاوشێوەی خۆی لە غەریبیدا دەژین و ئارەزووی چوونەوە بۆ نیشتیمان لە مێشك و دەروونیان پەنگی خواردۆتەوە.

-ئەو خوێنەرانە بێت کە لە توانایان دابێت چێژ لە شیعرییەتی دەقەکە وەربگرن و توانای لێکدانەوە و وێناکردنی لێکچواندن و خوازەکانی نێو دەقەکەیان هەبێت.بۆنموونە: (سالم) خوێنەرێکی شارەزایە و توانیویەتی چێژ لە شیعرەکەی (نالی) وەربگرێ، بۆیە توانیویەتی بە شیعرێکی هاوشێوەی شیعرەکەی (نالی) وەڵامی بداتەوە و لێرەشدا (نالی) دەبێتە خوێنەری ئامانجدار و شارەزای شیعرەکەی (سالم):

نالی (شیعر نووس) → سالم (خوێنەر)
نالی (خوێنەر) ← سالم (شیعر نووس)

## ٤. خوێنەری باڵا (القارىء الاعلى)

(میشال ریفاتێر) لە دیارترین لێکۆڵەرەوەکانی بواری شێوازگەریی نوێیە، ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا خوێنەری باڵای دەستنیشان کرد*، ئەم خوێنەرە (کۆی کاردانەوەی کۆمەڵێك پسپۆڕی زمانە بەرامبەر دەقەکە وەك (ڕەخنەگر_ وەرگێڕ_ زانا_ شاعیر)ەکان، جا خوێنەری باڵا بە تەنیا خودی خوێنەرێك نییە، بەڵکو کۆی ئەو وەڵامدانەوەیە کە بۆ دەقەکە ئەنجام دراوە و دەشێ کەسی شیکەرەوەش ئەم وەڵامدانەوەی لە بەرهەمی کۆمەڵێك خوێنەری شارەزاوە چنگ دەکەوێ)[1].

(ئایزەر) دەڵێ: ئەو خوێنەرە باڵایەی (ریفاتێر) بریتییە لە کۆمەڵێك پسپۆڕ کە لە خاڵێکی تەوەرەیی ناو دەقەکەدا بە یەك دەگەن و لە ئەنجامیشدا یەکەیەکی (واقعی شێوازگەری_ واقعی اسلوبی) دادەمەزرێنن لە ڕێگای کاردانەوە هاوبەشەکانیان، خوێنەری باڵا وەك ئامێرێکی پشکنینە بۆ دۆزینەوەی چڕی واتا تێهەڵکێشراوەکەی ناو دەق بەکاردێت، خوێنەرەکەی (ریفاتێر) هۆکارێکە بۆ ساغ کردنەوەی واقیعی شێوازگەری... چەمکێکە بۆمان ڕوون

* هەروەها بۆ ئەم خوێنەرەی (ریفاتێر) وشەی (العمدة) و کۆکەرەوە (الجامع)یشی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام (ئێمە هەر بە خوێنەری باڵای دادەنێین)

[1] الاسلوبیة عند میشل فاتیر، د. طارق البکر،؟.



دەکاتەوە ئایا تا چ ڕادەیەك خوێنەر لە داڕشتنی واقعی شێوازگەریدا گرنگی هەیە[1]. (ریفاتێر) لە ڕێگای چەمکی خوێنەری باڵا یاخود کۆکەرەوە هەوڵدەدات ڕێبەرێك بۆ دەق دروست بکات بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە خوێندنەوەی خوێنەری پسپۆڕ و هەروەها کۆی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی کە لەسەردەمە جیاجیاکاندا ئەنجام دراوە وەردەگرێ، لە ڕێگای ئەم کەرەستانەوەش نەخشەی شێوازگەری و چۆنییەتی کارکردنی ئاماژە شێوازییەکان (المنبهات الاسلوبیة) دەکێشێ، هەر لەبەر ئەوەشە (ڕۆبەرت شۆڵز)**ڕەخنە لە چەمکی خوێنەری باڵای (ریفاتێر) دەگرێ، چونکە (شۆڵز) پێی وایە ئەم چەمکەی (ریفاتێر) خوێندنەوەی شیعری یاخود وەڵامدانەوەی شیعری لە وەڵامدانەوەکانی دیکەی جیا ناکاتەوە[2]، جا ئەم چەمکەی ریفاتێر وەك ئەوەیە خوێندنەوەی خوێنەرێکی شارەزا لەگەڵ خوێندنەوەی خوێنەرێکی ناشارەزا لە یەك ئاستدا کۆ

[1] فعل القراءة، ایزر، ص٢٤.

** ڕەخنەگری ئەمەریکی (ڕۆبرت شۆلز) مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی و ئەدەبی بەراورد کاری زانکۆی ئەمەریکایە لە بەرهەمەکانی کتێبی (بونیادگەری ئەدبی- البنیویة فی الادب ١٩٧٣) کتێبی(سیمۆلۆژیا و لێکدانەوە- السیماء والتأویل ١٩٨٢) و کتێبی(دەسەڵاتی دەق-سلطة النص -١٩٨٥)ە. بڕوانە: (تحلیل الخطاب الادبي علی ضوء المناهج النقدیة الحدیثة)، محمد عزام، من منشورات، اتحاد کتاب العرب، ٢٠٠٣، لە سایتی:www.awu.dam.org

[2] مفاهیم الشعریة، حسن ناظم، ص١٣٨-١٣٩.

بكرێتەوە، خوێنەری بالا دەشێ وەك خوێنەرێكی راستەقینە حسێبی بۆ بكرێت، جا ئەگەر سەرنجی كاری ئەو لێكۆڵەرەوانە بدەین كە لە رێگای پشت بەستن بە لێكدانەوەی خوێنەرەكانی دیكەوە هەوڵیانداوە لەمەڕ شێوازی دەقەكانەوە بدوێن، ئەوا تا رادەیەك ئەركی ئەم چەمكە لە دیاریكردنی چوار چێوەی شێوازی دەقەكە روونەبێتەوە.

### ٥. خوێنەری ئایدیالی

لەلای (ئایزەر) ئەم خوێنەرە بوونەوەرێكی خەیاڵیە هیچ بوونێكی واقعی نییە، ئەمەش وای لێدەكات سنوور كراوبێ، جا لەبەر ئەو خەیاڵی بوونەوەی لە توانایدایە كەلێنەكانی ناو وەلامدانەوە ئەدەبییەكان پڕ بكاتەوە. خوێنەری ئایدیالی لەنێو پرۆسەی پێوەندی كردنی ئەدەبیدا بونیادێكی ئەستەمە، چونكە دەبێ ئەم خوێنەرە بنەماكانی لەگەڵ نووسەرەكەی وەك یەك بێ، جا ئەگەر ئەمە روویدات ئەوە پێوەندی كردنەكە شتێكی زیادەیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە دوای ئەو شتانە دەكەوێت كە پێشتر خاڵی هاوبەش لەنێوان خۆی و نووسەرەكە نەبووبێ[1].

[1] فعل القراءة، ایزر، ص٢٢-٢٣.



بەكورتی مەبەست لەوەیە كە هیچ خوێنەرێك نییە سەد لە سەد هاوشانی نووسەر بێت و دەبێت بنەماكانی خوێنەر لەگەڵ بنەماكانی نووسەرەكەدا جیاواز بن تاكو لە چوارچێوەی دەقەكە بەیەك بگەن و كارلێك بكەن و شتی نوێ دروست بكەن، یاخود هەر نەبێت ئەنجامی كارلێك كردنەكە چێژ بەخشین بێت و بە پێچەوانەوە ئەگەر خوێنەرێكی ئایدیالی هەبێت كە بنەماكانی بەتەواوی وەك بنەماكانی نووسەر بێت ئەوا هیچ دەقێك ناتوانێ ئەم دوو جەمسەرە كۆبكاتەوە و ئاوێتەی یەكتریان بكات، چونكە هەموو توخمەكان هەروەك یەكە و كارلێك كردن لەنێوانیان دروست نابێت.

### ٦. خوێنەری راستەقینە (القارىء الحقیقي)

ئەو خوێنەرەیە كە لە لێكۆڵینەوەكانی مێژووی وەلامدانەوە ئەدەبییەكاندا ئامادە دەبێ، واتە؛ لەو شوێنە كە بایەخ بە چۆنییەتی وەرگرتنی دەقی ئەدەبی دەدرێ لەلایەن كۆمەڵە وەرگرێكی دیاری كراوە[1]. ئەم خوێنەرە زۆرتر لە مێژووە نوێیەكەی (یاوس)دا سوودی لێ دەبینرێ و (جۆرێكە لە جۆرەكانی خوێنەری هاوچەرخ، چونكە خوێنەری هاوچەرخ سێ جۆری بۆ دەستنیشان كراوە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

یەکەمیان خوێنەرێکی راستەقینەیی و مێژووییە و دووانەکەی دیکە خوێنەری گریمانە کراون، یەکەمیان پێکهاتەیەکە لە زانیاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەردەمێکی دیاری کراو، و ئەوەی دیکەیان لە وێنەی رۆڵی خوێنەری ناو دەقەکەوە وەرگیراوە)[1]. واتە؛ ئەم خوێنەرە دەشێ هەر خوێنەرێك بێ کە لەسەردەمێکی دیاری کراودا بەرهەمەکانی (نالی) خوێندبێتەوە یاخود دەشێ ئەو خوێنەرە بێت کە دەتوانین لە رێگای ئاراستەکانی دەق و پێدراوەکانی نێو دەقدا وێنای بکەین، بۆ نموونە: (مامۆستایانی مدرس)، (مسعود محمد)، (سیوەلی) و (سۆزەنی) هەریەکەیان خوێنەرێکی راستەقینەیە، چونکە هەریەکە بەپێی سەردەمی خۆی چێژ لە دەقەکە وەردەگرێ و لەژێر تێڕوانین و فیکرەی جیاوازەوە قسە لەسەر دەقەکان دەکەن.

بەکورتی دەتوانین بڵێین (هەموو ئەو بۆچوونانەی بەرەو رووی خوێنەر بووەنەتەوە لە یەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون ئەویش روانگەی خودییە، کە پشت بە خودی خوێنەر دەبەستێت لە دیاری کردنی واتادا و ئەگەری ئەفراندنی وێناکردنێکی بابەتیانە لە دەرەوەی خوددا رەتدەکاتەوە و ئەم هەڵوێستەش دژایەتییەکی راستەخۆی تێدایە بۆ ئەو میتۆدانەی کە پشت بە مەوزوعییەت دەبەستن وەك

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.



(فۆرمالیستی و بونیادگەری) کە دژی توانستی خود بوون لە تێگەیشتنی راستی و بەرهەمهێنانی)[1]. بە پێچەوانەی ئەوانیشەوە تیۆرەکانی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر لە پێوەندی کردن و لێکدانەوەی ئەدەبیدا پشتیان بە توانستی خودی مرۆڤ بەستووە، لە رێگای جۆرەکانی خوێنەرەوەش دەتوانین هەست بە بوونی ئەو پێوەندییە بکەین کە خوێنەر لەگەڵ دەقەکەدا دەبەستێتەوە و رۆڵی ئەو خوێنەرانەش لە ئاراستە کردنی واتای دەقدا روون دەبێتەوە.

## رۆڵی پێشبینی کردن لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی خوێنەردا

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێوەندی کردنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا دەبێت، پێشبینی کردنی خوێنەرەکەیە بۆ دەقەکە، چونکە کە خوێنەر چاوەڕوانی شتێکی دیاری کراو دەبێت لە دەقەکە و دەقەکەش، ئەو شتەی پێ نابەخشێ، بەڵکو شتێکی نوێ یان جیاوازی دەخاتە بەردەست کە ئەو پێشبینی نەکردووە، ئەوا دەبێتە هۆی زیاتر تێڕامان و قوڵبوونەوە و ئاوێتەبوونی خوێنەر لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا، خاڵی هەرە گرنگیش ( لە پرۆسەی خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەو کارلێك کردن و ئاوێتە بوونەیە کە لە نێوان بونیادی دەقەکە و

[1] الصوت الاخر الجوهر الحواري للخطاب الادبي، فاضل ثامر، ص٢٣٥.

خوێنەرەکەیدا هەیە[1]، بۆیە هەر ڕێگایەك کە ئەم ئاوێتە کردنە قوڵتر بکات بۆ پرۆسەی پێوەندی کردنی نێوان خوێنەر و دەق گرنگە، (ئەرکی ڕەخنەگری نوێش دیاری کردنی بەهای ئێستێتیکی ئەدەبە لە ڕێگای دیاری کردنی ڕادە و چۆنییەتی ئەو کاریگەرییەی کە دەق دەیخاتە سەر خوێنەرەکانی[2].

دەقیش پێوەندی بەو ئێستێتیکایەوە هەیە کە پرۆسەی ئەدەبی دەیهێنێتە کایەوە و دیارە (مەودای ئێستێتیکی نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەریش باشترین شتە بۆ بڕیاردان لەسەر دیاری کردنی ئێستێتیکای ئەدەب)[3]، چونکە ئەو مەودایە کۆنترۆڵی چۆنییەتی ئاوێتە بوونی خوێنەرەکە و ئەنجامی ئاوێتە بوونەکەش دیاری دەکات، جا ئەگەر مەودای ئێستێتیکی نێوان ئاسۆی خوێنەر و ئاسۆی دەق فراوان بوو، ئەوا دەشێ لە نێوان ئەم مەودایەدا کەلێن دروست بێت، ئەو کەلێنانەش پێویستی بە خوێنەرێکی شارەزایە تاکو پڕیان بکاتەوە، ئەگەر خوێنەریش لە توانای دابوو ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە، ئەوا توانیویەتی ئاوێتەی بەهەمەکە ببێت و شتێکی نوێی لێ دروست بکات و (چێژی

[1] فعل القراءة، ایزر، ص١٢.
[2] جمالية التلقي، ياوس، ص١٢.
[3] سەرچاوی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



خوێنەریش لەو کاتە دەست پێ دەکات کە هەست بکات خۆی بەرهەمهێنە)[1] واتە: کاتێك کە پێوەندی کردنەکەی ئەنجام بەخش بێت و خوێنەر تێبینی ڕۆڵی خۆی بکات لە تێگەیشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکەدا، ئەم تێبینی کردنەش دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی لەخۆ ڕازی بوون بۆیە خوێنەرەکە زیاتر هەست بە چێژی ئاوێتە بوونەکە دەکات، چۆنیەتی ئاوێتە بوونی خوێنەرێکیش لەگەڵ خوێنەرێکی دیکەدا جیاوازە، چونکە ئاسۆی پێشبینی کردن و ڕوانینیان جیاوازە.

بەکورتی هەبوونی ڕەگەزی (کتوپڕی- سرپرایس- المفاجأة) لە نێو دەقدا دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی ڕوانینی خوێنەر و ئەم گۆڕانکارییەش کاریگەری لەسەر پرۆژەی ئاوێتە بوونی خوێنەرەکە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەبێت، چونکە کە خوێنەرەکە شتێکی پێشبینی نەکراوی دەکەوێتە بەرچاو، ئەوە پرۆسەی وەرگرتنەکەی دەوروژێ و هەوڵ دەدا ئەم شتە نوێیە فام بکات و دەشێ لە کۆتاییشدا ئەم دۆخە نوێیە ببێتە هۆی گۆڕانی پێوەرە ئێستێتیکیەکانی خوێنەرەکە (ڕیفاتێر) کە باسی (دەوروبەری شێوازی – السياق الاسلوبي) دەکات، پێی وایە کە، (دەوروبەری شێوازی نموونەیەکی زمانییە لە پڕێکدا ڕەگەزێکی

[1] نظرية التلقي، هولب، ص٢٣٢.

چاوەڕوان نەکراو شیرازەکەی تێکدەدات و ئەم پارادۆکسەی کە لە ئەنجامی هاتنی ئەم رەگەزەوە دروست دەبێت بریتییە لە خاڵی وروژێنەری شێواز- الحافز الاسلوبي)[1] دیارە ئەم رەگەزەش هەمان رەگەزی پێشبینی نەکراوە کە شێوازی وەرگرتنی وەرگرەکەش دەوروژێنێ و دەشێ بشیگۆڕێت.

لە لای عەرەبەکانیش بەتایبەتی لە لای (جاحظ و عەبدولقاهری جورجانی) بایەخێکی زۆر بە رەگەزی (سرپرایس) دراوە کە پێوەندی بە چەمکی چێژی ئەدەبی و چۆنییەتی دۆزینەوە و کاریگەربوونی لەنێو دەقدا هەیە، چونکە ئەم رەگەزە یەکێکە لەو رەگەزانەی کە وەڵامدانەوەی ئێستێتیکی بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکەی دروست دەکا[2].دیارە هەرچەند شتی پێشبینی نەکراویش لەناو دەقەکەدا پەیدا بێت، ئەوا ئەو شتانە دەبنە هۆی (سرپرایس- سەرسوڕمان) بۆ خوێنەرەکە و لە ئەنجامدا خوێنەر زیاتر دەچێتە نێو جیهانی دەقەکە و باشتر ئاوێتەی دەبێت و زۆرتر چێژی لێ وەردەگرێ.

شتە پێشبینی نەکراوەکان لە چەندین رێگاوە هەست بە بوونی دەکرێت، بۆ نموونە لە رێگای (دەق ئاوێزان، پارادۆکس، وێنەی لێکچواندن، لادانی زمانی، کورتبڕی، ...

---

[1] نقد استجابة القاريء، جين تومبكنز، ص١٧٨.
[2] استقبال النص عند العرب، محمد مبارك، ص٢٠.



هتد)، بەڵام ئێمە لێرەدا و لە میانی شیعرەکانی (نالی)دا، هەوڵدەدەین تەنیا لە رێگای (دەق ئاوێزان، پارادۆکس، وێنەی لێکچواندن)ەوە باسی رۆڵی پێشبینی کردن بکەین لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی خوێنەر و دەقدا:

## دەق ئاوێزان

دەقی ئەدەبی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و لە ئەنجامی تواندنەوەی کۆمەڵێك دەقی دیکەوە دروست دەبێ (جولیا کرستیڤا) دەڵێ: (دەق تابلۆیەکی نەخشکراوە بە کۆمەڵێك تیل نیشان و هەر دەقێك بریتییە لە هەڵمژین و گۆڕانی کۆمەڵێك دەقی دیکە)[1]، (دەق ئاوێزان)یش بریتییە لە تواندنەوە و تێکەڵبوونی چەندین رەگەز لە نێو دەقێکدا، مەبەستمان لە تێکەڵبوونیش تەنیا تێکەڵ بوونی دەقی دیکە نییە لەنێو تاکە دەقێکدا، بەڵکو دەشێ شتی دیکەش جگە لەدەق، وەك تیل نیشانی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ کارێکی تەواو یاخود ئاماژەکردن بە ناوی کەسایەتییەك یان رووداوێکی دیاری کراو بگرێتەوە[2].

---

[1] الخطيئة و التفكير (من البنيوية الي التشريعية)، د. عبدالله محند الغذامي، ص١٥.
[2] الشعر و التلقي (دراسات نقدية)، د. علي جعفر العلاق، ط ١، دار الشروق للنشر، عمان، اردن، ١٩٩٧،ص١٣٢.

ئاوێزانی دەق بە شێوازێکی شیعریی چالاك دادەنرێ لە بونیادنانی دەقدا، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر بتوانێ ئەم وزە شاراوەیە بەکاربهێنێت بە شێوەیەك مۆرکی چنینی خۆی پێوە دیاربێ و گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆی پێبکات[1]. جائەوەی دەبێتە مایەی سەرنج راکێشانی خوێنەر چۆنییەتی وەرگرتنی ئەو دەق و ئاماژانەیە و تواندنەوەیەتی لەنێو چوارچێوەی دەقێکدا. لە روانگەی خوێنەرەوە (ریفاتێر) پێناسەی (دەق ئاوێزان) دەکات و دەڵێ: (دەق ئاوێزان ئەوەیە خوێنەر تێبینی هەبوونی پێوەندی بکات لە نێوان کارێکی ئەدەبی و کارەکانی پێش خۆی یاخود ئەوانەی لەپاش ئەوەوە دێن[2]. لەنێو شیعرەکانی (نالی)شدا دیاردەی وەرگرتن و ئاماژەکردن بە دەق و رەگەزی دیکەی دەرەوەی دەق زۆرە و چۆنییەتی وەرگرتن و بەکارهێنانی هەندێك لەو رەگەزانە لەنێو شیعرەکاندا بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەرە یاخود لەگەڵ پێشبینی کردنی خوێنەردا تەبا نییە، ئێمە هەوڵدەدەین لە چەند دێڕێکدا ئەم دیاردەیە روون بکەینەوە:-

## رەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادوتن

[1] المتوقع و اللامتوقع في شعر محمود درويش(دراسات في جمالية التلقي)، د. عبدالباسط الزيود، مجلة جامعة ام القرى للعلوم الشريعة و اللغة و ادابها،ج ١٨، ع ٣٧، اردن، ٢٠٠٦، ص٤٣٦.

[2] المسبار في النقد الادبي، د. حسين جمعة، اتحاد كتاب العرب، دمشق،٢٠٠٣، ص ١٣٧.



**لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و ماروتن** ل٣٢٦

(نالی) لێرەدا لەرێگای (تیل نیشانەوە)* ئاماژە بە چیرۆکی (هاروت و ماروت) کردووە، دەشێ خوێنەر ناوی (هاروت و ماروت)ی بیستبێ و بەشێوەیەك لە شێوەکان حیکایەتی ئەم دوو فریشتەیەی بیستبێ**، یاخود لە قورئاندا خوێندبێتیەوە ( يُعَلّمُونَ آلنَّاسَ السّحرَ و ماأُنزِلَ على آلمَلَكينِ ببابِلَ هروت و مروت و مايُعلمانِ من أحد حتى يقولا انما نحن فتنة فَلاتَكفُرُ ) (سورة البقرة، آية ١٠٢) بۆ خوێنەر ئاسایی نییە، کە رەقیب و موددەعی لە فیتنەییدا بە نائیبی هاروت و ماروت حسێب بکرێن و ئەوەی پێشبینی ناکرێ وێناکردنەکەیە، ئەوەتا گوێ و چاوی یار چوێندراوە بەو بیرەی کە لە بابلدا گوایە (هاروت و ماروت)ی تێدا سەربەرەو خوار هەڵواسراون، ئینجا ناحەزەکانی (نالی)یش جێگری ئەو (هاروت و ماروت)ەن و رێگرن لەنێوان (نالی) و

* تیل نیشان ئەوەیە کە شاعیر بە وشەیەك، یان چەند وشەیەك ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەکی خۆشەویست، یان پەندێکی پێشینان، یان قسەیەکی نەستەق، یان چیرۆك و رووداوێکی مێژوویی یان ئەفسانەیەکی جیهانی یان نەتەوایەتی بکا. بڕوانە: رەوانبێژی (بۆ پەیمانگای مامۆستایان)، عزیز گەردی، چ٢، چاپخانەی ئارام، بەغدا، ٢٠٠٥، ل ١٢٠. هەروەها تەنیا (تیل نیشان) نابێتە کەرەستەی دەق ئاوێزان، هەندێ جار (تێهەڵکێش- التضمين)یش دەبێتە کەرەستەی دەق ئاوێزان.

** ئەگەر خوێنەریش گوێ بیستی ناوی (هاروت و ماروت) نەبووبێ، ئەوا دەشێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆ شیعرەکە هەبێت و ئەم ناوانە واتای دیکەی لەلا دروست بکات، کە زۆر دوور بێت لە واتا راستەقینەکە.

یارەکەی و ئەم دوو ناحەزەش (موددەعی و رەقیب)ن کە لە گۆشەیەکی گوارەکانی یاردا هەڵواسراون سەربەرەو خوار و ناهێڵن یار گوێبیستی (نالی) بێت، یاخود دەشێ بڵێین ئەو یارەی (نالی) فێری شتی خراپ دەکەن و لەبن گوێی دەخوێنن، چونکە هاروت و ماروتیش خەڵکیان فێری سیحر و شتی خراپ کردوە و کە رەقیب و موددەعیش لە گۆشەی گوارەیەکدا وێنا کراون ئەوە بۆ ئەوەیە نزیکیان بکاتەوە لە گوێی یار کە شتی پێ دەبیستێ، دیارە ئەو شتانەی کە موددەعی و رەقیبیش دەیخوێننە بن گوێی یارەکەی (نالی) هەموو شتی خراپە لە بارەی نالییەوە، بۆیە ئەو قسانە بووە بە رێگرێک نەدەهێڵێ یار گوێبیستی (نالی) بێت و نە دەهێڵێ بیبینێت، جا خوێنەری شارەزا کە (هاروت و ماروت) دەبینێ، چیرۆکەکەی ئەوانی بیردەکەوێتەوە، بەلام چاوەڕوانی ئەوە نەبووە کە ئەم چیرۆکە بەو شێوەیە بەکار بخرێ تاکو (نالی) باسی واقیعی خۆی و یارەکەی پێ بکات و نووسەریش مەبەستی ئەوە نەبووە چیرۆکی (هاروت و ماروت) بگێڕێتەوە، بەڵکو لە پێوەندییەک دەگەڕێ تاکو مەبەستەکەی خۆی پێدەربڕێ، بۆیە ئەم وێناکردنە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و هانی دەدات تاکو لە پێوەندییەکانی نێوان وێنەکان بکۆڵێتەوە و زیاتر ئاوێتەیان بێت و لە ئەنجامدا چێژێکی ئێستێتیکی بەرزی لە لا دروست بێت.



**- غەیری زوڵفی تۆ کە رشتەی عومرمە**

**دەس لە ( مافیها )ی زەمان بڕیاوم ئەز      ل ٢٢٢**

لەم دێڕەدا شاعیر لە رێگای (مافیها)وە ئاماژەی بۆ وتەیەکی باوی ناو خەڵك کردووە، بەلام لە نێودێڕەکەی خۆیدا بەشێوەیەکی زۆر جوان تواندوویەتیەوە، جائەوەی کە خوێنەر پێشبینی ناکات ئەوەیە کە ئەم قسەیە بەوشێوەیە بەکار بخرێت، چونکە دەشێ خوێنەر لەخەڵکەوە بیستبێتی کە دەڵێن (اعوف الدنیا و مافیها)، بەلام (اعوف الزمان و مافیها) دەبێتە جێگای سەرنجی خوێنەر، ئێ خۆ دەشێ کەسێك دەستبەرداری ژیان و دونیا بێ و واز لە هەموشتێك بێنێت، بەلام ئاخۆ چۆن واز لە کات و زەمان دێنێت؟ و دەستبەرداربوونی زەمانی چۆنە؟ هونەری(نالی) لەوەدایە کە سودی لەم وتەیە وەرگرتووە و لەگەڵ دەقەکەی خۆیدا چنیویەتی و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاری هێناوە. لێرەدا شاعیر زوڵفی یارەکەی کە دەشێ ئاماژە بێ بۆ درێژیش، بووەتە ئەو زنجیرەی کە بەردەوامی بە هەناسە هەڵکێشانی دەدات و ئەوهەناسانە بەیەکەوە گرێدەدات واتە؛ بەردەوامی ژیانی پێدەبەخشێت و ئەگەر ئەو زوڵفەش نەبێ کە (شەهیق و زەفیر)ی شاعیر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوە شاعیر دەست بەرداری کات دەبێت یاخود بووە، واتە؛ تەنیا زوڵفی یارەکەیەتی کەوای لێدەکات بەردەوامی بەژیانی

بدات وئاگاداری دەمژمێر و ڕووداوەکانی زەمان بێت ئەگەرنا ئەو دەستبەرداری هەمووشتێکی زەمان بووە. جاخوێنەر پێشبینی ئەو دەربڕینە ناکات و ناتوانێ بەئاسانی بیر لە شتێکی لەوبابەتە بکاتەوە، بۆیە بەکارخستنی (مافیها زەمان) لە نێو دێڕەکەدا و بەستنەوەی بە عومر و زولف دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زیاتر ئاوێتەی دێڕەکە بێت و قوڵتر لێی بڕوانێت.

**- دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە چاوی سوکی مەنواڕێ**

**بەخۆڕایی نەسوتاوە، ئەمیشە کێوی طورێکە** ل٤٥٨

زۆرجار مرۆڤی دڵ ڕەق، سیفەتی ڕەقیی بەردی پێ بەخشراوە، ئەمەش بە واتای ئەوە بەکار هاتووە، کە مرۆڤی بێ هەست و سۆز و بەزەیی، دڵ ڕەقە، وەك چۆن بەردیش ڕەقە، واتە؛ لە ڕێگای چواندنی دڵ بە بەرد سیفەتێکی نەگەتیف بە مرۆڤەکە بەخشراوە، کەچی لەم دێڕەدا بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەر سیفەتەکە، بۆ مەبەستێکی دیکە بەکارهاتووە ئەوەتا لە لەتە دێڕی یەکەمدا (نالی) دڵی خۆی دەچوێنێ بە بەرد، یان بە شاخێکی سەخت و گەردەن کەش و لە هەمان کاتدا داوا دەکات کە بە چاوی سووك لێی نەڕوانن، لێرەدا (نالی) دەزانێ کە لە ڕێگای ئەم لێکچواندنەوە دەشێ خوێنەرەکەی سیفەتی مرۆڤی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی پێ ببخەشێت، بۆیە هەر زوو داوای لێ دەکات



کە بەچاوی سووك تەماشای نەکات، بەڵام خوێنەر پرسیارێکی لە لا دەورووژێ ئەویش کە دڵت بەردە (واتە ڕەقە) بۆ بەچاوی سووك تەماشای نەکەم؟ ئەگەر ناتەوێ بەچاوی سووکیش لێی بڕوانم بۆ دەیچوێنێ بە بەرد یاخود بەشاخ با شاخیش سیفەتی سەختی و بەرزی تێدابێ، بەڵام خۆ هەر بەردە؟

لە لەتی دووەمدا (نالی) لە ڕێگای بەکارهێنانی (کێوی طور)وەك تیل نیشانێك بۆ (چیرۆکی حەزرەتی موسا و تەجەلای نوری خوا) وەڵامی خوێنەرەکەی دەداتەوە و دەڵێ: دڵم بەرد و شاخە بەڵام هەر بەرد و شاخێکی ئاسایی نییە، بەڵکو هاوشێوەی کێوی طورە، چۆن ئەو کێوە لەبەر تەجەلای نوری خوادا سوتا، ئەوهاش دڵی من کەوتە بەر ئاگری عشق و ئەمیش سوتاوە، بۆیە هاوشێوەی کێوی طور پیرۆزەو نابێ بە چاوی سووك لێی بڕوانین، واتە؛ بە پێچەوانەی پێشبینی خوێنەرەوە سیفەتێکی پۆزەتیفی بە دڵ بەخشی لە ڕێگای چواندنییەوە بە بەرد و شاخ و هەروەها بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراویش سوود لە چیرۆکی پێغەمبەرێك وەردەگرێ بۆ باسکردنی مەبەستێکی خۆی ئەمەش وا لە خوێنەر دەکا زیاتر ئاوێتەی دەقەکە بێ.

(نالی) سوودی له زۆر شتی سەیر وەرگرتووە، بۆ گوزارشت لە مەبەستەکانی خۆی و نموونەی لە نێو دیوانەکەیدا یەکجار زۆرە وەك:

**- خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە**
**یعنی نوقتەی فەرقی ئیبنو موقلە و ئیبنو حاجیبە** ل٣٩٨
**ئەی قەلعەی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بروجی**
**وەی قوللەی دووری کە دەڵێی قامەتی عوجی** ل٦٣٧
**ئەوای ئاهەنگی (قەد قامەت) طریقی جەمعی زوهادە**
**قەد و قامەت بە لەهجە راستی طوبایی عوششاقە**
ل٤٥٦

دیارە نموونەی دیکەشی زۆرە و هونەری نالی تەنیا لە بەکارهێنانی دەق و ناوی کەسایەتی و روداوی دیکە نییە لە نێو شیعرەکانیدا، بەڵکو هونەرەکەی لەوە دایە کە وەکو شتێکی عادەتی بەکاری نەهێناوە و زۆرجار ئاسۆی پێشبینیی خوێنەرەکەی پێ وروژاندووە و چێژێکی نا ئاسایی بە خوێنەرەکە بەخشیووە.



## پارادۆکس*

یەکێك لەو لایەنانەی کە دەبێتە هۆی وروژاندنی هەست و پێشبینی خوێنەر هەبوونی پارادۆکسە، (پاردۆکس) پەیڤێکی سەرەکییە لە نێو زانستیی جوانکاریی، بەتایبەتی جوانکاری واتایی، پارادۆکس جۆرە جوانییەك دەداتە دەقی (شیعر و پەخشان)ەکان و لەهەمووشی گرنگتر ئەو کایگەرییەیە، کە لە سەر خوێنەرەکان بەجێیدەهێڵێت، چونکە بەهای ئەو دەقانە لە واتا و کاریگەری ئەو پارادۆکسانەدا کۆدەبێتەوە[1]، جا هەبوونی پێوەندی لە نێوان شتە دژەکان یاخود کۆکردنەوەی دوو شتی جیاواز یان چاوەڕوان نەکراو لە یەك چوارچێوەدا دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی خوێنەر و زۆرجار خوێنەر پێشبینی هاتنی ئەو رەگەزانە بەیەکەوە ناکات، بۆیە کە لەدێڕێکدا یاخود لە شیعرێکدا کۆ دەبنەوە، ئەوا دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی خوێنەر و دواتریش هاندانی خوێنەر بۆ زیاتر قوڵ بوونەوە

---

* (پارادۆکس -التناقض) ئەم چەمکە لە بنەڕەتە واژەیەکی یۆنانییەوە(paradoxon)وەرگیراوە، لە دووبەش پێك دێت (para -دژ، پێچەوانە) و (doxon- هزرو بیروباوەڕ)، یاخود لە(para-دوور، لەلایەکی دیکە) و (dox یا(dokein-بیرکردنەوە)وە وەرگیراوە. بەگشتی واتای دوور لە هۆش وخەیاڵ و هزر دەگەیێنێ. بڕوانە: رۆڵێ (پارادۆکس)ێ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا، حسێن ئوسمان زێوەیی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل١٥.

[1] رۆلی (پارادۆکس)ێ دپێکهاتتا وێنێ هۆزانێدا، حسێن ئوسمان زێوەیی،ل١٥و١٩.

له واتاکەی، تاکو بتوانێت ئەو پێوەندییانە لە نێو ئاسۆ و ئەزموونی خۆیدا وەربگرێت و لێکیان بداتەوە[**] .

بۆ نموونە نالی دەڵێ:

**- پێم دەڵێن : مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**

**خێڵ و قیچە ، یا تەرازوی نازی نەختێ سەر دەکا** ل١٠٨

لێرەدا بە پێی پێوەرە باوەکانی جوانی لەنێو خەڵکیدا (خێلیی چاو) بە نیشانەی ناشیرینی لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە بە (نالی) وتراوە کە (مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا) کەچی (نالی) خوێنەرەکەی تووشی سرپایس دەکات، چونکە لە خەسڵەتێکی ناشیرینی سیفەتێکی جوانی دروست دەکات، ئەوەتا مەحبوبەی خێڵ و قیچ بە ئافرەتێکی بەناز لەقەڵەم دەدات، دیارە نازکردنی ئافرەتیش بە شتێکی ناشیرین لە قەڵەم نادرێت، جا ئەوەی خوێنەر زیاتر ئاوێتە دەکات لەگەڵ دەقەکەدا سەرسوڕمان و پێشبینی نەکردنە، چونکە خوێنەر چاوەڕوان نەبوو سیفەتی خێلی ببێتە سیفەتی نازکردن، بۆیە زیاتر لەگەڵ شیعرەکەدا کارلێک دەکات و رادەی ئەو خۆشەویستییەی کە (نالی) بۆ خۆشەویستەکەی (مەحبوبە) هەیبووە لەلا روون دەبێتەوە،

[**] دیارە پێناسە و جۆرەکانی پاررادۆکس زۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا وەک چەمکێک بەکارمان هێناوە بۆ دەستنیشان کردنی رۆڵی پێشبینی کردن لە ئاوێتەکردنی خوێنەردا، بۆیە ناچینە نێو قوڵایی وردە کارییەکانی پارادۆکسەوە.



چونکە ئەم دەقە بە خوێنەر دەڵێ خۆشەویستی تەنیا پێوەندی بە جوانییەوە نییە و ئەوەی یەکێکی خۆش بوێت، دەتوانێ شتە ناشیرینەکانی بە جوانی ببینێت، بەم شێوەیە وێنای هەستێکی بەرزی مرۆڤایەتی لە لا بەرجەستە دەبێت و لە لایەکی دیکەش گوزارشت لە بینینی هەموو ئەفرەندەیەکی پەروەردگار دەکات بە شێوەیەکی جوان و هەروەها (نالی) لە ڕێگای جوانکردنی شتی ناشیرینەوە، وادەکات هەموو خێڵ و قیچەکان کە ئەفرندەی پەروەردگارن باوەڕیان بەخۆ هەبێت لە نێو کۆمەڵێکدا کە ئەوان بە ناشیرین دەبینن و ورەی ئەو جۆرە کەسانە بەرزدەکاتەوە، جا ئەو بە هایانەی کە لەنێوان ئەم دوو روانینە دژەوە پەیدادەبێت (واتە؛ بینینی مەحبووبە بە ناشیرین و بە جوان)، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبینییەکانی خوێنەر بگۆڕێ و زیاتر ئاوێتەی دەقەکە بێت.

(سالح سۆزەنی) لە روانگەیەکی فینۆمینۆلۆژیەوە ئەم شیعرەی (نالی) لێکدەداتەوە و پێی وایە کە ((نالی خۆی خستۆتە جێگەی بینەر یا خوێنەر (موخاتبەوە) و بە چاوێکی شۆڕاو لەهەموو ئەزموونە ستاتیکیەکان ئاوڕی لە دیاردەکە کە خێلی مەحبووبەیە داوەتەوە... و نالی لە

چاوی خۆیەوە چاوی مەحبووبە ئەنوێنێ و ڕێگایەکی تر دەخاتە بەردەم جوانیناسی سوونەتیەوە))[1].

فینۆمینۆلۆژیا بایەخ بە خود دەدات و جەخت لەسەر توانستی هۆشی مرۆڤ دەکاتەوە لە بینینی شتەکاندا (دیاردەکان) و پێیان وایە ئەو شتەی کە لەنێو هۆشی مرۆڤدا دەردەکەوێ، تەنیا ئەو شتە واقیعە بۆ ئەو مرۆڤە[2]. لێرەشدا (نالی) ئەم قسەیە دووپاتدەکاتەوە و دووجار باسی وێناکردنی دیاردەیەك دەکات، جارێکیان باسی وێناکردنی دیاردەی خێلی بە ناشرینی دەکات و جاری دووەمیش باسی وێناکردنی دیاردەی خێلی دەکات وەك سیفەتێکی جوان، جا لە لای (نالی) ئەوەی لە نێو هۆشی خۆیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوە واقیعی دیاردەکەیە، دیارە ئەو واقیعەش کە (نالی) بینیویەتی خوێنەر پێشبینی نەکردووە، بۆیە دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی خوێنەر و زیاد کردنی پێوەرێکی دیکە بۆ جوانی.

**_خوانی ذی شانی جیهان هەنگی خۆ شاهەنگە، وەلێ**

**مێش دەم نۆشم و، دوم نێشم و، عەکسی عەسە لم** ل٢٩١

[1] نالی و خوێنەرەکانی سەردەم، سالح سۆزەنی، خەیاڵ و روح (لێکۆڵینەوە)، کۆمەڵێك نووسەر، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٦.

[2] الصوت الاخر (الجوهر الحواري للخطاب الادبي)، فاضل ثامر، ص٢٣٦.



لەم دێڕەشدا (نالی) خۆی دەکات بە هەنگ بۆیە خوێنەر چاوەڕێی هەنگوین دەکات لەو هەنگە، بەڵام (نالی) بە پێچەوانەی پێشبینی خوینەرەکەوە لە جیاتی شیرینی دەڵێ تاڵیم پێیە و لە جیاتی هەنگوین ژەهرم پێیە بۆ کەسانی ناحەزم.

لە شیعرێکی دیکەی (نالی)دا، کە سەرەتاکەی دەڵێ:

**– ئاخ لەگەڵ ئێمە ( حبیبە ) سەرو پێوەندی نییە**

**نەی شەکر قەددە، بەلا بەندی هەیە، قەندی نییە** ل٥٩٢

خوێنەر ئەوەی کە چاوەڕێی دەکرد بەدی نایەت، چونکە کە خوێنەر نەی شەکر قەد دەخوێنێتەوە پێشبینی شیرینی دەکات و سیفەتی شیرینی لە لا زاڵ دەبێت، کەچی پاشتر کە دەقەکە پێی دەڵێ ئەم نەی شەکرە قەفەکانیشی هەیە، کە بەند و گرێن بۆ شاعیر بەڵام شیرینی نییە، ئەوا دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی خوێنەر، چونکە ئەگەر قامیشی شەکر هەبێت، دەبێ شەکریش هەبێ، دیارە (نەبوونی قەند) لە رووی واتاییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی چەند واتایەکی دیکەی لێ هەڵێنجیرێ وەك تاڵی و ترشی، چونکە کە شتێك شیرین نەبوو دیارە تاڵە، یان ترشە، یان بێتامە، بۆیە سەرەتا خوێنەر وا هەست دەکات کە پارادۆکس لەنێوان لێکچواندنی قامیشی شەکر و باڵای یاردا هەیە، چونکە قامیشی شەکر شیرینی هەیە، کەچی ئەم باڵایە بەند و گرێکانی هەیە بەڵام

شەکری نییە، لەبەر ئەوەی سەرو پێوەندی نییە؛ خۆ ئەگەر سەرو پێوەندی هەبوایە دیارە شەکریشی دەبوو، جا لێرەدا لەلای خوێنەر پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە، ئایا کە بالآی یار وەك قامیشی شەکرە چۆن دەبێ شیرین نەبێ؟

لە دێڕی سێیەمدا شاعیر وەلآمی خوێنەر دەداتەوە و دەڵێ:

**- دەرحەقی من زەهر و سرکە فرۆشە بە برۆ**

**دەرحەقی غەیری ئەمن غیری شەکر خەندی نییە** ل٥٩٣

لێرەدا خوێنەر هەست دەکات کە ئەم پارادۆکسە لە لێکچواندنی نێوان قامیشی شەکر و بالآی یاردا نییە، چونکە قامیشی شەکر شیرینی هەیە و ئەم بالآیەش شیرینی هەیە، بەلآم شیرینییەکە بۆ شاعیر نییە و پارادۆکسەکە لە نێوان بالآی وەك قامیشی شەکری یاری (نالی) بدایە، چونکە شاعیر بالآی یار وەك (نەی شەکر) دەبینێ و شیرینە لە لای کەچی ئەو نەی شەکرە ترشی و تاڵی پێ دەبەخشێ، ئەوەی پێشبینی ناکرا لە لای خوێنەر بەخشینی تاڵی و ترشی بوو لەلایەن شەکر قەدەوە، جا بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی.

هەر لەم شیعرە دا لە دێڕی (٦،٧)دا هاتووە:

**خانەقاش هەروەك مەیخانە، کە هەر ئاوابێ**

**مەجلیسێکی هەیە، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە**

**واقیعەن خانەقا خۆش زەمزەمەیەکی تێدا**



**یە، بەلآم قەندی هەیە، گەندی هەیە، رەندی نییە** ل٥٩٤-٥٩٥

لێرەدا دەق سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ بەوەی خانەقا دەچوێنێ بە مەیخانە لەبەر ئەوەی هەردووکیان مەجلیسیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا لێکیان جیا دەکاتەوە لەبەر ئەوەی خانەقا (گەپ و گۆبەندی نییە)، جا خوێنەر کە ئەمەی بیست ئەوە لە لای ئەو مەجلیسی خانەقا وێنەی مەجلیسێکی وشك وەڕەسی دەبێت و چاوەڕێی ئەوە ناکات کە لە مەجلیسی خانەقادا هەرا و بەزمی خۆشی تێدابێت، کەچی شاعیر لە دێڕی پاشتر وەك بڵێی پاشگەز بووبێتەوە لە قسەکەی پێشووی و دەڵێ: لە راستیدا خانەقاش بەزمی هەیەو شتی خۆشی تێدایە، بەلآم بەزمەکەی زیرەکانە نییە واتە؛ لە نێوان ئەم دوو دێڕەدا پێشبینی وەرگر گەمەیەکی پێدەکرێ.

لە دوو دێڕی دواتریشدا:

**مەدرەسە ،مەحبەسەیە ، مەبحەثەیی وەسوەسەیە**

**کەسی تێدا هەیە ، ئەمما خۆش و خور سەندی نییە**

**طالیبی راهی( حیجاز)م، لە (موخالیف) هەڵدەن**

**بێ (نەوا) قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە** ل٥٩٥

لێرەدا (نالی) حوجرەکانی فەقێکانی بە بەندیخانە داناوە و باسەکانی نێو ئەم بەندیخانەیەش بە وەسوەسە دادەنێت و

پێی وایە ئەگەر خەڵکی زیرەکیشی تێدابێت ئەوە خۆشی و شادی لە دەموچاویاندا بەدی ناکرێت، لە دێڕی دووەمیشدا ئەگەر ئەو رایەی مامۆستایانی (مدرس) پەسەند بکەین کە دەڵێ:(مادام وڵاتی خۆم ئەهلی دنیای ئەوەن کە باسم کردن، خانەقا و حوجرەی فەقێ و فەقێیەتی هەروا من ئەم وڵاتە بەجێ دێڵم و رێگای حجاز ئەگرمەبەر ئەوەی پێی ناخۆشە بیدەنە بەر شەق، دڵەی خەفەت باری هەژارم هێزی خۆ راگرتنی لەم وڵاتەدا نەماوە و ئەبێ بڕۆم) ئەوا هەست بەو پارادۆکسە زەقە دەکەین کە لەنێوان ئەم شیعرە و شیعری (قوربانی تۆزی رێگەتم)دا هەیە، چونکە خوێنەر کە شیعرەکەی (قوربانی تۆزی رێگەتم) دەخوێنێتەوە و لە چەند دێڕێکدا هەست بە سۆز و خۆشەویستی و شانازی (نالی) بە خەڵکی وڵاتەکەیەوە دەکات.

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عوقودن هەم ناظیری ئومور
ل١٨٤

واتە؛ لەم دێڕەدا هەموو ئەهلی شارەکەی بە فەقێکانیشەوە بە خەڵکێکی لێهاتوو و زانا و خاوەن بەهرە لە قەڵەم دەدا، ئەمە لە کاتێکدا (نالی) لە دەرەوەی وڵاتە و خەڵکی بێگانەی بینیوە و خەڵکی خۆی هاتووەتەوە بەرچاو و بۆیە بەو شێوەیە باسیان دەکات.



**قەلبی مونەوەرە لە حەبیبانی نازەنین**
**یا وەك سەقەر پڕە لە رەقیبانی لەندەهور** ل١٩٠

لێرەشدا ئەوانەی لەناو خانەقاکاندا بە کەسانێکی نازەنین و نازدار دادەنێت کە دەبنە مایەی روناکی خانەقاکە.

جا خوێنەر کە ئەمانە دەخوێنێتەوە پێشبینی ئەوە ناکات، کە شاعیر رایەکەی دیکەی وەك ئەوەی لە شیعرەکەی پێشتردا دەریبڕیبوو هەبووبێت و هەرکامێك لەم دوو شیعرە یەکەم جار بخوێنرێتەوە ئەوە دەبێتە پارادۆکس بۆ ئەوی دیکە و دەبێتە مایەی سەرنج راکێشانی خوێنەر بە لای دیاردەیەکدا، کە پێشبینی نەدەکرا و لەم رێگایەوە هەستێکی لەلا دەوروژێنێت ئەویش ئەوەیە، کە مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆیدا بێت دەشێ بتوانێ بە چاوی رەخنەوە تەماشای بارودۆخی میللەتەکەی خۆی بکات و لایەنە خراپەکانی دەستنیشان بکات، بەڵام کە دوورکەوتەوە و وڵاتەکەی داگیرکرا ئەوا هەست و سۆزی بەرە و نیشتمانەکەی دەجووڵێت و ئەوەی کە جاران بە خراپ دەیبینی و رەخنەی لێدەگرت هەموو لەلای خۆشەویست دەبن و تەنیا لایەنە پۆزەتیڤەکانی بە بیردێتەوە.

## وێنەی لێکچواندن

زۆرجار شاعیر وێنەی بابەتێك دەکات لەڕێگای بەکارهێنانی چەندین لێکچواندنەوە[*] (لێکچواندن یەکێکە لەو شێوازانەی کە وێنەی هونەری لەسەر بونیاد دەنرێ و شاعیران بە شێوەیەکی زۆر فراوان بەکاری دەهێنن)[1] جا ئەوەی کە چێژ بە خوێنەر دەگەیەنێ چۆنییەتی دروستکردنی ئەو وێنەیەیە لە ڕێگای ئەو لێکچواندنانەوە و هەرچەندە (کە مەودای نێوان لێچوو و لەوچوو زۆرتر بێت و لێچوو و لەوچووەکە لەیەکتر دووربن، ئەوا لێکچواندنەکە سەیرتر و جوانتر و بە جۆشتر دەبێت لە لای دەروونی مرۆڤدا و ئاسودەتری دەکات)[2] ، ئەوەی ئێمەش لێرەدا باسی دەکەین ئەو وێنانەیە لە ڕێگای لێکچواندنەوە دروست کراوە و خوێنەر پێشبینی نەکردووە، جا بۆیە توشی سەرسوڕمان دەکات، ئاوێتەی دەکات و چێژێکی نائاسایی

---

[*] لێکچواندن یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی پشت بە چوار بنەڕەت دەبەستێت، (لێچوو، لەوچوو، ئەوزار، ڕووی لێکچوون) بەپێی باسکردنی ئەم بنەڕەتانە لێکچواندن کراوە بە سێ جۆر، دەشێ دوو بنەڕەتی سەرەکی (لێچوو، لەوچوو) باس بکرێت یاخود دەشێ سێ بنەڕەت باسکرابێ، یاخود هەر چوار بنەڕەتەکە باس کرابێ. بڕوانە: ڕەوانبێژی، عزیز گەردی، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٩.

[1] بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، د.سەردار احمد حسن گەردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٢٨.

[2] اسرار البلاغة، عبدالقاهر الجرجاني،ص١١٢.



پێ دەبەخشێت و ئەو وێنانەشی لەلا دەمێنێتەوە و هەستێکی ئێستێتیکی جوانی لا دروست دەکات بۆ نموونە:

**ئەی شەمع! بترسە لە هەناسەم کە بگاتە**
**ئەو دوکەڵی زولفە کە پەرێشانە بە بایێ** ل٧٠٦

دەشێ لە لای خوێنەر ئاسایی بێت و پێشبینی ئەوە بکات کە ڕووی یار بچوێندرێ بە مۆم و هەناسە بە با و زولف بە دوکەڵ، بەڵام ئەوەی کە پێشبینی ناکرێ کۆبوونەوەی ئەم ڕەگەزانەیە بەیەکەوە، بۆ وێناکردنی وێنەیەکی هونەری و ئێستێتیکی زۆر بەرز، دیارە ئەوەی کە وا لە خوێنەریش دەکات ئەم وێنەیەی لە لا جێگیربێت و دەروونی پێ ئاسوودە ببێت وێنانەکردنی و پێشبینی نەکردنی دروستبونی ئەو وێنەیەیە لە بەکارهێنانی ئەو لێکچواندنانەی کە دەبنە مایەی سەرسوڕمان و وروژاندنی هەستی خوێنەرەکە، دیارە ئەمەش هەمووی پێوەندی بەو هونەرە بەرزەوە هەیە کە لە داڕشتنی وێنەکەدا بەکارهاتووە، لێرەدا شاعیر ڕووی یاری کردووە بە مۆم و دوکەڵی ئاگری مۆمەکەش زولفی یارەکەیەتی کە وەك دووکەڵی مۆمەکە زۆر باریك و ناسکە، کە باریك و ناسکیش بوون سووك دەبێت و (نەرمە بایەك) بەم لا و بەولادا پەرێشانی دەکات، جا ئاخۆ هەناسەی ساردی شاعیر چی بەسەر بێنێت، لێرەدا شاعیر هەناسەی خۆی لە بای ئاسایی پێ بە تینترە، ئەمەش زیادە

رەوییـــەکی زۆر جـوانی تێدایـــە، لــە هـــەمان کاتـــدا و لـــە گۆشەنیگایەکی دیکەوە زیادە رەوییەکە لە زیادە بەخشینی ناسکییە بە زولفی یارەکە، چونکە لە راستیدا بای هەناسە دەبێ چەند بەتین بێ، بەڵام هێندە تاڵە زولفەکان ناسکن، تا ئەو رادەیەی بای هەناسەی شاعیر بۆ ئەو زولفانە دەبێتە ئەو بایەی کە کێو لەبن دەردێنێ. خوێنەر کاتێ کە وێنەی ئەو مۆمە دێتە بەرچاوی، کە لە شەوێکی تاریکدا (با) یاری بە دوکەڵەکەی دەکات و خۆی دێتە بەر چاو کە لەبەر رۆشنایی مۆمەکە خۆی ئەو جوڵەیەی با و دوکەڵ دەبیستێت و ئەگەری ئەوەی هەیە بایەکە لەهەر چرکەیەکدا ئاگری مۆمەکە بکوژێنێتەوە، ئەوا دەچێتە نێو جیهانێکی فەنتازییەوە، پاشان کە ئەم وێنەیە بەراورد دەکات لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لەشیعرەکەدا باسکراوە دەشێ هەست بەلوتکەی چێژی ئەدەبی بکات.

ئێمە وەك خوێنەر، کە ئەم دێڕەمان خوێندەوە و لە وێناکردنی بووینەوە، خەیاڵ هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو لە رێگای ئەو پێوەندییەی کە لە دێڕەکەدا وێنای باو دوکەڵی پێکراوە، خەیاڵ بۆ لای وێنەی رۆژێکی تەماوی زستان کە با یاری بە دوکەڵکێشی چێشتخانەی خانوویەکی بچووکی گوندێکی مات و هێمندا رایکێشاین، ئەگەرچی لە زەمینەی وێنەی نێو شیعرەکەش زۆر دوورکەوتینەوە، بەڵام



مەبەستمان لەم باسکردنە ئەوەیە کە خەیاڵی مرۆڤ (خوێنەر) زۆر فراوانە و تەنیا هاندەرێکی دەوێت تاکو بکەوێتە کار، هەر لەبەر ئەوەشە تیۆرە رەخنەییەکان ئاوڕیان لەو توانایە دایەوە کە خوێنەر لە پێناسەکردن و وەرگێڕانی دەقەکاندا هەیەتی.

**زولفی دووتایی تەرازوو مەڤەلی دڵ کێشت**

**رۆح دەکێشن بە دووسەر، ئەم بەسەرێ، ئەو بەسەرێ** ل٦٥١

ئەوەی سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ لەم دێڕەدا ئەوەیە کە دوو زولفی یار چوێندراوە بە تای تەرازوو و وێنەی دۆخی کێشانی پێکراوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی دەکێشری دڵی دڵدارەکانە و مەبەستیش لەو کێشانی سەنگی دڵە بەکێشکردنی گیانی دڵدارەکانە، ئەوەی کە ئەم تەرازووەش لە تەرازووی ئاسایی جیادەکاتەوە دوو شتە، یەکەمیان هەمیشە هەردوو تای تەرازووەکە هاوکێشن، چونکە تایبەتن بە دڵ کێشان و بەیەکەوە دڵ دەکێشن، هەر زولفێك لە لای خۆیەوە دڵێك دەکێشێت، دیارە پارسەنگی دڵەکانیش وەك یەك وایە، بۆیە هەمیشە تای تەرازووەکان یەکسانن، دووەمیان ئەرکی ئەم تەرازووە تەنیا سەنگ کردنی کێشی دڵ نییە، بەڵکو کێشانی رۆحە، (کوشتن)ە.

دیارە خوێنەر پێشبینی دەکات، کە زولف بە شەو، یان بە مار و بە ئاوریشم بچوێندرێ، بەڵام ئەوەی دەبێتە سرپرایس

بۆ خوێنەرەکە ئەوەیە، کە وێنەیەکی ئاسایی ڕۆژانە (تەرازوو و کێشان) کە دەشێ لە هەر دوکانێکدا دووبارە بێتەوە، وا لێرەدا بوەتە ئەم وێنە هونەرییە بەرزە و ئەرکەکانی بەو شێوەیە گۆڕاوە و هەر خەیاڵێکی ئاسایی ناتوانێ ئەم وێنەیە دروست بکات، مەگەر خەیاڵێکی هاوشێوەی (نالی) نەبێت کە بتوانێ زوڵفی خۆشەویستەکەی بکات بە تەرازوویەکی هەمیشەیی بۆ ڕۆح کێشانی دڵدارەکانی.

**– ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ، سوتاوم ئەز** ل٢٢٢

بۆ خوێنەر ئاساییە و پێشبینی کراوە کە خەم و خەفەتی نێو دەروون و دڵ بە ئاگر بچوێندرێ، هەروەها فرمێسکی چاویش بە ئاو بچوێندرێ، بەڵام ئەوەی پێشبینی نەکراوە ئەوەیە، کە کردەی بە هەڵمبوون لە نێو مرۆڤێکدا وێنابکرێ، لە ڕێگای خەفەتی دڵ و گریانی چاو، جا دروستبوونی ئەم وێنەیە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زیاتر ئاوێتەی دێڕەکە بێت و مێشکی بکەوێتە کار.

لێرەدا ژیان بە هەبوونی خەفەتی دڵ و گریانی چاو بەند کراوە، دیارە دێڕەکە گوزارشت لەو ڕایە دەکات، کە دەڵێ گریان خەمی دڵ دەشواتەوە، بەڵام بە وێنەیەکی زۆر هونەری و ئێستێتیکی شاعیر دەری دەبڕێ، ئەوەتا دەڵێ: ئەگەر



نەگریم خەفەتی دڵ کە وەك ئاگرە دەمسوتێنێ و بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو ئاگرە نەبێت هێندە دەگریم تاکو ئاوی چاوەکانم دەمخنکێنن. ئەم دوو ڕەگەزە بەیەکەوە بەندن، چونکە ئەگەر خەفەتی دڵ نەبێت مرۆڤ ناگرییێت، لەم دێڕەدا ئاگری سینە لافاوی ئاوی چاو وشك دەکاتەوە و ئاوی چاویش ئاگری سینە دەکوژێنێتەوە و ئەمانەش هەردووکیان بەیەکەوە جۆرە هاوسەنگییەك دروست دەکەن، لە ڕێگای ئەم کردەی بەیەك گەیشتنەی ئاو و ئاگرەوە لە هەردوو لەتە دێڕەکەدا، دەتوانین پاساو بۆ دووشت بهێنینەوە، یان گوزارشتی پێ بکەین لە دوو شتدا:

**یەکەم/** کە ئاگری سینە ئاوی چاو وشك دەکاتەوە، ئەو ئاوە دەکاتە هەڵم و لە ئەنجامدا هالاوێکی گەرمی لێ پەیدا دەبێت کە دەشێ تەعبیر بێت لەو هالاوە گەرمەی کە لەدەمی مرۆڤەوە دەردەچێ (دیارە هەمووشمان دەزانین هەناسەی مرۆڤ گەرمە).

**دووەم/** کە ئاوی چاو دێت ئاگرەکە دەکوژێنێتەوەو ساردی دەکاتەوە، جا دەشێ ئەم ساردکردنەوەیەش تەعبیر بێت لەوەی کە دەڵێن (هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا) و دەشێ مرۆڤ، پاش گریان، یاخود لە ئەنجامی خەفەتێکی زۆرەوە هەناسەیەکی حەسرەت هەڵمژێ، کە پێشی دەڵێن هەناسەی سارد، بەهەرحاڵ لێکدانەوە دەوەستێتە سەر گۆشە نیگای

خوێنەر و ئاراستە و وێناکردنی پێدراوەکانی نێو دەق، بۆیە دەشێ لێکدانەوەی خوێنەرێکی دیکەش بۆ ئەم دێڕە بە شێوەیەکی جیاواز بێت.

**-حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم**

**ئەمە رەنگە شەهادەت بێت کەکوشتەی دەستی دڵدارم**

ل٢٧١

لێرەدا چواندنی خەنە بە خوێن لە رووی رەنگەوە، رەنگە بۆ خوێنەر شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە و پێشبینی ناکرێت ئەوەیە کە ئەو خوێنەی دەستی یاری شاعیر، خوێنی شاعیر بێت، جا لەم شیعرەدا ((واتا لە شێوە ئاساییەکەی دەردەچێت، چونکە ئەم شتە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، کە کەسێك خۆشەویستەکەی خۆی بکوژێ و پەنجەکانی خۆی بە خوێناوی دڵی سوور بکات و دواتریش وای دابنێ کە خەنەی لێ داوە. ئەمە جۆرێکە لە هونەری قسەکردن و لێدوانی شیعر کە بە خوازە و خواستنەوە موخاتەبەی بەردەنگ یان بەرامبەرەکەی دەکات، لادانەکە بەشێوازێکی وا هاتووە، کە مرۆڤ هەرگیز چاوەروانی هێنانەوەی ئەو نموونەیە ناکات، بە شێوەیەك کە لەلای (وەرگر) دیمەنێکی سەرسورهێنەری سازاندووە و چەشنی درندەیەك لە گیانلەبەرانی تر دێتە پێش چاو کە دەستی



لەناو خوێن وخێزاودا سوور بووبێت))[1]، بۆیە لێکچواندنی نێو ئەم دێرە و وێنەی کوشتنی قسەکەر (شاعیر) لە لایەن دڵدارەکەیەوە شتێکی پێشبینی نەکراوە.

(نالی) نموونەی ئەو لێکچواندنانەی زۆرە کە خوێنەر پێشبینی دروست کردنی وێنەیەکی هونەری هاوشێوەی وێنەکانی (نالی) پێ نەکردووە و ئەو وێنانەش دەبنە هۆی سەرسورمان خوێنەرەکە و زیاتر ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەقەکاندا، بۆنموونە:

**– حوجرەکە ئاوس بو، وەعدەی خۆی بەهاری بو بزێ**

**وەضعی حەملی کەوتە پاییز نا بەکام و نا تەواو** ل٣٦٣

لێرەدا شاعیر روخانی حوجرەکەی بە دۆخی لەبارچوونی منالی ئافرەت چواندووە، راستە دەشێ پێشبینی ئەوە بکرێت، کە دیمەنی دیوار کاتێك کە ئاو هەڵدەمژێ و ئەستور دەبێت، دیمەنی ئافرەتێکی سك پڕ بێنێتە بەرچاو و دەشێ خوێنەر چاوەڕێی ئەوە بێت لە منال بوون شتێکی نوێ بێتەکایەوە، جا ئاخۆ ئەم دیوارە کە بەسکی پڕ چوێندراوە، چی تازەی لێ پەیدا دەبێت؟ بەڵام (نالی) هەر زوو لە لەتە دێری دووەمدا شیرازەی پێشبینی و پرسیارەکانی خوێنەرەکەی تێکدەدات و دیوارەکەی

[1] نائاسایی لادانی واتایی لەشیعری (حەنایی کردووە پەنجەی...)ی(نالی)دا، هێمن عومەر خۆشناو، واتە (کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبییە)، ژ١، هەولێر،شوباتی ٢٠٠٨، ل١٠٤.

ناگەیەنێتە بەهار، چونکە ئەگەر بگاتە بەهار دەبێت منداڵی بێت، دیارە ئەوەش نابیٚ و هیچ شتێکی نویٚ لە دیوارەکە پەیدا نابێت، بۆیە خۆی توشی ئەم کێشەیە ناکات و هەر لە پایزدا منداڵەکەی لەبار دەچوێنیٚ، هونەری (نالی) لە لێکچواندنەکەیەتی و لە بەستنەوەی دۆخی شتێکی بیٚ گیان و نازیندو بە وێنە و دۆخێکی زیندو کە سك پڕی و منداڵ لە بارچوونی ئافرەتە، دەشیٚ ویستبێتی لە ڕێگای ئەم وێنەیەوە بڵێت: ئافرەت کە منداڵی لەبار دەچیٚ چەند پێی ناخۆشە و چەند ئازاری دەبێت، فەقێکانیش هێندەی ئەوان رووخانی حوجرەکانیان پیٚ ناخۆش بووە و ئازاری داون، هەروەها دەڵیٚ:

– شەبنم کە نظم و نەثرە لە ئەوارقی غونچەدا

گۆیا بووە بەزار و زوبان و ددان و پوك

((نالی)) عەجەب بەقوەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنای زۆر و گەورە بە لەفظی کەم و بچوك ل٢٦٠

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لەم دێڕەدا چۆنییەتی وێناکردنی شەونم و گەڵاکانە وەك زار و زمان و ددان و پوك، دیارە (نالی) ویستوویەتی بڵیٚ کە شیعرەکانم یاخود نووسینەکانم خۆیان گوزارشت لە توانستی شیعری من دەکەن کە دەتوانم واتای زۆر گەورە دەربڕم بە دەربڕینی کەم، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ توانستی (نالی)یە لە ئەو



وێنەیەی دێڕی یەکەمدا، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی سرپرایس بۆ خوێنەر و تووشی سەرسوڕمانی دەکات.

بڕوانە زۆرجار دەم بە غونچە چوێندراوە، جا ئیتر لە سووریدا بێت یاخود لە بچووکی دەمەکەدا بێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە تەواوکردنی وێنەکەیە لە لایەن (نالی)یەوە، ئەوەتا بۆ ئەو دەمە ددان و زمان و پوك دەدۆزێتەوە، کە ئەم کارەش دەکات بۆ ئەوەیەتی توانای قسەکردنی پیٚ ببەخشێت بۆ ئەوەی باسی توانستی خۆی پێبکات، جا بزانە (نالی) خەیاڵی بۆ کویٚ ڕۆیشتووە تاکو مەبەستەکەی خۆی دەر ببڕێت، خۆ دەیتوانی ڕاستەوخۆ بیگوتبایە کە نوسینەکانی بیٚ وێنەن، بەڵام کە دەچیٚ غونچە دەهێنێت و زمان و ددان و پوکی دەداتیٚ و توانای قسەکردنی پیٚ دەبەخشێت، ئەوا قسەکردنەکە دەبێتە قسەکردنی یەکێکی دیکە (واتە؛ کەسێکی دیکە وا بە نالی دەڵێت نەك تەنیا نالی خۆی)، دیارە ئەو کەسەش کە بەو شێوەیە بە نووسیەنەکانی (نالی)دا هەڵ دەڵیٚ دەمی وەك غونچە وایە، واتە؛ (نالی) لێرەدا بەو کەسانەدا هەڵ دەڵیٚ، کە مەدحی شیعر و نووسینەکانی ئەو دەکەن، چونکە دەمیان بە غونچە دەچوێنێ، هەروەها (نالی) نموونەی لێکچواندن و وێناکردنی دیکەی زۆرە کە دەشیٚ بە خەیاڵی کەسدا نەیەت، بەتایبەتی لە شیعرەکانی (ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن، شەوی

بەهاری جوانی، خەونەکەی مەستووره،...هتد)، جا رووی لێکچواندن لەنێوان شتی ئەوها لەیەك دوور دەدۆزێتەوە و وێنەی هونەری پێ دروست دەکات کە مێشکی ئاسایی توانای ئەو وێناکردنەی نییە.

## چێژی دەق و پرۆسەی ئەدەبی

سەرچاوەیەکی بەهێزی هاندانی وەرگر بۆ وەرگرتنی هونەر بە گشتی و ئەدەب بەتایبەتی، ئەو چێژەیە کە لە ئەنجامی پەیوەندی کردنی نێوان وەرگر و کارە هونەرییەکەوە دەست دەکەوێ، (چێژ)* ئەو هەستە پەنهانەیە کە مرۆڤ لە ئەنجامی وەرگرتنی ئاماژە ئێستێتیەکانەوە لە لای دروست دەبێت.

وشەی (چێژ- Genuss) لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ دوو چەمك بەکارهاتوە، یەکێکیان بەواتای دڵ خۆشبوون و

* وشەی (چێژ- الذوق) لە سەدەی هەژدەهەمدا بە واتای هەست کردن بە بەهای فۆرم بەکارهاتوە، لەو سەردەمەدا چێژ بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ جوانکارییەکانی فۆرمی شتەکان، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە پێناسەی چێژدا زیاتر جەخت کرایە سەر ناوەڕۆك، چێژ وەرگرتن لە هونەردا بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ تایبەتمەندییەکانی هەست و سۆز و دەربڕین، زیاتر لەوەی کە وەڵامدانەوە بێت بۆ فۆڕمی هونەری بەرهەمەکان، لە سەدەی بیستەمیش چەمکی چێژ جگە لەو دوو واتایەی کە خرابووە پاڵ وشەکە، بە واتایەکی گشتگیرتریش بەکارهات و بوو بە وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ هەر خەسڵەتێکی ئێستێتیکی، جا لەهەر چ شتێکدا بەرجەستە بووبێت (لە فۆرم یا ناوەڕۆك یا ئەرك...هتد). بڕوانە: الوان من التذوق الادبي، مصطفى الصاوي الجويني، دار نشر منشاة المعارف، الاسكندرية، مصر، ١٩٧٢، ص٥٩-٦٠.



رابواردن (متعە) و واتا کۆنەکەشی سوود وەرگرتن بووە، (یاوس) پێی وایە کە وشەی Genuss بە هەردوو واتاکەیەوە بریتییە لەو شتە نادیار و ئاڵۆزەی کە هاندەر و دروستکەری بایەخ دانە بە هونەر)[1] .

ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە چێژ، چێژی دەقی ئەدەبییە (چێژی دەق پرۆگرامێك نییە کە لە ڕێگایەوە دەق بنوسرێت، یاخود کۆمەڵە یاسا و بیرۆکەیەکی دیاری کراو بێت، یان نووسین بێت لەمەڕ بابەتێکی دیاری کراوەوە، بەڵکو چێژی دەق وەك چۆن (رۆلان بارت) دەڵێ: بەخشینی یان گواستنەوەی بەهایە بۆ دلالەتێکی پایە بەرز)[2] . واتە؛ ئەو شتەی کە چێژ دەبەخشێ خۆی پایە بەرز بێت و لە کردەی چێژ وەرگرتنی خوێنەریشدا بەها دەدرێتە ئەو شتە پایە بەرزە، چونکە ئەگەر کەسێك نەبێت بەها بەو دەلالاتانە ببەخشێ، یان هەست بە بەهایان بکات، ئەوا ئەو بەهایەی کە هەیانە بەرجەستە نابێت و وەك ئەوە وایە کە نەبێت.

چێژی دەق ئەو هەستە ئێستێتیکییەیە کە خوێنەر یاخود وەرگر لە پرۆسەی ئەدەبیدا بە دەستی دەهێنێ لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی لەگەڵ دەقەکەدا، چێژ ئاماژەیە بۆ ئەو توانستە گشتییەی کە وەرگر لە وەرگرتنی هونەردا هەیەتی، ئاماژەیە

[1] نظرية التلقي، هولب، ص١٣٨.
[2] لذة النص، رولان بارت، ص١٥.

بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ هونەر، پێوەندییەك رەنگدانەوەی فەلسەڤ ژیانی تاکێکی تێدا دەردەکەوێ[1]، جا لەبەر ئەوەی ژیان و بیرکردنەوەی هەر کەسێك لە کەسێکی دیکە جیاوازە، بۆیە توانای چێژ کردنی هونەر و دەقی ئەدەبیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ. (وەرگرتنی بەرهەمی هونەری لە لایەن کۆمەڵە خەڵکێکی جیاوازەوە بە شێوەیەکی جیاواز دەبێت و زۆربەی شاکارە گرنگەکان هەڵگری هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆرن، تەنانەت ئەو بەرهەمە کلاسیکییانەش کە لە لایەن هەموو خەڵکەوە (ئەوانەی بە دڵیانە و ئەوانەی بە دڵیان نییە) دانیپێدانراوە،..چونکە کاتێ کە مرۆڤ زەوقی هونەری خۆی دەردەبرێ، پەردە لەسەر روانینی تایبەتی و حەزە ئێستێتیکیە خودییەکانی خۆی لە شێوەی پەسندکردن و ناپەسندکردنیدا لادەدا)[2]. ئەوەی کە کاریگەریشی لەسەر چۆنییەتی چێژ وەرگتنی وەرگرەکان دەبێت، ئەزموونی خودی و زەوقی هونەری خودی وەرگرەکانە، جا لێرەوە دەگەینە ئەوەی چەمکێکی دیکەمان لەلا دروست بێت ئەویش (ئەزموونی چێژ وەرگرتن)ە، (مەبەست لە ئەزموون ئەو برە روشنبیرییەیە کە دەبێ وەرگر

[1] نظرية التلقي، هولب، ص ١٣٨

[2] اسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جماعة من الاساتذة السوفيات، ت:دفؤاد مرعي، ج١، ط٢، دار الفاربي، بيروت، دار الجماهير، دمشق، ١٩٧٨،ص٢٩٨.



هەیبێت یان وەریبگرێت، بۆ ئەوەی توانای چێژکردنی بەرهەمی هەبێت، چونکە ئەم بەرهەمە بەکارهێنانێکی تایبەتییە بۆ زمان و بەکار خستنی کۆمەڵێك ئەزموونی رۆشنبیری و زمانەوانییە بە شێوەیەکی نادیار لە نێو دەقەکەدا، جا ئەگەر وەرگر ئەو خەسڵەتانەی نەبوو، توانای چێژ وەرگرتنی نابێت، هەر لەبەر ئەوەشە بەرهەمی ئەدەبی لە رێگای رەخنەگرەکانەوە بەرهەمی ئەدەبی پێشکەشی خوێنەرەکان دەکرێت، چونکە رەخنەگرەکان ئەزموونی چێژ وەرگرتن و رۆشنبیرییان لە خوێنەرە ئاساییەکان زیاترە)[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا خوێنەری ئاسایی هەیە کە شارەزایە و لە ئاستی رەخنەگرە هەرە شارەزاکانە، هەروەها هەموو رەخنەگرێکیش لە ئاستێکی وادا نییە کە بتوانێ بەرهەمێکی چێژ بەخش پێشکەش بە خوێنەر بکات.

بەگشتی (هەموو مرۆڤێك ناتوانێ چێژ لە شاکارە هونەرییەکان وەربگرێ، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە ماندوو دەبن و وزەیەکی باش دادەنێن تاکو رۆشنبیرییەکی گشتی و قوڵیان لە لا دروست دەبێت، رۆشنبیرییەك مرۆڤایەتی بێ بە گشتی، هونەری بێت بەتایبەتی، جا بۆیە ئێمە ناتوانین چێژ [لە شیعری کلاسیکی وەربگرین تاکو شارەزای ژیان و کۆمەڵگاکەیان نەبین] ...و هەرچەند پاشخانی رۆشنبیری و

[1] استقبال النص عند العرب، محمد مبارك، ص ٥٤.

هونەرییمان زیاتر بێت توانای چێژ وەرگرتنمان بۆ کارە هونەرییەکان زۆرتر دەبێت)[1] واتە؛ لە پێداویستییەکانی خوێنەر بۆ ئەوەی بتوانێ چێژ لە دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی وەربگرێ، هەبوونی رۆشنبیرییەکی هەمە چەشنە، جا ئەگەر هات و خوێنەر ئەو رۆشنبیرییەی وەك پێویست نەبوو کە بتوانێ بۆ نموونە شیعرەکانی (نالی) پێ وەربگرێ و لێی تێبگات و هەستی بوروژێنێت تاکو چێژی پێ ببەخشێت، ئەوا دەتوانێ لەرێگای خوێنەرێکی بەرهەمهێنی خاوەن ئەزموونەوە پرۆسەی چێژ وەرگرتنەکەی خۆی بونیاد بنێت و هەوڵبدات ئەزموونی تایبەتی خۆی دروست بکات، جا لەنێو پرۆسەی وەرگرتنی شیعرەکانی (نالی)یدا، سەرچاوەیەکی بەهێزی خوێنەر بۆ چێژ وەرگرتن لە شیعرەکانی (نالی) ئەو لێکدانەوانەیە کە بۆ شیعرەکانی کراوە، بەتایبەتی لێکدانەوەکانی مامۆستایانی (مدرس) بۆ (دیوانی نالی).

بێگومان شیعرەکانی (نالی) پێویستی بە رۆشنبیرییەکی زۆرە، جا چ لە رووی (زمانەوانی و رەوانبێژی یان ئاینی یان مێژوویی... هتد) بێت. بۆیە پێویستی بە خوێنەرێکی پسپۆڕ و شارەزایە تاکو بتوانێ ئاوێتەیان بێت و چێژیان لێوەربگرێت، ئەگەر بەو شێوەیەش بێت، دەبێت ژمارەی ئەو

---

[1] الاسس النفسية للابداع الفني، د.مصطفى سوين،ط٣، دار المعرف، مصر،؟،ص٤٥



کەسانەی کە چێژ لە شیعرەکانی (نالی) وەردەگرن زۆر کەم بن، چونکە خوێنەرەکانی ئەم سەردەمە شارەزاییان لەو زمانە تێکەڵاوەی شیعری کلاسیکی کوردی نییە و زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی نازانن، هەروەها بەتەواوەتی شارەزاییان لە هونەرەکانی رەوانبێژی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی (نالی) لە لایەن کۆمەڵە خوێنەرێکی ئاسایی جگە لە خوێنەرە ئەکادیمیەکاندا دەخوێندرێتەوە، ئەوەی کە یارمەتیی ئەو خوێنەرانەش دەدات لە پرۆسەی خوێندنەوەکەیان و دواجار چێژیشیان پێ دەبەخشێ، ئەو لێکدانەوەیەیە کە بۆ دیوانەکە کراوە، جا لە رێگای لێکدانەوەی (دیوانی نالی) مامۆستای (مدرس)ەوە، خوێنەر دەتوانێ واتای وشە ئاڵۆزەکانی نێو شیعرەکانی (نالی) و پێوەندی نێوان وشەکان بدۆزێتەوە و لە رێگای لێکدانەوە و راڤەکردنی دێڕەکانەوە چێژ وەربگرێت، بەم شێوەیەش کردەی وەرگرتن و چێژوەرگرتنی ئەدەبی بەم شێوەیە دەبێت:

١- خوێنەر شیعرەکانی (نالی) دەخوێنێتەوە.

٢- خوێنەر لێکدانەوەی شیعرەکان دەخوێنێتەوە.

٣- دەشێ خوێنەر پاش خوێندنەوەی لێکدانەوەی شیعرەکان، بگەڕێتەوە سەر شیعرەکانی (نالی) و بە باشی لێی ورد بێتەوە و پێوەندی لەگەڵ دەقەکاندا بکاتەوە.

چۆنییەتی چێژ وەرگرتنی خوێنەرەکانیش دەشێ بەم شێوەیە بێت:

١- ئەو خوێنەرەی کە راستەوخۆ دەقەکانی (نالی) دەخوێنێتەوە (خوێنەری شارەزا)، پێوەندی کردنی لەگەڵ دەقەکاندا دەبێت و ئەو چێژەش کە وەریدەگرێ لە رێگای شیعرییەتی دەقەکانەوەیە.

٢- ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا لە خوێندنەوەی شیعرەکانی (نالی)دا پشت بە شیعرەکان نابەستن، بەڵکو پێویستیان بە خوێندنەوەی لێکدانەوەی دیوانەکە هەیە، جا ئەم خوێنەرانە سەرچاوەی چێژ وەرگرتنەکەیان دوو لقە، شیعرییەتی دەقەکانی (نالی) و هونەری لێکدانەوەی شیعرەکان، واتە؛ ئەم خوێنەرە جارێکیان لە شیعرەکانی (نالی) چێژ وەردەگرێ و جارێکیش لە رێگای پەخشانەکانی مامۆستایانی (مدرس)ەوە، جا دەشێ یەکەم جار کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە، هەندێك لایەنی هونەری شیعرەکە یاخود هەندێك دەلالەتی نێو شیعرەکە سەرنجی رابکێشێت، بەڵام لە توانایدا نابێت کەلێنەکان پربکاتەوە و بە تەواوەتی وێنای دێرەکان بکات، بەڵام کە لێکدانەوەی شیعرەکان دەخوێنێتەوە دووجار سەرسام دەبێت، جارێکیان بە توانستی شیعری (نالی) و دووەمیش بە توانستی ئەو لێکدەرەوانە لە تێگەیشتنی شیعرەکان و چۆنییەتی



بیرکردنەوە و وێناکردنیان بۆ دێرەکان، بەڵام پاش ئەوەی خوێنەر ئەزموونێکی باش پەیدا دەکات لەگەڵ شیعرەکانی (نالی)دا، ئینجا دەشێ بتوانێ لەسەر بونیادی لێکدانەوەکانی (مدرس) سەر لە نوێ شیعرەکان لێکبداتەوە.

لێکدانەوەی دیوانی (نالی) لە پرۆسەی وەرگرتنی ئەدەبی و چێژ وەرگرتنی خوێنەرەکاندا، رۆڵێکی باشی بینیوە، جا بۆیە ناکرێت جێ دەستی ئەم لێکدانەوانە لە یارمەتی کردنی خوێنەر بۆ هەست کردن بە چێژی ئەدەبی پشت گوێ بخرێت*، چونکە ئەگەر ئەو لێکدانەوانە نەبوایە، خوێنەری ئاسایی نەیدەتوانی چێژ لە خوێندنەوەی شیعرەکانی (نالی) وەربگرێت، جا وردە وردە ژمارەی خوێنەرەکانی شیعرەکانی (نالی) کەم دەبوونەوە تاکو دەقەکان لە بیر دەچوونەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا نەمری بە دەقەکانی (نالی) بەخشیوە، ئەو چێژەیە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەکانیدا وەریدەگرێ و هەستی پێدەکات، ئەو چێژەش بۆ زۆربەی خوێنەرەکان لە رێگای ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ شیعرەکانی (نالی) کراوە بەرجەستە دەبێت.

* کاری رەخنەیی (لە لایەك دەق بە خوێنەر دەناسێنێت و یارمەتی پتر و چاکتر تێگەیشتنی دەدات، لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ گەشەکردنی شیانی داهێنانی نووسەر). بڕوانە: ناسنامەی دەق، د.فوئاد رەشید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٨٥.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەش کاریگەری لەسەر چۆنییەتی چێژ وەرگرتنی وەرگر هەیە، زەوقی هونەری وەرگرەکە خۆیەتی، بێگومان زەوقی هیچ کەسێکیش وەك زەوقی کەسێکی دیکە نییە و هەر کەسە و چێژ لە جۆرە خوێندنەوەیەك یان وەرگرتنێك دەکات و شێوازە بابەتێك وەردەگرێت، تەنانەت خودی تاکە کەسێکیش ئاستی زەوقی هونەری دەشێ لە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بگۆڕێت و لە هەرقۆناغێکدا چێژ لە جۆرە بەرهەمێك وەربگرێ، لە خوێندنەوەشدا (هەموو خەڵکی لەسەر ئەوە تەبان کە چێژی دەق شتێکی جێگیر نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە بۆمان بسەلمێنێ کە هەمان ئەم دەقە لە خوێندنەوەیەکی دیکەماندا چێژمان پێ دەبەخشێ، چونکە چێژەکە پتەو نییە و لە نێو نەریت و بارودۆخ و میزاجی تاکە کەسدا تواوەتەوە و شتێکی سەرپێیە)[1]، دیارە زۆرجاریش زەوقی هونەری خوێنەرەکان یاخود وەرگرەکانی هونەر لە لایەن هەندێك دەزگاوە ئاڕاستەی شتی بازاڕی و سەرپێیی دەکرێ، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی زەوقی هونەری و کردەی چێژ وەرگرتن، جا زۆرجار (ریکلام کردن بۆ هەندێك بەرهەمی خراپ و ناهونەری دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زەوقێکی هونەری

[1] لذة النص، رولان بارت، ص٩٢.



ئاست نزم، بەتایبەتی لە نێو گەنجەکان، چونکە ئەو گەنجانە هێشتا بە باشی لە بەها بەرزەکانی رابردوو و ئێستا تێنەگەیشتوونە)[1].

لە نێو جیهانی ئەدەبیشدا لە سەردەمی ئێستاماندا ئەم گەمە کردنە بە زەوقی هونەری وەرگرەکان هەیە، ئێمە باسەکەمان تایبەتە بە شیعر، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر شیعر دەکەینەوە، ئەوەتا ڕێژەیەکی زۆری گەنجی ئەم سەردەمە خەریکی مۆبایلە شیعر و ئەو شیعرە دڵدارییانەن کە لە ڕێگای سیدییەوە گوێی لێ دەگرن یاخود لە نێو مۆبایلەکانیان خەزنیان کردووە، بەڵام تاقەتی خوێندنەوەی شیعرێکی (نالی)یان نییە، دیارە ئەو چێژەی کە لەو شیعرانە وەریدەگرن لە شیعرەکانی (نالی)دا بەدەستی ناهێنن، بێگومان چێژ وەرگرتن و هەستکردن بە بەهای بەرهەمی ئەدەبیش بە پێی ((ڕێژەیی بوونی چێژ و بەها بە پێی پەیامگر (وەرگر) لە بەرامبەر دەقەکەدا، جیاوازی روانین لە خودی ئەدەب و ماهیەتی چێژدا....تاد))[2] دەگۆڕێ، جا بۆ ئەم وەرگرانە ئەدەب و شیعر بریتییە لەو قسە سانایانەی کە خراونەتە پاڵ یەکتری و بە ئاسانی لێیان تێدەگات و لوتکەی چێژ وەرگرتنی لە بیستنی ئەو جۆرە شیعرانە دایە

[1] اسس علم الجمال الماركسي اللينيني، ص٢٩٩.

[2] دەقی ئەدەبی، د. فوئاد رەشید،ل١٢.

و دەشێ شیعرێکی کلاسیکی، نەک تەنیا چێژی پێ نەبەخشێ، بەڵکو توشی سەرئێشەشی بکات، لێرەدا خودی دەق و هونەرەکەی بایەخی پێنادرێ، چونکە بە پێی ئاستی بیرکرنەوە و زەوقی هونەری وەرگرەکان بریار لەسەر بەهای دەقەکە دەدرێت، (دیڤد هیوّم) دەڵێت: ((جوانی ئەدگارێک نییە لە خودی شتەکاندا، بەڵکو تەنیا لە بیر و زەینی ئەو کەسەدایە کە لێی رادەمێنێت، بەها ئەدەبییەکانیش بەم شێوەیە لە خودی کارە ئەدەبییەکاندا نییە، بەڵکو لە لایەن خوێنەرانەوە بەسەریدا دەسەپێندرێت))[1].

واتە؛ زەوقی هونەری خوێنەر[*] دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دەقێکی پایە بەرز بە چاوێکی نزم تەماشا بکات و بە پێچەوانەوە دەقێکی نا هونەریش ببێتە سەرچاوەی چێژ

[1] ناسنامەی دەق، فوئاد رەشید، ل٨١.

[*] بۆ گەڕانەوە بۆ زەوقی خوێنەر پێویستە ئێمە خوێنەرەکان پۆلێن بکەین، سەبارەت بە خوێنەری ئێستا، خوێنەری ئێستا نایەوێ بە شێوەیەکی ئاڵۆز و تەم و مژاوی یان بە ماندوو بوونێکی زۆر لە دەق بگات، بەڵکو دەیەوێ بێ بیر کردنەوە کەرەستەکانی زمان لە هۆشیدا جێگیر بێت، بۆیە هەندێک لە شیعرەکانی ئێستا کەمتر قوڵبوونەوەیان تێدایە و سەرپێیانە مەبەستەکانی خۆیان باس دەکەن، هەرچی شیعری (نالی) و (مەحوی) و ...هتد هەیە دەیەوێ لە ڕێگای شیعرێکی دڵدارییەوە، فەلسەفەی ژیان، فەلسەفەی بوون، فەلسەفەی دین، ...هتد بەیان بکات، خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە ئاستی رۆشنبیری ئێو دەقی ئێستا لە ئاستی رۆشنبیری خوێنەری ئێستا نزیکە، چونکە هەردووکیان لە یەک سەردەمن، بەڵام ئاستی رۆشنبیری شیعری (نالی) و شیعری کۆن دەشێ لە خوێنەرێک نزیک بێت، کە رۆشنبیرییەکی کۆنی هەبێت، (مەلا عبدالکریم) و (مسعود محمد) لەبەر هەبوونی سەقافەتە کۆنەکە، ئەوە لە (نالی) گەیشتوون، کەچی خوێنەرێکی ئێستا کە رۆشنبیرییەکی کۆنی نەبێت، ناتوانێ بەو شێوەیە لە شیعرەکانی (نالی) و شیعری کۆن بگات.



وەرگرتنی، بێگومان ئەو چێژەی کە وەرگرەکانی ئێستا لە مۆبایلە شیعر و شیعری دڵداری و خۆشەویستی بە تایبەتی و شیعری ئازادیش بە گشتی وەریدەگرن، یەکسان نابێت لەگەڵ چێژێک کە لە ئەنجامی تێگەیشتن لە شیعرێکی خۆشەویستی (نالی)یەوە بەدەست دەهێندرێت، چونکە ئەو چێژەی کە مۆبایلە شیعر و ....هتد، دەیبەخشن بە وەرگرەکانی، چێژێکی سەرپێییە و کۆتایی دێت، بەڵام ئەو چێژەی کە دەشێ لە هەندێک لە شیعرەکانی (نالی)یەوە بەدەست بهێندرێت شتێکی جێگیرە و شوێنی خۆی دەگرێت، چونکە بە ئاسانی بەدەست نایەت، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە هەموو دەقێکی ئاڵۆز لە ئاستێکی بەرزدا چێژ دەبەخشێ، بەڵکو تەنیا دەمانەوێ بەهای هونەری و شیعرییەتی دەقەکان وەک خاڵێکی گرنگ دابنەین بۆ پرۆسەی پێوەندی ئەدەبی و کردەی چێژ وەرگرتنی خوێنەرەکان.

لە نێو پرۆسەی پێوەندی ئەدەبیدا، بابەتی ئێستێتیکای چێژ وەرگرتن خاڵێکی بەهێزە لە بونیادنانی پێوەندییەکە و هەروەها ئەو رەگەزەشە کە بەردەوامی بە پێوەندییە ئەدەبییەکە دەبەخشێت، ((رولان بارت) پێی وایە کە ئێستێتیکا ئەو چێژەیە کە وەرگر لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی لەگەڵ دەقەکەدا لە ڕێگای زمانەوە بەدەستی دەهێنێت، لە

لای (یاوس)یش چێژی ئێستێتیکی لەو شێوازەدایە کە وەرگر دەقەکانی پێ لێك دەداتەوە)[1]، بەهەرحاڵ چێژی ئێستێتیکی لە هەر چ شێوەیەکدا بەرجەستە بێت، ئەوا زمان ڕەگەزێکی زۆر گرنگە لە بونیادنانی پرۆسەی چێژ وەرگرتنەکەدا، چونکە چ فۆرمی دەق و چ ناوەڕۆکیش لە ڕێگای زمانەوە بوونی دەبێت، جا بۆیە زمان خاڵێکی سەرەکی و گرنگە لە پرۆسەی چێژ وەرگرتنی ئەدەبیدا، بۆیە ئەو خوێنەرەی کە لە زمانی شیعری (نالی) شارەزا نەبێت ناتوانێ چێژێکی ئەوتۆ لە دەقەکان وەربگرێت، هەروەها ئەگەر شاعیریش زمانێکی دەوڵەمەند و ناسکی نەبێت، ناتوانێ خەسڵەتی چێژ بەخشین بداتە پاڵ شیعرەکەی، واتە؛ شیعرەکەی چێژ بە وەرگرەکانی ناگەیەنێ، پاشان لە شیعردا مۆسیقای شیعر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کردەی چێژ بەخشیندا، ئینجا وێنەکانی ناوشیعرەکە و ناوەڕۆکی شیعرەکە...هتد. جا ئەگەر لە دەقێکی شیعریدا ئەو ڕەگەزانەی کە شیعر پێك دەهێنن، هەمووی لە ئاستێکی هونەری بەرزدا بوون، ئەوا دەشێ لوتکەی چێژ بە وەرگرەکانی ببەخشێت.

لە شیعری کلاسیکیدا، سیمای هەرە سەرەکی شیعرەکان کێش و سەروایە، شاعیرێکی کلاسیك هەستەکانی خۆی

[1] فلسفة الجمال، عبدالقادر عبو،ص٩٤.



لەبۆتەیەکدا قالب ڕێژ دەکات و چوارچێوە و سنووریان بۆ دیاری دەکات، کەچی شاعیری نوێخواز لە ڕێگای هارمۆنیای دەنگ و مۆسیقای وشەوە هەڵچوونە دەروونییەکانی خۆی بەرجەستە دەکات. بێگومان یەکێك لە هەرە کێشە گەورەکانی نێوان شیعری کۆن و نوێی کوردی بابەتی کێش و سەروا و مۆسیقای شیعر بوو، جا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە چۆنییەتی مامەڵە کردنی خوێنەر و بیسەری شیعرە لەگەڵ ئەم قالبە شیعریانەدا.

هەندێك پێیان وایە کە هونەرەکانی شیعری کلاسیکی مەودایان بەسەرچووە و چیتر خزمەتی نەوەی تازەی میللەت ناکەن و شیعری کلاسیکی بریتییە لە ((شیعری قورس و پڕ لە وشەی تویکلاوی کە مصرعی هەر دانە، شیعرێکی زۆرجار بە قەد نیوە گوریسێك درێژ بێ و پیاو ناچاربێ بۆ تێگەیشتنی خۆی بگوشێت و خۆی ماندو بکات ئەوسا لەمەرام و نیازی ئەو شیعرانە بگات))[1].

دەشێ ئەم قسەیە ڕاست بێت بۆ سەردەمی ئێستا و قالبی شیعری کلاسیکی خزمەتی بارودۆخەکە نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری کلاسیکی تام وچێژی خۆی هەیە و دەتوانێ ئاوێتەی جیهانی هەستی خوێنەربێت. پێمان

[1] پیرەمێردی نەمر، محمد رسول هاوار، چاپخانەی (العاني)،بەغدا، ١٩٧٠، ل٧.

ئاسايیە ئەگەر بێت و خوێنەر خۆشی ماندوو بكات تاكو دەگات بە بەها و چێژی ئەم بەرهەمانە[*].

**رۆڵی نووسەر لە سەرنج راكێشانی خوێنەردا :**

(نالی) كە شیعری نووسیوە هەوڵی داوە لە ڕێگای هونەرەكەیەوە سەرنجی وەرگرەكانی رابكێشێت و جەخت لەسەر ئەو خاڵانە بكاتەوە كە دەبنە هۆی چێژوەرگرتنی وەرگرەكانی.

جا (شیعر پێكهاتەیەكی دەلالییە و مۆسیقایەكی ڕێكی هەیە و لە ڕێگای دەربڕینەكانەوە دەگوازرێتەوە)[1] بۆ خوێنەر، بۆیە پێكهاتەی دەنگی شیعرەكە (وزەیەكی هەست پێكراو و

---

[*] لە نێو ئەدەبی ئینگلیزیدا (شكسپیر) تاكو ئێستا وەكو سیمبولێك تەماشا دەكرێت و لە دەزگا زانستییەكاندا بایەخێكی زۆر بە دراسەكردنی دەدرێت و ئەم بایەخدانە وا دەكات كە خوێنەری ئینگلیز شانازی پێوەبكات و لە ئاستێكی بەرزدا رایبگرێت، جا چی تێدایە ئەگەر بێت و خوێنەری كوردیش تۆزێك خۆی ماندوو بكات تاكو هەست بە بەهای دەقەكانی (نالی) بكات و بایەخی پێبدات وەكو توانستێكی شیعری میللەتەكەی، لێرەدا – پرسارێكی گرنگ خۆی دێنێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا بۆ خوێنەری ئاسایی ئەوەی نوێ و خوێنەری ئەكادیمیش كە پسپۆری ئەدەبی كوردییە بە ڕێژەیەكی زۆر، زەوقی خوێندنەوەی دیوانە كلاسیكیەكانی نییە؟ دیارە شاعیرێكی وەك (نالی) كۆمەڵێك وشەی عەرەبی و فارسی بەكار هێناوە لە شیعرەكانیدا، بەلام ئەمە نابێتە ڕێگر لەوەی كە شیعرەكان وێنەی جوان و هونەری تیدا نەبێ یاخود نابێتە ڕێگر لە شیعریەتی دەقەكان، ئایە بۆ زەوقی هونەری نەوەی تازەی خوێنەری كورد لە ئاستێكی وا دانەبێت كە بتوانێ چێژ لە شاكارە هونەرییەكانی میللەتەكەی وەربگرێت و هەست بە بەهاكەیان بكات؟ بۆ نابێت ئێمەش چینێكی خوێنەری ئەرستۆكراتیمان هەبێت.

[1] منهج النقد الصوتي في تحليل الخطاب الشعري، د.قاسم البراسيم،ط١،دار الكنوز الادبية،؟،٢٠٠٠.ص٤٣.



لە گۆكردن و نووسینی رۆنانی سەرەودا بەرجەستە دەبێت و كاریگەری (شیعر)ەكە بۆ وەرگر (بیسەر و خوێنەر)ی شیعر دەگوازرێتەوە)[1]، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم شیعرەی (نالی) بدەین:

خەطات فەرموكە خۆشە چین و ماچین
كە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین
برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!
شكافێكە كلاڤی نافی زولفت
دەرێژی میسك و عەنبەر لێرە تاچین
لەسەر بەرگی گوڵێكی باغی حوسنت
هەزار، گوڵچینی بێ بەرگ و نەواچین
ئەتۆ میهریی و مەهرویان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین
هەمو ذەرراتی میهری روتە باقین
خودامان بۆ بەقایە لێرە لاچین
بڵێ ((نالی)) بە ئەربابی وەفا : بێن
هەمو موحتاجی خاك و بێڵ و پاچین
ل٣٤٥-٣٤٩

---

[1] سەرچاوەی پێشو، ل ٤٥.

دیاره (نالی) که ئەم شیعرەی نووسیوه، جگه لەوەی که توانای زمانی و شیعری خۆی دەرخستوه، هەوڵیشی داوه سەرنجی وەرگرەکانی رابکێشێت، چونکه (شاعیر دەزانێ که کۆمەڵی وەرگر له ڕێگای دەنگ و زمانەوه پێوەندی لەگەڵ دەقەکەی دەبەستن، بۆیه هەوڵدەدا به باشترین شێوه و له ڕێگای سیستەمی دەنگەکانەوه، شیعرەکەی دەوڵەمەند بکات و ڕێگای بەرەو وەرگر بۆ خۆش بکات، جا لەبەر ئەوه شاعیر بایەخێکی زۆر بە هارمۆنیای دەنگ و کێش و دووباره بوونەوەی دەنگ دەدات)[1].

(نالی) له دێڕی یەکەمدا دەڵێ:

**خەطات فەرمو کە خۆشە چین و ماچین**
**کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین**

لێرەدا دوو دەنگی نەبزوێن دەبنە بنەمای سەرەکی له نەخشە دەنگیەکە، دەنگەکانیش (خ) و (چ)ن و هاتنیان بەم شێوەیە دەبێت:

خ – خ – چ – چ
چ – خ – چ – چ

هەروەها بزوێنی (ا) سەرەتا و کۆتای هەردوو لەتە دێڕەکە دەگرێت.

ا ـــــــ ا

[1] الشعر و التلقي، د.علي جعفر العلاق، ص٦٧-٦٨.



ا ـــــــ ا

پیتەکانی دیکەش لە نێوان ئەم دوو کۆڵکە دەنگەدا دابەش دەبن و ڕیتمێکی نەرم بە دێڕەکە دەدەن و وردە وردە خوێنەرەکە ڕادەکێشنە نێو جیهانی دەقەکەوە. لەم شیعرەدا پشت بەستراوە بە دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە، جا دەنگی سەرەکی نێو شیعرەکە پیتی (چ)ە که (١٧) جار له تەواوی شیعرەکەدا بەکار هاتووە، ئەمە جگە لە (٢٩) جار دووبارە بوونەوەی پیتی (ن) و (٢٥) جار پیتی (ا)... هتد، هەروەها لە دووبارە بوونەوەی وشەی (چین) لە نێو دێڕی یەکەم و تەواوی شیعرەکەشدا مۆسیقایەکی ڕێک دەبەخشێتە دەقەکە و دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگییەکی دەروونی لە لای خوێنەرەکە، دیسان هاو سەروایی دێڕەکانی شیعرەکە خاڵێکی دیکەیە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی پێوەندی نێوان شاعیر و دەق و خوێنەر، چونکە ((سەروا هێڵێکی وەهمی و ئەندێشەیی دروست دەکات، خرۆشانی دەروونی هەردوو لا (شاعیر و خوێنەر) لەسەر ئەو هێڵە وەهمیەدا یەك دەگرنەوە و سەروا دەوری پردێکی ئاوازەیی وەهمی دەبینێ لە نێو هەردوو جەمسەری کاری شیعریدا))[1].

[1] سەروا، د. عزیز گەردی، چ ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،١٩٩٩، ل٣٩.

(نالی) لە کۆتایی هەر دێڕێك وشەی (چین)ی بەکار هێناوە، جا ئەم (چین)[*] انە بەیەکەوە پێوەندی دەکەن و زنجیرەیەك دروست دەکەن لە نێوان دێڕەکان و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، چونکە کە خوێنەر دێڕی یەکەم و دووەم دەخوێنێتەوە لە کۆتایی دێڕەکاندا (چین)ی بەرچاو دەکەوێت و دووبارە دەبێتەوە، ئەوا بێ ویستی خۆی لە کۆتایی دێڕی سێیەمیشدا چاوەڕوانی وشەی (چین) دەبێت و بەو شێوەیە ((سەوا خۆشی و لەزەتێکی دەروونی لە لای خوێنەر (گوێگر) پەیدا دەکات، کە لە تێرکردنی تاسەی رەچاوکردنی دووبارە بوونەوەی سەروا دێتە دی))[1] هەروەها شاعیر لە رێگای بەکارهێنانی وشەی (چین) لە چەندین پێکهاتەی یەکەی واتایی جیاوازدا، هەوڵیداوە سەرنجی خوێنەر رابکێشێ، چونکە ئەگەر ئەم وشانە بە هەمان واتا دووبارە بوبانەوە، ئەوا تەنیا کاریگەری لەسەر مۆسیقای شیعرەکە دەبوو، نابوو بە داهێنانێکی سەرنج راکێش و خوێنەری نەدەوروژاندن و مێشکی ناخستەکار بۆ لێکدانەوە

---

[*] ئێمە لەم شیعرەدا وشەی چین بە سەروا دانەنێین دەشێ کەسێك بڵێت وشەی (چین) پاش سەروایە و سەروای دێڕەکە پیتی (ا) یە (ماچین، تاچین، ئەواچین، چراچین، لاچین، پاچین)، بەڵام لە دێڕی دووەمدا دەڵێ: (بڕۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین/ ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!) واتە؛ لێرەدا پیتی (ێ) دەبێتە سەروا، کە واش بوو دێڕەکانی شیعرەکە بە تەواوەتی هاوسەروا نابن بۆیە ئێمە وشەی (چین) بە سەروا دەدەنێین.

[1] سەروا، د. عزیز گەردی، ل٢١٨.



و وێناکردنی یەکە واتاییەکان، بەڵام لەم شیعرەدا شاعیر خوێنەر سەرقاڵ دەکات بە لێکدانەوە و بەستنەوەی واتای (چین)ە کانی نێو شیعرەکە خوێنەر ئاوێتەی جیهانی دەقەکە دەبێت، جا بۆیە دەڵێین شاعیر لە رێگای چۆنییەتی بونیاد نانی دەقەکەیەوە دەتوانێ سەرنجی خوێنەرەکانی رابکێشێت و چێژیان پێ ببەخشێت، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە خوێنەرێکی پەنهانیش هەیە بەر لەوەی شاعیر شیعرەکەی بنووسێ، بەشداری بیرکردنەوەی شاعیر لە بونیادنانی شیعرەکەیدا دەکات، بەڵام خوێنەری ئاسایی هەستی پێناکات، بەڵکو تەنیا مامەڵە کردنی لەگەڵ شاعیرەکەدا دەبێت و لەگەڵ ئەو دەقە دەبێت کە چێژی پێ دەبەخشێت.

## بەرجەستە بوونی وەڵامدانەوەی خوێنەر

زۆرجار کە مرۆڤ دەخوێنێتەوە یان دەبینێ یاخود دەبیستێ، ئەوا ئەو بەرهەمە دەبێتە هۆی وروژاندنی و هەست و سۆزی دەجووڵێنێ و بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، چێژی لێ وەردەگرێ، ئەو چێژەش دەشێ وای لێبکات هەست بە خۆشی بکات یاخود دەروونی ئاسوودە بکات، هەروەها دەشێ ئەو بەرهەمە ببێتە هۆی

کولاندنەوەی برینەکانی وەرگر و شتی ناخۆشی بە بیردا بێنێتەوە، بەڵام کە ئێمە دەڵێین (چێژ) مەبەستمان لە چێژ وەرگرتنە لە هونەر، جا ئەگەر ئەو چێژە ئێستێتیکییە لە دەربڕینی دیاردەیەکی دڵخۆشکەر بێت یان ناخۆشی و خەمۆکی بێت، گرنگ ئەوەیە وەرگرەکە تا چەند چێژ لە هونەرەکە وەردەگریٚ و تا چەند ئاوێتەی دەبێت و لەگەڵ دەروونیدا گفتوگۆ دەکات. کاتێك کە مرۆڤ بە تەواوەتی ئاوێتەی کارێکی هونەری دەبێت، ئەوا ئەو کارە شوێنەواری خۆی لە ناو مێشك و دەروونی مرۆڤەکەدا بە جێدەهێڵیٚ، جا ئەگەر بێت و ئەو مرۆڤە خۆی توانای داهێنانی هەبێت، ئەوا دەشیٚ لەژێر کاریگەریی شوێنەواری ئەو بەرهەمە هونەرییەدا، بەرهەمێکی نویٚ بێنێتنە کایەوە، بۆ نموونە: ئەگەر خوێنەرێکی بەرهەمهێن شیعرێك یان رۆمانێکی خوێندەوە و کاری تێکرد، ئەوا دەشیٚ لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیەدا بەرهەمێکی نویٚ دروست بێت وەك تابلۆیەك یاخود پارچەیەکی مۆسیقا، جا ئەم بەرهەمانە زادەی ئەو کاریگەرییەن کە خوێندنەوەکە لەلای وەرگر دروستی کردووە و وەڵامدانەوەی وەرگرەکەن بۆ بەرهەمەکە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی نوێدا بەرجەستە کراون.

دیارە چۆنیەتی ئاوێتە بوونی خوێنەرێك لەگەڵ دەقێکدا لە ئاوێتە بوونی خوێنەرێکی دیکە لەگەڵ هەمان دەقدا



جیاوازە، بەڵگەش بۆ ئەم رایەمان ئەوەیە کە بۆ تاکە شیعرێك چەندین لێکدانەوە دەکریٚ و لە چەندین شێوەدا وەڵامدانەوەی وەرگرەکان بەرجەستە دەبێت. بۆ زیاتر روونکردنەوە ئێمە هەوڵمانداوە جیاوازی نێوان وەڵامدانەوەی دوو خوێنەر بخەینە روو لە رێگای بەرجەستە بوونی وەڵامدانەوەی دوو خوێنەری بەرهەمهێن (هونەرمەند) بۆ شیعرەکەی (وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە...)ی (نالی) لە چوارچێوەی دوو وێنەدا.

شیعری (وەك قەفەس ...)

وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبوتە ، زۆرە لیٚ کردومە داو
دودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میثلی لانکەی ئەجزا شکاو
هەر لە سەربان دار بە داری رایەڵی بژمێرە وەك
لا پەراسوی بارگیرێکی کە زیندو بیٚ بە ناو
رۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتیی کا گەلای پێدا دەکەن
وەك گەلاڕێزانی پایز یەك یەکی دەڕژێتە ناو
هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبیٚ
رەنگە ناوی لیٚ بنێی چوار طاقی سەرما تیٚ خزاو
ئاسمان هەورین دەبیٚ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین:
ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو؟!
رۆژی هاوینی وەها مثقالە ذەررەی پڕ دەبیٚ

نیمه ذەررێك سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاوفەصلی هاوینی جەهەننەم، فەصڵی نێستای زەمهەریر زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و، جەهەننەم وا بە تاو؟! نەییری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەك مە نجەنیق بۆ دەوامی رۆژپەرستی جەمعی حەرباى دێتە ناو دار و بەردی پە نجەرەی وەك نەسجی بەیتی عەنکەبوت مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو رۆژی تەرزە چەندە میناى دڵ شکێنە و سەر شکێن! رۆژی بەفر و با وەکاشە، رۆژی باران قوففەیە! صاحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵۆکی دەربدا سەوڵی بۆیە لازمە نەك جۆگەلە بیبا بە تاو وەضعی ئاشی گەر نەبێ، بۆچی دەبێ پڕ ئاردەڵۆك؟! طلە بعی قوففەی گەر نەبێ، بۆچی دەنیشێتە سەراو؟! کاسە و کەوچك، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکو کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بڵاو رۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژەهاژ شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوە ژاو ئەو دەلاقەی تێ دەخا چێشت و مەکی پێدا دەبا من لەوێ حەیران دەبم وەك ماڵ براو و ماڵ براو حوجرەکە ناوس بو، وەعدەی خۆی بەهارێ بو بزێ وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو



خۆزگی نیشتۆتە ئەرچی و، تومەزا هێشتا وەکو نوطفە کەی هەر ئاو بو، بەریاوێت لەبەر هەور و هەڵاو ئاسمان تەرزەی کە لێ دا، بەردە بارا نمان ئەکا سوختەکا نمان رادەکەن، پاڵو پساو و قون دڕاو رادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەرراح و طەبیب چاك و دامەن هەڵکراو و، سەر شکاو و تەنگەتاو لوطفی بانگوش بو کەوا لەم حوجرەدا زانا ندمان گەر بەنی ئادەم بخنکێتن، سەراوە نەك بناو چونکە نەتکرد قوڕ بە سەریا تاوەکو تەسکین ببێ مەیدەرە بەر پێ لەقە، تو خودا، بلا بگرێ بە تاو!
ل٣٥٥-٣٦٦

دەشێ ئەم شیعرەی (نالی) بەو جۆرە شیعرانە دابنەین کە پێی دەوترێ شیعری تۆپۆگرافی ( Topographical Poetry)، شیعری تۆپۆگرافی بریتییە لە وەسفکردنێکی شیعری بۆ پارچەیەك زەوی یان ناوچەیەکی دیاری کراو و هەندێك زانیاریی مێژوویی، جا دەشێ هەندێك لەو وەسفانە زیادە رەویی تێدا بێ چ لەمەڕ ئادگاری شوێنەکەوە کە دەشێ لەگەڵ واقیعی ئەو شوێنەدا نە گونجێ یاخود لەمەڕ زانیارییە مێژووییەکانەوە بێت، لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئینگلتەرا ئەم جۆرە شیعرە زۆر بوو کە شاعیر تێیدا باسی ناوچەیەکی دیاری کراوی کردووە و مەدحی ئەو ناوچەیە، یاخود مەدحی خاوەن ناوچەکەی کردووە و دەشێ مەبەستی شاعیرەکەش لە نووسینی ئەم جۆرە شیعرانەدا

وەرگرتنی پاداشت بووبێ لە خاوەن زەوییەکە یا ناوچەکە، لەو شاعیرانەی کە شیعری تۆپۆگرافییان دەنووسی لەو سەردەمەدا ( Windsoor Forest, Word Worth, Samuel Garth's...)ە[1] ئەگەرچی شیعرەکەی (نالی) لە خاڵێکدا لەگەڵ ئەم شیعرانەدا جیادەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە راستە (نالی) لەم شیعرەدا باسی جوگرافیا و بارودۆخێکی شوێنێکی دیاری کراو دەکات کە (حوجرە)کەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکەی مەدح نییە و چاوەڕوانی پاداشتی کەس نەبووە لە نووسینی ئەم شیعرەدا، هەروەها (نالی) لەم شیعرەدا باس کردنەکەی زۆر تایبەت کردووە بە شوێنێکی سنووردار و باسی ناوچەیەکی فراوان ناکات[*]، بەڵکو باسی حوجرەیەك دەکات کە دەشێ لە چەندین شوێندا وێنا بکرێتەوە، جا زۆرجار بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەمەڕ شاعیرەوە هەیە، دەشێ وەرگر وا گریمانە بکات کە ئەم حوجرەیەی (نالی) لە یەکێك لەو شوێنانەدایە کە (نالی) تیایدا خوێندوویەتی (قەرەداغ یا شارەزوور یا سلێمانی یا سنە ...هتد)، جا ئێمە کە ئەم شیعرە بە شیعری تۆپۆگرافی دادەنەین لەبەر دوو خاڵە:

١- ئەم شیعرە باسی شوێنێکی دیاری کراو دەکات.

[1] Dictionary of literary terms and literary theory, J. A. cuddon, p ٩٢٢.

[*] ئەو شیعرەی کە (نالی) بۆ (سالم)ی ناردووە، دەتوانین بە شیعری تۆپۆگرافی دابنێین، کە تێیدا شاعیر باسی ناوچەیەکی فراوانی کردووە.



٢- شێوازی وەسف کردنەکەی وێناکردنی جوگرافیا و وردەکاری بارودۆخی ئەو حوجرەیەیە و پێدانی زانیارییە لەبارەی مێژووی ئەو شوێنەوە.

(نالی) لەم شیعرەدا لە ڕێگای وێنە کێشانی بەش بەشی حوجرەکەیەوە وێنەیەکی گەشتالتی گەورەی بۆ خوێنەر دروست کردووە، وێنەیەك بەندە بە شوێنێك و سەردەمێك و ڕووداوێکی دیاری کراو، جا (پێوەندی وێنە بە شوێنەوە لەسەر دوو بنەما بەندە، یەکەم خۆشەویستی شوێنەکە (Topophilie) کە لە ئەنجامیدا وێنەی دڵخۆشی و ئاسوودەیی وێنا دەکرێت، دووەم دژایەتی شوێنەکەیە (Apocalypse) کە لە ئەنجامیدا وێنەی رق و ناخۆشی دروست دەبێت، جا لەبەر ئەوە بونیادی وێنەی شیعرەکەش لە وێنە کردنی شوێنێکی خۆشەویستەوە بۆ وێنە کردنی شوێنێکی ئاساییەوە دەگۆڕێ، بۆیە وەلامدانەوەی خوێنەرەکەش بۆ ئەم دوو جۆرە وێنەیە دەگۆڕێ و خوێنەر بەشداری نووسەر دەکات لە چێژ وەرگرتن لە شوێنی خۆش و نەفرەت کردن لە جێگای ناخۆش)[1].

شیعرەکەی (نالی)ش وێنای لایەنی نەگەتیڤی بارودۆخ و جوگرافیای حوجرەکەیمان بۆ دەکات، بۆ نموونە لەلای

[1] بلاغة المكان قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، الانتشار العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص٢٤٨.

خوێنەریش ئەم وێنەیە لە وەڵامدانەوەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە و خوێنەر لە هەست کردن بە ناهەمواری بارودۆخی حوجرەکەیدا بەشداری نووسەر دەبێت.


ئێمە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بەرجەستە بوونی وەڵامدانەوەی دوو خوێنەری جیاواز، داوامان لە دوو خوێنەری بەرهەمهێن (هونەرمەند) کرد کە ئەم شیعرەی (نالی) بخوێننەوە و پاشان ئەو کاریگەرییەی کە شیعرەکە لەلایان دروستی دەکات و وەڵامدانەوەی خودی خۆیانمان بۆ دەربڕن لە چوارچێوەی وێنەیەکدا، جا وێنەی (أ) هی خوێنەری (أ)ە و وێنەی (ب) هی خوێنەری (ب)ە*، بڕوانە وێنەی (أ) و (ب):–

* وێنەی (أ) هی خوێنەری هونەرمەند (سامان فخرالدین) مامۆستا لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی دهۆك، وێنەی (ب) هی خوێنەری هونەرمەند (سامان ئەبو بەکر)ە شێوەکار لە شاری کەرکووك.





وێنەی (أ)



وێنەی (ب)



## وێنەی (ب)

شێوازی ئاوێتە بوونی خوێنەر لەگەڵ دەقدا بەپێی رۆشنبیری و چۆنیەتی بیر کردنەوەی خوێنەرەکان دەگۆڕێ، هەر بۆیە ئەنجامی ئەو ئاوێتە بوونەش دەگۆڕێ، ئەوەتا ئێمە لە بەردەم دوو وێنەی جیاوازین کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی دوو خوێنەری جیاوازەوە بۆ یەك شیعر هاتووەتەکایەوە.

خاڵی سەرەکیی هاوبەشی نێوان ئەم دوو وێنەیە ئەوەیە، کە بۆ هەر دوو خوێنەر، وشەی (حوجرە) یەك شوێنی هێناوەتە خەیاڵیان، ئەوەتا هەر دوو خوێنەر وێنای شوێنی خوێندنی ئاینی دەکەن، جا هەر یەکێك لە خوێنەرەکان بەپێی بیر کردنەوە و روانینی خۆی تەعبیری لێ کردووە، خوێنەری (أ) لە وێنەکەیدا منارە و گومبەتی مزگەوتی وێنە کردووە لە باکگراوندی وێنەکەیدا و خوێنەری (ب) لە وێنەکەیدا وشەی (اللە)ی بەکار هێناوە چ لە قەد دیواری ژوورەکە و چ بە نەخش لەسەر پەنجەرە و دەرگاکەی، جا بۆیە کە تەماشای وێنەکەی دەکەین دەزانین مێشکی ئەم خوێنەرەش بە لای شوێنێکی ئاینییدا چووە، دیارە لە نائاگایی گشتی (لاشعور جمعی)ی خەڵکیدا وشەی حوجرە

بۆ ئەو شوێنە چەسپاوە کە مەلاکان و فەقێکان دەرسی ئاینییان تێدا فێر کردووە و خوێندووە، دیارە ئەم حوجرانەش لە مزگەوت و تەکییەکاندا بووە بۆیە کە وەرگریش وشەی حوجرە دەبیستێ یا دەخوێنێتەوە، مێشکی بۆ لای ئەو حوجرانە دەڕوات کە فەقێکان ئاینیان تێدا خوێندووە، جگە لەوەی کە لە ناو خوێنەراندا زانراوە کە (نالی)ی شاعیر مەلا بووە، جا کە مەلایەك باسی حوجرە بکات دەبێ ئەو حوجرەیە، حوجرەی خوێندن بێت کە لقەکانی زانستی ئاین و زمان و ...هتد تیایدا خوێندووە، ئەگەرچی (نالی)ش لە تەواوی شیعرەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەخۆی بۆ مزگەوت و خوێندنی ئاینیش نەکرد بێ، و تەنیا باسی حوجرەیەکی کردووە بێ ئەوەی شوێنی ئەو حوجرەیە دیاری بکات، بەڵام توانای خوێنەر لە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێو دەق و لە ئاوێتە بوون لەگەڵ دەقەکەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەی جۆرا و جۆر و لەسەر بونیادی ئەو زانیارییانەی کە لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە، خوێنەرەکان خەیاڵی خۆیان بەکار دەخەن و تێگەیشتنی تایبەتی و نوێیان لەلا دروست دەبێت.

ئەگەر ئێمە لە ڕێگای بەراورد کردنی ئەم دوو وێنەیەی (أ، ب)ەوە باسی جیاوازی وەڵامدانەوەی خوێنەرەکان بکەین ئەوا دەبینین:



خوێنەری (أ) (نالی) ئاسا لە وێنەکەیدا پارچە پارچە و گرتە بە گرتە وێنای بارودۆخی حوجرەکە دەکات و بەپێی ڕوانین و خەیاڵی خۆی لە ڕێگای هەندێك سیمبۆلەوە تەعبیری لێکردووە، لە وێنەکەیدا ژوورێکی وێنە کردووە کە سەقفەکەی کونێکی تێدایە و گەڵای پایز لە ڕێیەوە دێتە خوارەوە و لە نێو ژوورەکەدا دێت و دەچێت و دارە رایەڵ کراوەکانی سەربانی ژوورەکە بە ئاشکرا دیارە و گوزارشت لە کۆنی ژوورەکە دەکەن، هەروەها لە ڕێگای وێنەی جاڵجاڵۆکە و ماسی و حەربا* و دار و پەنجەرەی شکاو دیسانەوە گوزارشت لە زانیارییەکانی نێو دەقەکە دەکات، لە دیواری ژوورەکەشدا تەعبیر لە ئافرەتی سك پڕ بە وێنە کراوە، تاکو بینەر هەست بکات بە نزیکی وێنەی ئەو دیوارەی کە ئاوی باران لێیداوە و ئەستووری کردووە و سکی داوە لەگەڵ وێنەی ئافرەتێکی سك پڕدا بەراوردیان بکات. ئەم سیمبۆلانە هەریەکێکیان واتایەك دەبەخشن و ئەگەر بە دێڕەکانی شیعرەکەدا بەندیان بکەین دەزانین تەعبیر لە چی دەکەن، بەڵام دەشێ کەسێك کە شیعرەکەی (نالی) دەخوێنێتەوە پاشان ئەم وێنەیە دەبینێت بێ ئەوەی پێشتر ئاگاداری پێوەندی نێوان شیعرەکە و وێنەکە بێت، هەست بە هاوتەعبیریی نێوان شیعرەکە و وێنەکە دەکات،

* (حەربا) جۆرێکە لە ئاژەڵ، دەتوانێ بەپێی شوێن و دەوروبەرەکەی ڕەنگی خۆی بگۆڕێ

کەچی ئەگەر بینەرێك تەنیا وێنەکە ببینێت دەشێ سمبۆلەکانی نێو شیعرەکە لەلای ئەو تەعبیربن لە شتی دیکەی دوور لە مەبەستەکەی وێنەکێش، جا ئەم وێنەیە لە وێنەیەکی گەشتالتی گەورەدا کۆمەڵێك وێنەی بچووکی کۆکردووەتەوە کە دەشێ هەر وێنەیەك لەو وێنانە مێشکی وەرگرەکەی بەرەو ئاراستەیەك بەرێ هەر وەك چۆن شیعرەکەی (نالی) مێشکی خوێنەرەکانی ئاراستە دەکات و تێگەیشتنی جۆراوجۆریان لەلا دروست دەکات.

خوێنەری (ب) لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەشایی و دوکەڵ و وێنا کردنی گۆشەیەکی حوجرەکە کە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورە تەواوی دیوار و سەقفەکەی گرتووە و وەك قەفەسی لێکردووە و هەروەها لە ڕێگای درزی دیوار و سەقف و دەرگای شکاوەوە تەعبیری لەو ناهەمواریيە کردووە کە لە شیعرەکەدا باس کراوە، ئەم خوێنەرەیان هەستەکانی خۆی لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە ئاراستە کردووە و گوزارشتی لە واقیعێکی ناخۆش کردووە، جا لە ئەنجامی تێڕامان لە هە دوو وێنەی (أ) و (ب) مرۆڤ دەتوانێت دان بەوەدا بنێت کە چۆنییەتی ئاوێتە بوون وکاریگەر بوون و وەڵامدانەوەی دوو خوێنەر بۆ تاکە دەقێك جیاوازە، ئەوەتا ئەم دوو خوێنەرە بە پێی جیاوازیی توانستی خەیاڵ کردنەوەیان و تێڕامانیان و وێنە کردنیان و زانیارییەکانیان وشێوازی دەربڕینیان، دوو



وێنەی جیاوازیان بۆ دروست کردووین، جا ئاخۆ بە سەدان وەرگر کە هەر یەکە و ئاستێکی ڕۆشنبیری و هونەری جیاوازی هەیە و بە شێوەیەکی تایبەتی بیر دەکاتەوە، دەبێت چەند لێکدانەوە بۆ تاقە دەقێك بکەن و چەند ناسنامەی پێ ببەخشن، ئێمە بە بەڵگەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە خوێنەر دەسەڵاتێکی زۆر گرنگی هەیە لە بەخشینی ناسنامە و وێنا کردنی دەقی ئەدەبی، چ ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ شیعرەکانی (نالی) ئەنجام دراوە و چ ئەم دوو وێنەیەش دەتوانن ئەوەمان بۆ دوویات بکەنەوە کە مرۆڤ لە توانایدایە، دیاردە لە نێو چوارچێوەی ڕوانین و پێشبینی خۆیدا وەربگرێ و مەغزای دەق لە نێو دەروونی خۆیدا وەربگێڕێ و لەلای خۆی ناسنامەیەکی نوێی پێ ببەخشێ و هەندێك جار لە ئەنجامی ئەو ئاوێتە بوونەش بەرهەمی نوێی لێ پەیدا ببێت.

ئێمە بە پێویستی دەزانین سەرنجی خوێنەر بۆ لای چەند دێڕێکی ئەم شیعرە ڕابکێشن و لە سەریان بوەستین لە دێڕی یەکەمدا:

**وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە ناو**
**تار و پۆیی عەنکەبوتە، زۆرە لێ کردومە داو**

شاعیر لە سەرەتاوە شوێنی باسکراو دیاری دەکات بۆ وەرگرەکەی کە (حوجرە)یە و ئەو تیایدا ژیاوە و دەست بە

وەسف کردنی دەکات، جا خوێنەریش هەر لە سەرەتای خوێندنەوەکەی وێنەیەکی لەلا دروست دەبێت لە سەر ئەو حوجرەیە، کە وا کۆن و پیسە، چونکە شاعیر پێی دەڵێ حوجرەکەی کونی تێدایە و ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، جا دەشێ دوور لە مەبەستی راستەقینە شاعیر، وەرگر خەیاڵی بۆ شوێنی دیکە بڕوات، بۆ نموونە دەشێ بۆ وەرگر وێنەی ئەم حوجرە کاولە وێنەی ژوورێکی زیندان بێنێتە بەرچاوی یاخود وێنەی وڵاتێکی کاول کراو ...هتد.

پاشان خوێنەر لە دێڕی دووەم و سێیەمدا لەگەڵ شاعیردا تێکەڵی جیهانی وەسف کردن و وێنا کردنی شتە وەسف کراوەکان دەبێت، لە دێڕی چوارەم و پێنجەمیشدا:

**رۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتیی کا گەڵای پێدا دەکەن**
**وەك گەڵاڕێزانی پایز یەك یەکی دەرژێتە ناو**
**هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ**
**رەنگە ناوی لێ بنێی چوار طاقی سەرما تێ خزاو**

خوێنەر هەست دەکات کاتی وەسف کردنەکەی لە لا روون دەبێتەوە کە کۆتایی پایز و سەرەتای زستانی لەلا وێنا دەبێت، چونکە لەلایەکەوە باسی گەڵای پایز دەکات و لەلایەکی دیکەوەش دەڵێ (سەرمای تێدا سەرما دەبێ) واتە؛ وەرزی سەرما و سۆڵەش وا دەستی پێکردووە و هەروەها شاعیر ویستوویەتی لە ڕێگای ئەم دوو دێڕەوە زەمەنی باس



کردنەکەی دیار بکات بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر وێنای بارودۆخەکە بکات.

لە دێڕەکانی (٦، ٧، ٨)دا خوێنەر سەرقاڵ دەبێت بە وێنا کردنی بارودۆخی حوجرەکە و خەڵکی نێو حوجرەکە لە وەرزەکانی ساڵ. ئینجا با لەسەر ئەم دێڕە بوەستین:

**ئەبیری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق**
**بۆ دەوامی رۆژپەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو**

لەم دێڕەدا بە فلاشباك شاعیر دەچێتەوە وەرزی هاوین و باسی بارودۆخی ژوورەکەی دەکات کە چۆن خۆر دەیسوتێنی و حەربای دێتە ناو، جا دەشێ خوێنەر کە ئەم دێڕە بخوێنێتەوە وێنەی ژوورێکی گەرمی لەلا دروست ببێت کە بووبێتە شوێنی حەربا. بەڵام دەشێ کاتێك کە لێکدانەوەکەی مامۆستایانی (مدرس)یش بخوێنێتەوە، گۆشەی نیگای بەرەو ئاراستەیەکی دیکە بڕوات، جا لەم دێڕەدا (نالی) باسی مامۆستا و هاوەڵەکانی خۆی دەکات کە چۆن لە نێو ئەو ژوورە گەرمەدا دەرس دەخوێنن و سیفەتی حەربا دەداتە فەقێکانی هاورێی و سیفەتی پیرۆزی خۆریش دەدا بە پایەی زانستی مامۆستاکەی، جا دەشێ وێنەی ئەم دەرس خوێندنە بۆ منی خوێنەر وێنەی رۆژێکی خوێندنی نێو پۆلی قوتابخانە بێنێتە بەرچاو کە بەرەبەری هاوین بێت و لای نیوەڕۆ خۆر بە هەموو تینی خۆی پۆلەکەی گەرم کردبێ و کارەبا بڕابێت، کەچی هەموو قوتابییەکان ڕووە مامۆستا

دانیشتبن و خەریکی مەرایی کردن بن بۆ مامۆستا ئەگەر چی هیچیش تیناگەن و لە تاو گەرما و بێ تاقەتی وەڕس بوون و تاقەتی خوێندنیان نەماوە، مامۆستا خۆشی بێ تاقەت بووە و نەزانێت چی دەڵێت، جا ئاخۆ ئەم خوێندنە دەبێ چ خوێندنێك بێت؟! هاوموعاناتی خوێنەر لە سەردەمێکدا لەگەڵ ئەم دێڕە شیعرەدا دەبێتە هۆی ئەوەی شیعرەکە وێنەی دیکەی لەلا دروست بکات.

لە دێڕی:

**حوجرەکە ئاوس بو، وەدەی خۆی بەهاریٚ بو بزیٚ**

**وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو**

دەشێ شاعیر ویستبێتی باسی ڕووداوێکی مێژوویی ناخۆش بکات ئەویش ڕووخانی ژوورەکەیانە کە لە وەرزی پایزدا بووە یاخود وەك چۆن پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە لە لێکدانەوەی ئەم دێڕەدا شاعیر تەنیا بۆ تەواو کردنی وێنەکەی (وەضعی حەملی کەوتە پاین) بەکار هێناوە تاکو دیوارە سك پڕەکە نەگاتە بەهار.

لە دوو دێڕی دیکەشدا دەڵێ:

**ئاسمان تەرزەی کە لێ دا، بەردە بارا نمان ئەکا**

**سوختەکا نمان رادەکەن، پالۆ پساو و قون دڕاو**

**رادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەرراح و طەبیب**

**چاك و دامەن هەلکراو و، سەر شکاو و تەنگەتاو**



لێرەشدا شاعیر دەشێ ویستبێتی واقیعێك بۆ وەرگرەکەی بخاتە روو ئەویش نەخۆش کەوتنی فەقێکانە بە هۆی بارودۆخی نا هەمواری نێو حوجرەکە، هەروەها بە هێناوەی وشەی (سوختەکانمان) خوێنەر زیاتر بۆی دووپات دەبێتەوە کە ئەم حوجرەیە باسکردنی حوجرەی فەقێکانە.

لە دوو دێڕی کۆتاییشدا، (نالی) گوتنی خۆی ئاڕاستەی (بانگوش- بانگێڕ) دەکات، ئەو کەسەی کە سەربانی خانووی قوڕ بە قوڕ سواغ دەدات. لە ڕێگای گوتنەکەیەوە بە شێوەیەکی تەنز ئامێز بە خوێنەر رادەگەیەنێ کە دەبێت مرۆڤ لە شتی خراپیشەوە پەند وەربگرێ ئەوەتا بە هۆی بە جێ نەهێنانی کاری بانگێڕەکەوە، حوجرەکە ئەوەندە دلۆپەی کرد تا ئەو رادەیەی خەڵکی تێدا خنکا و کەوتە سەر ئاو و لەمەشەوە زانیارییمان پەیدا کرد لە سەر ئەوەی کە مرۆڤ دەمرێ دەکەوێتە سەر ئاو نەك بن ئاو، پاشان دەڵێت کە مرۆڤ کاری خۆی لە وەختی خۆیدا ئەنجام نەدا با دواتریش کە کار لەکار ترازا نەیەت خراپتری بکات.

بە هەر حاڵ خوێنەر لە ڕێگای ئەم شیعرەی (نالی)یەوە نەخشەی ئەو حوجرەیەی لەلا دروست دەبێت و هەندێك زانیاریی لەمەڕ بارودۆخی ئەو حوجرەیەی نێو شیعرەکەی لەلا روون دەبێتەوە و جا دەشێ ئەم وەسف و باس کردنەش بۆ خوێنەر وێنە و لێکدانەوەی دیکە دروست بکات و خوێنەرەکانیش بە پێی زوومی کامێراکانی خەیاڵی خۆیان

به ناو جیهانی شیعرەکەدا بکەون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دەقەکەدا زاڵ بکەن و لە چوارچێوەی چەند بیرۆکە و کاریگەرییەکی دەروونیدا وەڵامدانەوەکانیان بەرجەستە ببێت یاخود خوێنەری بەرهەمهێن وەڵامدانەوەکەی خۆی لە چوارچێوەی بەرهەمێکی نوێدا بەرجەستە بکات.



# ئەنجام

**ئەنجامی گشتی:**

– دەق ئەو پانتاییە فراوانەیە کە روانینی خوێنەر تیایدا دەگەڕێ و لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە گەشتەوە بۆ بەش وێنەیەکی گەشتالتی گەورە دروست دەکات، کە بریتییە لە تێگەیشتنی کۆتایی وەرگر بۆ دەقەکە.

– هەبوونی ستراتیژییەتێکی دیاری کراو لە لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا، خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی هەر خوێنەرێکی بەرهەمهێن بە ئارەزووی خۆی و بەبێ هیچ یاسا و دەستورێك لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی نەکات و لە ئەنجامدا دەقە رەخنەییەکان کورد وتەنی (زۆر و بۆر بن) و بواری دەقەکە بشێوێنن.

– خوێنەر رەگەزێکە لە رەگەزەکانی پرۆسەی ئەدەبی و دەسەڵاتێکی گرنگی هەیە لە بەڕێوە بردنی پرۆسەکە، هەروەها بەشێکە لە بونیادی دەقەکە و بەشداری نووسەر لە داڕشتنی بەرهەمەکەیدا دەکات.

**ئەنجامی تایبەتی:**

– دروست بوونی مێژوو بۆ شیعرەکانی (نالی) لە دوو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ، یەکەمیان خودی دەقەکانی (نالی)ین، کە هەڵگری تۆی نەمریین و بە درێژایی مێژوو خۆیان دەسەپێنن، دووەمیان ئێستێتیکای وەرگرتنی

دەقەکانە لەلایەن وەرگرە جۆراوجۆرەکان و لە سەردەمە جیاوازەکان.

– مەودای ئێستێتیکی نێوان وەرگر و شیعرەکانی (نالی) خاڵێکی گرنگە بۆ دەستنیشان کردنی بەهای دەق و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وەرگرەکان، هەرچەند مەودای نێوان ئاسۆی وەرگر و شیعرەکان کەمبێت، ئەوا ئەو شیعرە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر وەرگرەکانی نابێت تەنیا دووبارە کردنەوەی ئەزموونی پێشووتر دەبێت، بە پێچەوانەوەش ئەگەر مەوداکە زۆر بوو ئەوا دەشێ کاریگەریی لەسەر وەڵامدانەوە و ئاسۆی پێشبینی و چێژی ئێستێتیکی وەرگرەکە هەبێت، بڕیاردان لەسەر بەهای شیعرەکانی (نالی) لەلایەن وەرگرەکانییەوە لە سۆنگەی ئەو مەودای ئێستێتیکییەی نێوان شیعرەکان و وەرگرەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت.

– هەموو وەرگرتنێکی شیعرەکانی (نالی) ناچێتە نێو خانەی کاری نوێوە و مەرج نییە ببێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی رەخنە و مێژووی ئەدەبی.

– هۆی هەمە چەشنی لێکدانەوەکانی خوێنەرەکان و وەرگرەکان بۆ تاکە دەقێکی (نالی)، پێوەندی بە جیاوازی نێوان ئەو توانایەوە (رادەی رۆشنبیری، زمانزانی، ئەدەب



دۆستی)یەوە هەیە کە وەرگرەکان لە پڕ کردنەوەی کەلێنەکانی نێو دەق بەکاری دێنن.

– واتا، نە موڵکی شیعرەکانی (نالی)یە و نە موڵکی خوێنەرەکانییەتی، بەڵکو بەرهەمی ئەو کارلێککردنەیە کە لە نێوان هەردوو جەمسەردا دروست دەبێت.

– لە کردەی ئاوێتە بوون و کار لێککردنی خوێنەر لەگەڵ شیعرەکانی (نالی)دا، ئەزموونی خودی تاقیکردنەوەی خوێنەرەکە خاڵێکی گرنگ دەبێ بۆ چۆنیەتی ئاڕاستە کردنی ئاوێتە بوونەکە.

– مەرج نییە هەموو خوێنەرێك لە توانای دابێت راستەوخۆ چێژ وەربگرێ و ئاوێتەی دەقەکانی (نالی)بێت، بۆیە پێویستی بە کاری رەخنەگران دەبێت، وەك دیوانی (مەلا عبدالکریم، بەرهەمەکانی مەسعود محمد، مارف خەزنەدا، رێبوار سیوەلی،... هتد). بۆ ئەوەی لە رێگای لێکدانەوەکانی ئەوانەوە کار ئاسانی بۆ بکرێت و ئەزموونی خۆی لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەوانەوە بونیاد بنێت.

– جۆری ئەو خوێندنەوانەی بۆ شیعرەکانی (نالی) کراون زۆرن، هەر جۆرێکیان جەخت لەسەر رەگەزێکی پێوەندییە ئەدەبییەکە (نالی، شیعرەکەی، خوێنەرەکەی) دەکات، دیارە خوێنەریش رۆڵێکی بالأی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هەیە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی سڕینەوەی دوو رەگەزەکەی دیکە

(نالی، شیعرەکانی)، بۆیە باشتر وایە خوێنەر خوێندنەوەیەکی تەواوکاری بۆ شیعرەکانی (نالی) بکات، کە هیچ لایەنێکی پێوەندییە ئەدەبییەکە فەرامۆش نەکات.

- هەبوونی رەگەزەکانی (سرپرایس- المفاجأة) لە نێو رەهەندەکانی (دەق ئاوێزان، پارادۆکس، وێنەی لێکچواندن،...هتد) لە نێو شیعرەکانی (نالی) کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر پێشبینی کردنی خوێنەر و رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پتەو کردنی ئاوێتە بوونی دەق.

- زەقی هونەری و چێژی دەق ئەو رەگەزانەن کە بەرپرسن لە ژیانەوەی شیعرەکانی (نالی) و دواتر لە چۆنیەتی بەرجەستە بوونی وەڵامدانەوەی خوێنەرەکانی.



# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی

### أ- کتێب:


١. بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاکان، عبداللە سەراج، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، د.سەردار احمد حسن گەردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣. پیرەمێردی نەمر، محمد رسول هاوار، چاپخانەی (العانی)،بەغدا، ١٩٧٠.
٤. چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی، فازیل کەریم ئەحمەد، خەیاڵ و روح، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥. دەستە و دامانی نالی، مسعود محمد، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٦. دەقی ئەدەبی (ئەدگار. چێژ. بەها)، د. فوئاد رشید، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٧. دەقی کراوە لە هونەرەکانی مەحویدا، رەئوف عوسمان، لە کتێبی (محوی- بەشێك لە بابەتەکانی ڤیستیڤاڵی محوی ٢٨-٣٠ئاب، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠١.
٨. دیوانی گۆران، عبدللە گۆران، چ٣، بڵاوکراوەی پانیژ، تەهران، ٢٠٠٣.

٩. دیوانی نالی، گیوی موکریانی، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٢٤.
١٠. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محمدی مەلا کریم، چ٣، انتشارات کردستان، ١٣٨٣.
١١. ڕەوانبێژی (بۆ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان)، عزیز گەردی، چ٢، چاپخانەی ئارام، بەغدا، ٢٠٠٥.
١٢. ڕۆڵی (پارادۆکس)یٚ د پێکهاتا وێنێ هۆزانێدا، حسێن ئوسمان زێوەیی، چ١، چاپخانەی خانی، دهوك، ٢٠٠٨.
١٣. ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕۆبەرت دیانی، و: عەتا قەرەداخی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ؟
١٤. زمانەوانی، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٥. سەروا، د. عزیز گەردی، چ ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،١٩٩٩.
١٦. کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح،چ٢، چاپخانەی حسام، بەغدا، ١٩٨٠.
١٧. کتێبی نالی، ڕیبوار سیوەیلی، چ ١، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.
١٨. لە ئیحرامی ئەدەبدا، د.صباح بەرزنجی، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٩. مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ئامادەکردن: هەژار، چ٢، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠. مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢١. مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ١، ؟، ١٩٥٢.
٢٢. ناسنامەی دەق، د.فوئاد ڕەشید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٣. نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، محمدی مەلا کریم، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.
٢٤. نالی و خوێندنەوەکانی سەردەم، ساڵح سۆزەنی، خەیاڵ و ڕوح، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٥. هونەری شیعر، ئەرستۆ، و:عزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ب– گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی:**

١. بە مناسبتی طبع دیوان نالی یەوە، پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ساڵی شەشەم، ژ٢٩٣، ١٩٣١.
٢. بەدبەختی شاعیر و نووسەرەکانمان، محمد ئەمین کاردۆخی، گۆڤاری بەیان، ژ(٢٣)، بەغدا، مارتی ١٩٧٥.
٣. جەستەی مەستوورە لە ڕۆحی شیعری نالی– دا، عەبدولخالیق یەعقووبی، شین (کۆوارێکی مانگانەیە دەزگای ئاراس دەری دەکات)، ژ١٩، تشرینی دووەم، ٢٠٠٦.
٤. ڕۆژنامەی میدیا، [ڕۆژنامەیەکی سیاسی حەفتانەیە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات]، ژ٢٢١، ٢٠ی١٢ی٢٠٠٥.

٥. قصيدة الشاعر الكردى (نالى) فى امير مكه الشريف عبدالله پاشا ابن عون، عبدالله حداد، گۆڤارا زانكويا دهوك، ژ٣، ٢٠٠٧.

٦. كۆوارى شين و يادى مەستوورە، بەدران ئەحمەد حەبيب، شين، ژ١٠، هەولێر، ئادارى ٢٠٠٥.

٧. نائاسايى لادانى واتايى لەشيعرى (حەنايى كردووە پەنجەى....)ى(نالى)دا، هێمن عومەر خۆشناو، واتە، كۆوارێكى مانگانەى ئەدەبييە، ژ١، هەولێر،شوباتى ٢٠٠٨.

٨. نالى و مەستورە، محمد حەمە باقى، رامان، ژ ١٤، هەولێر، ئابى ١٩٩٧.

٩. نياز له شعر چيه، گۆڤارى گەلاوێژ، ژ١٠ن سالى يەكەم، ئەيلولى ١٩٤٠.

## دووەم: سەرچاوە بە زمانى عەرەبى

### ا- كتێب:

١. القرءان الكريم

٢. استقبال النص عند العرب، محمد مبارك، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٩.

٣. اسرار البلاغة فى علم البيان، عبدالقاهر الجرجانى، علق حواشيه السيد محمد رشيد رضا، ط١، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٢.



٤. اسس علم الجمال الماركسي اللينيني، جماعة من الاساتذة السوفيات، ت:دفؤاد مرعي، ج١، ط٢، دار الفاربي، بيروت، دار الجماهير، دمشق، ١٩٧٨.

٥. الادب عند رولان بارت، فانسان جوف، ت:عبدالرحمان بو علي، ط١، دار الحوار، سورية، ٢٠٠٠.

٦. الاسس النفسية للابداع الفني، د.مصطفى سوين،ط٣، دار المعرف، مصر،؟.

٧. البيان و التبين، الجاحظ، شرح د.على بوملحم، ط١، دار مكتبة اطلال للطباعة و النشر، بيروت، ٢٠٠٢.

٨. التفكير الاسلوبي، د. سامي محمد عبابنة، عالم الكتب الحديث، اربد، الاردن،٢٠٠٧.

٩. التواصل اللساني و الشعرية، ط ١، الطاهر بومزبر، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٧.

١٠. الحلقة النقدية- الادب و التأريخ و الهرمينوطيقا الفلسفية، ديڤيد كوزنز هوى، ت: خالدة حامد، ط١، منشورات الجمل، المانيا- بغداد، ٢٠٠٧.

١١. الخطيئة والتفكيرمن البنيوية الى التشريحية (قراءة نقدية لنموذج معاصر)، د.عبدالله محمد الغذامي، ط٤، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر،١٩٩٨.

١٢. الشعر و التلقي (دراسات نقدية)، د. علي جعفر العلاق، ط ١، دار الشروق للنشر، عمان، اردن، ١٩٩٧.

١٣. الصوت الاخر (الجوهر الحواري للخطاب الادبي)، فاضل ثامر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.

١٤. القارىء القياسي، د.صالح زياد، ط١، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٨.

١٥. القراءة النسقية– سلطة البنية و وهم المحايثة، احمد يوسف، ط١، الدار العربية للعلوم، الجزائر، ٢٠٠٧.

١٦. القراءة و الحداثة، حبيب مؤنسي، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.

١٧. المسبار في النقد الادبي، د. حسين جمعة، اتحاد كتاب العرب، دمشق،٢٠٠٣.

١٨. المعنى الادبي من الظاهراتية الى التفكيكية، وليم راى، ت: د.يوئيل يوسف عزيز،ط١، دار المأمون الترجمية والنشر، بغداد، ١٩٨٧.

١٩. المعنى الشعري و جماليات التلقي في التراث النقدي و البلاغي، د.ربى عبدالقادر الرباعي، ط١، دار جرير للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠٠٦.

٢٠. النص والتفاعل المتلقي في الخطاب الادبي عند المعري، حميد سمير، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.

٢١. النظرية النقدية عند العرب حتى نهاية القرن الرابع الهجرى، د.هند حسين طه، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، العراق، ١٩٨١.

٢٢. النقد الادبى الحديث، د.محمد غنيمى هلال، دار نهضة مصر، القاهرة،؟.





٢٣. النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، د.ابراهيم محمود خليل، دار المسيرة الاردن،؟.

٢٤. النقد الادبي في آثار اعلامه، د. حسين الحاج حسين، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٦.

٢٥. الهيرمينوطيقا و الفلسفة، عبدالغني بارة، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٨.

٢٦. الوان من التذوق الادبي، مصطفى الصاوي الجويني، دار نشر منشاة المعارف، الاسكندرية، مصر، ١٩٧٢.

٢٧. بلاغة المكان قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، الانتشار العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠٨.

٢٨. بنية اللغة الشعرية، جان كوهن، ت: محمد الوالى و محمد العمرى، ط١، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٦.

٢٩. جماليات الشعرية، د.خليل موسى، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٨.

٣٠. جمالية التلقي من اجل تأويل جديد للنص الادبى، هانس روبرت ياوس، ت:رشيد بنحدو، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٤.

٣١. حركة النقد العربي الحديث في الشعر الجاهلي، د.ريم هلال، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩.

٣٢. خطوات على قاع المحيط ((دراسات في علم النفس))، د.فخري دباغ، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٧٩.

٣٣. فعل القراءة– جمالية التجاوب فى الادب، فولفگانگ ايزر،ت: حميد الحمداني و جلالى الكدية، مكتبة المناهل، فاس، ؟.
٣٤. فلسفة الجمال فى فضاء الشعرية العربية المعاصرة، د.عبدالقادر عبو، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٧.
٣٥. قراءة النص و جماليات التلقي– بين المذاهب الغربية الحديثة و تراثنا النقدي، محمود عباس عبدالواحد، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٦.
٣٦. كتاب عيار الشعر، ابى الحسن محمد بن احمد طباطبا العلوي، تحقيق د.عبدالعزيز بن ناصر المانع، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
٣٧. لذة النص، رولان بارت، ت: د.منذر عياشي،ط١، دار لوسوي، ١٩٩٢.
٣٨. ما الادب، جان پول سارتر، ت: د. محمد غنيمى هلال، ؟، ؟.
٣٩. ما هو النقد، پول هرنادى، ت:سلافة حجاوي، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
٤٠. مفاهيم الشعرية، حسن ناظم، المركرز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤.
٤١. مفاهيم نقدية، رينة ويليك، ت: د.محمد عصفور، المجلس الوطنى للثقافة و الفنون والادب، الكويت، ١٩٨٧.



٤٢. مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية اسلامية)، د.وليد قصاب، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.
٤٣. مناهج النقد المعاصر، د.صلاح فضل، ط٥، اطلس للنشر، القاهرة، ٢٠٠٩.
٤٤. منهج النقد الصوتي في تحليل الخطاب الشعري، د.قاسم البراسيم،ط١، دار الكنوز الادبية، ؟، ٢٠٠٠.
٤٥. نظريات القراءة و التأويل الادبي و قضاياها، د.حسن مصطفى سحلول، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
٤٦. نظريات في علم النفس الفرويدية السلوكية الجشتالية، د.كمال بكداش، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، ط١، بيروت، ١٩٨٦.
٤٧. نظرية الادب، تيرى ايغلتون، ت:ثائر ديب، دار المدى، سورية، ٢٠٠٦.
٤٨. نظرية التلقي_ اصول و تطبيقات، د.بشرى موسى صالح، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩.
٤٩. نظرية التلقي (مقدمة نقدية)، روبيرت هولب، ت: د.عزالدين اسماعيل، ط١، النادى الادبى الثقافى، جدة، ١٩٩٤.
٥٠. نظرية النص، حسين خمري، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٧.

٥١. نقد استجابة القارىء من الشكلانية الى مابعد البنيوية، جين ب. تومبكنز، ت:حسن ناظم و علي حاكم، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٩.

٥٢. هل يوجد نص في هذا الفصل،سلطة الجماعات المفسرة، ستانلي فش، ت:احمد الشيمي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٤.


**ب- گۆڤاری عەرەبی:**


١. المتوقع و اللامتوقع في شعر محمود درويش(دراسات في جمالية التلقي)، د. عبدالباسط الزيود، مجلة جامعة ام القرى للعلوم الشريعة و اللغة و ادابها،ج ١٨، ع ٣٧، اردن، ٢٠٠٦.

٢. النظرية الموجهة نحو القاريء، رامان سلدن و بيتر بروكس،ت: د.محمد نور النعيمي، مجلة الاداب الاجنبية، ع١٠٦-١٠٧، اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠٧.

٣. حدود الانفتاح الدلالي في قراءة النص الادبي، د.عزيز محمد عدمان، عالم الفكر، المجلد٣٧، ع٣، كويت، ٢٠٠٩.

٤. مفاهيم هيكلية في نظرية التلقي، د.محمد اقبال عروى، عالم الفكر، المجلد ٣٧، ع٣، كويت، ٢٠٠٩.

٥. نقد النقد ام الميتانقد (محاولة في تأويل المفهوم)، د.باقر جاسم محمد، عالم الفكر، المجلد٣٧، ع٣، كويت، ٢٠٠٩.


**ج- اطروحة دكتوراه:**




١. جماليات التلقي في السرد القرآني، يادگار لطيف جمشيد، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٨.


**د- سایتی ئینتەرنێت:**


١. الادب تأريخ من منظور الشكلانيية و جمالية التلقي، الهاشم اسمهر، مجلة علامات، ع١٣، ٢٠٠٤ (سعيد بنكراد_Google).

٢. الاسلوبية عند ميشيل ريفاتير، د.طارق البكري http://www.city-love.com/ab٧ath/show.php?lessid=٢٧٩

٣. التأويل والقراءة، أيان ماكلين، ت:خالد حامد، مجلة افق الثقافية، ١ ابريل، ٢٠٠٢، www.ofouq.com

٤. النص الادبي وتعدد القراءات، بشير ابرير، www.angelfire.com/txu/lisan/texts/literary.doc-similar.

٥. النص المفتوح و النص المغلق، د.محمد عبدالمطلب، مجلة الموقف الادبي، ع٣٩٨، دمشق، ٢٠٠٤، موقع اتحاد كتاب العرب.www.auw-dom.org

٦. الوجودية،شبكة الفلق الثقافية، www.ALflaq.com

٧. الوضعية، حميد راضي http://dahsha.com/viewarticle.php?id=١٠٤٣٥

٨. تحليـل الخطـاب الادبـي علـى ضـوء المنـاهج النقديـة الحديثـة، محمد عـزام، مـن منـشورات، اتحـاد كتـاب العـرب، ٢٠٠٣. www.awu-dam.org

٩. جمالية النص المفتوح في قصيدة المتنبي، خليل موسى، مجلة التراث العربي، ع١٠٥، دمشق، ٢٠٠٧، موقع اتحاد كتاب العرب. www.auw-dom.org

١٠. مناهج مابعد النصية: معرفة نحو الاخر، محمد سالم عبدالله، (رابطة ادباء الشام) -htm- رابطة ادباء الشام/:H

١١. من توقعات القارىء الى معنى التجربة الجمالية، فخري صالح http://www.nizwa.com/volume١٩/p٢٣٩٢٤١.html

١٢. منهج التلقي او نظرية القراءة التقبل، د.جميل حمداوي، مجلة افق الثقافية، ١١يوليو، ٢٠٠٦ http:www.ofouq.com.

١٣. http://www.kalima.ae/ara/titles/title

## هـ- فەرهەنگ و ئینسكلۆپیدیا:

١. المعجم المفصل في الادب، د.محمد التونجي، ج١، دار الكتب العالمية، بيروت، ١٩٩٩.

٢. المعجم المفصل في الادب،د.محمد التونجي، ج٢، دارالكتب العالمية، بيروت، ١٩٩٩.



٣. المنجد في الاعلام، مجموعة من الكتاب، ط١٢، ؟.

٤. المنجد في اللغة، لويس معلوف، المطبعة الكاثوليكية، بيروت،؟.

## سێیەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

١. Dictionary of literary terms and literary theory, J. A. cuddon, penguin books, London,?.

## زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێر | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەریی | مەلا شاخی | | ١٩٨٨ |
| ٢ | سروودی منالان | سروودی نەتەوایەتی | کۆمەڵێك شاعیر | | ٢٠٠٣ |
| ٣ | دیوانی ئالیاسین | شیعری وەرگێردراو | محەمەد حسین ئالیاسین | ئاوات حسن | ٢٠٠٥ |
| ٤ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | سەعید شاکەلی | | ٢٠٠٥ |
| ٥ | کۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیکۆمێنت | | | ٢٠٠٥ |
| ٦ | راگەیاندن بەرجەستەکردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێکۆڵینەوە | شێرکۆ جەبار | | ٢٠٠٦ |
| ٧ | خورماتوو لە پاکتاوی رەگەزیدا | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٨ | فەرهەنگی(ماچۆ)ی کاکەیی | فەرهەنگسازی | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٦ |
| ٩ | لەنێوان ئێستا و رابوردوودا | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠٠٦ |
| ١٠ | مێژووی ئەو کۆمەڵە و رێکخراو | مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠٠٦ |
| ١١ | عەلی بەستێ | کورتە رۆمان | حەسەن جاف | | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | ژیاننامە و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر د.زەنون پیریادی | لێکۆڵینەوە | د. زەنون محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | نەخۆشییەکانی ئاژەڵ کە تووشی ئادەمیزاد دەبن | لێکۆڵینەوە | د. عبدالکریم حاجی محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٤ | کەرکوك لەنێوان پیلان | کۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | | ٢٠٠٦ |
| ١٥ | کۆمەڵە وتار | وتار | تەها سلیمان | | ٢٠٠٦ |



| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێر | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | شکستی بلیمەتی | کۆمەڵە وتار | عەبدوڵلا مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٧ | کەرکوك لەنێوان حەزی خەلکەکەی و | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٨ | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د. عبدالستار تاهیر | | ٢٠٠٦ |
| ١٩ | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢٠ | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | شیعر | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢١ | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٢٢ | "الأرجوان" قصص كوردية | چیرۆکی وەرگێردراو | محەمەد صابر محمود | | ٢٠٠٧ |
| ٢٢ | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | | ٢٠٠٧ |
| ٢٤ | کێشەی ویلایەتی مووسڵ | لێکۆڵینەوە | و: شێخ محەمەد شاکەلی | | ٢٠٠٧ |
| ٢٥ | بەشێك لە حیکایەتی ئەنفالی(٢) | مێژوو | هاوار عباس | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٧ |
| ٢٦ | شوورشە | شیعر | هێمن خورشید | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٢٧ | شێتبوون | شیعر | عومەر سەیدە | | ٢٠٠٨ |
| ٢٨ | مدينة اغرقت في الظلام | صور ووثائق | شرف الدين جباري | | ٢٠٠٨ |
| ٢٩ | سووتان بەبۆنی یارانی ئامۆ بوون | دەق | تەها سلیمان | | ٢٠٠٨ |
| ٣٠ | گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان | کۆکردنەوە و ئامادەکردن | ساڵح هەلاج | | ٢٠٠٨ |
| ٣١ | شهود عيان عن الأنفال | دیکۆمێنت ودراسة | عارف قوربانی | حسن شيخاني | ٢٠٠٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | المتاهة | مجموعة قصص | سالار إسماعيل سمين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٣ | "شانۆکار" گۆڤاری شانۆیی | شانۆ | تیپی شانۆی کەرکوک | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٣٤ | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٣٥ | وەرزی بێ تاقەتی | شیعر | شەهید سۆران مامە حەمە | | ٢٠٠٨ |
| ٣٦ | صفحات من تاريخ اليهود | تاريخ | صلاح الدين مجيد | | ٢٠٠٨ |
| ٣٧ | دیوانی شاعیرانی کوردی گۆران | لێکۆڵینەوە | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٨ |
| ٣٨ | کورد و تورکمان و ڕابردوویەکی پڕ لە قەیران | لێکۆڵینەوە | معتصم نجم الدين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٩ | جلولاء في صفحات التاريخ | دراسة | نجم عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٤٠ | قسە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | پەندی تەنزئامێز | شکور حەمەی هەیەر | | ٢٠٠٨ |
| ٤١ | شاکر فەتاح و ڕۆڵی لە... | لێکۆڵینەوە | بهاو الدين احمد | | ٢٠٠٨ |
| ٤٢ | خولیە وەرە بۆ ئەمریکا | شیعر | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠٠٩ |
| ٤٣ | کاتژمێر دوو | چیرۆک | ئاسۆ سەعید | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٤٤ | شێخ ئەحمەد شاکەلی | دیوان و یاددڵشت | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٩ |
| ٤٥ | پەیوەندییەکانی ئاشوورییەکان و بەریتانیا | لێکۆڵینەوە | سیروان حەمە سەعید | | ٢٠٠٩ |
| ٤٦ | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٧ | قراءة استدلالية في المسرح الكردي | دراسة | بشار عليوي | | ٢٠٠٩ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٨ | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قورباني | | ٢٠٠٩ |
| ٤٩ | دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە | وتار و لیدار | خەڵەف غەفور | | ٢٠٠٩ |
| ٥٠ | لە کۆتایی چاوەڕوانیدا | چیرۆک | عومەر سەید | | ٢٠٠٩ |
| ٥١ | کەرکوک لە ڕوانگەی مێژووەوە | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | و: د. ئازاد عبدالواحد | | ٢٠٠٩ |
| ٥٢ | بیبلیۆگرافیای چالاکییەکانی کۆمەڵە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ | چالاکی کۆمەڵە | ئا: نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٥٣ | ڕموزنەکان | کۆمەڵە چیرۆک | بەکر دەرویش | | ٢٠٠٩ |
| ٥٤ | ڕامان لە ئایدیۆلۆژیاکان | هزری سیاسی | محەمەد فاتح عبدالرحمن | | ٢٠٠٩ |
| ٥٥ | تاوان و تۆڵە | شیعر | حەمید مەجید جوامێر | | ٢٠٠٩ |
| ٥٦ | التركمان في وثائق البعث | وثائق | صمد ضاوشين | ن:ساسان بابان | ٢٠٠٩ |
| ٥٧ | کوردستان لە چاخی مەغۆلدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | د.عەبدولا عەلیاوەیی | و:ستار شێخانی | ٢٠٠٩ |
| ٥٨ | مۆدلیانی | هونەر | | گرتتار کاکەیی | ٢٠٠٩ |
| ٥٩ | ڕێبەری دەزگای ڕۆیتەرز | ڕۆژنامەوانی | | و: عمر عبدالكريم | ٢٠٠٩ |
| ٦٠ | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل البصري | | ٢٠٠٩ |
| ٦١ | هزری ڕەخنەیی و ئستاتیکای دەق | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی | سەعید مەحەمەد بەرزنجی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٢ | بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال | مێژوو | | ن: سۆران عەلی | ٢٠٠٩ |
| ٦٣ | مێروولە | چیرۆکی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٤ | گوڵ و ئاسک و هەنگ | چیرۆکی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٥ | نەورۆز نامــــە | | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠٠٩ |
| ٦٦ | دور نواب كركوك في العهد الملكي | دراسة تأريخية | د. نبيل محمود عكيد | | ٢٠٠٩ |
| ٦٧ | تۆبزاوە | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ناوەندی چاک | لەسەر ئەرکی کۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٦٨ | نەوت بەرانبەر بە خاک | لێکۆڵینەوە | | د. سابیر عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٦٩ | چەمچەماڵ لە چەرخی بیستدا | مێژوو | د. زەنوون پیریادی | | ٢٠١٠ |
| ٧٠ | شیعر کوژی | چەند پەیڤێک دەربارەی شیعر | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١٠ |
| ٧١ | گیرفان | گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی | کۆمەڵێک ڕوناکبیر لە گەرمیان | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٧٢ | وتە و پەندی بەنرخ | پەند | عەدنان ئیبراهیم | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٧٣ | ماندێلا و دیموکراسی ئەمڕۆ و باشووری ئەفریقیا | لێکۆڵینەوە | شادمان مەلا حەسەن | | ٢٠١٠ |
| ٧٤ | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكوردستان | دراسة تأريخية | صلاح الدين صالح مجيد | الطبعة الثانية | ٢٠١٠ |
| ٧٥ | أبعاد كوردستانية قضاء خورماتو | دراسة تأريخية | حسن بارام | | ٢٠١٠ |
| ٧٦ | پیاوێک گرەو لە ئەمری دەباتەوە | لێکۆڵینەوە | ئا: ساڵح هەلاج | | ٢٠١٠ |
| ٧٧ | عمليات الأنفال في كوردستان العراق | دراسة تأريخية | فاتح محمد سليمان | | ٢٠١٠ |
| ٧٨ | چە یانەی شوکر خەیاتەوە | لێکۆڵینەوە | گەرمیان شوکر | | ٢٠١٠ |
| ٧٩ | کەرکوک تایم | لێکۆڵینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٠ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٠ | ئەنفال و سەگە ڕەشەکە و بیابان | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هێمن مەولوود | | ٢٠١٠ |
| ٨١ | شەبەک | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٠ |
| ٨٢ | یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣ – ١٩٧٥ | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سامان کەریم مەحموود | | ٢٠١٠ |
| ٨٣ | دیوانی شێخ کەریم بەرزنجی | شیعر | کەریم بەرزنجی | | ٢٠١٠ |
| ٨٤ | ناوچەی کفری لەنێوان سالآنی (١٩١٤ـ١٩٤٥) | لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | | ٢٠١٠ |
| ٨٥ | کەرکوک لەنێوان مێژوو نووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠١٠ |
| ٨٦ | سێشەممە دەیمە چەللاد | فکری | خالد سلێمان | | ٢٠١٠ |
| ٨٧ | ڕۆژنامەگەری لەگەڵ سەدەی ٢١دا | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠١٠ |
| ٨٨ | شەوی سەقەر | شیعر | سەیران شەوانی | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٨٩ | سۆزی شاعیر | شیعر بۆ گۆرانی | ستار ئەحمەد عبدالرحمن | | ٢٠١٠ |
| ٩٠ | طوزخورماتو التأريخ والشراكة الحقيقية | دراسة تأريخية | برهان البرزنجي | | ٢٠١١ |
| ٩١ | ئەدەب و هونەر | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ٩٢ | عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوەی سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | ٢٠١١ |
| ٩٣ | الصحافة الكوردية البدايات | تأريخ الصحافة الكوردية | د. صباح موسى | | ٢٠١١ |
| ٩٤ | الكورد والتركمان إلى أين؟ | دراسة تأريخية | محەمەد شاکەل | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٥ | FARAJ(ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٦ | THE ARAB SHOVEL (ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٧ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | شیخ سعید شاکەلی | | ٢٠١١ |
| ٩٨ | ئەنفال لە دیدی ئەوانی تردوه | کۆمەڵە بابەت | ئاکۆ شوانی – بارام سوبحی | | ٢٠١١ |
| ٩٩ | ئەنفال بناری گل | لێکۆڵینەوە | بەختیار محەمەد موزەفەر | | ٢٠١٧ |
| ١٠٠ | ئەنفال ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوە | ئارام بەهرۆز سالح | | ٢٠١١ |
| ١٠١ | پێوانی هەستی خۆ بە کەمزانین لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | مەریوان عەبدولمەجید | | ٢٠١٧ |
| ١٠٢ | ئەنفالی چوار و کاریگەری | لێکۆڵینەوە | هێمن کامیل | | ٢٠١٧ |
| ١٠٣ | قەیران و شوناسی خێزان لە پەرلوێزی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | پشتیوان رەحیم | | ٢٠١٧ |
| ١٠٤ | تغگیه الصحافه للإنفال | بحپ | شیخ صدیق | | ٢٠١١ |
| ١٠٥ | لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان | لێکۆڵینەوە | محەمەد شاکەلی | | ٢٠١١ |
| ١٠٦ | دەفری زێرین | کۆدیار | خەلەف غەفوور | | ٢٠١١ |
| ١٠٧ | بۆ ئەوەی ڕستی تەسبیحەکە نەپسێ | گوتاری رۆژنامەوانیی | ئەحمەد تاقانە | | ٢٠١١ |
| ١٠٨ | زارا | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١٧ |
| ١٠٩ | جەپسە | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١١٠ | گەلاوێژ | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١١ | دەسەلات و سەربەخۆیی کورد و...... | لێکۆڵینەوەی سیاسی | کاکەرەش صدیق | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | ئەلبومی گەرمیان | ئەلبومی ناوداران | سالح هەلاج | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | Wyh does kirkuk belong to kurdistan | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٤ | لەسەر سنوور | چیرۆك | ئەیوب لهۆنی | | ٢٠١٢ |
| ١١٥ | قەزای کفری.. شارەدێی کەلار و پاسەکەی حاجی | یادەوەری | شێخ محەمەد شاکەلی | | ٢٠١٢ |
| ١١٦ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(١) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٣ |
| ١١٧ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(٢) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٨ | ئەو رۆژەی لە دایك بووم | راپۆرتە رۆمان | ئازاد رەشید | | ٢٠١٢ |
| ١١٩ | قسەخۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | رووداو و پەند | شکور حەمەی هەیەر | | ٢٠١٢ |
| ١٢٠ | خانای قوبادی | لێکۆڵینەوەی | کاروان عوسمان | | ٢٠١٣ |
| ١٢١ | هەلسەنگاندنێك بۆ یاسای رۆژنامەگەری | رەخنە، بەراورد، پێشنیاز" | ناصح حەمەحسێن | | ٢٠١٣ |
| ١٢٢ | هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئاینده‌سازی | کۆمەڵە وتار | ئاوات محەمەد ئەمین | | ٢٠١٣ |
| ١٢٣ | هذه هي أمريكا | مذكرات | محمد حمه صالح توفيق | رحيم حميد عبدالكريم | ٢٠١٣ |
| ١٢٤ | باليسان وشيخ وسان أول جريمة كيمياوية في كردستان | شهادات حية | د. جليل البصري | | ٢٠١٣ |
| ١٢٥ | شعەیرە بۆ ناسنامەکان (بەرگی ١) | توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی | رێبوار رەمەزان عەبدوللا | | ٢٠١٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٦ | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی ٢) | توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیموگرافی و مێژوویی | ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا | | ٢٠١٢ |
| ١٢٧ | حیکایەتەکانی مەرگ | دیکۆمێنتاری | ئیبراهیم هەورامانی | | ٢٠١٣ |
| ١٢٨ | دوای دەبێتەم | کۆمەڵە وتار | فاتیح سەنگاوی | | ٢٠١٣ |
| ١٢٩ | قوناغی سێی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | محەمەد ئەمین ڕەشید | | ٢٠١٣ |
| ١٣٠ | مستوى الدافعية للانجاز و علاقته بالتحصيل الدراسي | بحث ودراسة | آیوب حسین نادر الهماوندي | | ٢٠١٣ |
| ١٣١ | المقابر الرملية | رواية مترجمة | حسن جاف | | ٢٠١٣ |
| ١٣٢ | خەمێك بۆ ئەنفال | کۆمەڵە وتار | هێمن کامیل | | ٢٠١٣ |
| ١٣٣ | أسفار الجحيم | كتابات | جليل إبراهيم الزهري | | ٢٠١٣ |
| ١٣٤ | ئەنفال و جینۆسایدی کورد | لێکۆڵینەوە | چنار نامیق | | ٢٠١٣ |
| ١٣٥ | ئەنفال نامە | کۆمەڵە شیعر | عوسمان دەرویش شکور | | ٢٠١٣ |
| ١٣٦ | ئەنفال گەردانەی بیابان | کۆمەڵە وتار | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٣ |
| ١٣٧ | دیدەقانێن ئەنفال و کۆمکوژی و کیمیابارانان | دیدەڤان | ڕێکاری مزوری | | ٢٠١٣ |
| ١٣٨ | پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دوڵی جافایەتی | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار ئیبراهیم سلێمان | | ٢٠١٣ |
| ١٣٩ | شاهد على جريمة العصر | | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٠ | شاهد من عمق الصحراء | | عارف قوربانی | محمود زامدار | ٢٠١٢ |
| ١٤١ | مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد | | ڕێکاری مزوری | | ٢٠١٣ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٢ | ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان | لێکۆڵینەوە | سالار مەحموود | | ٢٠١٢ |
| ١٤٣ | لە ڕەهەندی مێژووییەوە بۆ ڕەهەندی یاسایی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار سیوەیلی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٤ | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج و ئاکۆ محەمەد شوانی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٥ | ئەنفال خالخالان | ڕووداو و ئامار | مەلا شاخی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٦ | ئەنفال ٢٥ لە ١٠ ڕەهەندەوە | دیداری ڕۆژنامەوانی/ ئەنفال | سەباح عەلی جاف | | ٢٠١٢ |
| ١٤٧ | جوگرافیایی کەلتووری ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیایی کەلتوورییە . | کازم جەباری | | ٢٠١٢ |
| ١٤٨ | بیبلیۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال | بیبلیۆگرافیا | ئاکۆ محەمەد شوانی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٩ | پەیڤستان | کۆگوتار | عەبدوڵڵا سەراج | | ٢٠١٢ |
| ١٥٠ | دیوانی لوتفی | شیعر | ئا: ئامادەکردنی: عوبید شێخ لەتیف بەرزنجی | | ٢٠١٢ |
| ١٥١ | ئاوێتە بوون ولێکدانەوە) شیعری (نالی)بەنموونە | لێکۆڵینەوە | ئەرخەوان محەمەد عوبێد | | ٢٠١٢ |